# بناوانی لێبووردەیی

**لە هزری عەرەبی - ئیسلامیدا**

کولتوور و دەوڵەت

د. عەبدولحوسێن شەعبان

# بناوانی لێبووردەیی

## لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا

کولتوور و دەوڵەت

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

عەبدوڕەزاق عەلی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. عەبدولحوسێن شەعبان
بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا "کولتوور و دەوڵەت"
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدورەزاق عەلی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٤
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری. تریسکە ئەحمەد

## له وەرگێڕەوە

خوێنەری بەڕێز

ئەم کتێبەی بەردەستتان، سێیەمین وەرگێڕانە کە باس لە چەمکێکی کۆنی نوێ دەکات، لێبووردەیی. کۆن، چونکە لەو ڕۆژەوەی فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆ تالیس (٣٨٤–٣٢٢پ. ز) بە دێرە بەناوبانگەکەی: "مرۆڤ، گیانلەبەرێکی سیاسییە"، باسی لە حەتمییەتی ژیانی پێکەوەیی مرۆڤەکان کرد، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا و لەسەر بستە خاکێک، دەرکی بەوە کردبوو، ئەو پێکەوەییە، بە هۆی جیاوازیی دەروونی تاکەکان و کولتووری و باری کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییەکانەوە، ڕۆژێک دێ، ناچێتە سەر و کۆمەڵە لێک جیاوازەکان، ئامبازی یەکتر دەبن. بۆیە کۆمەڵگەگەل، پێویستیان بەڕێکخستنێک هەیە، ئەو ڕێکخستنەش، پێویستی بەئیرادە و هێزێک (دەسەڵات) هەیە، بەیەکسانی، بەسەر هەمووانیدا جێبەجێ بکات.

وەلێ پاش گەورەبوون و زۆربوونی کۆمەڵگەکان و باڵادەستیی فاکتەری ئاینی، سەرباری فاکتەرە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی تر، گرووپەکانی کۆمەڵگەگەل، خۆبەخۆ و لەنێو خۆیاندا، یان لەگەڵ ئەوانی تردا، کەوتنە شەڕوشۆڕ و زۆرانبازی، چیی تر، ڕێکخستنەکە و دەسەڵاتەکان، بە تاکە باڵی نەیانتوانی، کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، لە کارەسات و کوشتار و هەوڵی قڕکردنی یەکتر و خۆسەپاندن، بپارێزن. لێرەدا، هزرڤانان و فەیلەسووفان، لە ڕێی وتار و کتێبەکانیانەوە، چەمکی لێبووردەییان خستە ڕوو، وەک دەرچە و نەخشەڕێگەی پێکەوەژیانی ئاین و مەزهەب و نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان. دیارترین هەوڵەکان، کتێبەکەی فەیلەسووفی ئینگلیزی، جۆن لۆک، بەناونیشانی "نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە" (١٦٨٩) و پاش ئەو بەزیاتر لە هەشتا ساڵ (١٧٦٣)، فەیلەسووفی فەرەنسایی، ڤۆڵتێر، کتێبێکی بەهەمان ناونیشان دەرکرد. ئەڵبەت، بەر لەوان و پاش

ئەوان، هزرڤانانی تری ئەوروپایی، کەم تا زۆرێک، خۆیان لەو دارەتە داوە.

نوێبوونی چەمکی لێبووردەیی لەوەدایە، مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لای کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات، کـە بەدەست دەردودووی جـیـاوازیی ئاینی و مـەزهبی و نەتـەوەیی و سیاسـیـیـەوە، گیـریان خـواردووە، ئەمـڕۆ لە هەمـوو چەمکەکـانی تری سـەردەم، پێویستـرە. هەر لە سۆنگەی ئەم ڕاسـتینە مێژوویـیەوە، کۆمـەڵگەی نێودەوڵەتیی هاوسەردەم، دەرکی بەوە کرد، کە مانەوەی چەمکەکە (لێبووردەیی)، لە چوارچێوە ئەخلاقییەکەیدا، هێشتە بەس نییـە بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی کارەسـاتەکانی پێشـوو، بۆیە لە پێنگاڤگەلێکی دەسـتـەجـەمـعیدا، هەوڵی دا، لە ڕێی ڕێکخـراوێکی نێودەوڵەتیی وەک یونسکۆی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لێبووردەیی، بخاتە چوارچێوەیەکی سیاسی و یاساییەوە، سەرباری چوارچێوە ئەخلاقییەکەی.

یەک بە باری خـۆم، پێویستـی تێگەیشتن و چەسـپاندنی ئەم چەمکە زیندووە بۆ کۆمـەڵگەی کوردسـتـان، وەک نان و ئاو دەبینم، هەر بۆیە، گەر خـوا یار بێ و تەمەن بوار بدات، "مێژووی لێبووردەیی" کە کتێبێکی هەزار و ئەوەندە لاپەڕەییە، پرۆژەی داهاتووم دەبێ، ئەڵبەت بەپشتیوانیی دەزگای ئاراس.

بەو هیوایەی، ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیانی ئازادانە و ڕێزگرتنی تەواوی ئاین و مـەزهب و ڕێباز و ڕێچکە ئاینییەکان، نەتەوەکان، پێکهاتە کۆمـەڵایەتییـەکان، تا سـەر باڵ بەسـەر کۆمـەڵگەی کوردسـتـاندا بکێشێ، کە ئەم کـتێبـە بەشـدارییـەکی بچووکە لە بەدیهاتنیدا.

تکایە لە هەڵە و کـەموکورتییـەکانی وەرگێڕانەکە بمبوورن، ئاخـر تا دنیا دنیـایە، هەڵەکـردن، لە مـرۆڤ نابێـتـەوە، زۆر سـوپاسی ئەو بـەڕێزانەش دەکـەم بۆم ڕاست دەکەنەوە.

ئەڵبـەت، ناکـرێ یارمـەتیی برای بەڕێز بەدران ئەحـمـەد حـەبیب، بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس لەبیر بکەم، کە ڕۆڵی گەورەی بینیـوە لە پێداچوونەوە و هاندان و ئاسـانکاریی ئەم زنجـیـرە وەرگێـڕانەدا. دیسـان، هـاوکـاری و ڕێنوێنیـیـەکـانی مامۆستای بەڕێزم، د. شێرزاد ئەحمەد نەجار، ئەو شانازییەشی پێ ڕەوا بینیم کە پێشـەکیی وەرگێڕانی کتێبی دووەمی (کـتێبـەکەی ڤۆڵتێر) زنجیرەی لێبـووردەیی، "نامـەیەک لەبارەی لێـبـووردەییـیـەوە" بنووسـێ. هەروەهـا، برای بەڕێز، شـاعـیـر و

ڕەخنەگر، حەمەسەعید حەسەن، کە هەر کاتێک، وشە یان دێڕ و دەستەواژەیەکم لێ ئاسێ بووبێ، دەمــودەست و بەوپەڕی بایەخـپـێـدانەوە، بەکــوردییــە جــوان و ڕەوانەکەی، بەهانامەوە هاتووە. مامۆستای بەڕێز، عومەر چنگیانی، کە لە دەقە ئیسلامییەکاندا، بەفریام دەکەوێ، نەخاسمە لە وەرگێڕانی "دەستووری مەدینە"دا، تا بلێی یارمەتیدەرم بووە.

بۆ ئەو بەڕێزانە..

بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕێز لە مرۆڤایەتی دەگرن.

بۆ هەموو ئەو کەسانەی چاکە و خۆشیی کۆمەڵگەی کوردستانیان دەوێ و لە خەمی ئێستە و داهاتوویدان.

ئەم هەوڵە پێشکێشە.

عەبدوڕەزاق عەلی

هەولێر١/١/٢٠١٢

## پێشەکیی چاپی دووەم

گریمانەی لێبووردەیی و جەدەلییەتی لێکدابڕان و پێوەندی

سەرەڕای زۆربوونی توندوتیژی و تیرۆر لە دنیادا، وەلێ بانگەشەی لێبووردەیی[1] ڕوو لە هەڵکشانە، نەخاسمە خەڵکێکی زۆر، هەست بە پێویستی لێبووردەیی دەکەن. دەربڕینی ئەم ویستەش بەشێوازگەلی جیاجیایە، هەر لە بانگەشەکانی گفتوگۆی شارستانییەکانەوە تا دەگاتە کارلێکی کولتوورەکان و پێوەندیی ئاینەکان، بەتایبەتی لە سۆنگەی بەهاگەلی مرۆڤانی هاوبەش و بایەخی دەستەبژێری هزری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینی بەبیرۆکەی گفتوگۆ و ڕێکخستنی چالاکیگەلێک کە هێندێکیان بوونە چالاکی ناونەتەوەیی لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونسکۆ و ڕێکخراوگەلێکی ناودەوڵەتیی ترەوە.

ئیتر، ڕێکخراو و دەستەگەلی نیشتمانی و هەرێمایەتی و ناونەتەوەی دروست بوون لە پێناو ڕێکخستنی زیاتری ئەو گفتوگۆیانە، لە کەشوهەوای لێبووردەیی و پێکەوەژیان و چاوگێڕانەوە بەهەڵوێست بەرانبەر ئەوی تردا، نەخاسمە لە بەرەنگاربوونەوەی تەوژم و باڵ و سیاسەتە توندڕۆ و پێڕەوە دوورخەرەوە و ڕیشەکێشکەرەکانی (الاقصائية و الاستئصالية) هەموو لایەنەکان، بەتایبەتی ئەو تەوژمانەی پاش ڕووداوە تاوانکاری و تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ی ئەمەریکا کە نێزیکەی سێ هەزار کەسی بێبەریان تێدا کوژرا، هاتنە ئارا، یان کاردانەوە توندەکانی پاش ڕووداوەکان.

بۆیە بانگەشەی لێبووردەیی برەوی سەند، نەخاسمە پاش تێکچوونی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا و هەڵایسانی شەڕ و کوشتار و ناکۆکی، وەلێ پەلامارداني ئەفغانستان ساڵی ٢٠٠١ و داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣دا، سەرباری ڕووداوەکانی سێپتێمبەر، هەستی مەترسی لای هەمووان گەورە کرد، نەخاسمە لای هەردوو لای ناکۆک، کە هەریەکەیان بەچاوی دوژمن سەیری ئەوی

تریانی دەکرد، دوژمنێک کە گۆڕە هەموو شتێک بەکار بێنی لە پێناو لەناوبردنیدا، هەموو ئەمەش لە سایەی هەڵچوونێکی ناودەوڵەتی و دابەشبوون و پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆجی و بارێکی دەروونی توندا.

وەک چۆن ئوسامە بنلادن کە هەموو دەزگای هەواڵگریی دنیای مژووڵ کردبوو تا لە ئایار/مایۆی ٢٠١١دا کوژرا، دنیای بۆ دوو فستات دابەش کرد، سەرۆک جۆرج بوش، هەمان شتی کرد و دنیای دوو کەرت کرد: دەوڵەتانی دنیای ئازاد "ڕۆئاوا" وەک بەرەی خێر و ئەوی تریان بەرەی شەڕ. ناوی "لادەر" و "بەرەی شەڕ"ی بەبالای بڕێک دەوڵەت بڕی کە دەبێ لەناو ببرێن، بێ ئەوەی ئەم سیاسەتانە سەروەختی سەرۆک بوش، لە ئایدیۆلۆجیا یان تێڕوانینێکی ئاینی توندڕۆ دوور بن کە هیچ سەری لەوە نەکردەوە دەستەواژەی "فاشیزمی ئیسلامی" لە کاتی شەڕی تەمووزی ٢٠٠٦ی ئیسرائیل بۆ سەر لبنان بەکار بێنێ و پێش ئەوەش هەڵمەتی دژە تیرۆریزمی بە "شەڕی خاچپەرستان" ناو برد.

ئەوە بوو نێزیکەی هەموو دەوڵەتانی دنیا پریشکی توندوتیژی و تیرۆریزمیان بەرکەوت، بەپێشکەوتوو و پەرەئەستێنەوە، ڕۆئاوای مەسیحی و عەرەبی و ئیسلامی، تیرۆری دەوڵەت یان تیرۆری کۆمەڵە چەکدار و لە یاسا یاخییەکان یان تیرۆری تاکەکەس، ئەمەش بووە هۆی ژەهراویبوونی ژیانی ناودەوڵەتی. گومان، پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی داپۆشی، نەخاسمە پاش پەنابردنی هێندێک لایەن بۆ توندوتیژی لە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکاندا، بۆیە باسی لێبووردەیی بووە جێی مەیلە شەڕانگێزەکانی گرتەوە، لە ئاستی ناوەخۆی و ناودەوڵەتیدا، چ لەلایەن حکوومەتانەوە یان کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، نەخاسمە مەترسیی کۆمەڵە چەکدارەکان و تیرۆر، باڵی بەسەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کێشا بوو.

بەم شێوەیە، باسی لێبووردەیی بووە ئەو شنەبایەی لە باران دەچوو وەک لە یەکێک لە وتارەکانمدا نووسیبووم دوای دەرچوونی کتێبەکەم "بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا: کولتوور و دەوڵەت"[٢] کە لە نێوەندە جیاوازەکاندا بایەخێکی زۆری پێ درا.

کەواتە بەم مانایە، ئێمە کە باسی لێبووردەیی دەکەین یەکەم لەبەرئەوەی بابەتێکی نووکەییە، دووەم، لەبەرئەوەی زەروورییە، سێیەم، بەڵکو ئەمە خوایە،

دەستێک بەژیانی سیاسی ناوخۆی و نێودەوڵەتیدا بێنین، بەتایبەتی ئەگەر بنەواکانی لێبووردەیی پێڕەو بکەین. مەبەستیشمان لە بنەواکانی لێبووردەیی، لە ڕاگەیەندراوەکەی خوولی بیست و هەشتەمی کۆنگرەی گشتیی یونسکۆیە کە لە ٢٥ی تشرینی یەکەم/ئوکتۆبەر تا ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەر١٩٩٥ لە پاریس بەسترا، ئەو ڕاگەیەندراوەی دیباجە و شەش مادە[٣]ی لە خۆی گرتووە.

مادەی یەکەمی دەڵێ "لێبووردەیی، واتای، ڕێزگرتن و قبووڵکردنی فرەکولتووریی دەوڵەمەندی دنیا و شێوازەکانی دەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکانمان. لێبووردەیی، بەماریفەت و زانین و کرانەوە و پێوەندی و ئازادیی هزر و ویژدان و بیروباوەڕ دەچەسپێ"(بڕگەی یەکەم)، هەروەها ئاماژەیەکی تێدایە بۆ مانای لێبووردەیی "پێکەوە هەڵکردنە لە کاتی بوونی جیاوازیدا، لێبووردەیی، نەک هەر بەتەنیا ئەرکێکی ئەخلاقییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییە. لێبووردەیی، ئەو فەزیلەتەیە کە زەوینەی ئاشتی خۆش دەکات و وا دەکات کولتووریی ئاشتی جێی کولتووریی شەڕ بگرێتەوە".

دیسان، لێبووردەیی، مانای وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەرێنییە دەرهەق مافەیلی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی کە دنیا سەلماندوونی، هەر بۆیە ڕاگەیەندراوەکەی یونسکۆ بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر بەدتێگەیشتنێک بگرێ دەڵێ "نابێ لێبووردەیی بکرێتە پاساوی دەستبردن بۆ بەها بنچینەییەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەر لەو بارەیەوە، تۆڕی عەرەبی لێبووردەییش، داوای کرد بەهاکانی لێبووردەیی و بانگەوازی دەستبەردان لە ماف و ئازادییە بنچینەییەکان، جیا بکرێنەوە، نەخاسمە لە فەڵەستین. لێبووردەیی، پێڕەوێکە هەمووان دەگرێتەوە، بەتاک و کۆمەڵ و دەوڵەتانەوە.

لێبووردەیی مانای ئەوە نییە: حەوری کۆمەڵایەتی قبووڵ بکرێ یان ئادەمیزاد واز لە بیروباوەڕەکانی بێنێ یان سازشیان لەبارەوە بکات، بگرە مانای ئەوەیە، ئادەمیزاد دەست بەو ماف و ئازادییانەوە بگرێ وەک چۆن ئەوانی تر دەستیان پێوە دەگرن. لێبووردەیی، هەر ئەوە نییە بەتەنیا جیاوازیی مرۆڤگەل و ڕوخسار و بار و زمان و ڕەفتار و بەهاکانیان بسەلمێنین، بگرە دەبێ سەلماندنی ئەو جیاوازییانە، بەپێکەوەژیانی ئاشتییانە ببەسترێتەوە، ئەمەش مانای ڕێنەدان

بەسەپاندنی بۆچوونێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکی تر و ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم و ستەمکاری.

بەڵام، ئاخۆ توندڕۆکانی ڕۆئاوای مەسیحی و ڕۆهەڵاتی ئیسلامی، گوێ بەم تێڕوانینانە دەدەن کە لە جاڕنامەی دنیایی لێبووردەییدا هاتوون؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە، دوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گەڕان و سوڕانێکی زۆر ئەوە بێ، تا ئێستەش پرسەکە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ، ئاخر تێڕوانینی ڕۆئاوا بۆ ئیسلام، جۆرێکە لە وێناکردن، وەک چۆن تێڕوانینی ئیسلام بۆ ڕۆئاوا هەروایە، بەچاوپۆشین لە ڕۆژگاری کۆلۆنیالی کە کاریگەریی خراپیان لە یادەوەری دەستەجەمعیی موسڵمانانیدا جێ هێشتووە، هەردوو تێڕوانینەکەش، زادەی ڕابردوون، سەرەڕای جیاوازیی گۆشەنیگای ڕۆئاوای سیاسی و ڕۆئاوای ڕۆشنبیری، هەروەها جیاوازیی ئیسلامی سیاسی و شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی لە کۆن و ئێستەدا، لەوانە، شۆڕشی تەکنەلۆجی و پێوەندی و زانیاری و دیجیتاڵییەی کە بووەتە بەشێک لە شارستانیەتی گەردوونی ئەمڕۆ، نەخاسمە لەم سەردەمی دنیاگیرییەدا بەهەردوو دیوە مرۆڤانی و هوڤیانییەکەیەوە.

ئاخر پێش ئەوە، ڤۆڵتێری باوکی لێبووردەیی، پاش جۆن لۆک، ساڵی ١٧٤١، کتێبێکی نووسی بەناونیشانی "دەمارگیری و محەمەد پێغەمبەر"، ئەو تێڕوانینەی لە سەدەی بیست و یەکدا لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کاریکاتۆرگەلێکی بەدکاری لە بارەی پێغەمبەرەوە لە دانیمارک و وڵاتانێکی تردا، بەشێوازێکی ئیستیفزازییانە دووبارە دەبێتەوە، کە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی ئیسلام وەک نموونەیەکی دەمارگیری و نالێبووردەیی، بەتایبەتی بەرانبەر ڕۆئاوا"[٤].

ڕەنگە بەرانبەری ئەم تێڕوانینە بێزەوەرە نالێبووردەیە، تێڕوانینی هێندێک بێ بۆ ڕۆئاوا وەک ئەوەی ڕۆئاوای تەنیا و تەنیا خراپەکارییە و نکووڵی دەکەن لە ڕۆڵی پێشەنگی ڕۆئاوا لەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی زانست و تەکنەلۆجیا و بیناسازی و جوانی و هونەر و ئەدەبیات. بگرە ڕۆئاوا، سەرچاوەی هەموو ئەو دەسکەوتە مێژوویییانەیە، نەخاسمە ئەو پێشکەوتنەی پەنجا ساڵی ڕابردوو[٥].

بەچاوپۆشین لە تێڕوانینی ڕۆئاوا وەک جوگرافیا، ئیسلام وەک پێناسە،

جیاکردنەوەی بنەوای لێبووردەیی لە خەیاڵدانی دەستەجەمعی کۆمەڵگە هاوسەردەمەکاندا، کارێکی نەکردەیە، چ لە ڕۆئاوا یان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، ئاخر خەیاڵدانی گشتی، لەبارپدایە بزاوێک دروست بکات، بەتایبەتی شتەکانی ناو ناخی مرۆڤەکان، بەباش و خراپییەوە، هەر بەو گوێرەیەش، مرۆڤەکان، باش یان خراپ، هەڵوێست وەردەگرن.

تا ئێستا، ڕۆئاوا، وەک کۆچەریی نیشتەجێی سارایەکی پان و بەرین، تەماشای موسڵمانان و وڵاتەکەیان دەکات و نەوت بووەتە خێر و بەرەکەت و بەسەریاندا ڕژاوە، بەڵام نازانن وەک مرۆڤی سەدەی بیست و یەک بژین، هەر خەریکی ڕابردوون و ئاینەکەشیان هانی تیرۆر و توندوتیژی دەدات. لەلایەکەی ترەوە، عەرەب و موسڵمانان، هەر بەچاوی "شەڕی خاچپەرستان" تەماشای ئەوروپا دەکەن، وەک ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن، درێژکراوەی هەمان مێژوو بن و دوور و نزیک پێوەندییان بەمرۆ و بەرژەوەندییەکانەوە نەبێ[٦].

سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی کە ئەوروپا لە تاریکییدا دەژیا، پڕ بوون لە دیاردەی نالێبووردەیی، نەخاسمە لە سایەی باڵادەستی پیاوانی ئاینی کڵێساکان "ئەکلیرۆس" و حەرامکردن و تاوانبارکردنی هەرچی لە دەرەوەی ئەو سنوورەدا بێ، بەگوێرەی بنەوای پیرۆز و پیس. ئەو دووانەیەی بووە بنەمای حوکمدان بەسەر خەڵکدا، ئەم بنەوایە، تا سەردەمی ڕۆشنگەری بەردەوام بوو کە بەبەرپابوونی شۆڕشی فرەنسا، گەیشتە ترۆپک و کۆتایی بەو دووانە باوەی ئەوێ ڕۆژێ هێنا کە برێتی بوون لە: کڵێسا کە مەرجەعییەتەکەی خوا بوو، بەرانبەر کۆمەڵگەیەکی عیلمانی کە مەرجەعییەتەکەی واقیع بوو. لە کاتێکدا مەرجەعییەتی خوا، شەرعییەتی خۆی لە زاتی ئیلاهییەوە وەردەگرێ، مەرجەعییەتی مەدەنی، شەرعییەت لە خەڵک و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانەوە وەردەگرێ[٧].

ئەگەر تا ئێستا خەیاڵدانی عەرەبی، بەتوندی وا بەستەی شەڕی خاچپەرستان بێ (شەڕی ئەفرەنگییەکان ڕاستترە – نووسەر) کە شەڕگەلێکی نائاینی بوون، ئەو شەڕانە لە پێناو بەرژەوەندی و داگیرکردنی ڕۆهەڵاتی عەرەبی و بەتاڵانبردنیدا بوون، وەک هەر شەڕێکی تری کۆلۆنیالی، بەشەڕەکانی ئەم ڕۆژگارەوە، ئەوا

خەیاڵدانی ڕۆژئاوا، تێڕوانینێکی دوژمنکارانەی دەرهەق بەعەرەب و موسڵمانان هەیە، نەخاسمە هەوڵەکانی ورووژاندنی خەڵکەکە کە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤانین، کاتێک دەڵێن، گوایە ئیسلام هانی تیرۆر دەدات و ئاینی توندوتیژی و نالێبووردەییە.

ڕەنگە ئەو دابڕانەی سەدەی هەژدە لە ڕۆژئاوا لە نێوان ئاین (کڵێسا) و دەوڵەتدا ڕووی دا، هێشتە لای ئێمە ڕووی نەداوە، لە کۆمەڵگە عەرەبی - ئیسلامییەکاندا، لە زۆر لایەنەوە، ئاین و سیاسەت، ئاین و دەوڵەت تێکەڵ کراون، ڕۆژئاواش لەوە تێ ناگەن کە ئەوە تایبەتمەندی کۆمەڵگەگەلێکن هێشتە نەچوونەتەوە قۆناخی مۆدێرنێتەوە و بەقۆناخی ڕاگوزەر (ئینتیقالی)دا تێپەڕ دەبن.

لەلایەکی ترەوە، هێندێک لە عەرەب و موسڵمانان پێیان وایە، هەر باسێکی دەوڵەتی مەدەنی، بەمانای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، هەوڵێکی ڕۆژئاوایە بۆ سەپاندنی "عیلمانییەت" کە بەلای ئەوانەوە دژی ئاینە، کەچی هێندێکی تر لەو باوەڕەدان، ئەگەر عەرەب و موسڵمانان بیانەوێ بەدنیای مۆدێرندا ڕابگەن بەپێی تیۆریی دەوڵەتی هاوسەردەم کە لەسەر یەکسانیی تەواو و هاوولاتیبوونی تەواو و مافی خەڵک کە کاربەدەستانیان هەڵبژێرن و بیانگۆڕن، دەبێ ئاین بخەنە ئەو شوێنە پیرۆزەی شایستەیەتی، نەک لە پرسە دنیاییەکاندا بەکاری بێنن و ببێتە هۆکاری دوورکەوتنەوە و دڕدۆنگی و شەڕی زیاتر. لەو کاتەدا، پێوەندیی ئاین و دەوڵەت شێوەیەکی تری دەبێ، پێکەوەگرێدانێکی نەرمتر و سەربەخۆییەکی زیاتر.

ئەوروپا، پاش جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، بنەواکانی لێبووردەیی قبووڵ کرد، دانی نا بەئازادیی ئاینی و پاراستنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ لە ڕێی یاساوە، ئەوە بوو تا هات قووڵتر بووەوە، بەتایبەتی لە ئاستی ناودەوڵەتیدا، بێ ئەوەی کەس تەنیا خۆی بەخاوەنی حەقیقەت بزانێ یان بەناویەوە قسان بکات، خۆ ئەگەر ئەم پرسە بەلای مەسیحی و ڕۆژئاواوە چارەسەر کرابێ، لای عەرەب و موسڵمانان هێشتە نەکراوە، هەروەها لای جووانیش، نەخاسمە ئەو تێزەی باڵی ڕاستڕەوی ئیسرائیل کە باسی "دەوڵەتی بێگەرد - الدولة النقية" (لێرەدا مەبەست لەو تێزەی نووسەر باسی دەکات گوایە ڕاستڕەوانی ئیسرائیل بانگەشەی بۆ دەکەن، دەوڵەتی بێگەرد، واتە؛ دەوڵەتێکی تاک نەتەوە یان ڕەگەز یان ئاین یان مەزەب - وەرگێڕ)،

ئەوەش مانای وایە لە ئیسرائیلدا موسڵمان و مەسیحی و دورزی جێیان نابێتەوە.

ئیسلام لە دنیای خۆیدا کە بەماڵی ئیسلام ناو دەبرێ، هەوڵی داوە لە ڕێڕەوە مێژووییەکەیدا، تەگبیرێک لە باری ئەوانە بکات کە سەر بەئاینەکانی ترن بەجیاکردنەوەیەکی ئەرێنی، ئەگەرچی نەرێنیش بێ، ئەوەش لە ڕێی دەستەواژە و داهێنانی بیرۆکەی "ئەهلی زیمە" واتە رەعایا (مەسیحی و جوو وەک پەنابەر یان هاوولاتیی پلە دوو – وەرگێڕ) لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئەوەی محەمەد ئەرگۆن ناوی لێ دەنێ "لێبووردەییی بێ مۆبالات – هاکەزایی" و منیش ناوی لێ دەنێم "لێبووردەییی نەرێنی"، نەخاسمە، ئەو کات و ئێستەش مانای ڕوانینە بۆ هاوولاتی لە شوێنێکی بەرزترەوە، بەمەش، مەسیحی و جوو، دەکەونە شوێنێکی نزمترەوە[8].

ئەوروپا هەنگاوی گەورەی هاوێشتووە لەبارەی جیاکردنەوەی کڵێسا و دەوڵەتەوە، وەلێ دەوڵەتی عەرەبی هاوسەردەم، تا ئێستە، شەریعەتی ئیسلامی، کرۆک و بەردەوامی مانەوەیەتی لە زۆربەی دەوڵەتاندا، ڕەنگە ئەو دابڕانە مێژووییەی ئەرگۆن باسی دەکات، زۆر دوور بێ و پێ ناچێ وا زوو ڕوو بدات، تەنانەت لەو دەوڵەتانەشدا کە لە تێڕوانینی ئاینیی دەوڵەتدا، بڕێک چوونەتە پێش، وەک تورکیا کە لە نێوان ئیسلام و عیلمانیەتدا ئەمبەر و ئەوبەرێتی.

سیمای زۆربەی یاساکان لە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی ئیسلامیدا، ئیسلام بە"ئاینی دەوڵەت" دادەنێن، لە هێندێکیاندا سەرچاوەی بنچینەییی یاسادانانە، بگرە لەوەش زیاتر، لە هێندێک دەوڵەتدا، قورئان بۆ خۆی دەستوورە. سەرەڕای ئەوەی پێویستە دەوڵەت بێلایەن یان نابێ ئاینێکی دیاریکراوی هەبێ، ئاین، پێناسەی تاکە، وەک چۆن ئیسلام پێناسەی موسڵمانانە، مەسیحیش، پێناسەی مەسیحییەکانە، بۆیە پرسەکە پێویستی بەلێکجیاکردنەوەیەک هەیە بێ تێکەڵکردن و بێ زۆرەملێ.

کاتێک ئەوروپا پێی نایە قۆناخی جیاکردنەوەوە، لە ناوچەی عەرەبیدا تا ئاستی لێتێکچوون، ئاین و دەوڵەت بەتێکەڵی مانەوە، هەروەها دەسەلاتی دنیایی و دەسەلاتی ئاینی، بێ ئەوەی ئەو تێکەڵییە کۆتایی بەدابەشبوونی خێڵەکی و ناوچەگەرێتی بێنێ، وەلێ ئاین، وەک هۆکارێکی بنچینەیی کۆمەڵەکانی پێش قۆناخی دەوڵەت و لێکەوتەوە بەراییەکانی دەوڵەتبوون مایەوە.

ئەوروپا و ڕۆئاوا بەگشتی، نەخاسمە پاش شۆڕشی فرەنسایی ساڵی ١٧٨٩، پێشڤەچوونێکی گەورەی لە بوارەکانی ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤدا بەخۆوە بینی. ئەوەی نووسینەکانی ڤۆڵتێر، نەخاسمە لەبارەی لێبووردەییەوە، نووسینەکانی مۆنتسکیۆ، نەخاسمە کتێبی "ڕوحی یاساکان"، نووسینەکانی جان جاک ڕۆسۆ و تیۆرییەکەی "تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی"، زەمینەیان بۆ خۆش کرد، ئەویش بەزەوینەسازی ژینگەیەکی ڕۆشنبیری بۆ شۆڕش، تەنانەت پاش دووسەت ساڵ، لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، هێشتە زۆربەی کۆمەڵگەکان لە قۆناخی پێش دەوڵەتدان و لە دەرکەی مۆدێرنێتەدا وەستاون، ئەمەش، پێویستی بە دووپاتکردنەوەی دوو پرس هەیە: پرسی یەکەم، ئەوەی پێی دەڵێین دەوڵەت، تا ئێستە دەوڵەت فشەڵ و لاواز و دەستەپاچەیە، سەرەڕای کاریگەریی خراپی سەردەمی کۆلۆنیالی، هێشتە ئیرادەیەکی دەستەجەمعیی سیاسی نەهاتووەتە ئارا تا هەموان بەها و بنەواکانی لێبووردەیی بسەلمێنن و بڵاو ببنەوە و ڕێزیان لێ بگیرێ.

لێرەدا، پرسی دەوڵەت، بابەتی شەرعییەت دێنێتە پێش، نەخاسمە پێوەندیی فەرمانڕەوا و هاووڵاتی، ئەو پێوەندییەی پێویستی بەمەرجەعییەتێکی دیاریکراوی ڕوونی جارانێک سەروو دەستوورەوە هەیە، لە تەک جێکردنەوەی بنەوا بنچینەییەکانی لەناو دەستووردا، ئەو مەرجەعییەتە، لە بەها مرۆڤانییە هاوبەشەکاندا بەرجەستە دەبێ. شەرعییەت Legitmacy کە بابەتێکی بنچینەیی بابەتگەلی زانستی سیاسەت و سیستمی سیاسییە بەتایبەتی، لەبەرئەوەی پێوەستە بەپرسی چۆنیەتی پێڕەوکردنی سیاسەت لە کۆمەڵگەدا، دواتر بەپێوەندیی دەسەڵات و خەڵکەوە.

ناوەڕۆکی شەرعییەت جۆراوجۆر بووە، هەروەها کەرەسە و ئامانجەکانی. ڕۆژگاری شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆجی و لە سایەی دوو جەمسەریدا، چەمکی "شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە" باوی بوو، با سەردەمانێکی ڕاگوزەر، ئەم شەرعییەتە پاساوێکیشی هەبووبێ، وەلێ ستەمکارانە چەندان دەیەی خایاند، بەشێوەیەک، ئەو شەرعییەتە، هەموو مانایەکی لەدەست دا و گۆڕا بۆ جەور و قۆرخکردنی دەسەڵات و ڕێگرتن لە ماف و ئازادییەکان.

پرسی دووەم، ڕۆشنبیریی گشتی و تاکەکان، هێشتە لەخوارە، ئەگەر نەڵێین هێندێک جاران لە هەردوو ئاستدا هەر نییە، ئەم بارە، لەلایەن کۆمەڵە دەمارگیر و توندڕۆکانەوە دەقۆزرێتەوە سەبارەت بەتێڕوانین بۆ ئەوی تر، جا ئەوروپاییە، ڕۆئاوایی، غەیرە عەرەب یان غەیرە موسڵمان بێ، واتە؛ ئەوی تری جیاواز، مەسیحی، جوو، سابیئی، ئێزیدی، غەیرە عەرەبی، کورد، تورکمان، ئەمازیغی و بەم شێوەیە.

تا ئێستە، ئەم کولتووره لە بواری یاسا، کۆمەڵایەتی، ئاینیدا باڵادەستە و ژینگەی کولتووریی گشتی پێک دێنێ، کە لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە بەیەکسانی مامەڵە ناکات لە تەک پێکهاتە جۆراوجۆرە کولتووری و نەتەوەی و ئاینییەکاندا و بەچاوی خوارتر سەیریان دەکات، ئەگەر ئەم دیاردەیە، بەشایستەییەوە دیاردەیەکی عەرەبی ئیسلامی بێ، ڕۆئاواش لێی بێبەری نییە، لەوێش، تێڕوانینی ڕەتکردنەوە و ڕیشەکێشکردنێکی توندڕۆیانە باڵادەستە، سەرلەبەری کولتووری عەرەبی و ئیسلامی لە ئاینێک و ڕێنوێنییەکانیدا، کورت دەکرێتە، لە کاتێکدا، ئەو کولتوورە، پێناسەی شارستانیەتێکی ڕەگاژو و دوور و درێژە، بەچاوپۆشین لە نەتەوە و زمان و ڕەگەز و بنەچەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە، کاتێک باڵە ئیسلامی و ئیسلامەوییەکان سەرلەبەری بەهاگەلی نوێگەری و دیموکراسی و لیبرالی و عیلمانی، بەکوفر دەزانن و بەبەهاگەلێکی ڕۆئاوایی ناو دەبەن، ئەمە، بەرەو دوو ڕێگەی هەڵە دەچێ: دەمارگیری یان ڕۆئاواییبوون، کە لێبووردەییان تێدا نییە، وەلێ جیاوازیی ئێمە و ڕۆئاوا زۆر فرەوانە، لەوێ، یاسا و ڕێسایەک هەن پشت بەلێبووردەیی دەبەستن، با لێرە و لەوێ برێک ڕێوشوێن و ئاراستەگەلی دەمارگیر و توندڕۆیش هەبن، لە کاتێکدا لای خۆمان، تا ئێستێ، زۆر دوورین لە بەها و بنەواکانی لێبووردەیی[9].

بەپشتبەستن بەو ئاراستەگەلە توندڕۆیانەی ڕۆئاوا، سامۆئیل هینتینگتۆن، بیرۆکەی "پێکدادانی شارستانییەکان"ی داڕشت، ئەوەش لە سۆنگەی خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ پێوەندییەکان، کاتێک دەڵێ: پێوەندییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحی، زۆربەی کات، ئاڵۆز بوون، ئەمەش بەگوێرەی پەرەسەندنی دانیشتووان

و هەوڵەکانی ڕۆنانی ناوچە ئیسلامنشینەکان و دەستێوەردانی ڕۆئاوا و هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم و جیاوازیی پێناسەکان. پێش ئەویش، فرانسیس فۆکۆیاما، باسی لە کۆتاییی مێژوو کرد[١٠].

بەداخەوە تا ئێستە موسڵمانان، نەخاسمە ئایدیۆلۆجییەکان، ئیسلامەوییەکان یان خۆبەئیسلامزانەکان، خۆ لە دارەتی مێژوویان نادەن، بەباش و خراپییەوە، ئەوانە مێژوویان وەک ئەوەی خۆیان مەبەستیانە دەوێ، بەتایبەتی برێک پیاوانی ئاینی، تا مێژووەکە بخەنە خزمەت ئامانجە کەسێنییەکانەوە، خۆیان لە هەرچی بناوانی لێبووردەیی و بەها ئیسلامییە بەرزەکان نەبان دەکەن، ئەو لایەنە، لایەنە گەش و ڕووناکەی مێژووی ئیسلامە، کە لەگەڵ ڕوحی قورئان و سونەتی پێغەمبەردا دێتەوە، نەخاسمە بەها گشتگیرەکان، ئەوانەی بۆ هەموو شوێن و ڕۆژگارێک دەبن[١١].

هێندێک جار، بەپێچەوانەوە، دەست بەهەموو ئەو شتانەوە دەگرن کە سەردەمیان بەسەرچووە و بۆ ئێستێ ناشێن، ئەوەش بەبیانگەی وا کە خزمەت بەپێکەوەژیان و هاریکاری و هاوبەشێتی مرۆڤانی ناکات، هەر بەم بیانووەشەوە، بەهۆی ئەو لێکدانەوە و تەفسیرە هەڵانەی دوورن لە لێبووردەیی، ڕۆئاوا، تانەی دەمارگیری و زێدەڕۆی لە هەموو ئیسلام دەدەن.

ئاشتبوونەوە لەگەڵ مێژوو، دەبێتە هۆی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێستە، چ لەلایەنی جوگرافیاوە بێ، ئاینی یان بەهاکانەوە. ئەو ئاشتبوونەوەیە، پێویستی بەئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆ و ئەوی تردا هەیە، ئەوی تر کە لە نیشتمان یان لەسەر ئەستێرەیەک پێکەوە دەژین، جا موسڵمانە، مەسیحییە، جووە، چیی ترە، باوەڕدارە یان نا، گرینگ ئەوەیە، مرۆڤێک بێ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەک یان دنیایەکدا لە تەکماندا دەژی، بێ ڕەچاوکردنی ئاین، ڕەنگ، ڕەگەز، ڕەچەڵەک، زمان، بنەچەی کۆمەڵایەتی یان ئاراستەی سیاسی، وەک یاسا و ڕێککەوتننامە و بەڵێننامە ناودەوڵەتییەکان، باسی دەکەن.

ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆ، پێویستی بەگفتوگۆ هەیە لەگەڵ ئەوی تر و پێوەندیی مرۆڤانە لەگەڵیدا، بەگوێرەی ئەو هاوبەش و ناوکۆییە مرۆڤانییانەی کۆمان دەکەنەوە.

# ژینگەی لێبووردەیی[١٢]

ئاخــۆ ئێــمــە لە بەردەم ژینگەیەکی تەندروســتی بڵاوکــردنەوەی بەهاکــانی لێبووردەییداین، یان ڕێگر و ئاستەنگگەلێک هەن لە پێش کولتووری لێبووردەییدا، نەخاسمە تێگەیشتنی جیا جیا بۆ مانای لێبووردەیی لە ئارادایە؟ بۆیە پێویستە ناوکۆیی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی لێبووردەیی بدۆزینەوە.

لێبووردەیی، واتە؛ وەرگرتنی هەڵوێستی ئەرێنی کە مافی مرۆڤانی و ئازادییە بنچینەییەکانی ئەوانی تر بسەلمێنێ. بەپێی جارنامەی یونسکۆ بۆ بنەواکانی لێبووردەیی "لێبووردەیی مانای ڕێزگرتن و قبووڵکردن و سەلماندنی فرەکولتووریی دەوڵەمەندی دنیا، هەروەها شێوازەکانی دەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکانمان، ئەم لێبووردەییە، بەماریفەت و کرانەوە و پێوەندی و بزاڤی هزر و ویژدان و بیروباوەڕ دەچەسپێ...". بەم شێوەیە، بەپشتبەستن بەم پێناسەیە، لێبووردەیی، واتە: پێکەوەگونجان بەجیاوازییەکانەوە، ئەمەش، نەک هەر ئەرکێکی ئەخلاقییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییە، مانای قبووڵکردن و دووپاتکردنەوەی بیرۆکەی فرەیی و حووکمی یاسا و دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم و دەمارگیری.

لێبووردەیی، مانای ئەوەیە، مرۆڤ لە بیروباوەڕدا ئازادە، ئازادیی بیروباوەڕی ئەوانی تریشی قبووڵە، وەک چۆن جیاوازی، سروشتی شتەکانە، دەبێ جیاوازیی مرۆڤەکانیش لە خەسڵەت و ڕوخسار و بار و زمان و ڕەفتار و بەهاندا بسەلمێنین، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ سەلماندنی مافی ژیان بەئاسوودەیی و دوور لە توندوتیژی و جیاکاری بەهەر هۆکارێکی: ئاینی، نەتەوەی، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی، کولتووری یان سیاسی... هتد[١٣].

خۆ ئەگەر وشەی لێبووردەیی وەک وشە و لەفز لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، ئەوە وشەگەل و چەمکی نێزیک یان بەمانای لێبووردەیی هاتووە، کاتێک بانگەشەی خەڵکەکە دەکات بۆ: لەخواترسان، ڕاوێژ، پشتگرتنی یەکتری، ئاگالێکبوون، ڕەحم، یەکترناسین، لێکخۆشبوون، لێکبووردن و ناچارنەکردن، کە هەر هەموویان لە خەسڵەتەکانی لێبووردەیین، قورئانی پیرۆز لە چەندان شوێندا، جەخت دەکاتە سەر مافی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان "والاختلاف آیات بینات"، ئیبن مەنزور، لە "لسان العرب"دا ئاماژە بۆ لێبووردەیی و نەرمینواندن دەکات بەو پێیەی وەک یەکن.

فەیرۆز ئابادی، لە قامووسی موحیتدا دەڵێ: نەرمینواندن وەک لێبووردەیی وایە، نەرمی بنوێنن، واتە لێبوورده بن. ڕەنگە یەکەمین کەس کە دەستەواژەی لێبووردەیی بەمانای نەرمینواندن بەکار هێنابێ، فەرەح ئەنتوانە لەساڵی ١٩٠٢دا.

لە جاڕنامەکەی یونسکۆوە چالاکیی زۆر لە پێناو بڵاوکردنەوەی کولتووریی لێبووردەیی ئەنجام دراوە، کتێبگەل دەرچوون، تۆڕ و ڕێکخراوگەلی زۆر دامەزراون، لەناویاندا، تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی[١٤] کە بانگەشەیەکی پیشەییانە و مافناسانەیە بۆ بنەواکانی لێبووردەیی، سەرەڕای ئەوەی لە ئاستی هزری و کردەنیدا، لە نێوان ئێمە و کۆمەڵگە پێشەنگەکانی ئەم بوارەدا، مەودایەکی زۆر هەیە، ئەمەش پێویستی بەچاوخشاندنەوە و ڕەخنە لەخۆگرتنە، نەخاسمە لەلایەن دەستەبژێری هزری دەسەڵاتدار و دەرەوەی دەسەڵات، تا خۆ لە دارەتی بیرۆکەی لێبووردەیی بدەین، لە هەردوو ئاستی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا، دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەین، پاش ئەوەی لەلایەنی یاسایی و دەستوورییەوە پەسەند دەکرێ.

ئەگەر باسی باری لێبووردەیی دەکەین لە هزری عەرەبی ئیسلامی هاوسەردەمدا، دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە مەسیحییەت، پێش ئیسلام، بانگەشەی بۆ بەهاگەلی لێبووردەیی کردووە، لە مێژووشدا بووە پاشخانی بزاڤی نوێگەری، ئەوە بوو ڤۆڵتێر بەجوانی خستییە گەڕ و مەیلە مرۆڤانییەکەی بەدەرخست، بۆیە بیرۆکەی لێبووردەیی بەناوی ئەوەوە گرێ درا و بە "باوکی ڕوحی" لێبووردەیی دەناسرێ. ڤۆڵتێر، مژدەی قبووڵکردنی مرۆڤی بۆ مرۆڤی تر دەدا، ئاخر هەموومان مرۆڤێکی لاوازین و هەڵە دەکەین، دەبێ لێبوورده بین دەرهەق یەکتری.

لێرەدا، جێی خۆیەتی، یادی مەهاتما گاندی بکەینەوە کە لەو نامەیەی لە بەندیخانەوە ناردی گوزارشت لە لێبووردەیی دەکات، کاتێک دەڵێ: کەیفم بەلێبووردەیی نایە، بەڵام لەو چاکترم دەست ناکەوێ تا گوزارشت لە مەبەستەکەم بکەم. هەمان ئەو بیرۆکەیەی نیلسۆن ماندێلا پاش ٢٧ ساڵ زیندانی، پێڕەوی کرد، ئەو بیرۆکەیەی مەتران جۆرج خزر لە پێشەکی ئەم کتێبەماندا گوزارشتی لێ کردووە کە دەڵێ: لێرەدا نامەوێ پەرێزی ڕۆئاوا پاک بکەمەوە و دەزانم چی نەک هەر بەئیسلام کردووە، بگرە بەکڵێسای ڕۆهەڵاتی.. وەلێ ئەگەر "دوژمنکار" بە

هێرشی بەرانبەر (واتە دوژمنکاری بەرانبەر) وەڵام بدەیتەوە، پێگەکانت لاواز دەبن، ئەمەش، بەبڕوای من، باشترین چارەسەر نییە[١٥].

ئەوەی لێرەدا باڵکێشە، بانگەشەکاری لێبووردەیی و بەرهەڵستکاریی ناتوندوتیژ، بکوژرێ. ئەوە بوو مەهاتما گاندی سەرکردەی هیندستان لە ٣٠ی کانوونی دووەم/یەنایەر ١٩٤٨دا بەدەستی توندڕۆیەکی هیندۆسی کوژرا، بەمەش کۆتایی بەژیانی سەرکردەیەک هێنرا کە نێزیک بووبووەوە لە "پیرۆزی" بەلای گەلی هیندستان، بەتێکڕای نەتەوە و ئاین و عەشرەت و چینە کۆمەڵایەتییەکانییەوە. بەو کوشتنە، لاپەڕەیەکی نوێ لە توندوتیژی هەڵدرایەوە کە چەند سەرکردەیەکی تری هیندی بوونە قوربانی، لەوانە، ئەندیرا گاندی کچی جەواهیر لال نەهرۆ و ڕاجیڤ گاندی و هی تر. ڕەنگە یەکێکی تر لە باڵکێشییەکانی مێژوو ئەوە بێ کە ساڵی ١٩٤٨ ساڵی دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، هەر لەو ساڵەدا دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا.

ڕەنگە بکوژەکەی گاندی، بیری لە وەڵامی ئەو پرسیارە نەکردبێتەوە کە ساڵانێک گاندی نیگەران کردبوو تا ڕاستگۆییی خۆی تاقی بکاتەوە، لەو کاتەدا کە سەرقاڵی خەبات بوو لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەیدا: بڵێی توندوتیژی هیچی لێ شین ببێ؟ بێ توندوتیژی و بەلێبووردەیی دەگەینە ئامانجەکانمان؟ گاندی، سەرەڕای ئازار و بێدەرەتانی، ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد، وەلێ هەرگیز پێشبینی نەدەکرد لەلایەن هاوولاتییەکی هیندۆسییەوە لە پشتەوەڕا غەدری لێ بکرێ دوای ئەوەی گەلەکەی ڕزگار کرد.

گاندی، باوەڕی بەناتوندوتیژی هەبوو، هەر لەو ڕێگەیەشەوە توانی گەورەترین ئیمپراتۆرییەت (بەریتانیای مەزن)، ببەزێنێ، ئاخر ئەو پیاوە بێ چەکە نیوچە ڕووتە، بەو خاکەڕاییەوە، بەو پێوەندییە خۆشەوە لەگەڵ میللەتەکەی، توانی بۆ هەموو دنیای بسەلمێنێ کە یەکێک لە کەرەسەکانی بەرەنگاربوونەوە و موقاوەمەت، بریتییە لە ناتوندوتیژی و لێبووردەیی و بەرەنگاربوونەوەی ئاشتییانە. گاندی، بەردەوام دەیگوتەوە: ئەگەر ڕێگەیەکی باشترم لە لێبووردەیی شک ببردایە ئەو ڕێگەیەم هەڵدەبژارد، وەلێ لەو باشتر نییە.

گاندی، جێدەستی بەهەموو ئەو بزاڤانەوە دیارە کە پێیان دەگوترێ بزاڤەیلی

ئاشتییانە، هەر ئەوە بوو وای لە بانگەشەکارانی یەکسانی و مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکا کرد، ئەو کەرەسانەی خەبات هەڵبژێرن کە گاندی دایهێنابوون، مارتن لوسەر کینگ، لەو سەرکردە هەرە دیارانە بوو کە بەگاندی سەرسام بوو.

گاندی، هەر بەباسکردنی ناتوندوتیژی لێ نەگەڕا، بگرە سەلماندی کە خەباتی ئاشتییانە، هەر لە مانگرتن لە خواردن و نارەزایی دەربڕینەوە تا ئیعتیسام و لێبووردەیی لەباریاندایە گەلان بگەیەننە ڕزگاری.

ئەوە بوو، کەسێتییەکی وەک نیلسۆن ماندێلا، سەرکردەی باشووری ئەفریقیا (سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی) کە بیست و حەوت ساڵ زیندانیی چەشت، سەرکردایەتی خەباتێکی ئاشتییانەی کرد بەدژی ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی "ئەپارتاید"، دەستی بەلێبووردەیی و خەباتی ئاشتییانەوە گرت، بەمەش، لاپەڕەیەکی نوێی لە خەباتی گەلی باشووری ئەفریقیا هەڵدایەوە و نموونەیەکی گرینگی خستە ڕوو: "عەدالەتی ڕاگوزەر – ئینتیقالی"، کە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی و بژاردنەوەی زیانەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و چاکسازیی سیستەمی یاسایی و دامەزراوەیی، لە هەموو ئەمانە گرینگتر، بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی لێبووردەیی و پەنانەبردن بۆ تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی.

گاندی، گەیشتە ئەو قەناعەتەی ڕێبازە ناتوندوتیژەکەی برەوی سەندووە، بۆیە دەیگوت ئەوە هەڵبژاردەی گەلە "گەلەکەم چ ڕێبازێکی دەبێ پێیان ڕابگەم، لەبەرئەوەی من سەرکردەیانم"[١٦].

دوای ئەوەش، جاڕنامەکەی یونسکۆ هات "بێ لێبووردەیی ئاشتی چێنابێ، بێ ئاشتیش، نە گەشە ڕوو دەدا و نە دیموکراسی ڕۆ دەنرێ".

ئەگەر لێبووردەیی وەک دەستەواژە بۆ پێشڤەچوونی فەلسەفەی ڕۆئاوایی سەدەی هەژدە و نۆزدە دەگەڕێتەوە، نەخاسمە فەلسەفەی نوێگەری، دوای دەرکەوتن و پێشڤەچوونی مەیلی مرۆڤانیی پشتبەستوو بەعەقڵ لە بەرانبەر لاهووت و غەیبدا، دەستەواژەکە، بەم دواییانە هەرمێنی پەیدا کرد، ئەوە بوو یونسکۆ، لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی لێبووردەیی دەستنیشان کرد.

لە دنیای عەرەبدا، لێبووردەیی بەلای زۆرینەوە، هێشتە نەهاتووەتە قبووڵکردن، ڕەنگە بەلای هێندێک لایەنی پەڕاوێزخەر و ڕەتکەرەوەی ئیسلامەوییەوە بە"تۆوێکی ئیبلیسانە" یان "هزرێکی هێنراو"، تەماشای بکرێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی تێکەڵ بەبڕێک مەیلی خۆسەپێنەری ڕۆئاواییبوون و پاشکۆیەتی کرا.

لە کاتێکدا خاوەنی ئەو تێڕوانینانە، پەنا بۆ مێژوو دەبەن، بیریان دەچێ کە ئیسلامی سەرەتاکان، نەخاسمە سەردەمی ڕاشیدین، پڕێتی لە لێبووردەیی و خوێندنەوەی ئەوی تر، بەڵام دەیانەوێ خۆیان لەوانە گێل بکەن و بەبالای ڕابردوودا هەڵبدەن تا لە ئێستە ڕابکەن، کە لێوانلێوە لە گوناهبارکردن و حەرامکردن و تاوانبارکردنی ئەوی تر. ئەوی تری، دەرەکی، بیانی، دوژمن، ڕکابەر، وەک خۆبادان بەسەر ئەوی تردا، هەر بۆیە، لێبووردەیی، پێویستی بە"گونجاندنی ژینگەیی" و "ڕەسەناندن – تأصیل (گێڕانەوە بۆ بنەچەی ڕەسەن)ێکی مێژوویی هەبوو، تا بکرێتە کالا و کەرەسەی ئەم سەردەم و ڕۆژگارە، بەگەڕانەوە بۆ "حیلفی فزووڵ" و "دەستووری مەدینە" و "پێکهاتنی حودەیبییە" و "بەڵگەنامەی قوستەنتینیە"، سەرباری قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەر، وەک ڕێنوێنێک بۆ بناوانگەلی لێبووردەیی، ئەڵبەت بەدەستنیشانکردنی ئەو ڕووداوانەی نیشانەی نالێبووردەیین لە مێژوومـاندا، نەخاسمە ئەوانەیان کە توندڕۆی و زێدەڕۆی و دەمارگیری و کەنارخستن و ڕیشەکێشکردنی بەرانبەریان پێوە دیارە.

## گاندی لێبووردەییەکەی خۆی بەکوشتی دا؟[١٧]

بانگەشەی لێبووردەیی لە هیندستانی هاوسەردەمدا، بەناوی مەهاتما گاندییەوە لکاوە، ئەو سەرکردەیەی هەموو ژیانی لە پێناوی ئازادی و ڕزگاربووندا بەخت کرد و توانی سەرکردایەتی بزاڤێکی جەماوەرییانەی مەدەنی و ئاشتییانەی فرەوان بکات لە سایەی ناتوندوتیژیدا تا ساڵی ١٩٤٧ بەریتانیای مەزنی بەزاند.

گاندی، لەو باوەڕەدا بوو، دەستەبژێری پارتی کۆنگرەی نیشتمانی هیندستانیشی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە بانگەشەی ناتوندوتیژی بەرانبەر دوژمنکاری و جەور و ستەمی بەریتانیا و پێڕەوکردنی سیاسەتگەلێکی ئاشتییانە و مانگرتن لە نانخواردن، تاکە ڕێگەن بۆ ڕزگاری، لەبەرئەوەی گاندی خۆی لەو

باوەڕەدا بوو، خەباتی ئاشتییانە، گونجاوترین جۆری خەباتە بەدژی توندوتیژی، ئاخری خەباتی دوور لە توندوتیژی سەردەکەوێ، نەک بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەتوندوتیژی، بگرە بەپێچەوانەکەی، هەر ئەوەش سەرچاوەی هێز و توانای بوو، وەک خۆی پێی وابوو[١٨].

سەرەڕای ئەوەی گاندی پێی وابوو کە ڕێبازیی لێبووردەیی "ڕاسترین و نموونەییترین" ڕێبازە، وەلێ وەک خۆی دەیگوت، لەو باشتری نەدیووەتەوە، بۆیە ناتوندوتیژی و لێبووردەیی و موقاوەمەتی ئاشتییانە و مەدەنییانەی هەڵبژارد، هەر ئەوەش بووە ڕێبازی گشتیی هیندییەکان و بەریتانیای ناچار کرد دەست لە هیندستان هەڵگرێ.

وەلێ ئەم ژینگە لێبووردەیە، کاردانەوەگەلێکی نالێبووردەی لای توندڕۆیان و دەمارگیران و دوژمنانی لێبووردەیی لێ کەوتەوە، ئەوانەی پێیان وابوو، دەرفەتە ڕێباز و سیاسەتەکانیان بەرنە پێش، ئەو سیاسەتەی، یەکەمین و گەورەترین لێبووردەی لە مێژووی هیدستاندا کردە قوربانی، هەر ئەم ڕووداوە سەلماندی، بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی بەهاکانی لێبووردەیی، ژینگە و کەڵەکەبوونێکی مێژوویی و پێشڤەچوونێکی درێژخایەنی گەرەکە، ئاخر کۆمەڵگە ئەوروپایی و ڕۆئاواییەکان کە گەیشتوونەتە کەناری لێبووردەیی، ساڵانێکی دوور و درێژیان لە شەڕ و کوشتار و قڕکردنی یەکتریدا بەسەر برد، ژان و ئازارەکانیان زۆر بوون، وەلێ بەعەقڵانییەت و ئازادی و ناوکۆییە مرۆڤانی و مەدەنییەکان، توانییان ڕێگر و ئاستەنگەکانی بەردەم چەسپینی لێبووردەیی نەهێڵن، توانییان لێبووردەیی، لە ڕەهەندە ئەخلاقییەکەیەوە بگوازنەوە بۆ ڕەهەندە یاسای و کۆمەلایەتی و ئاینی و نەتەوەی و سیاسییەکانی، نەخاسمە لەناو خۆیاندا، ئەمەش کەلەبەرێکە لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا ماوەتەوە، بەتایبەتی دەرهەق دەوڵەتانی هەژار و پەرەئەستێن.

لێرەدا جێی خۆیەتی بەهاگەلی لێبووردەیی بێنینەوە یادی خۆمان کە ڕوویەکی هەرە گەشی سەردەمی محەمەد بوو، نەخاسمە لە ڕووی ڕێزگرتنی مافەیل و داننان بەفرەیی و مافی جیاوازیدا، لە هەردوو باری کردەنی و تیۆرییدا، وتەکەی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) سەروەختی فەتحی مەکە، مانا و ئاماژەیەکی گرینگە بۆ

ئامادەکردنی ژینگەیەکی لێبووردە، کاتێک ڕووی کردە دیلەکان و پێی گوتن: "بڕۆن ئێوە ئازادن" وەک زەوینەسازییەک بۆ لێبووردنی گشتی، ئەو لێبووردنەی هەر پێغەمبەر خۆی ڕای گەیاند: "ئەوەی چووە ماڵی ئەبوسوفیان، لە ئەماندایە".

هەر هێندە نا، بگرە حیلفی فزووڵی هێشتەوە کە بریتی بوو لەوەی خانەدانانی مەکە لەناو خۆیاندا بەڵێنیان دابوو پشتیوانی لە زوڵملێکراوان بکەن (هی خۆیان یان بیانی) و مافەکەی بۆ بگێڕنەوە، هەروەها دەستووری مەدینە و پێکهاتنی حودەیبییە، هەموو ئەو ڕێبازەش کە خەلیفەکانی ڕاشیدین لە ماوەی نێزیکەی چل ساڵدا پێڕەویان کرد[١٩].

وەلێ هەموو ئەو ژینگە لێبووردەیەی ئەوێ ڕۆژێ، نەبووە ڕێگرێکی تەواو لە بەردەم دوژمنانی لێبووردەییدا ژینگەکە بۆ مەرامی خۆیان نەقۆزنەوە و زەبری خۆیان نەوەشێنن تەنانەت لە خەلیفەکانی ڕاشیدین خۆیان، ئاخر سێ خەلیفەیان: عومەر و عوسمان و عەلی، بوونە قوربانی غەدر و تەڵەکەبازی، سەرباری فەرتەنە و شەڕوشۆڕی خۆبەخۆ، کە زەبری کوشندەی گەیاندە گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی موسڵمانان.

ژینگەگەلی لێبووردەیی کە سەرکردە مێژووییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، نەیتوانی ڕێ لە پیلانی نالێبووردان بگرێ، کە زۆر بەو ژینگانە تەنگەتاو بوون، ئەوە بوو هەلومەرجەکەیان دەقۆستەوە تا بگەنە مەرام و نیازی خراپی خۆیان.

ئەو ژینگە لێبووردەیەی زەوینەی سەرکەوتنی هیندییەکان بەسەر بەریتانییەکاندا ساز کرد کە گاندی سەرکردایەتی دەکرد، هەر ئەو ژینگەیە ڕێی بۆ فاتورام گۆدسی خۆش کرد تا لە ٣٠ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٤٨دا تاوانی کوشتنی گاندی ئەنجام بدات.

لە دوا سەردانمدا بۆ هیندستان هەوڵم دا سەرلەنوێ لە ئاست دیاردەی نالێبووردەییدا، کە کاردانەوەی ژینگەی لێبووردەییە، هەڵوەستەیەک بکەم، ئەو پرسیارە گەورەیەی ئێستێ و سێ دەیەیە باس دەکرێ، نەخاسمە پاش ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول/ سێپتەمبەر ٢٠٠١: چۆن لەگەڵ نالێبووردەکاندا ڕەفتار بکەین؟ دیسان لێبووردانە، یان هیچ چار نییە دەبێ زۆر بەتوندوتۆڵی بەرەنگاریان ببینەوە و ڕێیان لێ بگرین؟ بەڵام کارڵ پۆپەر، پێی وایە ناشێ

نالێبووردەیی ببێتە بەهانە بۆ دوورکەوتنەوە لە بەهاکانی لێبووردەیی، ئەگەر نا، بیانگە زۆر دەبن بۆ ڕەتکردنەوەی بەهاکانی لێبووردەیی[٢٠].

مێژووی هیندستان کە بەلێبووردەیی نەخشاوە، پێکەوەژیانێکی سەرنجڕاکێشی نەتەوە و زمان و ئاینگەلی تێدایە، لەوێ، هندۆس و سیخ و بودی و مەسیحیگەل دەژین، نێزیکەی بیست و سێ زمانی فەرمی و زیاتر لە هەزار شێوەزار هەن، لە وڵاتێکدا کە دانیشتوانەکەی، دەوروبەری ملیارێک و بیست ملیۆن کەسە (بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی تا ڕۆژی ٢٠١١/٧/١٥، ژمارەی دانیشتووانی هیندستان ملیارێک و دووسەت و نەوەت و شەش ملیۆنی تێپەڕاندووە – وەرگێڕ)، لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدرالی فرەیی دیموکراسیدا کە لە بیست و پێنج هەرێم پێک هاتووە، هاوکات، ژینگەیەکی نالێبووردە هەیە کە پڕێتی لە دەمارگیری و توندڕەوی و توندوتیژی.

گاندی، تاکە قوربانی نەبوو، دوای ئەو، ئەندێرا گاندی و ڕاجیڤ گاندی، بیانووەکانی بکوژەکەی، سیاسەت ناتوندوتیژەکەی بوو، چ نەبێ بکوژەکە خۆی وای ڕاگەیاند، بۆیە دەشێ بڕێک بیانووی تری ڕانەگەیەندراوی بۆ زیاد بکەین: هەڵوێستی گاندی بەرانبەر یەکەتیی هیندستان کە بەریتانییەکان گەمەیان پێ دەکرد، پاساوەکەشی، هۆکاری بنەوایی و نیشتمانیانە بوو کە دوور نەبوون لە باوەڕبوونی بەلێبووردەیی، ئاخر کاتێک دابەشبوونەکە قەوما، هانی موسڵمانانی دەدا کۆچ نەکەن بۆ بەشی پاکستان، هانی هیندۆسییەکانیشی دەدا لە تەک موسڵمانەکاندا پێکەوە بژین و پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی، ئەو سیاسەتە لێبووردەیە، جێی ڕەزامەندی هێندێک سەرکردەی هەردوو لا نەبوو.

## تۆوی نالێبووردەیی لە هیندستان[٢١]

پاش شەش دەیە (ئەڵبەت لە عەرەبییەکەیدا نووسەر دەڵێ پاش سی و ئەوەندە ساڵە – وەرگێڕ) لە کوشتنی گاندی دامەزرێنەری هیندستانی نوێ و سەرکردەی یەکەمی سەربەخۆیی، پیاوکوژێکی تر، جاسفیر ناوێک، خاتوو ئەندێرا گاندی کوشت، جاسفیر، پیاوێکی سیخی و گیانپارێزی خاتوو گاندی بوو. ئەندێرا گاندی، کچی جەواهیر لال نەهرۆی سەرکردەی هیندستان و یەکێک لە

سەرکردەکانی بزاڤی بێلایەنیی ئیجابی کە دواتر بووە بزاڤی دەوڵەتانی بێلایەن و کۆنگرەی باندۆنگی ساڵی ١٩٥٥بوو، ڕەنگە ناوی ئەندیرا گاندی باشترین بەڵگەی لێبووردەیی بێ، ئاخر ئەو کچی نەهرۆ بوو، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، خوێندنی لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیا تەواو کردووە و لەوێ حەزی لە کوڕە هاوپۆلێکی موسڵمانی فارسی خۆی کرد بەناوی فەیرۆز غەفار، ئەڵبەت ژینگەی باوی نالێبووردەیی ئەوێ ڕۆژێی هیندستان، ڕێگەی نەدەدا ئەندیرا و غەفار بۆ یەک ببن، بۆیە ئەندیرا، کێشەکەی خۆی لای باوکی و گاندی باس کرد، هەر بۆیە گاندی، پاش ئەوەی عەقڵی کوڕەکەی گرت و وەک باوەڕبوونیش بەیەکسانیی مرۆڤگەل و بەهاکانی لێبووردەیی، نەخاسمە خۆی بەبابی تێکڕای هیندییان دەزانی، نازناوی خۆی "گاندی" بەو گەنجە موسڵمانە بەخشی، لەم ڕێگەیەوە، ئەندیرا و فەیرۆز غەفار (گاندی)، بەیەکگەیشتن و ناوی ئەندیرای کچی نەهرۆ بووە، ئەندیرا گاندی.

هۆکاری کوشتنی ئەندیرا گاندیش هەر نالێبووردەیی بوو. ئەو ڕۆژگارە، سیخەکان داوای سەربەخۆیی هەرێمی "بینجاب"، ئەو هەرێمەی پێی دەگوترێ "بلووستان"یان دەکرد، داواکارییەکیان بەو مانایە، پێشکێشی ئەندیرا گاندی کرد، ڕەتی کردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سیخییەکان پشێوی و توندوتیژییەکی زۆر بەرپا بکەن، نەخاسمە دەرهەق بەهیندۆسییەکان، ئەندیرا گاندی، ناچار بوو لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە ناوی بلووستانی لێ نرا، بەرەنگاریان ببێتەوە، نەخاسمە دوای پەناگیرییان لەناو "پەرستگەی زێڕین"ی بینجابدا، شەڕوشۆڕێکی زۆر قەوما، مەدەنیی زۆر کوژران، هەرچەندە لە سەرەتادا ئەندیرا گاندی دوودڵ بووە لەوەی پەلاماری پەرستگەکە بدات، وەلێ دواتر ناچار فەرمانی دا، هێرش بکرێتە سەر ئەو سیخییانەی لە پەرستگەکەدا بوون کە بەلای ئەندیرا گاندییەوە، هۆکاری کێشەکە بوون و دەبوو ئەنجامەکانیشی لە ئەستۆ بگرن.

کوشتنی یەک لە دوای یەکی سەرکردە هیندییەکان، شایانی تێڕامانە، وا دیارە تۆوی نالێبووردەیی تا ئێستێ لەناو کۆمەڵگەی هیندستاندا بەهێزە، لەوێ، هەر کاتە ناکاتێک، شەڕ و ئاشووب سەر هەڵدەداتەوە، نەخاسمە لە نێوان موسڵمانان و هیندۆسییەکاندا، ئەو تۆوە پیسەی بەریتانییەکان پێش ڕۆیشتنیان لەناو ئەو وڵاتەدا چاندیان.

ئەندیرا گاندی، هەوڵی دا حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی هیندی بباتە سەر ڕێبازەکەی خۆی و بانگەوازی سیاسەتی ناتوندوتیژ و لێبووردەیی بکات، ئەو حزبە، لە ١٨٨٥دا، لەسەر دەستی دادا بەهای نرووجی، ئەو سیاسەتوانەی نەوەی خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، هاتووەتە دامەزراندن، نرووجی، خوێندنی لە بەریتانیا تەواو کرد، پاشان بووە سەرنووسیاری ڕۆژنامەی "ئازادیی هیندستان"، ساڵی ١٩٢٠، گاندی، چووە پاڵی کە دواتر بووە یەک لە دیارترین دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ناتوندوتیژی، نەخاسمە پاش گەڕانەوەی لە باشووری ئەفریقیا کە ماوەی بیست و یەک ساڵ ژیانی لەوێ بەسەر بردووە و چەندان جاریش بەند کراوە.

گاندی، کۆلێجی مافی زانکۆی ئۆکسفۆردی تەواو کردووە، بانگەوازەکەشی دادەنرێ بەڕێبازێکی سیاسییانەی دەگمەن کە عەقلانییەت و واقیعیبوونێکی زۆری پێوە دیارە. گاندی، باجی "خوێیانە"ی قۆستەوە کە بەریتانییەکان بەسەر هیندییەکانیاندا سەپاند بوو، تا بانگەوازی ڕابوونێکی جەماوەری بدات و هانی هاووڵاتییانی دا چیی تر خوێیانە نەدەن، داوای لە ئافرەتان کرد دەست بەکولتووری وڵاتەکەیانەوە بگرن لە ڕێی پۆشینی جلوبەرگی میللییەوە، بناخەی بزاڤەکەی برێتی بوو لە پێڕەوکردنی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژ و پەنا نەبەنە بەر کوشتنی بەریتانییەکان و هەموو کات دووپاتی دەکردەوە: "ڕاستی ڕۆژێک هەر سەردەکەوێ".

ئەگەر بەریتانیا ناچار بوو دان بەسەربەخۆیی هیندستاندا بنێ، لێ مینێکی گەورەی لەناو دانیشتووانەکەیدا نایەوە، نەخاسمە لە نێوان هیندۆس و موسڵمانەکاندا، ئەمەش پاڵی بەهێندێک سیاسەتوانی پاکستانییەوە نا داوای سەربەخۆیی بکەن، لەوانە "محەمەد عەلی جەناح"(محەمەد عەلی جەناح کە لە مێژووی پاکستاندا بەدامەزرێنەری دەوڵەتی پاکستان دادەنرێ – وەرگێڕ)، کە لەلایەن توندڕۆیانی ئیسلامییەوە پشتیوانی دەکرا، بەهۆی ئەو توندوتیژییەی لە سەروبەندی سەربەخۆبووندا دەرهەق بەموسڵمانان کرا، ئەڵبەت بەریتانیا لەو شەڕ و ئاشووبە دوور نەبوو، سیاسەتی ئەو کاتی بەریتانیا، ڕەنگە ئێستەش برێتی بوو لە "پەرتکە و زاڵ بە"[٢٢].

کاردانەوەی سەرکردەکانی هیندستان وەک سەردار بەلب بەهاتی باتێل و تا ڕادەیەکیش جەواهیر لال نەهرۆ، ملدان بوو بۆ واقیعەکە، ئاخر ئەگەرچی دژی دابەشبوونەکە بوون، وەلێ ملیان بۆ واقیعەکە دا و زانییان لەوە زیاتر ناکرێ، لە کاتێکدا گاندی، سوور بوو لەسەر پێکەوەژیان و دژایەتی دابەشبوون، بۆیە تا ئێستا کێشەی کشمیر پاش تێپەڕبوونی ئەوەندە ساڵە هەر گەرمە.

مارکس و ئەنجلز، لە پەنجاکانی سەدەی هەژدەدا (ڕاستییەکەی نۆزدەیە – وەرگێڕ) باسیان لە شەڕی سەربەخۆیی هیندستان کردووە، بەتایبەتی ڕاپەڕینی فیلۆر لە ساڵی ١٨٠٦دا و ئەوەشیان بەڕابوونی ڕۆهەلات ناو برد، سەرباری هیندستان، باسیان لە "چین"یش کردووە. مارکس، لە سالانی نێوان ١٨٥٧ – ١٨٥٩دا لە ڕۆژنامەی "نیویۆرک دەیلی تریبیۆن" باس لە هەستانەوەی هیندستان و چین دەکات و گەیشتە ئەو بەرەنجامەی، سەرکەوتن بەسەر کۆلۆنیالی بەریتانیادا، چارەنووسی ئۆلیگارشی بەریتانیا دیاری دەکات، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی تێکوپێکدانی پێوەندییە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان و بەباشە بۆ ئەوروپا دەکەوێتەوە. ئەوە بوو، سەربەخۆیی هیندستان و بەدوای ئەویشدا گەلانی تری ناوچەکە، بووە سەرەتای ئاوابوونی ڕۆژی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا.

مێژووی نالێبووردەیی لە هیندستان، دوور و درێژە، ئەوە بوو پاش مردنی هاوسەری شای شایان شاهجان"ئالجۆ مان بانۆ" کە نازناوی "مومتاز زەمان"ی هەبوو، شاهجان، کۆشکێکی بەناوی کۆشکی سوور لە ئەکرا و یەکێکی تری لە دەلهی بنیات نا، بەڵێنی دا تا ماوە ژن نەهێنێتەوە، وەلێ لە گەرمەی فەرمانڕەواییدا، کوڕەکەی خۆی گرتی و لە کۆشکەکەیدا بەندی کرد تا مرد.

لە یاوەرە گەنجەکەمم پرسی، چۆن دەڕوانێتە گاندی و سیاسەتی لێبووردەیی، وەلامی دامەوە، گاندی، پیاوێکی مەزن و سیمبولێکی گەورەیە، وەلێ هزرەکانی میسالی و ئایدیالی و ناواقیعین و جێبەجێ ناکرێن، ئاخر ململانێکان بێ توندوتیژی چارەرسەر ناکرێن، چونکە ئەوەی ماڵ و سامان و دەسەلاتی هەیە، چۆن واز لەو هەموو نیعمەتە دێنێ بۆ فەقیر و هەژار ئەگەر زۆری لێ نەکەی؟ گوتم، مەبەستت ئەوەیە هێز بۆ بەرگرتن لە زوڵم پێویستە یان هەر بۆ توندوتیژی ئەو توندوتیژییەی مارکس بەبزوێنەری مێژوو ناوی دێنێ؟ گەنجە هیندییەکە کە

ڕۆشنبیرییەکەی ئاوێتەیەک بوو لە هیندی – ڕۆهەڵاتی و ڕۆئاوایی، دەمی تێکئاڵا، هەر خێرا گوتم: ماریفەت و زانین، هەر بۆ خۆی هێزە وەک بیکۆن دەڵێ، لەگەڵمای؟[٢٣].

لەو باوەڕەدام، نەهێشتنی نەخوێندەواری، چاککردنی باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک، دابینکردنی هەلومەرجی شیاو بۆ کارکردن و گرەنتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، وا دەکەن بەهاکانی لێبووردەیی برەو بسێنن و زەوینە ساز دەکەن بۆ جۆرێک لە دادپەروەری و فرەیی و خوێندنەوەی یەکتر و قبووڵکردنی جیاوازی و مافی دەستگرتن بەبیروباوەڕەوە بێ ترس و زۆرەملی، بەهاکانی لێبووردەییش داوای ئەوەمان لێ دەکەن، نەخاسمە ئەگەر ئەوانە لە ڕێی پەروەردە و خوێندنی تێکرای قۆناخەکانی خوێندنەوە کرا، سەرباری دانانی یاسا و ڕێسای پێویست، ئەڵبەت میدیاش دەتوانێ لەم لایەنەوە ڕۆڵی گرینگ بگێڕێ، ئاخر میدیا دەکارێ بەشدارییەکی بەرچاو بکات لە بڵاوکردنەوەی سەرتاسەریی بەهاکانی لێبووردەیی، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەتوانن کاریگەرییان هەبێ لەسەر دەسیتەبژێری هزری و سیاسی و ئاینی، ڕەنگە ئەرکێکی وا لە هیندستاندا، ئەرکێکی ئاسان نەبێ و پێویستی بەکەڵەکەبوونێکی درێژخایەن بێ لە پێناو چەسپاندنی بەهاگەلی لێبووردەیی لە بەرابەر نالێبووردادا کە ئەرکەکەیان لە کۆمەڵگە لێبووردەکاندا، ئەرکێکی قورسترە!!

خۆ ئەگەر نەهرۆی دامەزرێنەری هیندستان، یەکەمین کەس بوو ئاڵای نیشتمانیی وڵاتەکەی لە ١٥ی ئاب/ئۆگستس ١٩٤٧دا بەرز کردەوە و سەربەخۆیی هیندستانی ڕاگەیاند، ئەوە ڕوحی گاندی دامەزرێنەر و خاوەنی فەلسەفەی ناتوندوتیژی، تا ئێستەش بەئاسمانی ئەو وڵاتەوە دەشەکێتەوە، دوا مەنزڵگەشی لە ڕاجات، مەزاری هیندییەکان و میوانانیانە لە هەموو دنیاوە، با کەسانێکیش لەگەڵ فەلسەفە ناتوندوتیژەکەیدا نەبن.

## پێنج پایەکەی لێبووردەیی[٢٤]

ئەگەر لێبووردەیی، بەهایەکی شارستانی و واقیعی ئەم گەردوونە بێ، ئەوا پێویستی بەپێنج پایەی بنچینەیی هەیە تا بچەسپێ، لە پێناو دەرچوونی دنیا لەو دەمارگیری و توندڕۆی و هەڵچوون و توندوتیژی و تیرۆریزمەی تێی کەوتووە.

ئەمەش، بەزەوینەسازییەکی چاک و قووڵکردنەوەی هۆشیاری ئەخلاقی و یاسای و کۆمەڵایەتی، لە ڕێی داننان بەفرەیی و مافی جیاوازی و ڕێزگرتنی بەرانبەرەوە نەبێ، سەر ناگرێ، چ وەک تاک، چ وەک کۆمەڵ و حکوومەت و دەوڵەتان. ئەو پێنج پایەیەی باسی دەکەین، ئەو پایانەن کە بەتایبەتی بۆ دنیای عەرەبی و ئیسلامی پێویستیمانن.

پایەی یەکەم، ژینگەی تەشریعی و یاسایی: ئاخر بێ یاسا و ڕێساگەلێک کە لەلایەک چاودێریی بنەواکانی لێبووردەیی بکات، لەلایەکی ترەوە، بەر لە سەرپێچیکارانی بگرێ، لێبووردەیی نایەتە ئارا، چونکە ئەو سەرپێچییانە کە دەرهەق بەئاین، نەتەوە و کولتوورەکان دەکرێ، تۆوی نالێبووردەیی دەچێنن و دەبنە هۆکاری پێکهەڵپژان و ناکۆکی و توندوتیژی.

پایەی دووەم، ژینگەی خوێندن و پەروەردە: بێگومان، نەبوونی لێبووردەیی لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندندا، نەخاسمە بەکەمزانینی بەرانبەر، کاردانەوەی توند و شەڕوشۆڕی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی مەزووڵمییەت، نەخاسمە لای پێکهاتە لاواز و مافخوراوەکان.

پایەی سێیەم، ژینگەی قەزایی: بەتایبەتی ئەگەر قەزا، قەزایەکی پیشەیی و سەربەخۆ بێ و لە سایەی سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی بنەواکانی دادپەروەریدا کار بکات، لەو کاتەدا، قەزا دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی باش ببینێ لە چەسپینی مافی جیاوازی و یەکسانی و پشتیوانیی مەزڵوومانددا ببێتە ڕێگر لە مافخواردنی هیچ کەس و پێکهاتەیەک.

پایەی چوارەم، ژینگەی میدیا: ئەمەیان چەکێکی دوو سەرە، میدیا دەکارێ هۆکارێکی یارمەتیدەر و گرینگ بێ لە بڵاوکردنەوەی بەها و بنەواکانی لێبووردەیی و بەپێچەوانەشەوە، واتە؛ بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و پاساودانەوەی توندوتیژی و تیرۆر.

پایەی پێنجەم، ژینگەی کۆمەڵگەی مەدەنی: کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێ لە بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی، وەک چاودێرێک بەسەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حکوومەت لە بەرانبەر پێشێلکردنی بنەواکانی لێبووردەیی و بەهاکانی، سەرباری ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ببنە

"هێزی پێشنیاز"، نەک هەر بەتەنیا هێزی نارازیبوون، نەخاسمە ئەگەر توانی پرۆژەگەلێکی یاسا و ڕێسای تایبەت بەتۆکمەکردن و چەسپینی بەها و بنەواکانی لێبووردەیی پێشنیاز بکات لە پێناو پاککردنەوەی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن و گوتاری میدیا و ئاین و سیاسەت لە نیشانەکانی نالێبووردەیی، بەتایبەتی ئەوانەی دەبنە پاساوی جیاکاری و نایەکسانی.

جیاوازییە ئاینی و ئەتنی و مەزهەبی و زمانەوانییەکانی دنیای عەرەب، مشتومڕی زۆریان خستووەتەوە، توێژەر هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا، لە نێزیکەوە مشتومڕەکان و کاردانەوەکان ببینێ، کاتێک بەشداری کرد لە کۆنفرانسی تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی لە دارئەلبەیزا و دیداری ساڵانەی دار ئەلخلیج لە شاریقە و سیمیناری عرووبە و داهاتوو لە دیمەشق، ئەڵبەت تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی، کارێکی چاکی کرد کە سیمینارێکی بۆ بابەتی جۆراوجۆری کولتووری لە کۆمەڵگە فرەییەکاندا تەرخان کرد[٢٥].

ئەو کاتەی ڕێکخراوی یونسکۆ لە خوولی بیست و هەشتیدا، ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەر١٩٩٥ی وەک ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی ڕاگەیاند، پشتی بەبڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی بنەواکانی لێبووردەیی بەست لە شێوەی ١٤ جاڕنامە و بەڵێننامە و ڕێککەوتننامەی ناودەوڵەتیدا، لە پێشییانەوە، بەڵێننامەی ناودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ کە لە ١٩٧٦ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، هەروەها ڕێککەوتننامەکانی ڕێگرتن لە جیاکاری، نەخاسمە لە پەروەردە و خوێندندا، هەروەها گرێبەستی سێیەمی بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی ڕەگەزی، ئەو گرێبەستەی کە لە کۆنگرەی دێربانی دژە ڕەگەزپەرستی ساڵی ٢٠٠١دا، سەرکۆنەکردنی ڕەوتارە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیلی وەک ڕەوتارگەلێکی ڕەگەزپەرستانە ناساند، هەروەها گرێبەستی دنیایی بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، دیسان گرێبەستی دنیایی پشتیوانی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی سەرلەبەری دنیا.

ئەڵبەت ئەو مەرجەعییەتانە، سایەیەکی دنیایی بەرزن بۆ بەها و بنەواکانی لێبووردەیی، کەوا بڕیارە پێوەندییەکانی تاک و دەوڵەت، نێوان تاکەکان خۆیان و نێوان ئەوان و کۆمەڵەکانیش، ڕێک و گرەنتی بکات، جاڕنامەی بنەواکانی

لێبووردەیی، دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستە ئەو بنەوایانە لەناو دەستوور و یاساگەلدا جێیان بکرێتەوە، دەبێ تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتان پابەندیان بن، هەر لەو ڕێیەشەوە، بەها و بنەواکانی لێبووردەیی لە هەردوو لایەنی تیۆریی و کردەنییەوە، دێنە پاراستن.

توندوتیژی، تیرۆریزم، ڕقلێبوونەوەی بیانیان، مەیلی خۆبەگەورەتر زانین و دوژمنکاری، دژایەتی سامیزم، پەراوێزخستن و لاتەریککردن و جیاکاری لەسەر پێناسە، پێناسەی نیشتمانی و ئاینی و ئەتنی و زمانەوانی و ڕەچەڵەک و پەنابەران و کرێکارانی بیانی، هەروەها توێژە بێدەرەتانەکانی کۆمەڵگە، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربرین، هەموو ئەمانە، ژینگەیەکی لەباری نالێبووردەیی ساز دەکەن، لەبەرئەوەی هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و دیموکراسی و لەمپەرن لەب ەردەم گەشەسەندندا، جارنامەکەی یونسکۆش هەر وای بۆچووە، جا لە ئاستی نیشتمانیدا بێ یان دنیایی.

بێگومان، داگیرکاری و دوژمنکاری و بەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندن بەسەر گەلاندا، نیشانەی نالێبووردەیین، نەخاسمە پێشێلکاریی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی، بەگشتی و تاکەکەسییەوە.

پاش هەموو ئەمانە، لێبووردەیی، وەک لە جارنامەی یونسکۆدا هاتووە، واتە: ڕێزگرتن و قبوولکردن و گونجان لەگەڵ فرەییی دەوڵەمەندیی کولتوورەکانی دنیای ئێمە، هەروەها شێوازەکانی دەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکان. لێبووردەیی، بەماریفەت و پێوەندی و ئازادیی هزر و ویژدان و بیروباوەڕ دەچەسپێ، برێتییە لە پێکەوەژیانی جیاوازەکان، لێبووردەیی، هەر تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییە لە پێناو چەسپاندنی بەهاکانی ئاشتی و ڕەتکردنەوەی شەڕ، نەخاسمە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

لەلایەکی ترەوە، دوور لە برێک لێکدانەوەی بەرتەسک، لێبووردەیی، مانای سازش و چاوپۆشین نییە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی ماف و ئازادییەکان، وەک هەندێک زۆر سادە و ڕواڵەتییانە بۆی دەچن، بگرە نواندنی هەڵوێستێکی ئەرێنییە بەرانبەر مافی ئەوانی تر تا بەهەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان شاد دەبن، بەهیچ پاساوێک ناشێ، بەپاساوی لێبووردەییشەوە، هیچ تاک و

کۆمەڵگە و دەوڵەتێک بۆی نییە دەست بۆ بەهاکانی لێبووردەیی ببات[٢٦].

بەم مانایە، بەهاگەلی لێبووردەیی، بێ بەهاگەلی یەکسانی و دادپەروەری و جیاکارینەکردن و مافی بەشداری و قبووڵکردنی ئەوی تر، چێنابن، هەر ئەمەش بوو وای لە کۆمیسیاری جامیعەی عەرەبی بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، فاورق عەمد، کرد داوا بکات کە دەبێ جامیعەی عەرەبی هاریکاری چالاکییەکانی لێبووردەیی بکات.

ڕەنگە دەرفەتێکی لەبار بێ کاتێک باس دێتە سەر فرەکولتووری و هزری و سیاسی و نەتەوەی و ئاینی و زمانەوانی و ئەتنی، نەخاسمە لە دەوڵەتە فرەپێکهاتەکاندا، لە پێنج پایەکە: یاساکان، پەروەردە و خوێندن، قەزا، میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی، وەکۆڵین و پلانێکی کارکردنی پێنج ساڵی دارێژین، بەرەو خوڵقاندنی هۆشیارییەکی عەرەبی تازە کە ببێتە هۆی گەشانەوەی بەها و بنەواکانی لێبووردەیی، لە پێش هەموانەوە، دەستەبژێرانی کۆمەڵگە، لە ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵدا، بۆ ئەوەی لێبووردەیی ببێتە هەڵبژاردەیەکی شارستانییانەی پشتبەستوو بەمیانڕۆیی، عەقڵانییەت، نوێگەری، ڕێژەیی، عیلمانییەت، فرەیی و جۆراوجۆری، لە چوارچێوەی مەرجەعییەتێکدا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە خەملاندنی پێناسەگەلێکی ئاوێتە و کارلێککەر و بۆچوونگەلێکی وێکنەچوو، لە ڕێی ماریفەت و دامەزراوەیبوون و تواناکانەوە.

## ئامادەکارییەکانی پێشەکی چاپی دووەمی عەرەبی و یەکەمی کوردی

کاتێک میدیاکار بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوبەری گشتیی دەزگای ئاراس، داوای کرد کتێبەکەم "لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا" لە پاڵ چاپی دووەمی عەرەبیدا، تەرجەمە بکرێ بۆ زمانی کوردی، هەستم بەشانازییەکی زۆر کرد. شانازییەکەم، سێ هۆی هەبوو، یەکەم، نێزیکەی شەش ساڵ بەسەر چاپکردنی کتێبەکەمدا لە خانەی نەهار بەیرووتی تێ پەڕیووە، کتێبەکە، بایەخێکی زۆری پێ درا، زۆری لەبارەوە نووسرا، دیمانەی زۆرم لە تەکدا کرا، بووە جێی قسەوباسێکی زۆر، ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی باشووری لبنان کە ئەدیب "حەبیب سادق"

سەرۆکایەتی دەکات، سیمینارێکی لەبارەوە ڕێک خست، مەتران جۆرج خزر لە سیمینارەکەدا بەشداری کرد و نووسەر و ڕەخنەگری سووری محەمەد جەمال باروت، کتێبەکەی پێشکێش کرد، کۆڕ کۆبوونەوەی زۆری لەبارەوە ڕێک خرا. نووسەری ئەمەریکایی Ted Thornton کتێبەکەی تەرجەمە کرد بۆ زمانی ئینگلیزی کە تا ئێستەش سۆراخی خانەیەکی دیاری چاپ دەکات بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی.

دووەم، کتێبەکە لە عێراق چاپ دەکرێ، نەخاسمە لە کوردستان و لە هەولێری پێتەخت، ئاخر لەوێ دۆستایەتی زۆرم لەگەڵ دەستەبژێرێکی هزری و سیاسی بەرچاو هەیە، سەرباری پێوەندییە ئەکادیمییەکانم، ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ موحازەرەگەلێکی زۆرم لە کۆلێجی یاسا و سیاسەتی زانکۆی سەلاحەدین پێشکێش کردووە، پێوەندیی باشم لەگەڵ ئەو زانکۆیەدا هەر بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠١٠ گەڕامەوە و بۆ ماوەی ساڵێکی خوێندن، دیسان موحازەرەم گوتەوە، زیاد لەوەش، زۆربەی خوێنەرانم عەرەبی عێراق و کوردەکانن.

هەرچی هۆی سێیەمە، کتێبەکە لە بابەتێکی گرینگ دەکۆڵێتەوە کە ئێمەی عێراقی لە هەموو کەس زیاتر پێویستمان پێیەتی، مەبەستم لێبووردەییە، نەخاسمە مێژووی هاوسەردەممان هەرچەندی بڵێی توندوتیژ و تەژی پێشێلکارییە، لە سایەی کولتووری کینە و تۆڵەسەندنەوە و هەوڵی لاتەریککردنی بەرانبەر، ئاخر کۆمەڵگەکەمان تا ئەمڕۆ بەدەست شوێنەوارەکانی سەردەمی دیکتاتۆرییەتەوە دەناڵێنێ کە نێزیکەی ٣٥ ساڵی خایاند لە سایەی حوکمڕانییەکی تۆتالیتاری و ڕەوتارگەلێکی ستەمکارانە و شۆڤێنییانە بەرانبەر گەلی کورد کە تووشی ئازاری زۆر بوو بەدەست نالێبووردەیی و توندوتیژی و سیاسەتگەلی دوورخستنەوە و ڕەتکردنەوە و نەسەلماندنی مافەکانیان، نەخاسمە مافی بڕیاردانی چارەنووس، سەرباری بۆمبارانی کیمیاوی، وەک ئەوەی لە ١٦ – ١٧ی ئادار/مارس ١٩٨٨دا لە هەڵەبجە ڕووی دا و پێنج هەزار قوربانی لێ کەوتەوە، باسی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال هەر مەکە کە دەیان هەزار هاووڵاتی کوردی تێدا بێسەروشوێن کرا، سەرباری ڕاگواستنی دەیان هەزار دانیشتوانی سیڤیل، هەروەها وێرانکردنی گوند و شار و کۆچپێکردنی دانیشتوانەکانیان بەبیانووی جیاجیا، شاڵاوەکانی

ڕاگواستن، دەیان هەزار کوردەیلی فەیلیشی گرتەوە، بەبیانووی بنەچەی ئێرانی و ڕەگەزنامەکانیان لێ سەندرایەوە و گومان خرایە سەر عێراقیبوون و هاوولاتێتییان.

ئەگەر ئەمە ئەو وێنە نووتەک و نالێبووردەیەی عێراق بێ لە سەردەمەکانی ڕابردوودا، ئیتر چۆن کۆمەڵگە دابەش نابێ و تایەفەگەری برەو ناسێنێ، نەخاسمە لە سایەی ئەو تیرۆر و توندوتیژییەدا کە عێراق لە ٢٠٠٣وەوە بەخۆیەوە بینیووە، بەو گەندەڵییە دارایی و ئیداریی و خواردنی ماڵی گشتییەی عێراق بەخۆیەوە بینی.

هەموو ئەوانەم هاتەوە یاد کاتێک پێشەکی چاپی دووەمی عەرەبی و چاپی یەکەمی کوردیم دەنووسی، سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانیشم بیر هاتەوە کە چۆن گەیشتمە بیرۆکەی لێبووردەیی لە ڕۆژگارێکدا کە باوی نەبوو، بگرە باسکردنی زۆر جاران جێی گومان بوو، نەخاسمە لە سایەی بلۆکبەندییەکی توند و کورتبینییەکی بەرچاودا، بیرۆکەی لێبووردەیی بەتێکپرژاوی مایەوە، تەنانەت بەلای دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیرییشەوە، هەروەها بیرم لە دەستپێشخەرییەکەی ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ لە لەندەن دەکردەوە کە شانازی ئەوم پێبڕا سەرۆکایەتی بکەم، ئەو کاتەی دیدارێکی هزری بەناونیشانی "لێبووردەیی و دەستەبژێری عەرەبی" ساز کرد کە نێزیکەی ٥٠ توێژەر و ڕۆشنبیر و مافناسی دەوڵەتانی عەرەبی تێدا بەشدار بوون. دیدارەکە بەبۆنەی دەستنیشانکردنی ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری هەموو ساڵێکەوە بوو بە"ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی" بەپێی بڕیاری خوولی بیست و هەشتەمی کۆنگرەی گشتیی یونسکۆ(١٩٩٥)[٢٧].

لە دانیشتنی یەکەمی دیدارەکەدا، پرۆفیسۆر خەلیل هیندی، پرسیارێکی زۆر گرینگی ورووژاند: ئایە لێبووردەیی هەیە تا ئێمە پێنجەمین دیداری بۆ تەرخان بکەین، یان نەبوونێتی وامان لێ دەکات چالاکیگەل ساز بکەین لە پێناو بیرخستنەوەی کرۆکی بنەواکانی لێبووردەیی بەبۆنەی ڕۆژی دنیایی لێبووردەییەوە؟ هەر ئەم پرسیارە ئاوێتە و دووسەرەیە، بووە جێی باسوخواسی زۆربەی بەشداربووانی دیدارەکە، بەبەڵێ و نەخێر، وەک دانپێدانانی واقیعێکی ئازاراوی یان ئومێدخواستن بۆ واقیعێکی تازەی تەژی لە لێبووردەیی.

کۆتاییی دیدارەکە وەک سەرەتاکەی نەبوو، هەشت سەعاتی بەردەوام گفتوگۆ و

مشتومڕ کە دواتر ساڵی ٢٠٠٠ لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی "کولتووری مافەکانی مرۆڤ" لە لایەن "پرۆگرامی عەرەبی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ"ەوە لە قاهیرە چاپ کرا، زۆربەی ئامادەبووانی دیدارەکە پشتیوانییان دەربڕی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی لە وڵاتانی عەرەبیدا، لەناویاندا، ئەدیب ئەلجادر، ڕاشید ئەلغەنووشی، ڕەغید ئەلسولح، محەمەد بەحرلعلوم، باب- پۆڵس مولحیم، خەلیل ئەلهیندی، محەمەد ئەلهاشمی ئەلحامیدی، عەبدولسەلام نوورەدین، لەیس کوبە، سەلاح نیازی، بەهجەت ئەلڕاهیب، مستەفا عەبدولعال، ئادەم بەقادی، عەلی زێدان، عەبدولحەسەن ئەلئەمین، عەبدولڕەحمان ئەلنعێمی، محەمەد مەخلووف، سەنا ئەلجبووری و نووسەری ئەم دێڕانە و کەسانی تر، داوایان کرد، یەکەم: دووپاتکردنەوەی بەهاکان لێبووردەیی یەکەمین جار لەناو خۆماندا، بێ خیانەتبار و کافر و گوناهبارکردن، بێ حەڵاڵ و حەرامکردن و هۆکاری تری تەریک و ڕیشەکێشکردن و نەخوێندنەوەی بەرانبەر و جۆراوجۆری و جیاوازییەکان و فرەیی.

دووەم: دووپاتکردنەوەی بەهاکانی لێبووردەیی بەرانبەر ئەوی تر، نابێ وەک ڕکابەرێکی خۆمەڵاسدەر یان دوژمنێکی سەرسەخت تەماشای بەرانبەر بکەین تەنیا لەبەرئەوەی جیاوازە. سێیەم: دەبێ بنەواکانی لێبووردەیی لەو بیرۆکە ساویلکانەیە پاک بکرێتەوە کە پێی وایە، لێبووردەیی، لەگەڵ بنەواکانی دادپەروەریدا دژبەرە و بانگێشتنێکە بۆ تەسلیمبوون، یان لەبیرکردنی هەموو تاوانەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی لە فەڵەستین و عێراق و لبنان و شوێنگەلی تر، ڕوویان داوە. چوارەم: جەختکردنەوە سەر بنەواکانی لێبووردەیی، مانای چاوپۆشین نییە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، ئەشکەنجە و دارکاری و ئەتککردن و کۆکوژی و تاوانگەلی تر، ئاخر ئەو تاوانانە، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ناسڕێنەوە.

لەوەتەی یونسکۆ جاڕنامەکەی بڵاو کردووەتەوە (١٩٩٥)، چالاکیگەلێکی زۆر لەبارەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی ئەنجام دراون، کتێب و بڵاڤۆکی زۆر چاپ کراون، ڕێکخراو و تۆڕەیلی جۆراوجۆر دامەزراون، لەوانە کۆواری "لێبووردەیی" کە لەلایەن سەنتەری ڕامەڵڵا بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها

دامەزراندنی "تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی"، کە بووە بانگێشتنێکی پیشەیی و مافناسانەی بنەواکانی لێبووردەیی، هەرچەند ئێمە لە ئاستی هزری و کردەنیدا، هێشتە زۆر دوورین لە بەهاکانی لێبووردەیی لەچاو ئەو کۆمەڵگانەی لەم بوارەدا پێش ئێمە کەوتوون، ئەمەش، چاوگێرانەوە و ڕەخنە لەخۆگرتنی پێویستە، نەخاسمە لەلایەن دەستەبژێری هزری و سیاسیی ناو دەسەڵات و دەرەوەیدا، تا لە ئاستی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا، ئەڵبەت پاش پەسەندکردنی لەلایەنی یاسایی و دەستوورییەوە، خۆ لە دارەتی بیرۆکەی لێبووردەیی بدەین و دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەین.

بەم دواییـیانە، دەرچوونی ڕاپۆرتی شەش مانگی لەبارەی لێبووردەییـیەوە، لەلایەن سەنتەری ڕامەڵڵا بۆ دیراساتی مافەکانی مرۆڤەوە، سەرنجی ڕاکێشام، هێندەی ئاگەدار بم، ئەوە یەکەمین ڕاپۆرتی لەو جۆرەیە لە دنیای عەرەبدا، ڕاپۆرتەکە باس لە ماوەی نێوان، ٢٠٠٨/١/١ دەکات تا ٢٠٠٨/٦/٣٠، بریتییە لە پێشەکییەک و دوو بەش، بەشی یەکەم، بریتییە لە پێناسەکردنی دەستەواژە و چوارچێوەکانی لێبووردەییی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، پاشان هەڵوەستەیەکە لەسەر ئازادیی بیروباوەڕ و مافی جیاوازی، ڕەنگە ئەم بەشەی دواییـیان، بابەتێکی نوێ بێ بۆ ئەو کەسانەی سەرقاڵی بیرۆکەی لێبووردەیین کە لایەنێکی باڵای مافەکانی مرۆڤە.

هەرچی بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەیە: باس لە باری لێبووردەیی دەکات لە ناوچەکانی دەسەڵاتی فەڵەستینی، نەخاسمە پاش لێکترازانی فەڵەستینییەکان و دابەشبوونیان لە نێوان (حەماس و فەتح)دا، کە دوو دەسەڵاتی لێکەوتەوە لە تەک مانەوەی داگیرکاریدا، لە کاتێکدا، ئامانجەکە، دەوڵەتێکی فەڵەستینییە کە ڕێز لە بنەواکانی لێبووردەیی ببەستێ. لەم بەشەدا، باس لە قۆستنەوەی ئاین و نیشانەکانی دەمارگیری و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و ململانێ لەسەر دەسەڵاتی قەزایی و هەوڵەکانی جیاکاری دەکات، لەوێدا، جەخت دەکاتە سەر پرسی ئافرەتان و کێشەگەلی خوێنداری و ناکۆکییە کەسێنییەکان و دەستبردن بۆ ماڵ و موڵکی یەکتری.

لەلایەنە چاکەکانی ڕاپۆرتەکە، تەرخانکردنی پاژێکی تایبەتە بەئازادیی

بیروباوەڕ و مافی دەربڕین. پاژەکە بەچەند ڕاسپاردەیەک کۆتایی دێ: دەستکردن بەکاری جیدی بۆ نەهێشتنی نیشانەکانی توندوتیژی و نالێبووردەیی لە هەردوو ئاستی فەرمی و میللیدا، جەختکردنەوە لەسەر مافی جیاوازی و ڕێزگرتنی و داکۆکی لێکردنی، ئەمەش، پێویستی بەفرەوانکردنی پەرێزی ئازادییە گشتییەکان هەیە، لە پێشیانەوە، ئازادیی بیروباوەڕ، ئەمەش، ئاماژەیەکی بەرچاوە کاتێک دەخرێتە پێشەوەی ئەو ئازادییانەی دەویسترێن، هەروەها مافی ئازادیی دەربڕین و ڕێکخستنی سەندیکا و مافی گردبوونەوەی ئاشتییانە و فرەیی سیاسی، پرسەکەش، پێویستی بە پێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی و سیستەمێکی خوێندنی شایستە، پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی سیاسی و حزبی و ئاینی هەیە، دەبێ گوتاری ئاینی ڕێ لە هاندان بەدژی ئەوی تر بگرێ، توندڕۆیی و زێدەڕۆیی ڕەت بکاتەوە. میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕادەسپێرێ ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی.

ئەگەر باری ئەم ڕۆژگارەی لێبووردەیی بخوێنینەوە، چوار هەڵوێست یان ئاراستەی هزری لە ئارادان:

ئاراستەی یەکەم - ئەوەی پێی دەڵێین "ڕەتکەرەوە"، ئەم ئاراستەیە، هەر باسێکی لێبووردەیی ڕەت دەکاتەوە، لە هەموو ئاستەکانی، ئاینی، هزری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا، ناوەخۆی بێ یان دەرەکی (ناودەوڵەتی)، بەپاساوی خاوەنداری حەقیقەت و خۆبەچاکترزانین، هەرچی ئەوی ترە، بەلای ئەم ئاراستەیەوە، هیچ نییە دژبەرێک نەبێ، لە ئاستی ناودەوڵەتیشدا، بریتییە لە کوفر و ئیستکبار.

ئاراستەی دووەم - چاکسازی، بریتییە لە باڵێکی چاکسازیخواز (خۆسازێن - توافقی)، بڕێک بیرۆکەگەلی بەویستی خۆی پێ قبووڵە تا فریای پێشڤەچوونی ناودەوڵەتی بکەوێ، وەلێ هەر بیری لای هزرە باوەکەیە، ئەگەرچی هەوڵ دەدات، بەپارێزیشەوە بێ، باسوخواسێک لە تەک ئەوانی تردا بکات.

ئاراستەی سێیەم - ئەوەی ناومان لێ ناوە ئاراستەی ڕۆئاوایبوون (تەغریبی)، ئەم ئاراستەیە، پشتیوانی لە بیرۆکەی لێبووردەیی دەکات و دەیەوێ هەموو شتێک بگرێتەوە، بانگێشتنی دابڕان دەکات لەگەڵ کەلەپوور و مێژوودا، داوا دەکات

لێبووردەیی وەک بەهایەکی نوێگەری تەماشا بکرێ کە پێوەندی بەئیسلامەوە نییە، بگرە لێبووردەیی بەدژبەری ئیسلام دەزانێ و پێی وایە، ئیسلام، هانی "توندوتیژی" و "تیرۆر" دەدات، بەگوێرەی خراپتێگەیشتنی ئاراستە ئیسلامەوی و ئیسلامییەکان و هەڵوێستیان بەرانبەر نوێگەری، بێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان ئیسلام و هێندێک تەوژمی سیاسیدا.

ئاراستەی چوارەم، ئەوەی بەئاراستەیەکی بەهادارانەی دادەنێین کە گوزارشتە لەو باڵەی پشتیوانی لێبووردەییە، ئەم باڵە، وەک بەهایەکی باڵا دەڕوانێتە لێبووردەیی، نەخاسمە گرێدانی بەمافەکانی مرۆڤەوە، بێ ئەوەی بەکەمییەوە هەڵسوکەوتی لە تەکدا بکات لە پرسێکی وەک ململانێی عەرەبی – ئیسرائیلی و نکووڵیکردن لە مافەکانی گەلی فەڵەستینی، ئاخر لێبووردەیی، مانای کەمتەرخەمی نییە لە بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی دادپەروەری و پاساودانەوەی بەهەر پەڵپ و بەهانەیەک.

ئەگەر بیرۆکەی لێبووردەیی ئێستا لە ئارادایە و کارلێکی لەگەڵ بیرۆکەی لیبرالیزم و عەقڵانییەت و مەدەنییەت و عیلمانییەت هەیە، وەلێ بنجوبناوانی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانی و کولتووره جیاوازەکان، بەشارستانیی عەربی – ئیسلامییەوە، کەلەپووری ئیسلامی، تەژییە لە بەهاگەلی لێبووردەیی، ئەگەرچی وەک مەنزوومەیەکی تەواو، بەرهەمی سەردەمی نوێگەرییە، نەخاسمە لە سەدەی هەژدەدا، کە لە سەدەی بیستدا، بەیاسا چەسپێنرا، ئایە ئەمە گریمانەیەک نییە کە لە هەناویدا هاوکات جەدەلییەتی دابڕان و پێوەندیی هەڵگرتووە؟

پەراوێز و سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١–أستخدم مصطلح Tolerence منذ القرن السادس عشر أقرب الى المفهوم السياسي والأخلاقي والسلوكي ازاء الآخر، من المذاهب الدينية، في حين ان استخدامه كمفهوم قانوني Toleration، بدأ بعد اصدار بعض الحكومات الأوروبية في القرنين السادس عشر والسابع عشر مراسيم تدعو الى التسامح وتطلب من موظفي الدولة والسكان تطبيق حكم القانون The rule of low وأن يكونوا متسامحين ازاء الأقليات الدينية مثل أنصار الراهب مارتن لوثر. ومن القوانين التي صدرت في حينها: مرسوم هنري الرابع في فرنسا ١٥٩٨ وقانون التسامح The Toleration الصادر عن ملك انكلترا ١٦٨٩،

وكان جون لوك قد نشر رسالته الشهيرة "رسالة في التسامح" تعبيرا عن الثقافة البديلة للتعصب والتطرف الديني التي كانت سائدة والتي دفعت أوروبا بسببها ثمنا باهظا من الحروب والنزاعات وسياسات الاقصاء.

أنظر: النجار، شيرزاد، أحمد، التسامح واللاتسامح في فلسفة هابرماز، مجلة التسامح، العدد٣٢، نيسان/أبريل ٢٠١١.

قــــــــــــــارن: Habermas, Juergen _ Intolerence and Diserimination in,Con,VoI.1No1, 2003,pp2-12.

قارن كذلك: لوك، جون، رسالة في التسامح، ترجمة د. عبدالرحمن بدوي، طبعة جديدة، دراسات عراقية، بيروت، سنة النشر (بلا).

٢- أنظر: شعبان، عبدالحسين، فقه التسامح في الفكر العربي- الاسلامي: الثقافة والدولة، دار النهار، بيروت، ٢٠٠٥، تقديم المطران جورج خضر.

أنظر كذلك: التسامح مثل الريح الخفيفة التي تشبه المطر، صحيفة العرب القطرية، ٢٠١١/٥/١٧.

٣- انظر: اعلان مبادئ التسامح، اليونسكو، باريس، ١٩٩٥.

٤- عاد فولتير في عام ١٧٦٣ وصحح موقفه ليكتب رسالته عن التسامح، التي دعا فيها الى الأخلاقية، ولاسيما القائمة على التسامح الديني بين الشعوب والأمم المتعايشة على أرض الغرب.

أنظر: خالص عبدالرحيم، أي معنى لفكرة التسامح في المتخيل الجماعي للأفراد في "الغرب" و"الاسلام"، مجلة الغدير، بيروت، ٦آذار/مارس٢٠١١.

٥- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي- ثلاثية الثلاثاء الدامي: الدين، القانون، السياسة، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٢.

٦- أنظر: أركون، محمد: "من فصيل التفرقة الى فصل المقال _ أين هو الفكر الاسلامي المعاصر"، دار الساقي، ط٢، بيروت، ١٩٩٥، ص١٢.

٧- أر كون، محمد، المصدر السابق، ص١١١.

٨- المصدر السابق، ص١١٢.

٩- قارن: خالص، عبدالرحيم، أي معنى لفكرة التسامح في المتخيل الجماعي للأفراد في "الغرب" و"الاسلام"، مصدر سابق.

أنظر كذلك: مالكي، ا محمد _ مفهوم التأخر التأريخي في المنظومة المعرفية، المجلة العربية للعلوم السياسية، العدد١٨، ربيع ٢٠٠٨، بيروت، لبنان.

قارن: حنفي، حسن- مقدمة في علم الاستغراب، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر

والتوزيع، ط١، بيروت، ١٩٩٢

١٠- هنتنغتون، صموئيل، "صدام الحضارات واعادة بناء النظام العالمي"، ترجمة د. مالك عبيد أو شهبوة ود. محمد محمد خلف، الدار الجماهيرية، دار الكتب الوطنية، بنغازي، ليبيا، ط١، ١٩٩٩، ص٣٧٠ وما بعدها.

Huntington,Samuel, Aclash of Civilization,Foreigen Affaires, Summer,1993.

Huntington,Samuel,The Clash of Civilization And Remarking of world order, London Simon and Schusterm 1997.

Fukuyama, Francis, The End of History, International affairs journal, 1989, "The End of History and the last man, 1992".

١١- أنظر: شعبان، عبدالحسين، التجديد والاجتهاد في النص الديني، بحث مقدم الى مؤتمر بيروت، معهد المعارف الحكمية للدراسات الدينية والفلسفية، ٦ _ ٧ حزيران/يونيو, ٢٠١١

١٢- أنظر: شعبان، عبدالحسين، صحيفة الخليج الاماراتية، الأربعاء، ٦/١/٢٠١٠.

١٣- أنظر: اعلان مبادئ التسامح اليونسكو، باريس، ١٩٩٥، قارن كتاب: ثقافة حقوق الانسان (مشترك _ عبدالحسين شعبان وآخرون)، البرنامج العربي لنشطاء حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠١.

١٤- تأسست الشبكة العربية للتسامح بتأريخ ٩أيلول/سبتمبر٢٠٠٨ ويتشرف الباحث ان يكون أحد مؤسسيها فضلا عن ذلك أعد وثيقتها النظرية. وقد عقدت ٣مؤتمرات كبيرة وقررت منح جائزة سنوية للتسامح لأحد الشخصيات العربية التي لها حضور بارز فكري أو عملي على هذا الصعيد، وكان أول جائزة تسلمها في بيروت، الدكتور سليم الحص.

١٥- أنظر: خضر، جورج، مقدمة كتاب فقه التسامح، مصدر سابق.

١٦- قارن: شارب، جين، المقاومة اللاعنفية (مجموعة أبحاث)، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٩، (طبعة خاصة).

١٧- أنظر: صحيفة الخليج الاماراتية، الأربعاء، ٢٠/١/, ٢٠١٠

18- Fisher, Louis, The life of Mahatma Gandhi, Thomson press (India) ,2008.

١٩- أنظر: شعبان، عبدالحسين، فقه التسامح في الفكر العربي _ الاسلامي، مصدر سابق.

٢٠- في أعقاب زيارتي الى الهند كتبت عددا من المقالات عن انطباعاتي الشخصية، بما فيها عن التسامح وغاندي، ٢٠٠٩، وكنت قد زرت قبر غاندي وكتبت مايلي: (في بارك راجات

"ضفة الملك" حيث يرقد غاندي ألقيت النظرة الأخيرة عليه مأخوذا بنهر بامونا الأسطوري الذي يمر عبر دلهي قادما من جبال الهملايا، وفي الجهة المقابلة لراجات هناك متحف ضم مقتنيات وكتب وصور غاندي الذي ظلت روحه ترفرف فوق الهند، حيث كان قد حلق في سماوات بعيدة وسبح في بحور عميقة، لاسيما وقد كان الانسان في داخله هو المقياس لكل شئ. حسب الفيلسوف الأغريقي بروتو غوراس).

٢١- أنظر: صحيفة الخليج الاماراتية، الأربعاء، ٢٧/١/٢٠١٠.

22- Fisher, Louis, The life of M. Gandhi, Ibid.

٢٣- حوار مع مرافقي الشاب الهندي، نيو دلهي، ٢٠٠٩، وكنت قد كررت ذلك لاحقا خلال حضوري مؤتمر -ICWA,AAS Asian, Relations Conference Series, New Dall _ hi, November20 ٢١/٢٠١٠.

في نيودلهي مع مرافقة هندية وقد قدمت في ذلك المؤتمر ورقة بعنوان:

Changing face in Iraq: Identities and cultural diversity.

٢٤- أنظر: صحيفة العرب القطرية، العدد ٨٠٦١، الأثنين، ٢٨حزيران،/يونيو٢٠١٠.

٢٥- ثلاث مداخلات قدمها الباحث في دارالبيضاء والشارقة ودمشق وهي تحت عناوين التسامح والهوية: الحوار والمشترك الانساني، ٣٠/٤/٢٠١٠(الرباط)، وتحديات الانقسامات العرقية والطائفية: الهوية والاختلاف والمشترك الانساني! ٨/٥/٢٠١٠ (الشارقة _ دولة الامارات العربية المتحدة)، والعروبة والدولة المنشودة! ١٥-١٩/٥/٢٠١٠، (دمشق).

٢٦- أنظر: وثيقة الشبكة العربية للتسامح الصادرة في ١/٩/٢٠٠٨ وكذلك بيان اعلان تأسيس أكاديمية بناء السلام (مدريد)، كانون الأول/ديسمبر٢٠١٠.

٢٧- أنظر: مداخلات الملتقى منشورة في كتاب ثقافة حقوق الانسان، اعداد شعبان، عبدالحسين، اصدار البرنامج العربي لنشطاء حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٠ جدير بالذكر ان أول ملتقى فكري نظمته المنظمة العربية في بريطانيا كان بعنوان "الحوار العربي _ الكردي" شارك فيه ما يزيد عن ٥٠ باحثا ومثقفا عربيا وكرديا، وقد انعقد في لندن (تشرين الثاني/نوفمبر١٩٩٢)، أنظر المصدر السابق.

## پێشەکی

د. عەبدولحوسێن شەعبان، هاوکات، وەک باوەڕدارێک و وەک مێژوونووسێک کار لەسەر ئیسلام دەکات. باوەڕدارییەکەی لە ئەبەدییەتی سەرچاوەکەوەیە، هەرچی خوێندنەوەی مێژووشە، لە گۆشەنیگای باوەڕبوونێتی کە سەدەکان لە گۆڕاندان، وەلێ تەنزیل هەردەم ئامادەیە، کەواتە پرسەکە ئەوەیە: چۆن مێژوو دەخوێنیتەوە؟ ئاخر دەق، بە تەنیا نایەت و لە خوێندنەوەی تۆش ئازاد نییە. تۆ دێی بەو هەموو کۆژانەی سەردەمی خۆت و سەردەمانی نەوەکانی پێش خۆتەوە دەیخوێنیتەوە. تۆ موسڵمانی، پیاوی سەدەی یەکەمی کۆچی نیت، هی سەردەمی نووسینەوەی دەقەکەش نیت، وەلێ بیروباوەڕت ناچارت دەکات، ڕێز لە وشەکانی خوا بگری کە قابیلی گۆڕین نین، وەک لە قورئاندا هاتووە: "لا تبديل لكلمات الله" (سورة يونس:٦٤)، ئاخر خوا ئەمینە لەسەر زاتی خۆی و وشە و وەحییەکانی نایەنە گۆڕین.

پرسەکە: پرسی تێگەیشتنمانە لە وەحی و مەقاسیدەکانی، موسڵمانان ئەوەیان زانی بۆیە "زانستی هۆکارەکانی نزوول"یان داهێنا، وەلێ ئەمە، هەر تەنیا پێوەست نییە بە کەشوهەوای ژیانی تایبەت بە سیرەی پێغەمبەر، بگرە سەر دەکێشێ بۆ ڕێڕەوی مێژوویی نزوولی ئایەتەکان. ئاخر دێرینی و پێوەستیی ئایەتەکان بە خواوەوە، لە ڕێڕەوە مێژووییەکەیان دانابڕێ. هێندە هەیە تۆ لە ڕۆژگاری پێغەمبەر و بەرەنگاربوونەوەی شیرک و ڕێکخستنی ژیانی ئیسلامییانە لە مەدینە نەژیاوی.

لێرەوە، ئێمە لە هەوڵی بەردەوام داین نەک تەنیا لە پێناو جێبەجێکردنی حووکمەکاندا، بگرە بۆ قووڵبوونەوە بە وشەکاندا، تا بەزیندوویی بمێننەوە لە دڵی باوەڕداراندا، وەک چۆن باوەڕداران هەر وابوون. عەبدولحوسێن شەعبان ئیسلامێکی دەستکردی خۆی دانەهێناوە و نەیدۆزیوەتەوە. ئەو نەهاتووە قورئان "بگوشێ" و تێگەیشتنێک لە خۆیەوە بسەپێنێ، بگرە گەڕاوە بە شوێن ئەو

نوێگەرییەی لە قورئان خۆیدا هەیە، ئەمەش، گونجاندنێکی هەرزانبەها نییە، هەوڵی مرۆڤێکە عەقڵی تەژی لە شارستانیگەلی دەجووڵێنێ تا ئەو نوورە خواییە وەرگرێ کە خوا دەیخاتە دڵانەوە.

ئەمە هەوڵێکە، نەک ئەوە بێ نووسیار خۆی بنوێنێ، نووسیار توێژەرێکی ئەکادیمییە، زانایەکی بواری یاسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و ئیسلامە. ڕەنگە لایەنی هەرە دیاری ویژدانیی ئەوە بێ، نووسیار، خۆی سەر لە بنەماڵەیەکی دیاری ئاینپەروەرە، لە زێوانەکانی (سدنە) ڕەوزەی حەیدەری ئیمام عەلی لە نەجەفی پیرۆز، کاتێک ئەم وشانە دەنووسم، دەستم دەلەرزێ و لە خوا دەپاڕێمەوە، سەحنی حەیدەری بپارێزێ، نەبادا تووشی کارەساتێک بێن کە تاهەتایە برینەکەی لە دڵی باوەڕداراندا سارێژ نەبێ.

عێراق لەوە بە دوور نییە، سەرەڕای ئەو هێمنییەی توێژینەوەکی وا پێویستێتی، ئاخر ئەمڕۆ هەموو عێراق بووەتە "کەربەلا" تا بەڵکە ئەمە خوایە ئەو بەڵایەی لە کۆڵ دەبێتەوە، ئەڵبەت ئەم کتێبە، بانگهێشتنێکە بۆ عەرەب تا سەرلەبەریان بەشداریی شارستانییەتی ئەمڕۆ بن، ئاخر عەبدولحوسێن شەعبان ناتوانێ نەگری بۆ ئەو سەرەنجامەی توێژینەوەکەی دەیگاتێ. ڕەنگە هۆکاری ئەمەیان بۆماوەیی بێ، وەک لە هاومەزەبەکانی دەوروبەرم دەیبینم.

لەم ڕووەوە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا دڵخۆشت دەکات، نووسیارەکەی دڵی بە ئیسلام خۆشە، خۆی لە پاکانە و پاساوهێنانەوە، وەک ئەو کەسانەی سەرەتاکانی سەدەی بیست داکۆکییان لە ئیسلام دەکرد، پاراستووە. ئاخر ئەگەر گوێ بدەیتە، ئەو شاڵاوە فیکرییانەی کراونەتە سەر موسڵمانان و ئەو شتانەی خزێراونەتە نێو ئیسلامەوە، ناتوانی بە دڵێکی خۆش و داڕشتنێکی بەهێز بنووسی.

من لێرەدا نامەوێ پەرێزی ڕۆئاوا پاک بکەمەوە سەبارەت بەو کلۆڵییەی نەک هەر بەسەر ئیسلامیاندا هێناوە، بگرە ئەوەی نەوە دوای نەوە، دەرهەق کڵێسای ڕۆهەڵات کردوویەتی. ئەوە دوژمنکاریی ڕۆئاوایە، وەلێ گەر کاردانەوەکەت "دوژمنکارانە" بوو، زۆر شت لەدەست دەدەی! هەروەها گەر قورئانت بە مەوسووعەیەکی زانستی سەیر کرد کە هەرچی مەعریفەتی گەردوون و تەکنیکەکانێتی لەخۆ دەگرێ، ئۆباڵی بە گەردنم، ئەوە کەمسەرنجدانی پیرۆزیی

وەحی و دابەزاندنێتی بۆ ئاستی مەعریفەتە نزمەکانی دنیا، ئاخر مەعریفەتێک هەیە لە ڕێی کارکردنی زانستییانە و میتۆدەکانیەوە فێری دەبین؛ مەعریفەتێک هەیە لە ئاسمانەوە بۆمان دادەبەزێ.

نووسیارەکەمان پێی وایە هیچ ترسێک لەسەر ئیسلام نییە، ئەو دێ و دەڕوا و کاری تێدا دەکات، ئەوەش، ئەو ئیسلامەیە کە باوەڕداران دەکارن باسی بکەن، بێ گرژی و هەڵچوون و ترس. خۆ ئیسلام، ماڵێکی شووشەبەند نییە، با دنیاش پڕ بێ لە تەحەدیات، ئاخر تەحەدی بەرۆکی بەهێزان دەگرێ، ئەدی بۆچی ئیسلام هەموو سۆفییە ڕۆحانییەکانی موسڵمانانی لە هەموو لایەکەوە بۆ خۆی ڕاکێشاوە...؟ بڵێی لەبەر ئەوە نەبێ کە خوایان خۆش دەوێ و بەچێژ و بەو جێپەنجە خواییانەوە، هەرگیز لە کەس نەترساون؟!

هەر بۆیە، ڕۆحانییەکانی ئاینەکانی تر، ئەهلی ئیلحاد دەڵێن: ئەوە ئەو ئیسلامەیە کە پەلکێشم دەکات بۆ لای خۆی. بڕێک لە بڕگەکانی ئەو کتێبە وام لێ دەکەن، هاوڕێم عەبدولحوسێن شەعبان بەسۆفێتی "تۆمەتبار" بکەم.

گەر خوا ئەم نیعمەتەی بەسەرتدا ڕژاند، دەتوانی هەموو جوانییەکانی دنیا بەیەک چاو ببینی، بەوانەی نێو کەلەپووری خۆت و دەرەوەی ئەو کەلەپوورە، بە ویژدانیشەوە تەماشای هەموویان بکەی. ئەمە ئەو گفتوگۆیەم بیر دێنێتەوە کە لە تەک مامۆستایەکی هیندیدا کردمان، ئەو مامۆستایە وانەی هیندۆسیی بە من و کۆمەڵێک مەسیحیی ڕۆژئاوایی دەگوتەوە. بۆچی تۆ زۆر گوێم لێ دەگری و هاوڕێکانت وا نین؟ گوتم: من مەسیحییەکی ئەرتەدۆکسیم، کڵێساکەمان بڕێک سۆفێتیی تێدایە لە هەندێک خاڵدا لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی ئێوەدا لێک دەچن.

ئاین، تاپۆی ڕەش نییە موڵکەکانت بۆ دیاری بکات، خۆ ئەگەر ئەو ڕاستینانەی بۆ تۆ ماوەتەوە، نێزیک بوون لەوانەی بۆ من ماونەتەوە، کەواتە یەکین. ناڵێم زۆر بەسادەیی و ڕواڵەتییانە، ئەو ئایەتەی بەلای تۆوە پیرۆزە، بەلای منیشەوە پیرۆز بێ. بگرە مانای ئەوەیە، هەردووکمان قووڵ بینەوە لە دڵسۆزیدا بۆ خوایەکی تاک و تەنیا. بەم شێوەیە، دوکتۆر شەعبان، توانیویەتی بەوپەڕی ویژدانەوە، باس لە ناتوندوتیژیی مەسیحییەت بکات و بچێتە نێو وردەکاریی مێژووییەکەیەوە، ئەو دەقانەشی خستووەتە ڕوو کە بەلای مەسیحییەتەوە دەقی خوایین، لەمەشدا وەک

هەر مێژوونووسێکی تر ئازاد بووە لە ڕەخنە لێگرتنی هەڵسوکەوتە مێژووییەکان، کە بەلای تێکڕای یەکتاپەرستەکانەوە، بەدەرن لە ویستی خوایی.

تۆ تابیعی خوای، نەک مێژوو، بەڵێ، بۆت هەیە لایەک لە لایەنەکانی مێژووەکەت بخەیتە ڕوو کە بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی کتێبەکەت، وەلێ دەبێ وریا بی نەکەویتە داوی خۆبادان بە هەموو شتێکەوە، ئاخر ڕۆژگاری ئاین، تەژییە لە یاخیبوون و خوێن. سەربەرزیی نووسیاری ئەم کتێبە ئەوەیە، کە دژی خوێنڕێژییە.

بە تێڕوانینی من، یەکەتیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئەو بەهای لێبووردەییەی مرۆڤی هاوسەردەم لە چوارچێوەی فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤدا، بایەخی پێ دەدات و کردوویەتە یاسا، ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوی لەنێو هزری یەکتاپەرستیدا هەیە. کارێکی چاکی نووسیار ئەوەیە، تەپوتۆزی خراپی مێژووی لەسەر ئاینەکان و خوێندنەوەی کەموکورت و نەزانانەی دەقەکان، لاداوە.

لە "هزری ڕۆئاوادا" بیرۆکەگەلی منجرِ هەن کە نەک هەر لە ئیسلام، بگرە پێش ئیسلام، لە مەسیحییەتیان داوە، ئەم هەڵوێستە دژە باوەڕە، بەلای منەوە ڕوونە و بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە. بەڵێ، ڕۆهەڵاتناسی ئەوروپایی، برێکی ئەرێنیی بەرانبەر ئیسلام تێدایە، بەڵام کوا خەڵکی ئاساییی ڕۆئاوا، نووسینەکانی ڕۆهەڵاتناسان دەخوێننەوە؟ موفارەقەکە لەوەدایە، پاش ١١ئەیلوول/سێپتەمبەر، کتێبگەلێکی زۆر لەبارەی ئیسلامەوە لە کتێبخانەکانی پاریسدا دەست دەکەوتن، دەگوترێ، کتێبخانەگەلی پایەتەختەکانی تری ئەوروپا، هەمان شێوە بووە.

لەم چوارچێوەیەدا، غایلەی (هاجس) دوکتۆر شەعبان کە هەوڵی داوە، لێبووردەیی، لە هزری سیاسیی ڕۆئاوادا لە سەرەتا و کۆتاییی توێژینەوەکەیدا، دەربخات، هەر لەخۆڕا نەبووە، هزری ئاینیش، پێش ئەم، ئەوەی کردووە، لەو باوەڕەدام، توانیویەتی ڕەگ و ڕیشەی لێبووردەیی لە قورئان و سونەتی پێغەمبەردا، بخاتە ڕوو، سەرکەوتووش بووە، هەر دەبوو نووسیار لەبارەی ئەو توندوتیژییەی دەگوترێ بەرانبەر موشریکین و ئەو خۆپارێزییەی بەرانبەر ئەهلی کیتاب کە گوایە لە تەنزیلدا هەیە، پرسیارێک لە خۆی بکات، نووسیار هاتووە، بە ڕۆحی خوێندنەوەی مێژوویی چارەسەری ئەو پرسەی کردووە، واتە؛ گێڕاویەتەوە بۆ باری پێوەندیی نێوان پێغەمبەر و هاوەڵانی لە لایەک و دانیشتوانی مەککە، لە

لایەکی ترەوە، ئەوانەیان کە هێشتە موشریک بوون. بەڵێ، کەس ناتوانێ بە هەڵوێستێکی کارای ئەوتۆ دەرهەق بە موشریکان لەو گێژاوە دەرچێ، هەڵوێستێک، کە تاهەتایە کەڵک و بەرگەی ڕۆژگار بگرێ، تا نیوەی مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ قڕ نەکرێن، وەک دوکتۆر شەعبان سەرنجی داوە.

ئەو پرسیارەی لەوانەیە لێرەدا جێی خۆی بێ لە توێژەرێکی مافەکانی مرۆڤی وەک دوکتۆر شەعبان بکرێ، ئەوەیە: بڵێی ئەو لێژنەیەی مافەکانی مرۆڤیان داناوە، ئیسلامیان لە یاد بووبێ. ئەمە، کنە و پشکنێکی گەرەکە، کە من نەمکردووە. ئەڵبەت ئەوانەی "جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی"یان لە شۆڕشی فرەنسادا داناوە، هیچیان لە ئیسلام نەزانیوە، وەلێ لە بنەوانە ئینجیلییەکان، بێ ئاگا نەبوون، ئەگەرچی فرچکیان بە ڕق لێبوونەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کڵێساوە گرتبوو. مەسیحییەتێکی ڕوون و ئاشکرا بە ئەدەبی کلاسیکی فرەنسایی پێش شۆڕشەوە دیارە و کەلەپوورێک بوو خەڵکەکە لەگەڵیدا دەژیان. پێم وایە، ئەوانەی گەڵاڵەنامەی مافەکانی مرۆڤیان پاش شەڕی دووەمی دنیا داناوە، زۆربەیان تا سەر ئێسک مەسیحی بوون، وەلێ لە ڕووی دەروونییەوە، نکوولیکردنی کڵێسای کاتۆلیکی سەدەکانی ناوەڕاستیان لە مافەکانی مرۆڤ، تێ پەڕاندبوو، ئەوەی دەقەکانی گەڵاڵەنامەکە و دەقەکانی ئینجیل بخوێنێتەوە، بە ئاسانی دەزانێ کە ڕایەڵەیەک پێکیانەوە دەبەستێتەوە، جارانێکیش، دەگاتە ئاستی ئیلهاموەرگرتن، ڕەنگە ئا ئەوەبێ، هاوبەشیی مرۆڤانیی نێوان بەهاکان و ئایدیا ڕۆحییەکان، نەخاسمە لەو پرسانەی ئەم ڕۆژگارەدا کە بانگهێشتنی دیالۆگ و گفتوگۆ و پێوەندیی شارستانی و کولتووری دەکەن، ئەمانەش، لە بانگهێشتنە بنەڕەتییەکانی ئەم کتێبەیە.

شتگەلێکی زۆر لەم کتێبەدا، بەڵگەی ئەوەن کە دانەرەکەی داوا لە خوێنەرانی دەکات لە ڕێی نێزیکبوونەوە لە خوای گەورەوە، بە شوێن هەقیقەتدا بگەڕێن. تۆ ناتوانی دڵسۆزی هزرێکی ڕاست و ڕەوان بی، تا تۆبەکار نەبی. ئەمەیە لە یەکێک لە نوێژەکانی کڵێسای ئەرتەدۆکسیدا، پێی دەگوترێ، خاکەڕاییی هزر (تواضع الفکر)، هەر تەنیا ئەمەیە، دەرکەی گفتوگۆی نێوان ئەهلی هزر دەخاتە سەر گازی پشت، هەر ئەمەشە، وامان لێ دەکات، پێکەوە بە دنیایەکی تاریکدا بگەڕێین، کە پڕێتی لە مردن، وەلێ ئەوەی لە باری مرۆڤ و مێژوو ڕامێنێ، هەوڵ دەدات، ئەو

لووتبەرزییە عەقڵییە بکوژێ کە لە دەروونیدایە، تا تەنیا جێگەی هەقیقەتی تێدا ببێتەوە.

لە دنیای عەرەبدا، کە "تێکەڵاو بووین" و "پێکەوە دەژین"، هیچ چار نییە، دەبێ کاتێک دەنووسین، بیرمان بێ کە مەسیحییەکان توێژێکی کۆمەڵگەکەمانن، با بە ژمارە کەمیش بن، موسڵمانانیش توێژێکن. پرسیاریان لە ڕۆهەڵاتناسێکی بەریتانیایی کرد، ئوسقوف کینیت کراگ Kenneth Cragg، چۆن دەقەکانت لەبارەی ئیسلامەوە دەنووسی _ ئەڵبەت کەسم نەبینیوە بەو دۆستایەتییە بنووسێ –، وەڵامی دایەوە: هەموو کات لە من وایە، موسڵمانێک لە پشتی سەرمەوە وەستاوە و دەڕوانێتە کاغەزەکەی بەردەستم و دەیەوێ بە شێوەیەک بنووسم، لانی کەم، نەیبوغزێنم، بە ویژدانەوە بنووسم و خۆشحاڵی بکەم.

دوکتۆر عەبدولحوسێن شەعبان، خۆشحاڵی کردم، وەک ئەوەی مەسیحییەک لە پشت سەریەوە ڕاوەستابێ، تا ڕێی دادپەروەری بگرێ... دەبا کەرەم بکات و بەو مەسیحییەم بزانێ، زۆر بەختەوەریشە بەوەی لەم کتێبەدا هاتووە... لە خوا داوا دەکات ئەم نەوەیەی "حوسێن" ساغ و سەلامەت بێ.

بەرمانا، ٢٤ ئاب/ئۆگستس ٢٠٠٤

جۆرج خزر

مەترانی ڕۆمی ئەرتەدۆکس

لە جبێل و بەتروون و ئەو ناوچانە (جەبەل لبنان)

## دەروازە

دەبێ ئاشتی لەسەر بنچینەی هاوکاریی

هزری و ماناکیی مرۆڤەکان دامەزرێ

دەستووری یونسکۆ

سەرەتا، هەر دەبێ بڵێم "لێبووردەیی"، بووەتە پرسێکی ناوکرۆکی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هزری ئێستەدا. توێژینەوە لەم بابەتە، چیی تر تیۆریزەکردنێکی مافناسانە و ڕابوێرییەکی هزرییانە نییە، بگرە بووەتە پێداویستییەکی نووکەیی و زەرورەتێکی دەستەویەخە و لەدواکەوتن نەهاتوو، بووەتە "فەرزی خوتی – فرض عین"، نەک "فەرزی لە بری – فرض كفاية"، وەک دەڵێن، پاش ئەوەی ژیانمان جۆرگەلی تاکڕەوی و خۆسەپاندن و دەستبەسەراگرتن و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر و دوورخستنەوەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە سایەی بالادەستیی بۆچوون و تێڕوانینی پێشوەختە و خۆبەچاکزانین و دەستپێوەگرتن بەدەقەوە بەشێوەیەکی دابڕ، پیتانی، هەڵەهەڵنەگر، ڕەهای ئایدیۆلۆجی، دوور لە فرەیی و ڕێژەیی و جۆراجۆری و مێژوویی و لێخوێندنەوە و دیوگەلی ڕاستی.

گفتوگۆ لەگەڵ "ئەوی تر" و پێکەوەژیان و دانپێدانانی، هەنگاوەیلێکی سەرەتایین بۆ سەلماندنی سایەی لێبووردەیی و هاندانی فرەیی لە بواری هزر و پێڕەوکردندا، بەجۆرێک، ببێتە یارمەتیدەری قووڵبوونەوەی هۆشیاری بەواقیعی ئێستە، وەک چۆن ڕۆچوون بەڕابردوو و مێژوودا، بەقسەی هێندێک، دەچێتە سەروو ڕۆژگار و سەردەمەکان تێ دەپەڕێنێ و پرسەکان بەرەو هەڵکشان و توندڕۆیی و دەمارگیری دەبات، بەجۆرێک کە ئەوانی تر بەلادەر و ناوازە و لادان لە باو و بالادەست و جێگیر و نەجوولاو دەزانێ، تا ئەو ئاستەی، ئەوی تری "جیاواز" یان "گوماناوی"، هێندێک جار شایەنی سەرکۆنە و تاوانبار و بێبەری و

گوناهبارکردنن.

لێبووردەیی وەک چمک، لای خەڵکێکی زۆر قەبووڵ ناکرێ، ڕەنگە هێندێک تەوژمی لابردنخواز و ڕەتخواز (الاقصائیة والالغائیة) وەک "ڕووەکە ئیبلیسی" یان "هزری هێنراو" تەماشای بکەن، بەتایبەتی کاتێک چمکەکە تێکەڵ بەمەیلی ڕۆئاوایبوون دەکرێ و دەخرێتە خانەی شوێنکەوتنی ئەوی تری، دەرەکی، بیانی، جیاواز، ڕکابەر و دوژمن.

له کاتێکدا کە خودانی ئەم تێڕوانینانە پەنا بۆ مێژوو دەبەن کە ئیسلام بەتایبەتی لە ڕۆژگاری خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، لێبووردە بووە و دانی بەوی تردا ناوە، بەڵام کە دێنە سەر ئەمرۆ خۆیان لە هەموو شتێک دەدزنەوە کە دانپێدانان بێ بەلێبووردەیی و مافی جیاوازی، ئاخر ئەمانە، بەبۆچوونی ئەوانە، قابیلی قەبووڵ نییە، لە هەوڵێکدا بۆ نەمرکردنی ڕابردوو و هەڵاتن لە ئێستە، لە ڕێی بەکارهێنانی زمانێکی تەختینەی وا کە تاکایەتی و ڕاست و حەرامکردنی پێشوەختەی مافی جیاوازی لە خۆی گرتووە، بۆیە، ئەم چەمکە مرۆڤانییە، پێویستی بەگونجاندن و ڕۆنانێکی مێژوویی هەبوو، گەر دەربڕینەکەم بشێ، تا بکرێتە چمکێکی ئێستەیی و بەردەوام و وەستاو.

ئەو لێلاییەی بەرانبەر ئەم چمکە لە ئارادایە و باڵادەستیی تاکهزری و هەوڵدان بۆ وەلانانی ئەوی تر و داننەنان بەمافی جیاوازی، دیارترین ئەو هۆیانە بوون پاڵیان پێوە ناین لەم بوارەدا بنووسین، بەبەراوردکردنی هزری عەرەبی – ئیسلامی، لە سۆنگەی ئێستە و خوێندنەوەی داهاتووەوە. تەنیا "مەیلەو ئیسلامییەکان"(الاسلامویة) و ئیسلامی و ڕۆهەڵاتناسییەکان خۆیان لەم دارەتە دەدا، نووسیارە نوێگەر و تازەخوازەکان لەم بابەتە دوور کەوتبوونەوە بەو پێیەی ئاستەنگ و ڕێگری زۆرن و لە دەرەوەی شارەزاییی ئەوانە، لە کاتێکدا بازاڕ، پڕ بووبوو لە نووسینگەلی بنچینەخواز (اصولي) و گێڕانەوە و کلاسیک و ڕۆهەڵاتناسانە کە پڕن لە حوکمدان و تێڕوانینی پێشوەختە، ئەگەرچی، بڕێک لە ڕۆهەڵاتناسان بە ویژدان بوون لەگەڵ ئیسلام و خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی ڕەخنەییان لە مێژووی ئیسلام ڕەپێش کردووە.

ویستی نووسین لەبارەی ئەم بابەتەوە، مەیلێکی ویژدانی و دەروونی و ژینگەی

دەوروبەریشی تێدا بوو، بەگەڕانەوە بۆ شوێنی ژیان و پێ گەیشتنم، بەتایبەت، ژێدەرە گیانی و سەرچاوە هزرییەکانی کاریان لێ کردم لەو دەمەی یەکەمین هەنگاوەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و هزریم دەنا. ئەو کاریگەرییەی جار ناجارێک ڕووبەڕووم دەبێتەوە لە سۆنگەی کەڵەکەبوون و شتگەلێکی بینراو و نەبینراو، زۆریشم بۆ دێنێ هەر کاتێک هەست دەکەم پێویستم بەوردبوونەوەیەک هەیە لەو کەلەپوورەی لەگەڵمان و لە ناخماندا ژیا و بەشێکی گرینگە لە پێکهاتەی ئێستامان.

خۆم لە بەردەم کێشەگەل و گرێکوێرەی زۆردا بینییەوە کە پێویست بوو ڕایەکیان لەبارەوە بڵێم و بۆچوونێکیان لەبارەوە گەڵاڵە بکەم، نەخاسمە هەر کاتێک دەمبینی شتگەلێکی تازە دەهاتە نێو ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسیمانەوە، ئەو شتەی هەر بەنێو تازەیە، دەنا سەر بە"مێژووە" و هەوڵێکە بۆ بەزاندنی "زەمانە و ڕۆژگار". بەم شێوەیە، خەریکی بیرکردنەوە و نووسین بووم، ئەوەش، بەئاشکرایی لە کتێبی "ئەمەریکا و ئیسلام"ی نێوەڕاستی هەشتاکان دەرکەوت، دواتر کتێبی "ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ" و دواجار "ئیسلام و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی"، سەرباری چەندان بەش لە کتێبگەل و وەکۆڵین و وتارگەلی جۆراوجۆر.

ناتوانم مەیلی دەروونی و زەروورەت لێک هەڵاوێرم، سەرەڕای هێندێک سەرقاڵی کە دەبینە ڕێگر، لێ هەر دەرفەتێک هەڵکەوێ، دەگەڕێمەوە سەری، نەخاسمە ئەمجارەیان دەمەوێ لە لێبووردەیی وەکۆڵم لە سایەی ڕیزبەندییەکی پێشوەختەدا، "لەگەڵ یان دژ"، کە خەریکە ئەو "دووانەیە"، بەزۆری زۆرداری، ڕاپێچت بکا هەرچەندە هەوڵ بدەی خۆمت لە لایەنداری دوور بخەیتەوە.

لێرەدا پێم خۆشە گوتەیەکی جوانی عەزیز ئەلسەید جاسم، هزرڤانی عێراقی (کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بێ سەروشوێن کراوە)، لەبارەی دوورکەوتنەوەی نەوەیەکی تەواو لە خۆڵەدارەتدانی مێژووی ئیسلامی، تا ئەو ئاستەی "ئێمە دەرگەکانی گەنجینە کۆنەکەی مارفەتەی خۆمان داخست، بۆیە خەڵکی تر هات ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە"، بێگومان، ئەوە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە، وەک لە کتێبەکەیدا "محەمەد: ڕاستییە مەزنەکە"دا هاتووە.

دەستەگەلی فەرمی و لایەنگەلی مەزهەبی و باو، هەوڵیان دا خۆ لەگەڵ ئەوەی هەیە بگونجێنن، بێ ئەوەی کەمترین دەرفەت بەخۆی بدات بەو ڕابردووەدا بچێتەوە و سەروتازە بە گیانێکی ڕەخنەییانە بیخوێنێتەوە. ئەم خۆماتکردنە، جا بۆ نێوەوە بووبێ یان دەرەوە دوور لە نوێگەری، تا ئێستە کار لەم بابەتە گشتییە دەکا، لەوانەیە تا ماوەیەکی درێژیش بمێنێتەوە.

هێندێک خەڵک هەر لە ڕەخنەگرتن لە تەوژمە باوەکان هەڵدەهاتن، هێندێکی تر، بەدەنگێکی نزم قسانیان دەکرد، کە زیاتر لە چرپە دەچوو، تا خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان بپارێزن، بەڵام کۆمەڵێکی سێیەم، هاتنە مەیدان و بەبەهانەی "توڕدان"ی کۆن و بەدواکەوتوو ژماردنی و بگرە دانانی ڕەنگە بڵێم بەئاستەنگ لە بەردەم پێشکەوتن و گۆڕین و نوێگەری و دواتریش، کەوتنە ململانێ. نووسینەکانی وەک سادق جەلال ئەلعەزم، حوسێن مورووە، هادی عەلەوی، مەحموود ئەمین ئەلعالم، نەسر حامید ئەبوزەید، ئەلعەفیف ئەلئەخزەر، محەمەد ئەرگۆن، فەهمی هوێدی، ڕاشید ئەلغەنووشی، محەمەد عابید ئەلجابری، ئەلتەیب تیزینی، مەهدی عامل، تاریق ئەلبشری، محەمەد سەلیم ئەلعەوا، عەبدوڵڵا ئەلعوری و ئەوانی تر، لە کەلەپوور و پرسەگەلی ئیسلامی هاوسەردەمیان وەکۆڵی و لە ئاست هێندێک لایەنیدا هەڵوەستەیان کرد و تێڕوانینێکی گرینگ و جیاواز لەوەی هەیە، پێشکێش کرد، سەرەڕای جیاوازیی سۆنگەگەلی هزری و پاڵنەرەکانیان.

هەرچی ڕۆهەڵاتناسیشە، ئەوە بەدووربینێکی تایبەت تەماشای ئیسلامی کردووە. بەگوتەی هزرڤان ئەدوارد سەعید، بەو پێیەی سەر بەرۆهەڵاتە... ڕۆهەڵاتناسی، وەک بارستەیەک تەماشای ئیسلامی کردووە، بارستەیەک، ڕەق و یەکڕەنگ، بەتێڕوانینێکی مەیلەو دوژمنانەی ترسناکانە، وەک لە کتێبەکەی "شەنوکەوکردنی ئیسلام"دا دەڵێ.

گەشتێکی درێژ لە دۆزینەوە و ئاشکراکردن و توێژینەوە و گەڕان و ڕەخنە لەخۆگرتن و چاوگێڕانەوە، دەمانگەیەنێتە خوێندنەوەیەکی تازە و بیرۆکەگەلی سەرەتایی بۆ هێندێک لایەنی هزری عەرەبی – ئیسلامی، نەخاسمە پاش قووڵبوونەوە بەناخی مەریفەت و ڕۆشنبیری و کاری سیاسیی عێراقی و

نیشتمانی و نەتەوەییی عەرەبی، هەروەها تێکەڵاوبوون لەگەڵ دامەزراو و دەستەگەلی نێودەوڵەتی و هەرێمی فەرمی و نافەرمی. ئامانجی خوێندنەوەکە، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەکەنارەکانی ڕاستی، چونکە گەیشتن بەشتێکی کامڵ و پێگەیشتوو، وەک ئامانج و ئاواتێک دەمێنێتەوە لە نێوانی پردەکانی پێوەندیی نێوان کەلەپوور و هاوسەردەمی و نێوان ڕابردوو و ئێستەدا.

ئیسلام، ئێستەشی لەگەڵدا بێ، بزۆز، زیندوو و هاوسەردەمە، سەرەڕای هەوڵی هێندێک لێکدەرەوە (مفسرین) بۆ کەویکردنی حوکمەکانی بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆجیستانە، وەک ڕێڕەکردنێک لەگەڵ بەها باڵادەستەکان و لە پێناو خزمەتگەیاندن بەچینی فەرمانڕەوا و خودانی هزرگەلی دەمارگیر و داخراو. ئەو تیۆریزەکردنانە، ڕێگەیان لە عەقڵ کرد و هێندێک ڕێنوێنیی ئیسلامیان کردە نزا و نزاگەلێکی دوور لە ژیان، ئەمەش بەڕاچێتەیەکی ئامادەکراودا کە پێوەندیی بە ئێستە و واری ژیانەوە نییە، وێنەیەکی چەقبەستووی بەردینی پەیکەرئاسای لەبارەی ئیسلامەوە پێشکێش کردین، لە کاتێکدا، "پیرۆزی" لە ئیسلامدا، بەجۆرێک لە بیروباوەڕێکی بەردەوام و سیمبولیک، ڕووپۆش کراوە.

بۆیە، هیچ خزمەتێک بەئیسلام و شتێکی بۆ زیاد ناکەی، ئەگەر هەر خەریکی "پیاهەڵدان"ی بی و هەردەم وەرگەر و گێڕەرەوە و دووبارەکەرەوە بی، بگرە زیادکردن، بەوە دەبێ، ڕەخنە لەو دیاردە ڕاوەستاوە زیانمەندە هەڵانە بگری کە لکێنراون بەئیسلامەوە، کە هێندێک شتی بێ سەروبەری ئەوتۆن هیچ پێوەندییەکیان بەگیان و ڕێنوێنە بێگەردەکانییەوە نییە، سەرباری ئەو تێگەیشتنە چەسپیوانەی کە نە گفتوگۆ هەڵدەگرن و هەرچی تازەگەرییەک هەیە ڕەتی دەکاتەوە و بە بیدعە و سەرلێشێوانی دەزانێ. پرسەکە، پێویستی بەچارەسەرێکی هاوسەردەمانە هەیە بەگیانێکی کراوەوە و لە سۆنگەی کەڵەکەبوون و پێنگاڤی پلە بەپلە و ماریفەتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی عەقڵ، ئەو نیعمەتەی خوا بەمرۆڤگەلی داوە.

هێندێک قوتابخانەی ئاینی هەر لەسەر گوتنەوە و ئەزبەرکردن و بایەخدان بەشتگەلی ڕواڵەتی ڕاهاتوون، هەرچی نێوەڕۆکیشە، بەتایبەتی ئەوی پێوەندیی بەسەردەم و زانستەوە هەبێ، ئەو و "پیاوانی ئاینی" دەهری دەبن هەر نێزیکیان

بیتەوە، نەخاسمە بەها و بنەماگەل، هێندە دەزانی لێکدانەوە "بۆماوەکان"ت بۆ دەخوێننەوە کە دژبەریەکی زۆریان تێدایە، جگە لەوەی دووریشن لە ژیان و نوێگەری، هەر ئەمەشە وای لە هزرڤانێکی ئیسلامی وەک محەمەد غەزالی کردووە، ڕەخنە لەو لێکدەرەوە و تیۆریستانە بگرێ کە تیۆری و لێکدانەوەکانیان پڕە لە دژبەری و لە کتێبەکەیدا "چۆن مامەڵە لەگەڵ قورئاندا بکەین" لەبارەیانەوە دەڵێ "بەڵای نەتەوەی ئیسلامن... لێکدانەوەکانیان... خراپەی گەورەن بەرانبەر هزری قورئانی".

دوکتۆر محەمەد شەحرور لە کتێبەکەیدا "دەوڵەت و کۆمەڵگە"، بڕگەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ باسی ستەمی باوەڕ و هزر و ماریفەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەوەش لە ڕێی پوختەگەلێکەوە کە باسی ڕوخسار و نێوەڕۆک دەکا، بۆیە داوا دەکا دیراسەتە قورئانییەکان و ئەوەی مرۆڤایەتیی گەیشتووتێ و شارستانییەکەی لێک نێزیک بکرێنەوە، دوور لە بۆماوە ئاینییەکان کە لە نەگۆڕەکان و بەها ڕەسەنەکانی نین.

ئیسلام بۆیە هات تا سەرلەبەری شەرعیەت و یاسا و بنەما باوەکانی سەردەمی جاهیلی بگۆڕێ، وەک لە قورئان و سوننەتیشدا هاتووە: وەک ڕووناکی و ڕێنوێن و زانست و ئاکار هاتووە. خۆ ئیسلام، کۆمەڵێک حوکمگەلی دوور لە ژیان یان یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانی پێشکێش نەکردووە، ئەو هاتووە ئەوانە بگۆڕێ و چاو بەسیستمگەلەکەیاندا بگێڕێتەوە، بگرە ئیسلام هاتووە لەگەڵ ژیاندا کار لێکتر بکەن، هاتووە، وەڵامی پرسیارگەلی ماف و ڕاستی و دادپەروەری و یەکسانی و شکۆی مرۆڤگەل بداتەوە.

نیشانەکانی پیرۆزی لە ئیسلامدا گشتگیر و جۆراوجۆرن. کە بۆ خێری مرۆڤایەتی دانراون. ڕەنگە نموونەی محەمەد، دیارترین و کاریگەرترینیان بێ بەو پێیەی پێشەنگی تێکڕای مرۆڤایەتییە. هەر لێرەوە لەو شالاوەی زایۆنیزم بەرانبەر محەمەد پێغەمبەر لە ئەمەریکا، تێ دەگەین، ئەو شالاوەی ناڕەزاییەکی زۆری دنیای لێ کەوتەوە، بەتایبەتی، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزمی دنیاییدا، کە ئامانجە سەرەکییەکەی، عەرەب و موسڵمانان بوون، سەرباری سیستمگەلی بەهای و ئاکاری، بێ ئەوەی ئەمە بەو

مـانایـه بێ کـه پەرێزی ڕێژیمگەلێک و هـەڵسـوکـەوتەکـانـیـان پاک بکەینەوە کـە بەناوی ئـیـسـلامـەوە پێـڕەوی دەکـەن، ڕاسـتـیـیـەکـەشـی، بۆ ئـیـسـلام و شکۆی مرۆڤانی تا بڵێی خراپن.

ئەو وێنە باو و کلاسیکییە لەبارەی ئیسلام و موسڵمانانەوە، چیی تر بەس نین بۆ دەرخستنی ئیسلامی ڕاستەقینە، بەو پێیەی یەکێکە لە سێ ئاینە پیرۆزەکە (جـوولەکـە، مـەسـیـحی، ئیـسـلام)، نەخـاسـمـە گـەر قـەوارەی ئەو شـێـواندن و خـراپەکـاری و هەڵوێسـتـە پێشـوەخـتـانەش لە بەرچاو بگرین کە دراونەتە پاڵ ئیـسـلام. بۆیە پێـویسـتـە تیشکێک بخـەینە سـەر لایەنگەلێکی ئیـسـلام و ژیانی مـوسـڵـمـانـان پاش ئەوەی ئەو وێنە تاریکە بوونەتە وێنەی ئیـسـلام لای کۆمـەڵگە و نەتەوە و دەوڵەت و گـەلانی دنیـا. لێرەدا ئەرکی هزر و ڕۆشنبـیری دێتە پێشـەوە، ئەویش بەپێـشکێـشکردنی نموونەی مـحـەمـەدی و ڕاشـیـدین لە سـۆنگەی خـوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەوێ ڕۆژێ و بەتێگەیشـتنێکی سـەردەمییـانە، لە ڕێی ڕەخنەگـرتن لەو لێکدانـەوە و ڕێنوێنیگەلە مـەیلەو ئـیـسـلامـی و ئیسلاملۆجییانە (ئیسلام دژی ئیسلام) کە ئیسلام و موسڵمانان بەد دەکەن، کە لەوانەیە دیوەکەی تری ئەو شـالاوە دەرەکییە بن بەبەهانەی ئیسـلامفۆبیـاوە یان (ترس لە ئیسلام) بەرپا کراوە.

بیـرۆکـەی بنەڕەتی ئەم کـتـێـبـە، باسی لێبـووردەییـیـە، لە ئاست بنـاوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی _ ئیسلامیدا " کولتوور و دەوڵەت"، هەڵوەستەیەک دەکەم، چونکە ئێمـە لە ژیانی ڕۆژانە و سـیـاسـی و ڕۆشنبـیـریماندا، ئـاگـەداری بیرۆکەگەلی لێبووردەیی نین لە کن فەیلەسووفان و گەورەزانایانی ئیسلامی، کە ئەڵقـەیەکی ناوەندی بووە لە سیـاسـەتی مـحـەمـەدی و چەند لایەنێکی سـەردەمی ڕاشیدین، واتە لە دەستپێکی کولتوور و دەوڵەتی ئیسلامی یەکەمدا.

ئێمـە هیچ لەبـارەی لێبووردەیی نێوانەوە خـۆمـان نازانـین، نە لەسـەر ئـاسـتی کـۆمـەڵ و نە تاک، چ لـەلایەن کـۆمـەڵ و ڕێکخـراوگـەلی ڕۆشنبیـری و هزری یان پارتە سیاسییەکان یان پێوەندیی تاکەکانەوە بێ، بگرە ئێمـە تا بڵێی ڕکابەری یەکترین، تەنانەت لەنێو یەک تەوژم، یەک پارت، یەک کـۆمـەڵ، یەک نەتەوە، یەک ئاین و یەک تایەفـەشدا. چەندان یەکترنەهێشتن و شەڕوشۆڕ و لابردنمان بینی،

هەوڵگەلی بنبڕکردنمان بینی، هۆکارەکەشیان، نالێبووردەیی و سەپاندنی بۆچوون و پەراوێزخستن و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر بوون.

با ئەو حیکمەتەی پێی دەچینە نێو ئەم پێشەکییەوە، حیکمەتەکەی محەمەد پێغەمبەر بێ "وما أنا الا رحمة مهداة"، یان وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە "وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين"، ڕەحمەت، واتە؛ قەبووڵکردنی ئەوی تر و لێبووردەیی و لێخۆشبوون و پێوەندیی ئازاد و هاوسەنگ لە نێوان نەتەوە و میللەت و گەلاندا، گەورە و بچووکیان، لە نێوان تاکەکاندا وەک خۆت و وەک کەس، ئاخر مرۆڤ، باڵاترین بەهایە، مافی مرۆڤ لە ڕادەربڕین و بیرکردنەوە، مافێکی پیرۆزە و نابێ لێی کەم بکرێتەوە.

ساڵان و ڕۆژگارێکی زۆر چەندمان خوێندەوە و لێمان لێکۆڵینەوە و گفتوگۆمان کرد و وانەمان گوتەوە لەبارەی هزری ڕۆئاوا - لیبراڵی یان سۆسیالیستی، لە ئاست هزرڤانان و گەورەئەدیبان وەک: ئادەم سمیس، دیکارت، کانت، ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، ڕۆسۆ، هیگڵ، مارکس، ئەنجڵز، لینین، ماو تسی تۆنگ، ڕۆزە لۆکسبۆرگ، ترۆتسکی، لۆکاش، ئاڵتۆسێر، گرامشی، شکسپیر، دستۆڤیسکی، سارتەر، ئەلبێر کامۆ، کۆڵن وڵسن، ڕۆجیێ گارودی، میشێل فۆکۆ و کەسانی تریشدا هەڵوەستەمان کرد؛ کەچی قەت لە هزرڤانانی ئیسلامی ورد نەبووینەوە، هەر لە خودانی پێڕەوەکە و هەڵگری بڵێسەی فیکر و بەها و بنەما گۆڕینخوازەکان، محەمەد پێغەمبەرەوە، ئەوجا عومەری فارووق و عەلی کوڕی ئەبوتالیب، تا دەگاتە، ئەبوزەڕی غوفاری، موعەڕی، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، جاحز، ئیبن ڕوشد، جەعفەر ئەلسادق، غەزالی، ئیبن سینا، فارابی، کندی، ئەبوحەیانی تەوحیدی، ئیبن خەلدوون و کەسانی تریش. زۆر لە هاونەوەکانمان، لای ئەفغانی، محەمەد عەبدە، کەواکبی، تونسی، ریفاعە ئەلتەهتاوی، نائینی، شبلی شومێل، فەرەح ئەنتوان، سەلامە مووسا، قاسم ئەمین، تەها حوسێن و زۆری تریش نەوەستاون.

ئاخر سەیرە گفتوگۆ لەبارەی جیاوازییەکانی "سۆلۆخۆز" و کۆلۆخۆز" و ڕۆڵیان لە کشتوکاڵی سۆڤیەتدا، کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی ئەڵمانیای دیموکراتی، هێندەی کاتی گفتۆگۆکردن لەبارەی مێژووی فرەنسا و ئەوروپا و شەڕەکانیان و

فەلسەفەکانیانەوە بەشێوەیەکی گشتی، لێ دەبردین، کەچی زۆر کەم بوون ئەوانەی بایەخیان بە تەجرەبەی "موعتەزیلە"، یان "بزاڤی براگەلی سەفا"، یان "بزاڤی سۆفیگەری" دەدا.

لە ڕۆژگاری ئێمەدا لەسەر توێژینەوە و ڤەکۆڵینەکانی عەبدولفەتاح ئیبراهیم، ئیبراهیم کوببە، محەمەد باقر ئەلسەدر، محەمەد سەلمان ئەلحەسەن، عەلی ئەلوەردی، سەید قوتب، محەمەد حوسێن فەزڵوڵا، کامیل چادرچی، سەعد ساڵح، حوسێن جەمیل، محەمەد مەهدی شەمسەدین، سدیق شەنشەل، حوسێن مرووە، مەحموود ئەمین ئەلعالم، ئیسماعیل سەبری عەبدوڵڵا، مەهدی عامل، عەلی جەواد ئەلتاهیر، جەواد عەلی، محەمەد مەهدی ئەلمەخزوومی، مستەفا جەواد، محەمەد مەحموود تەها و خەڵکی تر نەوەستاین، لە کاتێکدا هەموو بایەخمان بەهزرڤانگەلێکی ڕۆئاوای زۆر لەوانە خوارتر دەدا، ئەم دۆخە لە بایەخدان بەڕۆمان و چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبیشدا بەشێوەیەکی گشتی، هەر وابوو.

ئێمە "ماگنا کارتا"، بزلڤی جارتیێ، شۆڕشی فرەنسا، شەڕەکانی ناپلیۆن، دەستووری ئەمەریکا، "زەوی بۆ ئەو کەسەیە دەیچێنێ" و ڕێوڕەسمەکانی شۆڕشی بەلشەفیمان ناسی، کەچی قەت لە پەیمانی فزووڵ، دەستووری مەدینە، ڕێککەوتنی حودەیبییە، عوهدەی عومەری، نامەکەی محەمەد ئەلفاتیح سەروەختی گرتنی ئوستانە (ئەستەنبۆڵ)، هەروەها مافنامەکەی عەلی بن زەینئەلعابدین، کە دووپاتی لێبووردەیی دەکاتەوە لە دنیای عەرەبیدا، ورد نەبووینەوە. ئەمانە جگە لە سونەتی پێغەمبەر و قورئانی پیرۆز. خۆ ئەگەر ئەو دەقە ئیسلامییانە خوێندرابێتیشنەوە، خوێندنەوەیەکی کلاسیکیی بێ تێڕامان بووە، وەک ئەوەی دەق یان ڕێنوێنیگەلێکی گفتوگۆ هەڵنەگرن، بگرە تەنیا دەبێ بخوێندرێنەوە و جێبەجێ بکرێن، وەک ئەوەی هیچ پێوەندێکیان بەژیان و سەردەمەوە نەبێ.

ئەو هەڵوێستە نالێبووردەییانەی هەن، هەر لە چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیاندا ماونەتەوە و تا ئێستە بالادەست و باون و بوونەتە بنەما، لە کاتێکدا بنەمای ئیسلام، لێبووردەییە، ئەو لێبووردەییەی بەڕێنوێنییەکان و

ڕێوشوێنەکانی سەردەمی محەمەد و خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە دیارە.

هێزگەلێکی نالێبووردە، چەند وێستگەیەکیان لە مێژوو وەرگرتووە و وەک پیرۆزێک دەستیان پێوە گرتووە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو نالێبووردەییە، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤانیدا، دەبێتە ڕێگر لە کارلێکردنی شارستانییەتەکەمان لەگەڵ نەتەوە و میللەت و ئاینەکانی تردا، ئاخر ئەو پرسە، پێوەندیی بەهەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەر بۆیە ڕەنگی دایەوە لە بزاڤی نێودەوڵەتی ڕوو لە هەڵکشانی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، بەتایبەتی یاسای نێودەوڵەتی، مەبەستم؛ ڕاگەیاندنی دنیایی مافەکانی مرۆڤ و هەردوو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکەی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

توێژینەوە لەم پرسانە لە گۆشەنیگای ئەوەوە نییە کە "ڕابردوویین" یان قووڵبوونەوە بێ بەڕابردوودا، بگرە توێژینەوە لە مێژوویەکی تەواو ڕۆچوو بەڕەهەندی مرۆڤانیدا، ئاخر ئێمە ناتوانین گەشە بکەین بێ ئەوەی ڕەگێکمان هەبێ، خاکێک هەبێ ڕەگی لێ داکوتین.

ئەم توێژینەوەیەمان، دەیەوێ بچێتە نێو بەشێک لە مێژووی هزری عەرەبی ئیسلامی، لە ڕێی تێڕوانینێکی هاوسەردەمیانەوە، هەوڵ دەدا، ڕاستی و بەهاگەلی دادپەروەری و جوانی و حیکمەت و مرۆڤانی ئاشکرا بکا، ئاخر نووسینەوەی مێژووی هزرگەلی هاوسەردەم، واتە توێژینەوە لە مەرجە کولتوورییە بەردەستەکان.

سەرسام دەبین کاتێک بیرمان دێتەوە: چۆن لەو شارە ساراوییە بەرزەدا لەو دۆڵە تەنگەبەرەدا "دۆڵێکی ڕووتەن"، بیرۆکەی ڕۆنانی سیستەمێکی سیاسی و قەزایی کە دەنگدانەوەی بگاتە هەموو دنیا، پێ گەیشت، بیرۆکەی بەرقەرارکردنی دادپەروەری و گۆڕینی سوننەتەکانی کۆمەڵگە بەڕووبەڕووبوونەوەی ئەرستۆکراتییەتی قورەیش، ئەگەر وەڵامێکی بابەتییانە نەبووبێ، جارێک ڕاستەوخۆ و جارێک بەشاراوەی بۆ دۆخی ئەوێ ڕۆژێی کۆمەڵگەی جاهیلی کە پێویستی بەگۆڕین بوو لە کاتێکدا لەنێو دژبەرییەکی توندا دەژیا لە شوێنێکی وەک مەککەدا، بەگوتەی حوسێن مرووە، لە کتێبەکەیدا:

مەیلە مادییەکان لە فەلسەفەی عەرەبی _ ئیسلامیدا.

بلێی ئەو شارە بەرکەوتی بەرکەوتبێ بەزاینی بێبابێکی هاشمی تازە، لە ڕۆژێکی گەشی وەک ١٢ی ڕەبیعول ئەوەلی ٥٧٠ی زاینی، کە بەساڵی فیل ناسرابوو، سەرەڕای ئەوەی لە ٦٣٢ی زایندا کۆچی دوایی کرد، وەلێ تا ئێستەش کاریگەریی لەسەر هەموو دنیا ماوە، تا ئێستەش، ملیۆنان خەڵک لەسەر ڕێباز و بیروباوەڕە هەڵکشاوەکەین کە پڕیەتی لە بەهاگەلی مرۆڤانی. ئاخۆ ئەوە نهێنیی ئەو ئایەتە پیرۆزە نییە کە دەڵێ "ما علی الرسول الا البلاغ..." (المائدە: ٩٩). ئاخۆ بۆ هەموو دنیا نێردراوە وەک دواتر لە قورئانی پیرۆزدا هات؟ ئاخر ئەو ئاکاری بەرز، ڕاستگۆیی و دادپەروەرییەی هەر زوو پێی ناسرا، تایبەتمەندییەکی پێ دا کە لە هاوتەمەن و نەوەکەی خۆی جیاواز بێ، پێش ئەوەی مژدەی هەڵاتنی ئاینێکی نوێ بدا بەدنیا کە بنچینەکەی لێبووردەیییە بەتایبەتی، بۆ جیاکردنەوەی جوانی و ناشیرینی، ڕاست و ناڕاست، دادپەروەری و زوڵم، خێر و شەڕ.

ئەم کتێبەی دەیخەینە بەردەستان، پێنج بەشە:

یەکەم لە بابەتی "ئێستە و مێژووی لێبووردەیی" دەکۆڵێتەوە، سەرێک لە ڕۆئاوا و بیرۆکەی لێبووردەیی دەدا، نەخاسمە پاش ڕووداوەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ی تیرۆریستی کە لە ئەمریکا ڕوویان دا، کاریگەرە نەرێنی و لێکەوتەوە ترسناکەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە هەموو دنیادا، بەتایبەتی بۆ سەر هەردوو دنیای عەرەبی و ئیسلامی بەدروستی پاش شەڕی ئەفغانستان و عێراق. لە باسی دووەمی بەشی یەکەمدا، باس لە ڕەگ و ڕیشەی بیرۆکەی لێبووردەیی دەکەین لە کاتی فەلسەفەی ڕۆشنگەری، وەک بنچینەیەک بۆ بەراورد و ڕێنوێنی کاتێک باس لە بیرۆکەکە دەکەین لەنێو هزری ئیسلامی و بەرانبەرەکەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

بەشی دووەم باس لە "لێبووردەیی و یاسای نێودەوڵەتیی هاوسەردەم" دەکات، لە ئاست نەتەوە یەکگرتووەکان و بیرۆکەی لێبووردەیی، ڕاگەیاندنی یونسکۆ و لێبووردەیی، دەوەستێ، هەروەها لە گێرمە و (ئیشکالیەت) مانای لێبووردەیی دەکۆڵێتەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

هەرچی بەشی سێیەمە تەرخانمان کردووە بۆ پرسی "لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا" بە پێشەکییەکی کورت لەبارەی پرسی "ناتوندوتیژی و لێبووردەیی لە مەسیحییەتدا" کە لە ئیسلام کۆنترە، دەستمان بە بەشەکە کردووە، وەک زەوینەسازییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە لێبووردەیی لە ئیسلامدا، ئەویش کراوە بە سێ باسەوە: یەکەمیان پێوەستە بەلێبووردەیی و ئیسلامی سیاسی؛ دووەم، شەریعەتی ئیسلام و لێبووردەیی؛ سێیەمیش، لە ڕەگ و ریشەی لێبووردەییی عەرەبی ـ ئیسلامی دەکۆڵێتەوە لە سۆنگەی هاوپەیمانیی فزووڵ، دەستووری مەدینە، ڕێککەوتنی حوودەیبییە، عوهدەی عومەری و بەڵگەنامەی گرتنی قوستەنتینییەوە.

بەشی چوارەم، تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لە سیرەتی محەمەد پێغەمبەر«د.خ»، لە ڕێی پێشکێشکردنی نموونەگەلێکی کەلەپووری و هاوسەردەمانە، باس لە ریشەی لێبووردەیی دەکەین لای محەمەد و هەروەها خۆمان لەدارەتی دوو هەڵوێستی دژبەر دەدەین لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا بەرانبەر بیرۆکەی لێبووردەیی.

لە بەشی پێنجەمدا، لە "گوتاری عەرەبی ـ ئیسلامی هاوسەردەم لەبارەی لێبووردەییەوە" کۆڵیوەتەوە، لەوێدا، بۆچوون و هزری هێندێک چاکسازیخوازی عەرەب و موسڵمانمان هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم خستووەتە ڕوو، لە ڕێی شەنوکەوکردنی هزری ئاینی و لیبراڵی، دواتر هەڵوەستەیەکی پێداچوونەوەمان کردووە لە سۆنگەی پرسیارگەلێکی ڕەخنەگرانەوە. دواجار، لە گریمانەکانی لێبووردەییمان کۆڵیوەتەوە لەگەڵ هێندێک ژێدەر و سەرچاوەی بنەڕەتی.

کنگستۆن، لەندەن لە ٢٠/٨/٢٠٠٤

## پاژی یەکەم

## ئێستە و مێژوو لە پرسی لێبووردەییدا

"بێ لێبووردەیی، ئاشتی ناچەسپێ،
بەبێ ئاشتی، گەشەپێدان و دیموکراسی نابێ."
ڕاگەیاندنی یونسکۆ لەبارەی لێبووردەییەوە

### ١- ڕۆژئاوا و بیرۆکەی لێبووردەیی

ڕووداوەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر٢٠٠١ی تیرۆریستی، کاریگەری لەسەر تێکڕای دۆخی نێودەوڵەتی هەبوو. ڕەنگە بشێ ئەو کاریگەرییە نەرێنی و پاشەکشە ترسناکانە، لە ڕووداوەکانی دواییدا بخوێنینەوە وەک وێستگەیەکی تازە لەبارەی سووربوونی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەسەر بەکارهێنانی هێزێکی بێ سنوور، هێندێک جار، بێ کۆکردنەوەی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیش، وەک ئەوەی لە لێدانی عێراقدا ساڵی ١٩٩١، پاش ئەوەی عێراق ساڵی ١٩٩٠، پەلاماری کوێتی دا. ئەوە بوو بوش، سەرۆکی ئەودەمی ئەمەریکا، ڕای گەیاند، لەوانەیە ئەمەریکا ناچار بێ بەتەنیا یان بەهاوپەیمانییەک لە دۆستانی لە عێراق بدات، ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەدات بەبڕیارێکی میکانیکی کە پێویست نەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنەکە. هەمان ئەو گفتوگۆیانەی پێش و پاش بڕیاری ١٤٤١ی سەرەتای تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری٢٠٠٢ بەرپا بوو.

ئەوە بوو ئەمەریکا و بەریتانیا بڕیاری شەڕی عێراقیان دا، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاتێک نەیانتوانی مۆڵەتێک بەنێوی (شەرعییەتی نێودەوڵەتی)یەوە بەدەست بێنن، پاش ڕازینەبوونی فەرەنسا و ڕووسیا و دەنگنەدانی چین، سەربارى هەڵوێستەکانی ئەڵمانیا و دەوڵەتانێکی تری یەکەتی ئەورووپا کە دژی شەڕەکە بوون. هەروەها چەندان دەوڵەتی دنیا، بێ لە

خۆپیشاندانی خەڵک لە ٤٠٠ شاری سەرەکی ئەورووپا لە ١٥ شوبات/فێبرایەر٢٠٠٣، کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەکانی ڕای گشتی، بۆ سەرکۆنەکردنی شەڕ دژی عێراق و ڕاگەیاندنی هاوکاری لەگەڵ گەلی فەڵەستیندا، ڕێکیان خستبوو.

ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەر، ڕاستەوخۆ، کاریان کردە سەر دۆخگەلی مافەکانی مرۆڤ لە سەرلەبەری دنیادا، بووە هۆی پاشەکشەی بیرۆکەی لێبووردەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. شۆکەکە زۆر گەورە بوو، ئاخر نەدەشیا مەزەندەی پەلامارێکی ئەوهای ئەمەریکا بکەین لەنێو ماڵی خۆیدا و بریندارکردنی بە سەختییە و بەو مانا قووڵە، مەگەر لە فیلمێکی هۆلیۆددا، دەنا بەبەرترین خەیاڵدان، بۆ ئەوە ناچێ برێک چەقۆ و گوێزان، ئەو زەبرە گورچکبڕە بسرەوێنێتە ئاسایشی ستراتیجی گەورەترین دەوڵەت لە دنیادا، ئەو زەبرەی بووە هۆی چاوگێڕانەوە بەتیۆریی تۆقاندنی ئەتۆمی و چەکی کۆمەڵکوژ یان هاوسەنگی تۆقاندن، نەخاسمە چەکی تیرۆر و ئەوەی لە ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەر ڕووی دا، بەهەنگاوگەلی درێژخایەن و چارەسەری ڕیشەیی نەبێ، ڕێ لە تەشەنەکردنی ناگیرێ.

دووبارە دەپرسمەوە: ئاخۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە نێوان ڕۆئاوا و ئیسلامدا هەیە؟ سەرەڕای ئەو کارەساتانەی لە ئەمەریکا ڕوویان دا بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییانەوە کە مایەی سەرکۆنەکردنن لە ڕووی مافناسی و ئاینی و مرۆڤانی و ئاکارییەوە، زیانمەند، تەنیا ئەمەریکا نەبوو، بگرە ئیسلام و موسڵمانان، بوونە زیانمەندی سەرەکی ڕووداوەکان، نەخاسمە ئەو وێنە شێواوەی هەوڵی زۆر درا بەعەرەب و موسڵمانانەوە بلکێندرێ (لێرەدا سەرنج لە پاساوگەل شەڕی ئەفغانستان و دواتر عێراق و دانانی ئێران لە تەوەری شەڕ (بەرەی خراپەکار) و هەڕەشەکردن بەیاسای لێپێچینەوە لە سووریا)، بەو پێیەی ئەو دوو دەوڵەتە، لەسەر توندوتیژی و تیرۆر ڕاهاتوون و ڕێنوێنییەکانی ئاینەکەیان هانیان دەدا؛ دوا جار کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان، بێ لە سیستەمگەلی پەروەردە و خوێندن، بەتایبەتی ئاینی، لانەیەکی چاکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تیرۆرە، بۆ نەهێشتنی ڕکابەر و دوژمن و ئەوی تر و ڕیشەکێشکردنیان.

هەمان ئەم شێوازە بەزاری شێخ ئوسامە بن لادندا هات کاتێک دنیای بۆ دوو بەرە (فسطاطين) دابەش کرد، وەک چۆن سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش، کردی بە دوو فەیلەق یان دوو سەربازگە، یەکێکیان سەربازگەی شەڕ و تاریکی، ئەوی تریان سەربازگەی خێر و ڕووناکی یان فەیلەقی ستەمکاری و فەیلەقی ئازادی. بەم شێوەیە، دنیا بەسەر ئەم دووانە سەیرەدا دابەش کرا بۆ دوو دنیا: دنیای شارستانیەت و دنیای کێوی (عالم الحضارة وعالم الهمجية)[1].

وێنەی ئەو لێبووردەییەی ڕووخساری دیاری ژیانی سیاسی ڕۆئاوا بوو، لەرزی، بەتایبەتی لە ئاستی نێوخۆدا، ڕووخساری بژاردەییانەی ڕۆئاوا بەرانبەر ئیسلام سەری هەڵدا، ئەفغانییەکان (موجاهید) بوون ڕۆژگاری داگیرکاری سۆڤییەت، وەلێ کاتێک بەرەنگاری سیاسەتی ئەمەریکا دەبنەوە؛ (ئیبلسن). موسڵمانانی شیعەمەزەبی ئێران و باشووری لبنان؛ (تیرۆریستن)، بەڵام ئەگەر هاوکاری ئەمەریکایان کرد؛ ئەو نین، وەک کۆمەڵ و لایەنە ئیسلامییەکانی عێراق.

ئەو دەوڵەتانەی ئیسلامی (سوونی ئسوولی)یان دەپاراست و بێدەنگەی لێ کرابوو، بوونە لانەی هاندان و هەڵهێنان و ناردنە دەرەوەی، بۆیە پێویستە هاوکاری ئەمنی و لۆجیستی ڕۆئاوا بکا و پرۆگرامەکانی پەروەرد و خوێندن و سیستەمگەلی ئاینیان بگۆڕن، دەنا دەخرێنە ڕیزی (دەوڵەتانی شەڕخواز) یان (دەوڵەتانی بێزەوەر)ەوە و ناویان دەچێتە لیستەکەی ئەمەریکاوە کە دەگاتە نێزیکەی ٦٠ بزاڤ و تەوژمی سیاسی و ئاینی لە سنووری ٤٠ وڵاتدا[2].

بەیاننامەی شەست ڕۆشنبیرە ئەمەریکاییەکەی پاش ڕووداوەکانی سێپتێمبەر دەرچوو بەپێی بنەماکانی تیۆریی سامۆئێل هینتینگتۆن "پێکدادانی

١. أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي، ثلاثية الثلاثاء الدامي، دار الحكمة، لندن، ايلول/سيبتمبر٢٠٠٢، ص٩ وما بعدها.

٢. أنظر: هاليداي، ساعتان هزتا العالم، ١١أيلول/سيبتمبر ٢٠٠١، الأسباب والنتائج، ترجمة: عبدالاله النعيمي، دار الساقي، بيروت، لندن، ٢٠٠٢، ص١٩ وما بعدها، وقد استخدم الكاتب محمود حيدر مصطلح "الدولة المستباحة" وأحيانا تعبير الأممية المستباحة عند الحديث عن الحرب على العراق. أنظر: حيدر، محمود، الدولة المستباحة، من نهاية التأريخ الى بداية الجغرافيا، دار رياض نجيب الريس، بيروت، ٢٠٠٤.

شارستانییەتەکان" و تیۆریی "کۆتاییی مێژوو"ی فرانسیس فۆکۆیاما، بەڵگەی نەمانی پێوەرەکانی لێبووردەیی بوو بەرانبەر ئەوەی ڕووی دا، بەشێوەیەک، نێزیکەی ملیارێک ۲۰۰ملیۆن تا ٤۰۰ملیۆن موسڵمان کە بەسەر ٦۰ وڵاتدا دابەش بوون لە نێویاندا ٥٧ دەوڵەتی ئەندامی کۆنگرەی ئیسلامییە و نێزیکەی سێیەکی ژمارەی دەوڵەتانی دنیا کە ۱۹۲ دەوڵەت، پێک دێن و نێزیکەی پێنجیەکی دانیشتوانی دنیان و تا دێت زیاتریش دەبن بەتایبەتی لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی پێشووەوە، کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەمانە تەنیا کۆمەڵگەگەلێکن هانی تیرۆریزم دەدەن و لە ڕووی هزری و میناکی (مادی)یەوە هاوکاری دەکەن.

کێماسی تێڕوانین بۆ موسڵمانان هەر مایەوە کە وەک بارستەیەک تەماشا دەکرێن بەو پێیەی ئیسلام یەک شتە، هێندێک جار جیاوازی ناکرێ لە نێوان ئیسلامییەکان و ئیسلامدا، یان لە نێوان ئیسلامییەکان و مەیلەوئیسلامییەکاندا (الاسلامیین والاسلامویین)، زۆر باس لە "هەڕەشەی ئیسلامی" و (مەترسی ئیسلامی) دەکرێ، هەمووان دەخرێنە خانەیەکەوە، وەک ئەوەی تیرۆریزم، قەدەری ئیسلام بێ، وەک ئەوەی زۆربەی موسڵمانان، بەتیرۆر ڕاهاتبن. ئەم دوژمنکاری یان (تیرۆریزمە) وای کرد زۆربەی تیرۆریستان لەسەر ئیسلامییەکان و موسڵمانان بێنە ژماردن، بێ جیاکردنەوە و لێوردبوونەوە یان هەوڵی تێگەیشتن لە بناوانەکانی ئاین و یاسا و ڕێسا بەرکارەکان و سیاسەتە پێڕەوکراوەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بێ لەو جۆراوجۆری و جیاوازییەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان وەک کۆمەڵگەکانی تر[٣].

سەیرەکە لەوەدایە، ئەمەریکا و هێندێک حکومەتانی ڕۆئاوا، سەرپەرشتی بیرۆکەی (هاوپەیمانی ئیسلامی)یان دەکرد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ وەستانەوە بەڕووی تەوژمی نەتەوەیی ــ عەرەبی ئازادیخوازی چەپڕۆدا، کەچی نها، هەر خۆیان لە پشت ئەو بانگێشتنە توندڕەوانەوەن بەدژی ئیسلام و موسڵمانان.

---

٣. قارن: مقالة غوستاف نيبور في صحيفة نيويورك تايمز بعنوان "العرب المسيحيون ايضا، يضايقون باستمرار" في ١٥/١٠/٢٠٠١. كذلك: نظام الدين، عرفان، العرب والغرب بعد الزلزال، بيروت، ٢٠٠٢.

ئیسلامیگەل و موسڵمانان، خودان بۆچوونی خۆیانن لەبارەی سیاسەت و کۆمەڵگە و پێوەندییەکانەوە کە جیاوازە بەگوێرەی جیاوازی بەرژەوەندی و ئامانج و مەزەندەکان. نە هەموو ئیسلام و تەنانەت موسڵمانان ڕێکخراوی قاعیدەن، یان وەک حکوومەتی تالیبانی ئەفغانی پێشوو، یان نموونەکەی بن لادن، بیر دەکەنەوە، بگرە زۆر لە ئیسلامییەکان، ئەوە موسڵمانان با لەوێ بوەستن، پشتیوانی ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی تالیبان و دەمارگیریی بن لادن و ئاراستە توندوتیژەکەیان، نەکردووە، بگرە زۆر دژین، لەوانە تێکدانی پەیکەرە بوداییەکانی بامیان، بەو پێیەی گوایە نائیسلامین، کە هەڵوێستێکە زۆر لە پووچگەرایی و نەبوونی سەلیقە و هەستی جوانی تێدایە، جیا لە بەفیڕۆدانی سامانێکی مێژوویی کە مافی حکوومەتی تالیبان یان ڕێکخراوی قاعیدە یان تەنانەت ئەفغانستان نییە بەو شێوە نابەرپرسانەیە ڕەوتاری لە تەکدا بکا.

ڕۆژئاوا، تەنیا وەک (ئیسلام)ی بێ جیاوازی و ڕەنگاوڕەنگی و فرەپێکهاتەیی، تەماشای ناوچەکەی ئێمەیان کردووە، ڕاستییەکی زۆر زەقیان بیر کردووە کە ئێمەش گەلانێکین وەک گەلانی تر، ڕاستە ئاینمان ئیسلامە، وەلێ خودان شارستانیەت و مێژوو و کۆمەڵگە و ئاراستەی هزری و نەتەوەیی و جیاوازیی سیاسی و قوتابخانەگەلی تیۆرین لەبارەی گەشەپێدان و پێشقەچوونەوە، زانست و شارستانیەتی دنیا و دەوروبەرمان و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجی و هزرگەلی دنیا، کارمان تێ دەکەن.

ڕاستە هەر موسڵمانێک، بڕوادار بێ یان نا، ئایندار بێ یان نا، ئسووڵی بێ یان لیبرالی، عیلمانی بێ یان داخراو، ڕاستڕۆ بێ یان چەپڕۆ، هەست دەکات بەشێکە لە پێناسەیەکی گەورە کە ناوی ئیسلامە، جەژنە ئیسلامییەکان دەگێڕێ و ناوی ئیسلامییانە لە ڕۆڵەکانی دەنێ، ناشتنی مردووان و پرسەکانیان ئیسلامییانە بەڕێوە دەبات، بگرە زۆربەیان گۆشت ناخۆن ئەگەر دڵنیا نەبن کە بەڕێی ئیسلامییانە سەربڕاوە، وەلێ ئەمانە شتێکن و ڕێکخراوی قاعیدە و پێڕەوکانی حکوومەتی تالیبان، یان بزاڤ و حکوومەتە ئیسلامییەکان کە شەرعیەتییان لە ئاین وەردەگرن، شتێکی ترن. ئاخر دوا جار، ئیسلام، شارستانیەت و پێناسەی نەتەوەگەل و گەلان و پێکهاتە ڕەگەزی و ئێتنیگەلی جۆراوجۆرە، ڕۆڵی زۆری گێڕاوە لە ئاراستەی ژیانی هەموویاندا، بەڵام ئیسلام ئاستەنگی لە پێش دانەناون کە

نەچنە كاروانی دنیاوە بەرەو نوێگەری و دیموكراسی و مافەیلی مرۆڤ.

هەروەها وا سەیری تەوژمی مەیلەوئیسلامی (دەمارگیر و توندڕۆ) ناكرێ كە دۆخێكی ئامادەیە وەک دۆخەكانی تری نێو كۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی، وەک تەوژمە دەمارگیرە توندڕۆ مەسیحی و جووەكانی كۆمەڵگەكانی تر، نوێنەری هەموو موسڵمانان ناكەن، وەک چۆن تەوژمە جووە داخراو و تیرۆریستییەكان و تەوژمە مەسیحییە داخراوەكان، نوێنەری جوولەكە و مەسیحی نین. هەموو توندڕۆی و دەمارگیرییەک، دژبەرە لەگەڵ نوێگەری و بنەماكانی لێبووردەییدا، لە دنیای ئیسلامیدا بێ یان كۆمەڵگە مەسیحی یان جوولەكەكاندا.

كێشەی كردەنی بەرەم هێندێک هزرڤانی ڕۆئاوایی، نەخاسمە لای سیاسەتی بالادەستی ڕۆئاوا، (ئسوولیەتی ئیسلامی) و كردەوە توندڕۆ و دەمارگیرییەكان نییە، بەقەدەر ئەوەی ئیسلام خۆیەتی وەک ئاین و ڕێنوێنی، ولاتانی ئیسلامین وەک نەتەوە و گەلانیان كە ئەو سیاسەتە ڕۆئاواییە دەیەوێ بیانخاتە بندەستی خۆی لە پێناو بەرژەوەندی و جێبەجێكردنی پلانەكانی و گەیشتن بەئامانجەكانی. ئەو باڵە مەیلەوئیسلامییانەی ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەكی دەمارگیر و توندڕۆ بەكار دەهێنن، هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی كۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەكان دەكەن، بەر لەوەی هەڕەشە بن بۆ سەر ڕۆئاوا، نەخاسمە بانگەوازیان بۆ بەكارهێنانی توندوتیژی و ڕێوشوێنی تیرۆریستییانەی لە یاسا دەرچوو، بۆ یەكلاییكردنەوەی ناكۆكییەكانیان لەگەڵ حكوومەتی ولاتەكانیاندا[٤].

كەچی قەت لەلایەن سیاسەتگەلی ڕۆئاواوە، وەک پێویست، سەركۆنە نەكراون، بگرە هێندێک جار ژێربەژێر هانیش دراون بۆ لاوازكردنی هەر دەوڵەتێكی عەرەبی یان ئیسلامی كە بەرانبەر سیاسەتی ڕۆئاوا وەستابێتەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە گەلانی ئەو ولاتانە و پەرۆشییان بۆ ئازادی و دیموكراسی و گەشەسەندن و نوێگەری و مافەیلی مرۆڤ.

---

٤. قارن: شعبان، عبدالحسين، "الغرب ووجهة الحوار، الاسلام أم التيارات الاسلامية؟"، صحيفة الحياة اللندنية، العدد ١٤٣١٢، ٢٧آيار/مايو٢٠٠٢، وقد استعاض الباحث عن كلمة "الاسلامية" ب"الاسلاموية" في الفترة التي نشرها في كتابه، الاسلام والارهاب الدولي، مصدر سابق، ص١٢٢.

بەیاننامەکەی ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا، هێندێک لێکەوتەوەی لەبارەی بەنموونەکردنی تیرۆریزم و بەستنەوەی بەئیسلامەوە هەبوو، تا ئەوەی ئەدوارد سەعید، هزرڤان و ئەکادیمیستی فەلەستینی، بەڕوونییەکی نێزیک لە تۆمەتبارکردن، ئاماژەی دا بەهەوڵی هێندێک لەو ڕۆشنبیرانە بۆ هێشتنەوەی (مەترسی ئیسلام و سەرکۆنەکردنی و لکاندنی توندوتیژی و ستەمکاری و تیرۆریزم بەئیسلامەوە)، لەوانە: جۆدی میلەر، سامۆئێل هینتینگتۆن، مارتن کرایمەر، بێرنارد لویس، دانیال بایس، ستیڤن ئەمرسۆن و باری ڕۆبن، سەرباری کۆمەڵێک ئەکادیمیستی ئیسرائیلی کە ئیسلامیان خستە خانەی شتێکی تۆقێنەری بێ وێنەوە[5].

لەوانەیە، برێک لێڵی و تێکئالاوی هەبێ لە ناوکۆیی مرۆڤانی ئیسلامدا (المشترك الانساني للاسلام) کە پێناسەی کولتووری و ئاینی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان پێک دێنێ، بێ ڕەچاوکردنی زمان و میللەت. ئەگەر ئەم پرسە لە بیرکردنەوەی هاووڵاتییانی ئاسایی ڕۆژئاوا دوور بن، ئەوە دوور نییە لە بیرکردنەوە و پلانگەل و زانینی بژاردەی سیاسیی فەرمانڕەوا و بەرژەوەندییەکانی، وەلێ ڕەنگە برەودان بەو تێگەیشتنەی کە مەیلەوئیسلامییەکان و توندڕۆیان و دەمارگیران، نموونەی ئیسلامن، لە پێناو ئامانجگەلی تر و سەپاندنی شوێنکەوتەیدا بێ، نەک لە پێناو لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی دیاردەکە و خۆپاراستن لە مەترسییەکانی و گەیشتن بەڕێوشوێنی سەرکەوتوو بۆ نەهێشتنی.

لەم سۆنگەیەوە، دەمانەوێ لەبارەی بیرۆکەی لێبووردەیی و بنەما نێودەوڵەتییەکەی و مانا و ئیشکالییەتەکانی، گفتوگۆ بکەین، پاش هەڵوەستەیەکی کورت لە ئاست فەلسەفەی نوێگەریدا، ئەوەش دەبێتە دەروازەیەک بۆ گفتوگۆکردن

---

٥. قارن: محاضرة القصيبي، د. غازي، لندن، جامعة وستمنستر، المنشورة في صحيفة الحياة، ١٠تموز/يوليو٢٠٠٢. كذلك قارن: العجلوني، ابراهيم، "بيان المثقفين الأمريكيين"، صحيفة الرأي الأردنية. اما نص البيان، فقد نشرته صحيفة السفير في ١١شباط/فبراير٢٠٠٢، وقام بترجمته رولا الأيوبي ووسام سعادة. أنظر: كذلك: د. حرب، علي، "رد على رسالة المثقفين الأمريكيين، بشأن أحداث ١١أيلول/سيبتمبر"، صحيفة الرأي الأردنية، ٩نيسان/ابريل٢٠٠٢.

لەبارەی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامی هاوسەردەمدا[٦]، بەئامانجی تەواوکردنی وێنەکە و هەڵاوێردی ڕەنگەکانی و زانینی پێکهاتە و خەسڵەتەکانی.

بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و چەسپاندنی، پێویستی بە کرانەوە و ژینگەیەکی لەبارە کە ئازادی و مافی دەربڕین و مافی جیاوازی بێ ترسان لە سزایە، هەمدیس، پێویستی بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە هاوبەشێکی کارای دەوڵەت بێ کە دەبێ بەپێی یاسا و یەکسانی نێوان هاووڵاتییان و نەبوونی جیاکاری بەهۆی ڕەگەز و ئاین و زمان و نەتەوە و پاشخانی کۆمەڵایەتی و بۆچوونی سیاسی یان بە هەر هۆیەکی ترەوە، کار بکا.

٢- لێبووردەیی و فەلسەفەی ڕۆشنگەری

ڕۆشنگەری Enlightenment، وەک تەوژم و دواتر وەک دەستەواژە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، ئەو دەمەی لە ئەوروپا، وەک گوزارەکردن لە پێشڤەچوونی هزری لیبرالی و سەرهەڵدانی مەیلی مرۆڤانی پێشبەستوو بەعەقڵ و بەرەنگاربوونەوەی لاهووت، بڵاو بووەوە. جیا لە عەقڵ، ڕۆشنگەری، لە ڕێی تاقیکردنەوەگەلەوە، پشتی بەسروشت بەست لە بەرەنگاربوونەوەی تەفسیر و لێکدانەوەی غەیبییانە بۆ دیاردە سرووشتییەکان[٧].

بەهۆی پەککەوتن و شکستی تاقیکردنەوە هزری و سیاسییە، نەتەوەیی و سۆشیالیستی و ئیسلامییەکانەوە، گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر لە گۆڕەپانی هزری و ڕۆشنبیریدا بەرپا بوو. مشتومڕێکی بێ بڕانەوە، بابەتەکەی، ڕەگوڕیشەی هزری لیبرالی و پرسی ڕۆشنگەری و هەستانەوە و سەرەتاکانی هزرڤانان و چاکسازیخوازانی عەرەب و موسڵمان.

ئەوە بوو دوا جار، دەستەواژەی (ڕۆشنگەری) برەوی سەند، برەوسەندنەکەشی

٦. أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام وحقوق الانسان، المشترك الانساني للثقافات والحضارات المختلفة، مؤسسة حقوق الانسان والحق الانساني، ط١، بيروت، ٢٠٠١، وط٢، كردستان، اربيل (العراق)، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ٢٠٠١.

٧. لم يرد اصطلاح التنوير في القرآن ال كريم، لكن كلمة النور تكررت ثلاثا واربعين مرة، وهو ما سنأتي على ذكره.

هاوکات بوو لەگەڵ هەڵنووتانی ئەو پرۆژە سیاسییانە، نەک هەر تەنیا لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا، بگرە لە ئاستی دنیادا لە (تاقیکرنەوە ڕەسەنەکان)دا، مەبەستم، وڵاتانی سۆشیالیست هەروەها لە (وڵاتانی لق)، مەبەستیشم لەمانە، ئەو وڵاتانەی پێمان دەگوتن بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی.

کاتێک بەشوێن ماناکانی دەستەواژەی (تنویر – ڕۆشنگەری)دا گەڕاین، بینیمان ئەو دەستەواژەیە، لای ئیبنو مەنزور هاتووە، بەڵام بەمانای (دەرکەوتنی ڕووناکی بەیانیان)، لە موعجەمی (وەسیت)یشدا وشەی (استنار – ڕووناکایی تێکەوت) هاتووە، دەگوترێ، گەل ڕووناکایی تێ کەوت، واتە وریا و چاوکراوە و ڕۆشنبیر بووە، خوا دڵی ڕووناک کردەوە، واتە؛ چووە سەر ڕێی چاکە[8].

ڕووناکی، ڕێنوێنییە، (خوا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەوییە)، واتە ئەو ڕێگە ڕووناک دەکاتەوە و ڕێنوێنی دەکات. کتێبی (کولیات) دەڵێ: ڕووناکی واتە گەوهەری ڕووناککەرەوە[9].

ڕۆشنگەری(*)، لە ڕووە ڕۆشنبیرییەکەیەوە، نەخاسمە لەو قۆناخەی پێیان دەگوت قۆناخی عەقڵ The Age of Reason، لەسەر سێ پایە ڕاوەستا بوو: عەقڵ، سروشت و پێشکەوتن، لێ مەبەست لە ڕۆشنگەری لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا واتە؛ ڕزگاربوون لە بەها و دابە بۆماوەکان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ژیان لەسەر بنەمای عەقڵ و ئیرادەی کارکردن[10].

دەکرێ بگوترێ، یەکەمین کەس کە دەستەواژەی ڕۆشنگەری بەکار هێنا،

---

٨. أنظر: المعجم الوسيط، مجمع اللغة العربية، القاهرة، ج٢، ص٩٦٢، نقلا عن التويجري، د. عبدالعزيز بن عثمان، مفهوم التنوير في التصور الاسلامي، المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة، ايسيكو، الرباط، ٢٠٠٢، ص١١.

٩. الكفوي، أبو بقاء، كتاب الكليات، معجم المصطلحات والفروق اللغوية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٢، ص٩٠٩. قارن: المصدر السابق.

١٠. أنظر: زقزوق، د. محمود حمدي، الدين وفلسفة التنوير، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٦، ص٧٩. كذلك أنظر: الحفني، د. عبدالمنعم، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، مكتبة مدبولي، ج١، القاهرة، ١٩٩٦، ص٤٠٥. قارن: التويجري، د. عبدالعزيز بن عثمان، مصدر سابق، ص١٣.

فەیلەسووفی ئەڵمانی (کانت) بوو، ئەوەش، وەک گوزەرکردنێک لەو بزاڤەی ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەدا دەستی پێ کرد و لە سەدەی هەژدەدا تەواوی کرد.

کانت، لە دوا چارەکی سەدەی هەژدەدا، هزرگەلە ڕۆشنگەرییەکانی فرەنسای قۆستەوە، کاتێک ساڵی ١٧٤٨، وەڵامی پرسیاری پیاوێکی سادەی ئاینی دایەوە کە پرسی: ڕۆشنگەری چییە؟[١١]، لێکدانەوەکەی (کانت) بۆ ڕۆشنگەری، بۆشاییەکی فراوانی گۆڕەپانی هزری ئەڵمانیای پڕ کردەوە، چونکە گۆمێکی مەنگی شڵەقاند و عەقڵگەلێکی چەقیوی بزواند.

ڕۆشنگەری بەلای (کانت)ەوە، مانای؛ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دۆخێکی لە خوار لە باری زەینییەوە کە بەدەستی خۆی، خۆی تێ هاویشتووە، واتە؛ مرۆڤ خۆی دەبەستێتەوە، کانت لەو بڕوایەدایە، کە هەستکردنی مرۆڤ بەبێدەسەڵاتی، بەرەو ترسنۆکی و نەبوونی توانای بڕیاردانی دەبات. ئاخر تەمبەڵی و ترسنۆکی، وا دەکەن خەڵکێکی پێگەیشتوو، بێ ئەوەی دەرک بەخۆیان بکەن، لە بن سەرپەرشتی کەسێکی تردا نەبێ کاریان پێ نەکرێ، خەڵکانێک دەڵێی تەنیا بۆ ئەوە دروست بوون و ڕاهێنراون کە سەرپەرشتیار بن.

کانت، تا ئەو جێیە دەچێ کە یەکەمین ئەرکی هەر دەوڵەتێکی بەرچاوڕوون ئەوەیە، خەڵکەکەی لەسەر چەمکی ئازادی، پەروەردە بکا. بەلای (کانت)ەوە، ڕێزگرتنی ڕەخنە و سەربەخۆیی هزری، یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی بوون (الوجود).

دەگوترێ، سوکرات، فەلسەفەی یۆنانی کردووە بەدوو کەرتەوە، واتە پێش سوکرات و پاش سوکرات، ئەم گوتەیە بۆ (کانت)یش هەر وایە، کانت، بە (باوکی فەلسەفەی نوێ) دەناسرێ، هێندێک پێیان وایە، کانت، تخووبی نێوان کۆن و تازەیە لە پێشڤەچوونی هزری ئەوروپاییدا.

---

١١- کانت، ایمانوئیل، هو أحد رواد الفکر النقدي، عاش للفترة بین ١٧٢٤ _ ١٨٠٤، من کتبە الأساسیة: نقد العقل الخالص، ونقد العقل العملي، ونقد ملکة الحکم، وتأسیس میتافیزیقا الأخلاق. أنظر: العریس، ابراهیم، "ما هو التنویر؟"، أواخر کانون الأول/دیسمبر٢٠٠٢. کذلك: کرم، یوسف، تأریخ الفلسفة الحدیثة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦، ص٢٠٨ وما بعدها.

هەرچی (دیکارت)ە، وای دەبینێ، خوا، هەموو ڕاستییە جیاوازەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، هەر ئەویش عەقڵ دەداتە مرۆڤ. دیکارت، سێ جۆر هزرگەل جیا دەکاتەوە، هزرگەلی هەست پێکراو یان هەڵێنجراو (الأفكار الحسية أو الأنطباعية)، هزرگەلی خەیاڵی، هزرگەلی خۆڕسکی. بنچینەکانی میتۆدی دیکارتی لەسەر بەڵگەنەویستی و هەڵێنجان دەوەستن، لە کاتێکدا بنەماکانی میتۆدی دیکارتی لەسەر بنەماگەلی؛ ڕاستیی (بڕواهێنانی تەواو- الیقین)، شیکاری، پێکهێنان (التركيب) و بنەمای لێخوێندنەوە (الاستقراء)[١٢].

بەم مانایە، دەکرێ بگوترێ، کانت، لە دووکەرتکردنی فەلسەفەی نوێدا بەشدارە، زۆری لەوانەی پێش خۆی؛ دیکارت، هیوم و ڕۆسۆ، وەرگرت و لە کەناڵەکانی ئەواندا کاری کرد و بۆچوونی تازەی گەڵاڵە کرد، بەجۆرێک، جێ دەستی بە سەدەی نۆزدەوە دیار بێ، وەک چۆن دواتر فەلسەفەی مارکس، کاری لە دواچارەکی سەدەی نۆزدە و نێزیکەی هەموو سەدەی بیست کرد.

فەیلەسووفانی یۆنان زانستیان دەکرد بە سێ بەشەوە: سرسوشت، ئاکار و لۆجیک. هەموو ماریفەتێکیش، یان میناکییە یان وێنایی. یەکەمیان، باس لە بابەتێک دەکات وەک یاساکانی سروشت یان یاساکانی ئازادی یان ئەوەی کانت، پێی دەڵێ، زانست یان تیۆریی ئاکار، لێ دووەمیان، باس لە وێنەی عەقڵ دەکات، ئەمەشە کە پێی دەگوترێ "لۆجیک".

ئەم شێوە دابەشکردنە، پاش ئەرستۆ، ڕواقییەکان لەسەری دەڕۆیشتن و لە هەموو بارێکیشدا بەڕاشکاوی و بەناڕاستەوخۆ، لەسەر ئەرستۆ دێتە ژماردن[١٣].

دامەزراندنی میتافیزیکی ئاکار، دادەنرێ بەبەرێکی پێگەیشتوو لە بەرەکانی قۆناخی ڕەخنەگرانە لە فەلسەفەی کانتدا، ئەم کتێبەی پاش کتێبی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی پەتی (نقد العقل الخالص)، بڵاو کردەوە.

١٢. أنظر: فضل الله، د. مهدي، فلسفة ديكارت ومنهجه، دار الطليعة، بيروت، ط٢، ص ٨٧-١١٨.

١٣. أنظر: كانت، ايمانوئيل، تأسيس ميتافيزيقيا الأخلاق، ترجمة وتقديم: د. عبدالغفار المكاوي، مراجعة: د. عبدالرحمن البدوي، منشورات الجمل، كولونيا ٢٠٠٢، ص ١٩-٢٠.

دوکتـۆر عـەبدولغـەفـار مـەککاوی پێی وایە، کـانـت، شـۆڕشـێکی لە زانسـتـە عـەقـڵـیـیـەکـاندا بەرپا کـرد، کـە لە شـۆڕشـەکـەی کۆپەرنیکۆس دەچێ لە زانسـتـی گەردووناسیدا . ئەو شـۆڕشـەش لە میـتـۆدی هـزری مرۆڤانیدا بوو، میـتـفـیـزیکی بالادەسـتـی ئەو ڕۆژگـارەی ڕووخـانـد و بینایەکی تۆکـمـەی لە جـێـی ئـەو ڕۆنا و بنەماگەلی ئاکارێکی نوێی دامەزراند کە ڕەگوڕیشەی گەیشتە خاکی ڕەخنە[١٤].

بەلام ڤۆڵتێر[١٥]، بەقوتابیی لۆک و نیوتن دادەنرێ، ئاخر لە کتێبەکانی کۆڵینەوە لەو سێ ساڵەدا (١٧٢٦ – ١٧٢٩)کە لە ئینگلتەرا نیشتەجێ بوو، هەر لەوێ کتێبی نامەگەلێکی فەلسەفییانەی نووسی کە ساڵی ١٧٣٤ بێ مۆڵەتی بلاو کرایەوە، بۆیە دەسەلاتداران سووتاندیان.

ڤۆڵتێر، لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکارتدا ناکۆک بوو، بڕوای بـەمـەزەبی تاقیگەری (ئەزمـوونگەری _ التـجـریبیـة...) فـەیلەسـووف فـرانـسـیس بیکۆن[١٦] و لۆک[١٧] و

---

١٤. المصدر السابق، (مقدمة المترجم).

١٥. ولد فولتير في فرنسا ١٦٩٤ – ١٧٧٨ ويعتبر من أشهر الكتاب واهتم بالنثر والشعر والفلسفة وكان أحد دعاة التسامح. وسنتناول بالعرض في الفترة اللاحقة أفكار فولتير الخاصة بالتسامح والتنوير والفلسفة. من أهم كتب فولتير: الرسائل الفلسفية، رسالة في التسامح، القاموس الفلسفي و غيرها.

١٦. ولد فرنسيس بيكون بلندن ١٥٦١ وتوفى ١٦٢٦، وكان أبوه حامل الخاتم الأكبر في خدمة الملكة أليزابيث، دخل جامعة كامبردج دون أن يتخرج منها. رحل الى فرنسا واشتغل بالسفارة البريطانية في باريس ثم عاد الى وطنه بعد وفاة والده ١٥٩٧، حيث درس القانون وانتظم في سلك المحاماة، اعتمد المنهج الاستقرائي وتنويع التجربة وتناول ثلاثة موضوعات هي فلسفة الطبيعة والانسان والله. حاول ممالاة الملكة وحصل على أعلى المناصب، لكن ذلك لم يمنع تعرضه الى حملة شديدة أبعدته من البرلمان والوزارة والوظائف العامة. انظر: كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الحديثة، مصدر سابق، ص ٤٤– ٥٧.

١٧. ولد جون لوك بالقرب من مدينة بريستول البريطانية، وكان أبوه محاميا خاض غمار الحرب الأهلية مدافعا عن البرلمان ونشأ على حب الحرية وظل متعلقا بها حتى آخر يوم من حياته. يعتبر جون لوك ١٦٣٢ _ ١٧٠٤، أحد كبار ممثلي النزعة التجريبية الانكليزية وجاء بعد هوبز وبيكون، حيث تعمق في المذهب الحسي واعتبر زعيمه في العصر =

نیوتن[١٨]، هێنا، لە بەرانبەر فەلسەفەی دیکارتدا، فەلسەفەی لۆک و لە بەرانبەر زانستی دیکارتدا، زانستی نیوتنی پێشکێش کرد.

بیرۆکەی لێبووردەیی، بەناوی ڤۆڵتێرەوە نووساوە کە لێی کۆڵیوەتەوە و برەوی پێ داوە و داکۆکی لێ کردووە، بۆیە ئەوەی لەم باسە ماوە بۆ هزرگەلی ڤۆڵتێری تەرخان دەکەین.

ڤۆڵتێر، دادەنرێ بەدیارترین داکۆکیکارانی ڕۆشنگەری، بزاڤی دژ بەچەقبەستوویی باوەڕی ئاینی، بەتایبەتی هزرگەلە داخراوەکان. سەرەڕای ئەوەی هەوڵی دا بەجۆرێک لە جۆرەکان، دان بەخالق و دادپەروەریی خواییدا بنێ، بەڵام زۆربەی باوەڕە ئسوولییەکانی مەسیحییەتی ڕەت کردەوە. لە جیاتیی ئەوانە، ڤۆڵتێر، جەختی لەسەر قبوولکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤەکەی تر دەکردەوە. ڤۆڵتێر، لەو بڕوایەدایە، باوەڕە ئاینییەکان بەکەڵکن، وەلێ مەرج نییە ڕاست بن. تێزەکانی ڤۆڵتێر لەبارەی ئازادیی ئاینییەوە، بوونە پرسگەلێکی باو لە دنیای تازەی ڕۆئاوادا،

=الحديث. في كتابه "ماهية الحقيقة ١٦٤١، يذهب الى ان التجربة لا توفر لنا المعرفة الحق وان العقل حاصل منذ الأصل على المعاني العليا الضرورية للعلم والأخلاق، فان العلم يرتفع بالفعل فوق الحس... وان الأخلاق تدور على ما يجب ان يكون لا على ما هو كائن... وأن العقل لا يجد اطمئنانه النهائي الا بمعرفة العلة الأولى للموجودات... وان معرفتنا وحدة الموجودات في الله تبرئنا من الحسد وتعلمنا ان سعادة القريب سعادتنا. من كتبه: محاولة في الفهم الانساني. ويعتبر لوك ان للانسان حقوقا مطلقة لا يخلقها المجتمع وأن حال الطبيعة تقوم على الحرية أي أن العلاقة الطبيعية بين الناس هي علاقة كائن حر بكائن حر تؤدي الى المساواة، وينحصر حق الناس في تنمية الحرية والدفاع عنها وعلى كل مايلزم منها من حقوق قبل حق الملكية وحق الحرية الشخصية... الخ. ودعا الى فصل الدولة عن الكنيسة. أنظر: كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الحديثة، مصدر سابق، ص ١٤١-١٥٢.

١٨- يعد نيوتن (١٦٤٢-١٧٢٧) من أشهر علماء الرياضيات والفلسفة الطبيعية والبصريات، وهو خريج جامعة كامبردج. أثرت مكتشفاته العلمية في الفلسفة وخصوصا "قانون الجاذبية". منطقه الرياضي قاده الى القول بمكان مطلق وزمان مطلق. والاطلاق صفة من صفات الله. المكان المطلق هو الواسطة التي يتجلى بها حضور الله، والزمان المطلق هو أبدية الله؛ وبذا جعل نيوتن من المكان والزمان شيئين ثابتين.

تەنانەت لەنێو بڕواداره میانڕۆکاندا.

ئەو هۆکارنە چین کە ڤۆڵتێر بۆ قبوولکردنی یەکتری پێشکێشی دەکات؟ ئەگەر مانەوەی خەڵک لەسەر باوەڕە ئەفسانەییەکانیان کەڵکێکی هەبێ: وەک (مرۆڤانی لاواز)، (سەرلێشێوانی مرۆڤانی)، خۆ گومان نەخستنە سەریان چاکترە لەوەی بکەوێتە بەر شالاوی گریمانەکانی ئەو ئەفسانانە، مادامەکی کوشندە نین و لەوە باشترە بێ ئاین بژین. مرۆڤ، هەردەم پێویستی بەشتێکە کەوی و هێوری بکاتەوە، هەرچەندە لەوانەیە زۆر دەستبلاوانە لە پێناو ڕازیبوونی خوادا قوربانی بدات.

بەرزڕاگرتنی ئەو وێنە و تێڕوانینە جوانانە لەبارەی خوا و ئاسمانەوە، عەقلانیترە لە نغرۆبوون لە بێئاینیدا. ئاخر ڕەنگە بێئاین، عەقلانی، بەهێز یان توندوتیژ بێ، لەوانەیە ئەو زیاتر لە بڕوادارێک بەئەفسانەکان مایەی مەترسی بێ.

کاتێک مرۆڤ هزرگەلی دروستی لەبارەی شتگەلی خواییەوە نەبێ، وەهمگەلێکی هەڵە جێیان دەگرێتەوە. وەک مرۆڤ کە لات بوو، ناچار پارە دەسکار دەکات. بتپەرست، لە ترسی خواوەندێکی وەهمی ناوێرێ تاوان ئەنجام بدات... تا کۆمەڵگە بمێنێ، ئاین زەرورییە؛ ئاخر یاساگەل، مامەڵە لەگەڵ تاوانە ڕاگەیەندراو یان ئاشکراکان دەکەن، وەلێ ئاین، مامەڵە لەگەڵ تاوانە نهێنی و شاراوەکانیشدا دەکات.

وەلێ کاتێک بیروباوەڕی مرۆڤ دەگاتە وەرگرتنی ئاینێکی پیرۆز و پاک، ئەفسانەگەل، جێی هیچ ناگرن و مەترسیداریش دەبن. نابێ بەڕووبکەینە پێخۆر لە کاتێکدا خوا نانی داوینەتێ، ڤۆڵتێر وا دەڵێ. بەگوێرەی ڤۆڵتێر، ئەفسانە و ئاین وەک فاڵگرتنەوە و زانستی گەردووناسی وایە. ئاخر کە مرۆڤایەتی، کێوییانە دەژیا، ئەو ڕۆژگارە ئەفسانەگەل و فاڵگرتنەوە بالادەست بوون. ئەو دەمەی بەدەگمەن دوو دەرەبەگت دەست دەکەت (سەردەمی تازە)یان هەبێ. لەوانەیە هەڵبەستنی ئەفسانە و گێڕانەوەی بەخەڵکە ڕەشوڕووتەکە، شایانی لێبووردن بێ، وەک ئەوەی پیاوێک بەگێلەژنەکەی یان خزمەتکارەکەی یان لایەنگرە نەزانەکانی دەڵێ، گوایە قدیس کریستۆفەر، مەسیحی مەلۆتکەی لەمبەری ڕووبارەکەوە بۆ ئەوبەر پەڕاندووەتەوە.

عەقڵی ئەو خەڵکە بەچیرۆکگەلی سیحربازی و فاڵچێتی و توانا ڕوحانییەکانیان

ئاخنراوە. تا ئەو ئاستەی بڕوا بکەن، قدیس جینۆ، نەخۆشی دەردەشایان چاک دەکاتەوە و خاتوونەقدیس کلێر، چاوان ساغ دەکاتەوە. بەم شێوەیە منداڵان بڕوا بەئەفسانەگەل دەکەن و کوڕان بڕوا بەجلکەکەی قدیس فرەنسیس دەکەن. ئیتر شوێنەواری قدیسەکان و بۆماوە و چیرۆکەکانیان، هێندە زۆرن نایەنە ژماردن، ڕەنگە ئەو (باوەڕانە)، وا دیارە لە هەموو ئاینەکاندا هەیە، نەخاسمە دوعا و نزای (ئەولیاکان و پیاوچاکان و هاوڕێیان و ئیمامگەل).

بەگوێرەی ڤۆڵتێر، خۆڵ و خاشاکی ئەم ئەفسانانە هەر لەنێو خەڵکدا ماون، تەنانەت لەو ڕۆژگارەی ئاین زۆر پاک و بێگەردیش بوو. دەشێ لەگەڵ ڤۆڵتێردا بڵێین، ئەو ئەفسانەگەلە، تایبەت نییە بەکۆمەڵگە یان گەل و نەتەوەیەک، بگرە لەنێو هەموو کۆمەڵگە و گەلاندا، بەربڵاوە، لە هەر کوێیەک دواکەوتن هەبێ، تا ئەو ئاستەی هێندێکیان بوونەتە (بۆماوەیەک) لە کولتووری باودا تا وایان لێ هاتووە لە پیرۆزی و مووجیزە نێزیک بوونەتەوە.

بەم شێوەیە ڤۆڵتێر دەگاتە ئەو بەرئەنجامەی: برێک دەمارگیر و سەغڵەت لە کونج و کەلەبەری گەڕەکە دوورەدەستەکاندا ماون، لێ ئەم دەردە تەنیا لە خەڵکە هیچەکە دەدات. هەر ڕۆژێک، لۆگیکی عەقڵانی و ڕاست بەفرەنسادا بڵاو دەبێتەوە _ لە دووکانی بازرگاناندا وەک کۆشکی لۆردەکان، دەبێ بەری ئەم لۆجیکە عەقڵانییە بچنینەوە، نەخاسمە، زەحمەتە ئاستەکەی بزانین، چونکە کەسێک ناتوانێ دەستی بەسەر هەموو فرەنسادا بڕوات، وەک سەردەمی کاراسیێ دۆمینۆ، پاش ئەوەی بەهزرگەلی باسکاڵ، نیکۆڵ، ئارنۆ، دیکارت، گاسیندی، ڤۆنتنێل و ئەوانی تر، ڕووناک بووەتەوە. هەرچەندە ئەفسانەگەل هیچ سوودێکیان نییە، وەلێ ئەفسانەگەلی ڕۆما زیانی زۆر گەورەی هەیە، ڤۆڵتێر لەسەر بەرئەنجامەکانی دەڕوا و دەڵێ: لەنێو تێکڕای ئەو ئەفسانەگەلەدا، هیچیان لەوە ترسناکتر نین کە ڕقت لە دراوسێیەکت ببێتەوە سەبارەت بەبۆچوونەکانی؟

لە بەشی تایبەت بە (چاکەکاری باشترە لە زانست)دا، ڤۆڵتێر، لەسەر بۆچوونە سەرنجکێشەکانی دەڕوات لەبارەی لێبووردەییەوە و ئاماژە دەدات: باوەڕی دواکەوتووی کەمتر، ناکۆکی کەمتر، کارەسات و ژانی کەمتر. ئەگەر ئەمە ڕاست نەبوو، کەواتە من هەڵەم. ڤۆڵتێر وا دەڵێ.

ڤۆڵتێر وای دەبینێ، ئاین بۆیە هاتووە تا ژیانمان لەمدنیا و لەودنیا خۆش بکا. باشە بۆ ئەوەی لێرە و لەوێ خۆشبەخت بین دەبێ چی بکەین؟ دەبێ چەندی پێمان دەکرێ دادپەروەر بین؟ دەبێ لێبووردە بین.

ئەگەر بهێنرێتە پێش چاو کە پێشڤەچوونی هزری مرۆڤ، گەیشتووەتە ئاستێک، تێڕوانینیان بۆ غەیبانییەت وەک یەکە، فرە نەزانییە، کۆنترۆڵکردنی هەموو گەردوون بەزەبری چەک، ئاسانترە لە کۆنترۆڵکردنی عەقڵی دانیشتوانی گوندێکی بچووک؛ جیاوازی، خەسڵەتێکی مرۆڤانییە.

وەلێ لەبارەی لێبووردەیی دنیاییەوە، ڤۆڵتێر دەڵێ: هونەرێکی مەزن و قسەزانی و ڕەوانبێژییەکی زۆری گەرەک نییە تا بیسەلمێنی کە پێویستە مەسیحی یەکتری قبووڵ بکەن. من زۆر واوەتر دەچم و دەڵێم، دەبێ هەموو مرۆڤ بەبرا بزانین. چی؟ تورکی برامە؟ چینی برامە؟ جوو؟ سیامی؟ بەڵێ، بێگومان، ئەدی کوڕی یەک باوک نین، ئەدی خوایەک خەڵقی نەکردووین؟

دیسان ڤۆڵتێر دەڵێ: وەلێ ئەو خەڵکە سووک سەرنجمان دەدەن و وەک بتپەرستان مامەڵەمان دەکەن. باشە، من پێیان دەڵێم زۆر هەڵەن. وا دیارە من، بەلایەنی کەمەوە، (موسڵمان) یان (قەشەیەکی بودایی) سەرسەختی داخراوی شانازی بەخۆوەکەر، سەری دەسوڕمێ، ئەگەر گوێی لێم بێ پێی دەڵێم: ئەم دنیا بچووکە، تەنیا خاڵێکە، بەبۆشاییەکدا دەسوڕێتەوە کە دنیاگەلی تریشی تێدا دەسوڕێتەوە، ئەم گەردوونە هێندە گەورەیە، ئێمە وێڵ و سەرگەردانین. بالای هەر یەکێکمان پێنج پێیە کە هیچ نییە لە چاو ئەو بوونەوەرەدا. یەکێک لەو خولقێنراوانە، بەهاوسێکانی لە دوورگەی عەرەبی یان باشووری ئەفریقیا دەڵێ: گوێم لێ بگرە، چونکە خوای ئەو هەموو دنیاگەلە ڕێگەی ڕووناک کردوومەتەوە، نۆسەد ملیۆن مێرووی چکۆلەی وەک ئێمە لەسەر گۆی زەوی هەیە، بەڵام تەنیا من لای خوا خۆشەویستم، ئەوانی تر تا هەتایە بێزراون، مێرووەکەم، تاکە مێرووی خۆشبەختە، ئەوانی تر، تا هەتایە نەفرەت لێکراون.

ئەوانە قسەکەم پێ دەبڕن و هەواڵی ئەو گێلەپیاوە دەپرسن کە ئەم قسە بێسەروبەرانە دەکات، ناچارم وەڵام بدەمەوە: (ئێوە خۆتان). دوای ئەوە هەوڵ دەدەم بیانهێنمەوە سەرخۆ، ئەوەش ئەرکێکی زۆر گرانە.

دواتر دەچمە لای مەسیحیگەل، پێ لە جەرگی خۆم دەنێم قسان لە تەک مەسیحییەکی دۆمینیکانی ئەندامی دادگەکانی پشکنین دەکەم (ئەوانە سەرپەرشتی دادگە بەدناوەکانی پشکنیان دەکرد، بۆ دادگەییکردنی هەر لادەرێک لە کاتۆلیکییەتی کلاسیکی و دارکارییان دەکردن و سزای مردنیان دەدان): (برام، دەزانی هەر دەڤەرێکی ئیتاڵیا بەزمانێکی تایبەت قسان دەکەن، خەڵکی ڤینیسیا یان یەرکامۆ، بەشێوەی خەڵکی فلۆرەنسا نادوێن؟).

ئەکادیمیای گروسکا، نێزیک فلۆرەنسا، بنەماگەلی زمانی جێگیر کردووە و قامووسێکی داناوە کە کەس بۆی نییە لێی لابدات. دیسان ڕێزمانی بۆنماتی کردووەتە ڕێنوێنێکی زمانەوانی کە لێلادانی تێدا نییە. بەڵام پێت وایە ئەنجوومەنی ئەکادیمیای گروسکا، هەڵە ناکەن، بۆنماتی، دەتوانێ زمانی هەموو خەڵکی ڤینیسیا و بێرگاما ببڕێ، چونکە سوورن لەسەر قسەکردن بەشێوازاری خۆیان!، ئەندامەکەی دادگەی پشکنین وەڵام دەداتەوە: لە نێوان نموونەکەی تۆ و سرووتەکانی ئێمەدا جیاوازن، سرووتەکانمان بۆ ئێمە، پرسێکی پێوەستە بەسەلامەتی گیانمانەوە.

بیرۆکەکە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ: لە بەرژەوەندی تۆدایە، سەرۆکی دادگەکەی پشکنین، بەگوێرەی شایەتی تاکە کەسێک حوکمی خۆی بدات، با ئەو کەسە چەند بەدناو و تەنانەت تاوانباریش بێ، نابێ پارێزەریشت هەبێ، ئەو کەسەش ناناسی کە تۆمەتبارت دەکات، ئەو ئەندامەی دادگەکە بۆی هەیە بەڵێنی لێخۆشبوونت پێ بدات یان دەمودەست حوکمت بدات، لەولاوە پێنج کەسی جۆراوجۆر دارکاریت بکەن، دارکاری بکرێی و بنێردرێی بۆ بەردەم پەتەکە یان بەڕێوڕەسمێک بتسووتێنن؛ ئاخر بابە ئیگۆنت، دوکتۆر کۆشالۆن و کەسانی تریش زۆر ڕوون و ئاشکرا قسانیان کردووە کە دەڵێن ئەو سرووت و ڕێوڕەسمانە خواناسییە و خواپەرستییە و هیچ دژبەرییەکیان تێدا نییە.

بۆ تەواوکردنی ئەم دەقە، ڤۆڵتێر لەسەر وەرزشە هزرییەکەی خۆی دەڕوا و دەقێکی لێبووردەییانە پێشکێش دەکات، کاتێک دەڵێ: مافی وەڵامدانەوە بەخۆم دەدەم: براکەم، ڕەنگە بڕوات کردبێ و من دڵنیام داوای خێر و خۆشیم بۆ دەکەی، بەڵام ئاخۆ ناکرێ بێ ئەم هەموو شتە، بمپارێزی و ڕزگارم بکەی؟

ئەم هەمـوو سـزا بێـهوودە و تۆقێنەرە، بلـێی ڕۆژانە زەوی پیس نەکەن، کـەچی دەبن و دووبـارەش دەبنـەوە، لەوانـەیە بـەرگگەلە کـــتـــێـــبـــێک پڕ بکەنـەوە زۆر لەو ئینجیـلانە گەورەتر کە تۆ سـەرکـۆنەیان دەکەی و پێـیان نـاڕازیت، ئاخـۆ ئەوپەڕی دڵڕەقی نـیـیـە لـەم ژیانە کـورتەدا خـەڵکانێک بچـەوسـێنینـەوە کـە وەک ئێـمـە بیـر ناکـەنەوە، بەڵام نازانم ئاخـۆ وێرانە یان بێـمنەتیـیـە ئـەگەر بەئاشـکرا سـەرکـۆنەی بکەین، سـەرکـۆنەیەکی هەتاهـەتـایی ئەوتۆ.. خـوا قـەزا و حـوکـمی خـۆی لەسـەر بدات[١٩].

١٩- حاولنا قدر الامكان الاستعانة بنصوص من فولتيرمت بمساعدتنا في التدقيق ومراجعة الترجمة ال، لعرض أفكاره. وقا مهندسة المعمارية الأستاذة وجدان ماهر، علما بأن الكثير من هذه الأفكار والأمثلة التي يضربها لاتصلح لعصرنا الراهن وأن بعضها كان ابن زمانه وفي سياقه التأريخي.

پاژی دووەم

## لێبووردەیی و بناوانی نێودەوڵەتیی هاوسەردەم

ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕزگارکردنی نەوەکانی داهاتوومان لە بەڵاکانی شەڕ، خستووەتە ئەستۆی خۆمان ... دیسان دووپاتی دەکەینەوە، باوەڕمان بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆی تاک و قەدەری هەیە... لە پێناو ئەو مەبەستانەشدا، بڕیارمان دا لەنێو خۆماندا لێبوورده بین و بەئاشتییانە و وەک هاوسێیەکی چاک، پێکەوە بژین...

میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان

١- نەتەوە یەکگرتووەکان و بیرۆکەی لێبووردەیی

ڕەنگە هەوڵەکانی قەدەخەکردنی بازرگانیی کۆیلان، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەدا، بڕژێتە نێو دنیای پان و بەرینی "لێبووردەیی"یەوە. هەنگاوە بەراییەکانی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، بیرۆکەی لێبووردەییان لە بەرچاو بوو، نەخاسمە پاش دوو شەڕی دنیایی کە دەیان ملیۆن مرۆڤیان کردە قوربانی. مادەی یەکەمی پێشەکی (دیباجە) پاکتەکە و مادەی ٥٥، لێبووردەیی، دادەنێن بەیەکێک لەو بنەما و ئامانج و مەبەستانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری بۆ دەکات و بەو گوێرەیەش هەڵسوکەوت دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوەتەی دامەزراوە ساڵی ١٩٤٥ لە کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ، هەوڵی داوە بیرۆکەی لێبووردەیی بڵاو بکاتەوە، پاکتەکەی باسی ئەوە دەکات و تێیدا هاتووە: "ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕزگارکردنی نەوەکانی داهاتوومان لە بەڵاکانی شەڕ، خستووەتە ئەستۆی خۆمان، کە لە ماوەی نەوەیەکدا، دووجار، مرۆڤایەتی دووچاری خەم و پەژارەیەک کردووە، باس ناکرێ،

دیسان دووپاتی دەکەینەوە، باوەڕمان هەیە بەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆی تاک و قەدەری و هەرچی مافەیلی پیاوان و ئافرەتان و نەتەوەکان بەگەورە و بچووکیەوە. لە پێناو ئەو ئامانجانەشدا، بڕیارمان دا لەنێو خۆماندا لێبووردە بین، بەئاشتییانە و وەک هاوسێیەکی چاک پێکەوە بژین و هێزەکانمان بکەینە یەک تا ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزین..."[٢٠]. ئەودەمەی جاڕی دنیایی مافەکانی مرۆڤ لە ١٩٤٨دا دەرچوو، کە بەبەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیی خودان بەهایەکی شارستانییانە دێتە ژماردن، مادەی یەکەمی دەڵێ: "هەموو خەڵک بەئازادانە بەزاین دەبن و لە شکۆ و مافەکانیاندا یەکسانن، عەقڵ و ویژدانیشیان پێ دراوە تا بەگیانی برایانە مامەڵەی یەکتر بکەن".

بڕگەی دووەمی مادەی بیست و شەش جەخت لەسەر مافی خوێندن دەکاتەوە و ئاماژە دەدات کە ئامانجی پەروەردە بریتییە لە "پێگەیاندنی تەواوی مرۆڤ و چەسپاندنی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و برەودان بە لێک تێگەیشتن و لێبووردەیی و دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلان و کۆمەڵە ئەتنی و ئاینییەکاندا..."[٢١].

لە ماوەی شەش دەیەی ڕابردوودا، چەمکی لێبووردەیی، چووەتە نێزیکەی هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانەوە، نەخاسمە بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی پێوەست بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە، هەروەها بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی پێوەست بەمافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە، کە لە کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ساڵی ١٩٦٦ دەرچوون و ١٩٧٦ کەوتنە واری جێبەجێکردنەوە، ئەم دوو بەڵێننامەیە و جاڕی دنیایی مافەکانی مرۆڤی ١٩٤٨، دادەنرێن بەبنچینەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ[٢٢].

---

٢٠. أنظر: ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، نيويورك، ١٩٩٧.

٢١. أنظر: الاعلان العالمي لحقوق الانسان الصادر في ١٠ كانون الأول/ديسمبر ١٩٤٨، المواثيق الدولية المتعلقة بحقوق الانسان، منشورات الوزارة المكلفة بحقوق الانسان، الرباط، ١٩٩٨.

٢٢. أنظر: شعبان، عبدالحسين، الانسان هو الأصل، مدخل الى القانون الدولي الانساني وحقوق الانسان، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٢.

دیسان، لێبووردەیی لە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی تردا ناوی هاتووە و باس کراوە: ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە "بنبڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤ" لە ٩/١٢/١٩٤٨دا، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی نەژادی لە ٣١/١١/١٩٧٣، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی لەبارەی تاوانی جیاکاریی نەژادییەوە لە ٣٠/١١/١٩٧٣، ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٢٠/١١/١٩٨٥دا دەرچووە، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ئافرەتان لە ١٨/١٢/١٩٧٩، ڕێککەوتننامەی بەگژداچوونەوەی دارکاری لە کانوونی یەکەم/سێپتێمبەری١٩٨٤، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی پەنابەرانەوە ساڵانی ١٩٣٣ و ١٩٨١، کە دیباجەکەی جەخت دەکاتەوە "لێک تێگەیشتن و لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە کاروباری پێوەست بەئاین و باوەڕەوە، زۆر گرینگە".

مادەی پێنجەم داوای پاراستنی منداڵ دەکات لە "هەر جۆرێک لە جۆرەکانی جیاکاری لەسەر بنەمای ئاین و باوەڕ، پێویستە پێگەیاندنی منداڵ لەسەر گیانی لێ تێگەیشتن و لێبووردەیی و دۆستایەتیی نێوان گەلان و نەتەوەکان و برایەتیی دنیایی و ڕێزگرتن لەوانی تری جیاواز لە ئاین و باوەڕدا، هەروەها هۆشیاریی تەواو بەپێویستی پێکهێنانی وزە و توانا و بەهرەکانی لە خزمەتی برای مرۆڤیدا"[٢٣].

نەتەوە یەکگرتووەکان بانگی هەمووانی کرد بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٨٦بڕیاری دامەزراندنی بڕیاردەرێکی دا تایبەت بەبەدواداچوونی دیاردەیلی

---

٢٣- أنظر: المواثيق الدولية المتعلقة بحقوق الانسان، مصدر سابق.

أنظر: مدني، د. أمين مكي، اللاتسامح والتمييز العنصري، ورقة مقدمة الى المؤتمر الاقليمي حول "قيم التسامح - نحو تحقيق الأمن الانساني"، المعهد الدبلوماسي الأردني، المركز الاقليمي للأمن. انظر: شعبان، عبدالحسين، "مؤتمر ديربن وسؤال العنصرية: نصف انتصار أم نصف هزيمة"، مجلة المستقبل العربي، بيروت، العدد٢٧٢، تشرين الأول/أكتوبر، ٢٠٠١.

دەمارگیری و ڕێوشوێنەیلی حکوومەتان بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو دیاردەیە.

هەروەسا، ساڵی ١٩٩٢، ڕاگەیەندراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بەکەمینەکان دەرچوو، ڕاگەیەندراوەکە، جەخت لە پرسی لێبووردەیی دەکاتەوە بەرانبەر کەسەیلێکی سەر بەکەمینە نەتەوەیی، نەژادی، ئاینی یان زمانەکین. کۆنگرەی ڤیەننای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ١٤ _ ٢٥حوزەیران/یونیۆ ١٩٩٣ بەسترا، باسی پرسی لێبووردەیی و ڕەتکردنەوەی دەمارگیریی کرد، نەخاسمە لە پلاننامەکەی پەسنی کرد کە دادەنرێ بەپێشڤەچوونێک لە بواری مافەکانی مرۆڤدا.

کۆنگرەی ١٩٩٣ی ڤیەننا، دووەمین کۆنگرەی دنیایی بوو پاش کۆنگرەی ١٩٦٨ی تاران، گرینگییەکەشی لەوەدا بوو کە لە دۆخێکی نێودەوڵەتیی جیاواز لە سەروەختی شەڕی سارد بەسترا و لە سایەی دۆخگەلێکدا کە پرسی مافەکانی مرۆڤ لە سەرلەبەری دنیادا بووە پرسێکی باڵادەست، بەتایبەتی، دوای ئەوەی بووە یەکێک لە بنەما پەیگیرەکانی (ملزمە) jus cogens یاسای نێودەوڵەتی و لە بنیاتی ژێرخانی هەر کۆمەڵگەیەک لەو کۆمەڵگانەی ڕوویان لە پێشکەوتن بوو.

ئەڵبەت گێرمەی (ئیشکالیەتی) لێبووردەیی، بەڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی نەژادی و دەمارگیری و ڕقلێبوونەوەی بیانییان، تەوەر و ناوکرۆکی ئەو کۆنگرە گرینگە دنیاییە بوو کە لە دێربن (باشووری ئەفریقیا) لە دوا دواییەکانی ئاب/ئۆگستس و سەرەتاکانی ئەیلوول/سێپتێمبەری ٢٠٠١دا بەسترا و درێژەپێدەری ئەو دوو کۆنگرە نێودەوڵەتییە بوو کە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٨٣ پێش نەمانی ڕێژیمی جیاکاریی نەژادی (ئەپارتاید) لە باشووری ئەفریقیا بەستران.

هەر دەبێ ئاماژە بدەین کە پێوەندییەک لە نێوان نالێبووردەیی و جیاکاریی نەژادیدا هەیە، دوکتۆر ئەمین مەکی مەدەنی، دەڵێ، ئەم جۆرە جیاکارییە، ناشیرینترین جۆرگەلی جیاکارییە کە پشت بەفەلسەفەی نازیزم دەبەستێ و لەسەر بنچینەی باڵادەستیی نەژادی ئاری بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا ڕۆنراوە. دوکتۆر مەدەنی، بڕێک نموونەی ئەو هەڵسوکەوتانە دێنێتەوە کە بەرانبەر جوولەکە و قەرەج و زنجییەکان و خەڵکانێکی تر کراوە، جا لە ڕێی کۆمەڵکوژی یان لە ڕێی ڕاگواستن و بارکردن و بەندکردنەوە بێ. ئەم ئاماژەیە وا پێویست دەکات باسی ڕێژیمی جیاکاریی نەژادی باشووری ئەفریقیا بکرێ کە دەیان ساڵی خایاند، ئەو ڕێژیمەی

پشتی بەیاساگەلێکی نەژادی و جیاکاریی دژی ڕەشپێست و ڕەنگاوڕەنگەکان پێڕەو دەکرد لە قازانجی سپیپێستەکان، بەتایبەتی ڕێژیمی بانتوستان Bantustan کە برێتی لەوەی ڕەشەکان دوور لە سپییەکانی سەرکاریان بخەون.

نموونەیەکی تر، فەلسەفەی ئیسرائیلە کە هەوڵ دەدات دەوڵەتێکی سەرومڕ جوولەکە ڕۆ بنێ کە جیاکاری بکات لە نێوان ڕەگەز nationality و هاووڵاتیبووندا ، هەروەها جیاکاری بکات لە نێوان جووانی ڕۆهەڵات "سفاردیم" وcitizenship جووانیی ناعەرەبی "ئەشکەنازی" و لە نێوان عەرەبی کۆچەری و ناکۆچەریدا، لە نێوان جووانی فەلاشادا، ئەمەش، ئیسرائیل دەکاتە نموونەیەک بۆ نالێبووردەیی و جیاکاریی نەژادی[٢٤].

شایەنی ئاماژەیە، ڕۆژی ٢١ی ئادار/مارس، دادەنرێ بەڕۆژی دنیایی نەهێشتنی جیاکاریی نەژادی کە ڕۆی قەسابخانەی شاربفیلی باشووری ئەفریقیایە، لە دیادا یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕادەگیرێ.

هەرچی ئەنتوان مەسەرەیە، باس لە ڕۆڵ و ستراتیجی لێبووردەیی و ئاشتیی دنایی دەکات، وای دادەنێ بەشداریی ئاینگەل لە ئاشتیدا پێوەستە لانی کەم بە سێ هۆکاری بنچینەییەوە:

١- لێبووردەیی وەک کۆمەڵێک بەهاگەل، بەگوێرەی چەمکی یونسکۆ کە لە خولی ٢٨ی ١٦/١١/١٩٩٥دا دەستنیشانی کردووە.

٢- بەڕێوەبردنێکی دیموکراتییانەی فرەییی ئاینی و مەزەبی لە ڕێی

---

٢٤. كان الدكتور عاطف عضيبات قد أشار في كلمته الافتتاحية في فندق "راديسون ساس" في عمان يوم ٢٠ تشرين الأول/أكتوبر٢٠٠٣ في ندوة التسامح الدولية التي نظمها المركز الاقليمي للأمن الانساني المشار اليها، الى دعوة جلالة الملك عبدالله الثاني طلبة المدارس الأردنية في أيلول/سيبتمبر٢٠٠٣ الى التمسك بقيم الحق والعدل والتسامح والأخلاق الحميدة معتبرا ذلك رؤية ثاقبة لنشر قيم التسامح وتأصيلها في المجتمع الأردني لتعزيز قيم الأمن والسلام.

أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، الملك حسين: الوجه الآخر، الحاكم والانسان وسؤال التسامح، جامعة الحسين بن طلال، معان (الأردن)، ٨ - ١٠ نيسان/أبريل ٢٠٠٢ (مؤتمر دراسات فكر الحسين ابن طلال).

میکانیزمگەلێکی بەشداری لە دروستکردنی بڕیار و سامانی گشتیدا.

٣- دادپەروەری نێودەوڵەتی بەپێی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

وێنەی ئەوی تر، کورت ناکرێتەوە لە یەک جۆر و شێوازدا، بگرە دەشێ چەندان جۆر لەوی تر جیا بکەینەوە، کە هەر شێواز یان جۆرێکیانش پێویستی بە میتۆدێک لە شیکاری و چارەسەر هەیە:

شێوازی یەکەم: ئەوی تر وەک هەڕەشەی سیاسی.

شێوازی دووەم: ئەوی تری ڕکابەر.

شێوازی سێیەم: ئەوی تری دۆست[٢٥].

یەکەم، ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوە و ڕیشەکێشکردنی گەرەکە؛ دووەم، هەڕەشە لە پێناسە ناکات، هەڕەشە لە وارەکە دەکات؛ سێیەم، جۆرێکە لە یەکتر تەواوکردن. بۆیە ناکرێ تەنیا بەڕووە ئاینییەکەیدا باسی لێبووردەیی بکەین، چونکە ئەوە کوڵکردنەوەی (اختزال) چەمکەکەیە[٢٦].

٢- یونسکۆ و لێبووردەیی

چەمکی لێبووردەیی، چ لە ئاستی هزریدا چ لە ئاستی واری کردەنی، لێکەوتەوەی زۆری هەیە، نەخاسمە لەم ساڵانەی دوایدا زۆرتر کەوتووەتە سەر زاران. بۆ ئەوەی وەسپێکی بنەمای لێبووردەیی بکەین، ئاماژە بەوشە ئینگلیزییەکەی دەدەین tol-eration. کاتێک باسی کردەکە واتە کرداری لێبووردەیی دەکەی دەگوترێ toler-ance. فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی هەردوو وشەی toleration و tolerance بەچەند مانایەکی تەڤلی هەڤ و هێندێک جار لێک جیاواز بەکار هێناوە[٢٧]. وەلێ

٢٥. أنظر: مسرة أنطوان، مفهوم التسامح - الأبعاد، الدلالات، الاشكاليات، ندوة المركز الاقليمي للأمن الانساني، عمان، مصدر سابق.

٢٦. أنظر: نيكولسون، بيتر، ب، "التسامح كمثال أخلاقي"، كتاب مشترك، التسامح بين شرق وغرب، ترجمة ابراهيم العريس، دار الساقي، لندن، ط١، ١٩٩٢، ص ٢٨ - ٢٩ ومابعدها.

٢٧. أنظر: اعلان المبادئ بشأن التسامح، اليونسكو، باريس، الدورة الثامنة والعشرون، ١٦تشرين الثاني/نوفمبر ١٩٩٥ وكذلك: اعلان سنة الأمم المتحدة للتسامح والاعلان بشأن التسامح، ١٥تشرين الثاني/نوفمبر١٩٩٣

تیۆری لێبووردەیی یان بیروباوەڕی لێبووردەیی لای فرەنساییەکانە وشەی -Ttol erantismeیان لە بەرانبەردا داناوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٩٦ی بەساڵی لێبووردەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هێنایە ژماردن. ئەو "ڕاگەیاندراوی بنەماگەلی لێبووردەیی"یەی خولی بیست و هەشتەمینی یونسکۆ لە ١٦ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١١دا، داوای کرد، هەموو ساڵێک، لە هەموو دنیادا، ئەو ڕۆژە بەڕۆژی لێبووردەیی ناساند. یونسکۆ، داخوازی کرد جێ و ڕێی میتۆدییانە و عەقڵانی بگیرێتە بەر بۆ فێرکردنی لێبووردەییی، کە باس لە هۆکارەکانی نالێبووردەییی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی بکات، واتە ڕەگ و ڕیشە سەرەکییەکانی توندوتیژی و ستەمکاری.

لە ماناکانی ڕاگەیاندنی بنەماکانی لێبووردەیی؛ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بەبڵاوبوونەوەی بەهاگەلی لێبووردەیی و جێگیرکردنیانە وەک تێڕوانینێکی مرۆڤانی و ئاکاری، ئاخر ئەم پێشکەوتنەی ئێستای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی لەو گێژاوەی ئێستای دەرباز نابێ بەتەشەنەکردنی بیرۆکەی قەبووڵکردنی ئەوی تر نەبێ، با ئەوی تر، بۆچوونیشی لەگەڵ (کۆمەڵ) جیاواز بێ، نەخاسمە ئەوە، پێداویستییەکی نووکەییە نەک ڕابوێرییەکی هزری (ترف فکری)، پێچەوانەکەشی (لێبووردەیی)، واتە دەمارگیری و کەڵەگایی و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر، بەزمانی سیاسەتیش، فرەوانبوونی بازنەی توندوتیژی و ڕێگرتن لە بۆچوونی ئازاد و ستەمکاری لە ئاستی حکوومەتیدا و بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندڕۆی و توندوتیژی و ڕێگەنەدانی بۆچوونی تر و تاوانبارکردنی، واتە، سەپاندنی بۆچوون بەزەبری هێز و تۆقاندن لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە و بەزاندنی یاسا و ڕێساگەلی باو.

"ڕاگەیاندراوی بنەماگەلی لێبووردەیی"[٢٨]ی یونسکۆ (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری)، دادەنرێ بەپێشڤەچۆنێکی نێودەوڵەتیی گرینگ لە بواری بیرۆکەی لێبووردەییدا، ڕاگەیەندراوەکە، وەک یەک لە

---

٢٨. المصدر السابق. أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، "التسامح في الفكر العربي ـ الاسلامي"، مداخلة في ندوة منتدى الفكر العربي، عمان ١٧ - ١٩ كانون الأول/ديسمبر٢٠٠٢

پایە بنەڕەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و کارێک لە پێناو ئاشتیدا دادەنێ، هەروەسا پێویستی بەدانپێدانانی ئەوی تر و ڕێزگرتنی شایستەی هەیە. لێبووردەیی، پێویستی بە پێکەوەژیان و ئاگالێبوونە لەگەڵ ئەوانی تردا "لێبووردەیی مانای ڕێگرتن و قەبووڵکردنی فرە کولتووریی ئەم دنیایە و شێوەکانی ڕادەربڕین و خەسڵەتە مرۆڤانییەکانمانە، ئەم لێبووردەیییەش، بە ماریفەت و کرانەوە و پێوەندیگرتن و ئازادیی هزر و ویژدان و باوەڕ دەچەسپێ".

لە لێکدانەوەی چەمکی لێبووردەییدا، لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "پێکەوەگونجانی جیاوازەکان، نەک تەنیا ئەرکێکی ئاکرییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و قانوونییە". هەروا دەڵێ لێبووردەیی واتە "وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەرێنی کە دان بەمافی ئەوانی تردا بنێ کە دەبێ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەیییەکانیان بۆ فەراهەم بێ".

جەخت دەکاتەوە "لێبووردەیی" بەرپرسیارێتییەکە دادەنرێ بەپایەی سەرەکی مافەکانی مرۆڤ و فرەیی (بەفرەییی کولتووریشەوە) و دیموکراسی و حوکمی یاسا و ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم و ستەمکارییە... مرۆڤ، ئازادە لەوەی لەسەر باوەڕێک بێ و پێویستە قەبووڵیشی بێ ئەوانی تریش لەسەر باوەڕی دڵخوازی خۆیان بن.

لێبووردەیی، مانای دانانان بەوەی مرۆڤگەل، لە ڕوو و دۆخ و ڕەوتار و بەهاگەلیاندا جیاوازن و مافی ئەوەیان هەیە ئاشتییانە بژین. ڕاگەیەندراوەکەی یونسکۆ ئاماژە بەوە دەدات کە یەکەمین هەنگاوی تەشەنەکردنی بنەمای لێبووردەیی برێتییە لە "خەڵک فێری ماف و ئەرکە هاوبەشەکانیان بکرێن تا ڕێز لەو ماف و ئەرکانە بگرن، سەرباری ئەوەی سوور بن لەسەر ئەوەی ماف و ئەرکی ئەوانی تریش بپارێزن"[٢٩].

فیدریکۆ مایۆر، بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی یونسکۆ دەڵێ: بەهۆیەوە توانیمان لە چەندان ڕووبەڕووبوونەوە خۆمان بپارێزین، توانیمان چەندان شکۆی مرۆڤەکان بگێڕینەوە و بەگوێرەی "هاریکاریی ڕۆشنبیری و ئاکاری" کە پاکتی یونسکۆ

٢٩. عزام التميمي، (اعداد وتحرير)، الشرعية السياسية في الاسلام، منظمة ليبرتي، مداخلة الشيخ راشد الغنوشي، لندن ١٩٩٧، ص١٩٩

بانگهێشتنی بۆ دەکات، پارێزگارییان لێ بکەین، مایۆر، ئەوەی لەو پاکتەدا هاتووە دەڵێتەوە "چونکە شەڕەکان لە عەقڵی مرۆڤەکاندا بەزاین دەبن، بۆیە دەبێ قەلاکانی ئاشتیش لە عەقڵیاندا ڕۆ بنرێن".

ڕەنگە ئەوە بێ ئەو فەرزی زەین یان بیرەوەرییەی مایۆر لە وتارێکیدا بەناونیشانی "فەرزی بیرەوەری ١٩٩٤ - ١٩٩٥" لە ڕۆژنامەی "ئەلحەیات"ی لەندەنیدا لە ٤٥مین ساڵوەگەڕی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، باسی دەکات و ئەو باجە گرانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان کە ملیۆنان مرۆڤ بوونە قوربانی لە ئەنجامی بێدەنگی و بەزاندنی بنەماکانی لێبووردەیی کە بوونە هۆی ڕوودانی زریان و ئاگر و شەڕ و کارەساتگەل.

٣- گێرمەی لێبووردەیی

پێ ناچێ پرسی لێبووردەیی "گێرمە - ئیشکالییەت"ێکی ڕاستەقینە بێ لە کۆمەڵگە کراوەکاندا، ئەگەرچی لێرە و لەوێ برێک خڵتە و خاشاکی کۆن و پێشێلکاریی زەق ڕوو دەدەن نەخاسمە لە ئاستی کردەنیدا. هەموو مرۆڤێک "تاکێک"، برێتییە لە پرسی لێبووردەییی هەموو تاکێکی "تر". ئاخر ئەو کۆمەڵگەنە گەیشتوونەتە جۆرێک لە "لێک دڵنیابوون"، پاش شەڕگەل و کۆژانگەلێکی دوور و درێژ تا گەیشتنە قۆناخی لێبووردەیی و پێڕەوکردنی وەک بەرجەستەیەک، بگرە ڕاستییەکی وازلێنەهێنراو لە پێناو پێشڤەچوونی کۆمەڵگەدا، وەک ڕێکخستنێکی هزریی ئاکاری، لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، ئاینی، مەزەبی، کۆمەلایەتی و کولتووریدا. وەلێ بەداخەوە، لێبووردەیی، وەک چەمک و وەک مافگەل، ئەوە لە پێڕەوکردن هەر بگەڕێ، تا ئێستە لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، بوونی نییە.

ڕەنگە هەر ئەم ڕاستییە تاڵە بێ وای لە هزریارێکی ئیسلامی کردبێ بڵێ: "لایەنێک لە هزری ئیسلامیمان، هزرێکی پووچگەرایە، وەک باگردێن بەدەوری خۆیدا خول دەخوات و ئاگرێکە خۆی دەسووتێنێ، ئەوەش کرۆکی دواکەوتوویی و تێشکانە"[٣٠].

٣٠- قارن: كتاب مشترك، التسامح بين شرق وغرب، مصدر سابق. كذلك أنظر: البكوش، ناجي، والطالبي، محمد وعمر، عبدالفتاح، دراسات في التسامح، المعهد العربي لحقوق=

نەلوونی لێبـووردەیی، واتە؛ بڵاوبوونەوەی دیاردەی دەمارگـیری و توندوتیـژی و باڵادەستی عەقڵییەتی حەرامکردن و تاوانبارکردن لە دەسەڵات و دەرەوەیدا لەلایەن گرووپگەلە توندڕۆکانەوە یان ئەوانەی بەئسـووڵی یان بناوانخـواز نـاسراون، چ لە ئاســتی هزری یان سـیـاسی یان کـۆمـەڵایەتی یان کـولتـووری یان ســەبارەت بەشێوازی ژیان.

لە ڕووی هزرییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ ڕێگرتن و حەرامکردنی مافی بیرکردنەوە و باوەڕ و ڕادەربڕین، لـە ڕێی سـەپاندنی مـەرج و کۆنتـرۆڵگەلێکەوە بۆ بەرگـرتن لە پێـڕەوکردنـی ئەو مـافـە، بگرە حـوکم و سـزا دادەبارێ بەسـەر ئـەو کـەسـانەدا وەک خۆیان بیـر بکەنەوە، جا ئەوانە لە ڕێی یاساگەلێکی دەستوپێ بەسـتەرەوەوە بێ یان لە ڕێی هەڵسوکەوتێکی چەوسێنەرانەوە بەبڕ و بیانووی جیاجیاوە.

وەلێ لە ڕووی سـیـاسـیـیەوە، نالێبـووردەیی، واتە؛ قـۆرخکردنی حـوکمـڕانی و هـەوڵدان بۆ کۆنتـرۆڵکردنی و پاکانەکردن بۆ ڕێگرتن لە بۆچوونی ئەوی تر، جـا بە ناوی نەتەوەیییەوە بـێ یان بەناوی ملمـلانێی عـەرەبی – ئـیسـرائـیلییـەوە بێ، یان بەناوی چینـایەتی و بەرگـریکردن لە بەرژەوەندیی زەحمـەتکێـشانەوە، یان بەناوی ئاینـەوە، لە پێنـاو نەهێـشـتنی هیچ دەنگێک و سـەپاندنی دەسـتبـەسـەراگـرتن و بانگهێشتنی خاوەنداریێتیی ڕاستی.

لە ڕووی ئاینیـشـەوە، نالێبـووردەیی، مـانای؛ قـەدەخـەکـردنی ئیـجـتـیـهـاد و حـەرامکردن و بەکـافـرکـردنی هەر بۆچوونێکی ئازاد بـەبیـانووی لادان لە سـابەی پاکـانەگـەلێکی دیماگـۆگی لێـڵـدا کـە ڕێ بەلێکدانـەوەی تر نادەن، نـەخـاسـمـە بۆچوونێک لەگەڵ باودا نەیەتەوە، هێندێک جاران دیمەنەکە تاریکتر دەبێ لە سایەی تاکـئـاینی و لە ڕێی سـەنگەرگـرتـنی تایـەفی و مـەزهەبیـیـەوە، وەک هـەوڵێک بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵ و مەزهەب و ئیـجتیهادەکانی تر، بگرە دەستبـەسـەراگرتنیان[٣١].

= الانسان، المجمع التونسي "بيت الحكمة" تونس، ١٩٩٥ كذلك: المجلة العربية لحقوق الانسان، اصدار المعهد العربي لحقوق الانسان، العدد٢، تونس، تشرين الأول/أكتوبر ١٩٩٥، الملف الخاص بالتسامح.

٣١. شعبان، عبدالحسين، مداخل الانتقال الى الديمقراطية في البلدان العربية (مجموعة مؤلفين)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٣

تا ئەو جێیەی حزبێکی ئیسلامی کۆنگرەیەک لەژێر دروشمی بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسی لە بەریتانیا ببەستێ، وەک شێخ راشید ئەلغەنووشی ئاماژەی پێ کردووە.

پێم وانییە کۆمەڵگەیەک هەبێ جیاوازی یان ناڕازیبوونی تێدا نەبێ و بۆچوونەکانی تێدا دابەش نەبووبێ، بگرە دەتوانم بڵێم، کۆمەڵگەیەکی بێ جیاوازی یان لێکنەچوون یان تایبەتمەندی، کۆمەڵگەیەکی خەیاڵییە و لە واردا بوونی نییە. لێکچوون، جۆرێکە لە مەحاڵ. خۆ ئەگەر کۆمەڵگەیەکی وا هەبێ، بێگومان، کۆمەڵگەیەکی مردووە، ئاخر جیاوازی، سروشتی شتەکان خۆیانە، فەرمانڕەوایەک، چاکسازیخوازێک، هزرڤانێک یان پەیامبەرێک نییە، کەسی ناڕازی بەرانبەری نەبێ، وەک جیاوازیی خێر و شەڕ، تەنانەت بەرانبەر خوای گەورە و باڵادەست، ئیبلسێک لاملی کرد و سوجدەی نەبرد.

بەم شێوەیە، جیاوازی و لێکنەچوون، لە هەناوی ژیانی مرۆڤایەتیدایە وەک چۆن ژن و پیاو، شەو و ڕۆژ، هەق و ناهەق، زاڵم و زوڵم لێکراو، خێر و شەڕ جیاوازن، بگرە جیاوازی لە سروشتی دیاردەکە خۆیدا و ئیجتیهادە جیاوازەکاندا هەیە لەبارەی گەیشتن بەئامانجێک، لە کاتێکدا کەرەسە و ڕێوشوێنەکان لێک ناچن و هێندە جۆرەوجۆرن تا ئاستی پێکەوەنەگونجان و لێک جیابوونەوە.

پێناسەی کۆمەڵگە و قەوارە و یەکەتی و تۆکمەییەکەی، دژبەری ململانێ و جیاوازی و جۆرەوجۆری و فرەییەکەی نێوی نییە. جیاوازی، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی زیندوویەتیی هۆشیاری و هۆکارێکی کارا بوون و هاوکارێتی لە پێشڤەچوون و نوێبوونەوەدا. پێناسەی "من"یش ڕاست نابێتەوە، بەبێ پێناسەی "ئەوی تر".

جیاوازی پرسێکی سروشتی ژیانە لە شێوە و دۆخی کۆمەڵایەتی و زمان و ڕەوتار و بەهاگەل و ئاین و بۆچوونی سیاسی و ئی تردا. دیسان، جیاوازیی مافە، ڕەتکردنەوەشی، دەبێتە هۆکاری چەقبەستن و مەنگبوونی کۆمەڵگە و دەبێتە زەوینەسازی ستەمکاری، ئاخر لە جیاوازیدا، واتە بەرجەستە دەبێ و دەلالەتیش دەخوڵقێ.

ئەگەر لێکنەچوون خەسڵەتێکی زەرووری بێ، لەبەرئەوەیە چونکە لە سروشتی

شتەکاندایە، زێدەڕۆی تێداکردنیشی، بەرەو داخران و دەمارگیری و دوورکەوتنەوە لە بنەچەمان دەبات، دەبێتە هۆی دەستگرتن بە تایبەتمەندێتییەکی بەرتەسکەوە، تا ئەو ئاستەی، ئەوی تر، دەبێتە شایستەی کینە و فەرامۆشکردن، ڕەنگە هێندێک جاران، بگاتە لەنێوبردنیش. ئەوە دروست داخران و خۆدوورگرتنە لەوی تر، بەبیانووی خۆپاراستن نەک تێکەڵاوبوون لەگەڵ "ئەوی تر". بەم شێوەیە، پێناسەی لاوەکی، حزب، تایەفە، مەزەب، شوێنی پێناسەی گشتی دەگرێتەوە و مێژووی "تایبەت" دەبێتە تاکە مێژووی ڕەوا و شەرعی، هەرچی ئەوانی تریشە، دروستکراوی دوژمنن.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراو لە ژیان، بێ ڕەچاوکردنی پێشڤەچوونە خێراکانی دنیا و لێکەوتە جۆرەوجۆر و جیاواز و تێکچڕژاو و کارلێکەرەوەکانی، جارانێک خەڵکەکە بەشێوازێک سەنگەر لێک دەگرن و هەڵسوکەوت دەکەن بەشێوازی سەدان ساڵ لەوەوبەر.

بەڵام لە ڕووی کولتوورییەوە، نالێبووردەیی، واتە؛ دەستگرتن بەبەهاگەل و چەمکە کۆن و کلاسیکییەکانەوە و دژایەتیی هەر ویستێکی نوێگەری، یان هەر شێوازێکی گۆڕین، تەنانەت شیعری نوێ دەبێتە "بیدعە و سەرلێشێوان" و بگرە دژایەتیی کەلەپوور و مێژوو و لەوانەیە "پلانێکی گەورە" بێ کە سەرۆکارانی شایستەی بەردباران و سزادانن، ئەم تێڕوانینەش بۆ ئەدەبیات و هونەرگەل هەر وایە، نەخاسمە موزیک و سەما و گۆرانی و شانۆ و پەیکەرتاشی و هونەرەکانی تر، خۆ باسی خۆشەویستی هەر مەکە!

لە ئاست ئەو داخراوییەی باڵی بەسەر دنیای عەرەبی و ئیسلامیماندا کێشاوە، سەرەڕای بڕێک دەرکەوتەگەلی (ارهاصات) تازە، دەبینین دنیا، هەوڵی بەرفرەوانکردنی یاساپینەی لێبووردەیی دەدات، پاش تەشەنەکردنی ئاکارییانەی. لە بانگهێشتنەکانی ئەم لێبووردەییە، بەرگریکردن لەو نالێبووردانەی ئایدیۆلۆجیاگەلی نالێبووردەی تۆتالیتاری بڵاو دەکەنەوە. هەرچەندە، ئەم بیرۆکەیە ئێستە لە ڕۆئاوا ڕووبەڕووی ڕەخنە، بگرە سڵەمینەوە و لێ ترسان بووەتەوە، نەخاسمە پاش ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ی ئەمەریکا، چونکە بەلای هێندێکەوە مەترسییە بۆ سەر بیرۆکەی لێبووردەیی خۆی،

بگره لەنێوبردنی ئازادییە، وەلێ کارڵ پۆپەر وەڵام دەداتەوە و دەڵێ، لەسەرمان پێویستە نابێ بەو هەستە خۆرسکە هەڵخەڵەتێین کە گوایە بەردەوام ئێمە ڕاستین. لەم بارەوە، گفتوگۆی زۆر کرا، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە جەزایر، ئەوانەی ڕایان گەیاند دیموکراسی دەنێژن، ئەو دیموکراسییەی پێی گەیشتبوونە دەسەڵات، ئەوەش پاساوی (پاساوێکی ناپەسند و ناڕەوا) بەسەربازییەکان دا بەبیانووی پاراستنی دیموکراسییەتی هەڕەشەلێکراوەوە لەلایەن ئەوانەی زۆرینەیان هێناوە، کودەتاکەیان جێبەجێ بکەن.

بەم شێوەیە، دیموکراسی لای ئەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا ناگونجێ، "بێزەوەر" دەبێ، کەچی "زۆر چاکە" ئەگەر لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانیاندا بێتەوە. شتێکی سەیرە بەڕاستی کاتێک دیموکراسییەک کە بەدوایدا وێڵین زیاتر لە تارمای دەچێ لە کاتێکدا دیموکراسییە چاوەڕوانکراوەکە، دەبێتە خەونێکی دوورەدەست[٣٢].

ئەڵبەت ڕووداوەکانی ١١ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ و دواتر شەڕی ئەفغانستان و عێراق، دەرگەی گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لە تەک ناڵێبووردووواندا خستە سەر گازەرەی پشت.

بەڵام پرسەکە بەناوهێنانی برێک ئاراستە و تەوژمەوە نەوەستا، بگرە پرسەکە بەشێوەیەکی دووفاقی قۆزرایەوە و کرایە گێژاوێک بۆ ناوچەی عەرەبی ــ ئیسلامی و بزووتنەوەکانی دژە داگیرکاری و تۆمەتبارکردنیان بەتاکە سەرچاوەی بنەڕەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

ئەڵبەت بۆ تێپەڕاندنی ئەو پێڕەوە، کاتێک باس دێتە سەر موقاوەمەت، کە لەلایەن

---

٣٢. أنظر: الملتقى الفكري الخامس للمنظمة العربية لحقوق الانسان، لندن، ١٩٩٥، الموسوم ب"التسامح والنخب العربية وحقوق الانسان"، كتاب مشترك بعنوان ثقافة حقوق الانسان، اصدار البرنامج العربي لنشطاء حقوق الانسان، القاهرة ٢٠٠١، تحرير وتقديم عبدالحسين شعبان.

كذلك: شعبان، عبدالحسين، سؤال التسامح، كتاب مشترك، محاضرة للباحث وحوار معه بمشاركة نخبة من أساتذة الجامعة ومدراء مراكز الأبحاث في الأردن، اصدار مركز عمان لدراسات حقوق الأنسان، عمان، ٢٠٠٢

لایەنە باڵادەستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئەوانەی سەر بەو دنیایەن، کراوەتە هاوکووفی تیرۆریزم، یەکسەری وێنەی ناشیرینی بنلادن و سەدام حوسێن و زەرقاوی دێتە پێشەوە، کەچی باس لە پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل ناکرێ، نەخاسمە حکومەتەکەی شارۆن و ئەو قەسابخانانەی دژی گەلی فەلەستین لە جنین و ڕامەڵلا و خەلیل و نابلوس و غەززە و قودس، ئەنجامیان دەدات، ئەمانە جگە لە ڕاوەدوونانی سەرکردەگەلی فەلەستینی وەک ئەوەی لەم دواییەدا دژی سەرکردەکانی "حەماس" کردی، کاتێک شێخ ئەحمەد یاسین و عەبدولعەزیز ئەلرەنتیسی کوشت، سەرباری دیواری جیاکاریی نەژادی (جیاکەرەوە) وێڕای نارازیبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای کۆمەڵەی گشتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی و تەواونەکردنی، بەو پێیەی کارێکی ناشەرعی و نارەوایە. ئەڵبەت پرسی ئەو دیوارە ساڵی ٢٠٠٤ خرایە پێش دادگەی دادپەروەریی نێودەوڵەتی لە لاهای وەک ڕاوێژ، بەڵام ئیسرائیل نارازی بوو، بەکارێکی سیاسی نەک یاسایی لە قەڵەم دا.

٤- لەبارەی مانای لێبووردەییەوە

بیرۆکەی لێبووردەیی مانای توانای قەبووڵکردنی بۆچوونێکی تر یان بۆچوونی ئەوی تر، خۆڕاگرتن لە بەردەم ئەو شتانەی مرۆڤ خۆشی ناوێن و حەزیان پێ ناکات، بگرە هێندێک جار بە دژی بیرکردنەوە و ئاکاری خۆی دەزانێ، ئاخر قەبووڵکردنی بنەمای لێبووردەیی و بیرۆکەی پێکەوەژیان، واتە؛ تێپەڕاندنی دابەشکاری بەگوێرەی خوێن و نەتەوە و ئاین و ئێل و عەشرەت و شتی تر، لانی کەم لە هەردوو لایەنی تیۆری و ئاکارییەوە.

بنەمای لێبووردەیی، مانای پێکەوەژیانێکی جیاواز، چ بەمافی ڕادەربڕین بێ یان مافی دەربڕینی باوەڕ و ڕێکخستن و بەشداریی سیاسی. ئەمانەش، ماف و ئازادییەلی بنچینەیین، پاش مافی ژیانی ئاشتییانە، ئەمەش کرۆکی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤە، کە لە شۆڕشی فرەنساوە ١٧٨٩ و پێش ئەویش دەستووری ئەمەریکا ١٧٧٦، پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە بەجەختکردنە سەر مافی هەر تاکێک ئازاد بێ ئەگەر ڕێزی لە ئازادی ئەوانی تر گرت و نەیبەزاندن.

قەبووڵکردنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی مانای ڕازی بەهەموو شتە هاوبەشەکان،

با بەتێڕوانینی ئەوی تر، نائاکاریش بێ، یان نێزیک بێ لە خراپەوە ئەگەر هەر خراپ نەبێ. بەم مانایە، بنەمای لێبووردەیی، بیرۆکەیەکی ئاکارییانەیە کە ڕەهەندێکی سیاسییانە و هزرییانەی بەرانبەر بیروباوەڕ و کردار و ڕەوتارەکان هەیە، پێچەوانەی بیرۆکەی لێبووردەییش، نالێبووردەییە، واتە؛ دەمارگیری و توندوتیژی و هەوڵی سەپاندنی بۆچوون بەزەبری هێز[٣٣].

ئیبن سینا کاتێک باسی شەڕ دەکات دەڵێ: "شەڕ نییە لە دنیای زەوی و گەندەڵیدا نەبێ". ئەوەشی وا لێکداوەتەوە کە شەڕ "کەم و لاوەکییە"، بەڵام زەروورە لە پێناو "خێر"ێکی زۆر و گشتی و بەردەوامدا... وەلێ شەڕ، خۆی لە خۆیدا بوونی نییە. بۆیە خێر، لە دۆخێکی وادا، بۆ خۆی نییە، بگرە سەبارەت بەبوونی شەڕ، هەیە. شەڕ، لە خێر بەزاین دێ و شێوە دەگرێ، دواتر دەبێتە مەرج و پایەیەک لە پایەکانی.

لەبارەی ڕاستیی پێشڤەچوونی بنەمای لێبووردەییەوە، بەلای دنیای شارستانی و مرۆڤی مەدەنییەوە، هیچ لارییەکی لەوە نەماوە کە بیرۆکەکە، تەنیا پاڵنەرێکی ئاکاری نییە، بگرە نێزیکە لە ئەرک، یان بنەمایەکە، ڕێزگرتنی بووەتە ئەرک لە دنیا یان کۆمەڵگەیەکی جۆرەوجۆری جیاوازی دژبەردا.

ڕەنگە بگوترێ، هەموو ئایدیۆلۆجیایەک، برێک لە پاساوسەمتی خۆی تێدایە بۆ بنیاتی هزری و بەرگری لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی، کە خاڵی نییە لە جۆرێک لە ستەمکاری و بەرگری لە باوەڕ و دەمارگیرییەکی بێزراو و داخران و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر. خۆ ئەگەر مرۆڤ زێدەڕۆیی کرد لە سەپاندنی باوەڕ بەزەبری هێز، پرسە سەر دەکێشێ بۆ ئاستی پێرەوکردنی تیرۆریزم و ئەو کات گفتوگۆ دەبێتە ویستێکی "ئەوی تر" بۆ بەزاندنی یاسا و شەریعەت و حەرامکراوەکان.

ڕەوتاری توێژەر لە ڕەوتاری سیاسەتوان جیاوازە، توێژەر لە خەمی دەرخستنی

---

٣٣. قارن: الكتاب المشترك ثقافة حقوق الانسان. كذلك: قارن الكتاب المشترك دراسات في التسامح، مصدر سابق، وكذلك كتاب سؤال التسامح، مصدر سابق. كذلك: محاضرة شعبان، عبدالحسين، بعنوان: "فقه التسامح"، مؤتمر الاسلام والتسامح، مؤسسة المنتدى الثقافي في هولندا بالتعاون مع الجامعة الاسلامية في روتردام، ١٥-١٦ تشرين الثاني/نوفمبر٢٠٠٢

ڕاستیدایە بێ گوێدانە ئایدیۆلۆجیا و باوەڕی سیاسی، وەک کردارێکی داهێنەرانە و مرۆڤانی سەیری دەق دەکات دوور لە پیرۆزی، هەرچی سیاسەتوانە، وەک پیرۆزێک سەیری دەق دەکات کە دەیەوێ دیاردەکان لێک بداتەوە و هەوڵ دەدات دیاردەکان لەگەڵ دەقەکاندا بگونجێنێ.

جۆن لۆک، بەرگری لە بنەمای لێبووردەییی ئاینی کرد بەئاماژەدان بەوەی هەموو مرۆڤگەل مافی ئازادیی سروشتییان هەیە، وەلێ ئازادییەکی مەرجدارە بەئاکار و یاسای سروشتی. لۆک، عەقڵ بەیاسای سروشتی دادەنێ نەک ئەو فێری ئەو یاسایەمان بکات، بۆیە یاسای سروشتی لە بنەڕەتدا عەقڵانییە. وەلێ کۆنترۆڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئازادیی سروشتی "بنچینەی ئازادییەکان"، ئەوە سێ دامەزراوەی زەروری بۆ خاوەندارێتیی ئەو مافانە لە ئارادایە کە پێویستە خەڵک ڕێزیان بگرن: ئەو دامەزراوانەی مافەکان دەستنیشان دەکەن (دەسەڵاتی یاسادانان)؛ ئەو دامەزراوانەی ناکۆکییەکان چارەسەر دەکەن (دەسەڵاتی قەزایی)؛ ئەو دامەزراوانەی سزاکان بەسەر پێشێلکارانی مافەیلدا دەدەن؛ هەمان ئەم بیرۆکەیە بووە کرۆکی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. خەڵکێکیش هەیە، دەسەڵاتی چوارەمی دەخەنە سەر کە برێتییە لە ڕۆژنامەوانی.

مەبەست لەمەی چوارەمیان، دەزگەگەلی ڕاگەیاندنی نوێیە کە دنیایان کردووەتە "گوندێکی گەردوونی"، نەخاسمە لە سایەی جیهانگیریدا. دەتوانین دەسەڵاتێکی پێنجەمیش بخەینە سەر ئەو چوارەی تر، ئەویش دەسەڵاتی مافەکانی مرۆڤە کە دنیای مەدەنی ناتوانێ پشتگوێی بخات، ئاخر ئاستی پێشکەوتنی هەر وڵات و گەل و کۆمەڵگە و نەتەوە و کۆمەڵەیەکی سیاسی یان ئاینی بەوە دەپێورێ، ئاخۆ تا چەند ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێ، کە بووەتە کەڵکەڵەی هەمووان، نەخاسمە پاش دارمانی سیستەمی دوو جەمسەری و کۆتاییی شەڕی سارد و گۆڕانی ململانێ ئایدیۆلۆجییەکە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر.

وەلێ ڤۆڵتێر ئاوها وەڵامی پرسیاری: لێبووردەیی چییە دەداتەوە: "ئەنجامی مرۆڤبوونمان. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازین: هەمووان فشەڵ و مەیلی هەڵەکردنمان هەیە، دە لێ گەڕێن با لە یەکتری ببوورین. با لە تەک شێتایەتیی هێندێکماندا، بەرانبەر یەکتر لێبووردە بین، ئەوەش یەکەمین یاسای سروشتە".

ڤۆڵتێر دیسان دەڵێ: "لێبووردەیی، یەکەمین بنەمای مافەکانی مرۆڤە". ڤۆڵتێر، مەبەستی ئەوە بوو، لێبووردەیی، دەبێ بەرانبەرێن بێ لە نێوان ئەوانەی لە ئاین، سیاسەت، کۆمەڵایەتی نەتەوە و ... هتد[٣٤]، لێک جیاوازن.

سەرەڕای ئەوەی هەژموونی ڕای گشتی لە کۆمەڵگە کراوەکاندا، نەخاسمە لە ڕۆئاوا، ڕێگرە لە دووبارەبوونەوەی کارەساتە خوێناوییەکانی ڕابردوو کە برێتی بوون لە شەڕی ئاینی و تایفی و نەتەوەیی و سیاسی و لێکترازانە توندەکان، بەڵام نەبووە ڕێگر لە بەردەم گەیشتنی ڕێژیمگەلێکی تۆتالیتار و سەرتاپاگیر بەدەسەڵاتی سیاسی کە نەک هەر بنەمای لێبووردەییان پشتگوێ خست، بگرە پێشێلکاریی زەبەلاحیان ئەنجام دا. "شەوی خەنجەرە درێژەکان" کە هیتلەر قەسابخانەکەی "نازیستە" ڕەشۆکییەکانی تێدا جێبەجێ کرد، بووە زەوینەسازی دووەمین شەڕی دنیایی. دادگە سەرسوڕهێنەکانی ستالین لە نێوەڕاستی سییەکانی سەدەی پێشوو کە سەرکردەگەلێکی زۆریان تێدا تیاچوو، زەوینەی تاکپەرستی و وەلانانی هەر پەڕاوێزێکی لێبووردەیی خۆش کرد، ئەوەی لە قەسابخانەکانی بۆسنی هەرزەگۆڤین و چەچانستان و کۆسۆڤۆ و سۆماڵ و ئەفغانستان و عێراق و فەلەستیندا بینیمان، باشترین بەڵگەیە کە لێبووردەیی،

---

٣٤. أنظر: اتفاقيات جنيف لعام ١٩٤٩، اللجنة الدولية للصليب الأحمر الدولي، جنيف، ١٩٨٧، وبخصوص فكرة "التدخل الانساني" تناولها فيدريكو مايور، فقد دعا اليها الباحث منذ وقت مبكر كما تناولها بالبحث والتدقيق، دون أن يهمل التطبيقات الخاطئة التي استندت اليها والتي اتسمت بالازدواجية والانتقائية في المعايير، ولعل المثال الذي ظل يستعين به على مدى عقد ونيف من الزمان وهو القرار ٦٨٨ بخصوص احترام حقوق الانسان في العراق خير دليل على ذلك، وقد أطلق عليه اسم "القرار اليتيم والتائه والمنسي" مقارنة بنحو ٦٠ قرارا صدرت عن مجلس الأمن كلها ضمن الفصل السابع الخاص بالعقوبات، باستثناء القرار ٦٨٨ ويمكن هنا الرجوع الى بعض ما كتبه الباحث بخصوص مبدأ "التدخل الانساني": السيادة ومبدأ التدخل الانساني، جامعة صلاح الدين، أربيل، اقليم كردستان العراق، ٢٠٠٠ وجامعة الدول العربية والمجتمع المدني العربي: الاصلاح والنبرة الخافتة _ مقاربات في السيادة والشراكة والبعد الانساني، دار المحروسة، القاهرة، ٢٠٠٤ وعاصفة على بلاد الشمس، دار الكنوز الأدبية، بيروت، ١٩٩٤ وبانوراما حرب الخليج، دار البراق، دمشق _ لندن، ١٩٩٤.

تەنانەت لە سایەی سیستەمی نوێی دنیاشدا کە دەگوترا "مرۆڤانەترە" لە سیستەمی دووجەمسەری، ئەو ڕێزەی لێ نەگیرا، لێبووردەییشی نەخستە جێی شایستەی خۆی.

لێرەدا هێندە بەسە ئەوەی فیدریکۆ مایۆر لەبارەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نووسی بێنینەوە یادمان، کە پێویستە لەسەرمان بیر بکەینەوە و کار بکەین وەک ئەوەی لە ١٩٤٥دا کردمان... وەک پێشینان، یەکەتیی وڵاتەکانمان تۆکمەتر بکەین تا ڕێ لە توندوتیژی و شەڕ بگرین، ئەو یەکەتییەش پێویستە بەگوێرەی چوار گرێبەستی نوێ: کۆمەڵایەتی، سروشتی، کولتووری و ئاکاری، ڕۆ بنرێتەوە. دەبێ هێندێک بنەما بۆ ڕەوتارەکانمان دابنێین لەبارەی جووڵەی سەرمایەگەل و وزە و ئاو و چەککەلەوە و بیانسەپێنین، ئەوەش لە ڕێی بانگهێشتن بۆ گەڕانەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەکارێ ڕەگ و ڕیشەی توندوتیژی و تیرۆریزم هەڵکێشێ، کە دوو هۆکاری دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینی و ئایدیۆلۆجین. نەتەوە یەکگرتووەکانە دەتوانێ وا لە خەزانی نێودەوڵەتی بکات دان بەوانەدا نەنێ کە لە ڕێی خوێنڕشتنەوە دەگەنە دەسەڵات نەک لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە، هەر ئەویش دەتوانێ هێز بنێرێ بۆ دەخاڵەتکردن لە کاتی داڕمانی حوکمڕانی و پێشێلکاریی زەقی مافەکانی مرۆڤ. ئەودەم، هەمووان دەزانن چۆن هەنگاو دەنێن، لە کۆڵ ئەو سەرگەردانییانە دەبینەوە کە لەگەڵ هەموو ناکۆکییەکدا سەرهەڵدەدات، ئاخر ڕاستی؛ یەکەمین قوربانی هەر شەڕێکە.

ئەگە بەو پێوەرانە بکەین کە فیدریکۆ مایۆر و بانگهێشتنکارانی دەخاڵەتی مرۆڤانی بانگهێشتنی بۆ دەکەن، بەڵام بەتەتەڵەکاری (انتقائی) و دووفاقی نا، بگرە بەڕێوشوێنێکی دروست کە لەگەڵ بنەماکانی پاکتی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانیدا بگونجێن، ئێستە دۆخەکە زۆر جیاوازتر دەبوو.

تەجرەبەی گەمارۆدانی گەلی عێراق بۆ زیاتر لە ١٣ ساڵان و دواتر شەڕکردنی بەدژی، بەبیانووی ڕێژیمە ستەمکارەکەی و بوونی چەکی کۆمەڵکوژەوە، هەروەها پێوەندیی لەگەڵ تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، دووپاتی دەکەنەوە کە لێبووردەیی گەل و شارستانی و نەتەوەگەلی تر ناگرێتەوە، با فەرمانڕەوایانیان چی تاوان و گوناهە کردبێتیان، ئەوە گەلەکانیانە باجەکە دەدەن، بەدرێژاییی حەفتاکان و هەشتاکان ئەو دنیایە بە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ

لەسەر دەستی ڕێژیمی عێراق، نوقەیان لەخۆ بڕیبوو، چونکە ڕۆڵێکی "ویستراو"ی دەبینی لە ناوچەکەدا، نەخاسمە لە کاتی شەڕی عێراق - ئێراندا (١٩٨٠ - ١٩٨٨).

بەم شێوەیە وا دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی گەلی عێراق تاوانبار بێ، وەلێ ئەنجامدەری ڕاستەقینە لە هەردوو باردا ئازاد و بەرەلا، لە کاتێکدا، گەل، دووجار باجەکەی دا، ئەگەر زیاتر نەبێ، لە یەکەمیاندا، لە نێوان سندانی گەمارۆی دەرەکی کە ئێسکی عێراقییەکانی وردوخاش کرد و خوێنی ڕژاندن و چەکوشی ستەمکاری درێژخایەنی نێوخۆیدا، مانەوە، دووەمیشیان، عێراق بووە نێچیری داگیرکاری و گەرەلاوژە و دواتر پێکهەڵبژان و ئاڵۆزی و توندوتیژی، نەخاسمە، پاش هەوڵی داگیرکار بۆ دۆزینەوەی شێوازێک لە دابەشکاری تایفی و ئەتنی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەهاوکاریی خۆی، ئەمەش بووە هۆکاری وورووژاندنی مەیل و هەست و کینەکان، بگرە توندوتیژی نێوەندێکی فرەوانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و نەتەوەیی و مەزەبیی گرتەوە.

ئا ئەو "کردارە"، بووە جۆرێک لە جۆرەکانی بەیاسایکردنی ئازاردانی نێودەوڵەتی و نێوەخۆیی، دەست بەسەراگرتنی دەرەکی و چەوساندنەوەی درێژخایەنی نێوەخۆیی: کە دژبەری لێبووردەییە لە هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نێوەخۆییدا، بگرە تاوانێکی کۆمەڵکوژیی نێودەوڵەتییە، کە یاسای نێودەوڵەتی لێی خۆش نابێ بەتایبەتی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ ١٩٤٩، نەخاسمە، ڕێککەوتننامەی چوارەم و پاشکۆکەی ساڵی ١٩٧٧ی لەبارەی دانیشتوانی سڤیلەوە[٣٥]. هاوکات چەوساندنەوە و زوڵمێکی نێوەخۆیی هەبوو بەگوێرەی یاسا و

٣٥. ولد رينيه ديكارت في فرنسا مقاطعة تورين ١٥٩٦ وتوفى ١٦٥٠، ويعرف ديكارت الفلسفة بانها دراسة الحكمة وليس المقصود بالحكمة؛ الفطنة بالأعمال، بل المعرفة الكاملة بكل ما في وسع الانسان معرفته بالاضافة الى تدبير حياته وصيانة صحته باكتشاف الفنون ولكي تكون المعرفة يجب أن تكون مستنبطة من المبادئ لكي تكون الفلسفة جملة واحدة. وحسب منهجه هناك أربع قواعد عملية:

القاعدة الأولى: أن لا أسلم الا بشئ الا أعلم أنه حق متجنبا التسرع والأفكار المسبقة.

القاعدة الثانية: أن أقسم كل مشكلة تصادفني ما وسعني التقسيم وما لزم لحلها على خير وجه =

بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەدژی مافەکانی مرۆڤ، کە لە بەرانبەریاندا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو، بگرە تێوە گلابوو، لە کاتێکدا، پرسەکە پێویستی بە دەخاڵەتێکی مرۆڤانی زوو بەزوو هەبوو، نەک هاندان، دواتر گوێ پێنەدان و دواتر پەلاماری سەربازی و داگیرکردن.

لە عێراق، سەدام حوسێن و ڕێژیمی پێشوو، هەر بەوەندەوە نەوەستان عێراقیان تووشی دوو کارەساتی نیشتمانیی نەتەوەیی کرد، یەکەمیان شەڕی عێراق ـ ئێران و دووەمیان پەلاماردانی کوێت، بگرە بەپێچەوانەی بنەمای لێبووردەییەوە لە سەروبەندی شەڕی عێراق ـ ئێراندا، دەستی کرد بەدەرکردنی نێزیکەی ملیۆن و نیوێک هاووڵاتی وەک تۆڵەسەندنەوەی پشتبەستوو بە بیانووگەلێکی شۆڤێنییانە و تایفی و ئەتنی گوایە ئەوانە بەبنەچە ئێرانین.

بەهەمان بیانوو، شاری کوردنشینی هەڵەبجەی بەگازی خەردەل کیمیاباران کرد و دەستی کرد بەشاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و پاکتاوکردنی نەژادی، هەمان شتیشی بەرانبەر مرۆڤ و ژینگە لە زۆنگاوەکان و باشووری عێراق ئەنجام دا کە بەڵگەی ئەوەن ئەو ڕێژیمە بەیەکجاری بنەمای لێبووردەیی تەڵاق دا. وەنەبێ ڕێژیمی پێشوو کە ئەو هەڵسوکەوتەی لە تەک دوژمنان و ڕکابەراندا دەکرد، هەمان شتی بەرانبەر دۆستان و بگرە لایەنگرانی نەکردبێ.

ئەوەبوو لە سەروبەندی هاتنە سەر حوکمی سەدام حوسێن لە تەمووز/ یۆلیۆ ١٩٧٩دا، شایەکی خوێناویی ساز کرد کە بەبێ دادگە و بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە، سەرکردەگەلێکی بەعسی کردە قوربانی (لە دادگەیەکی ڕووکەشانەدا، ٢٢ سەرکردەی لەدار دا و ٣٣ تریشی بە حوکمی قورس حوکم دا) چەشنی مانگیستۆ هایلامیریامی ئەسیوپیا هاوڕێکانی خۆی بە چ دەردێک برد.

یەمەن، ساڵی ١٩٨٦، ڕووداوگەلێکی هاوشێوەیان بەخۆوە بینی، هەروەها سەروەختی یەکگرتنەوەی ١٩٩٤یش، دیسان کوردەکانیش لە پاش تەجرەبە

---

= القاعدة الثالثة: أن أسي بأفكاري بنظام فأبدأ بأبسط المعلومات وأسهلها معرفة وأرتقي بالتدريج الى معرفة أكثر الموضوعات تركيبا.

القاعدة الرابعة: أن أقوم بكل مسألة باحصاءات شاملة سواء في الفحص على الحدود الوسطى أو استعراض عناصر المسألة بحيث أتحقق أني لم أغفل شيئا.

تازەکەیان دووچاری خۆکوژییەکی نێوەخۆیی بوونەوە کە نێزیکەی سێ هەزار کەسی تێدا چوو، ئەڵبەت ئەوەش لە ئامادەنەبوونی بنەمای لێبووردەیی و ململانێ لەسەر دەسەلات کە لە سالانی (١٩٩٤ - ١٩٩٨)دا ڕووی دا.

بەرگریکردن لە بەهاگەلی لێبووردەیی، بەرگریکردنە لە بەهاگەلی دیموکراسی، ئاخر لێبووردەیی، بەو پێیەی یەکێک لە بەرزترین بەها مرۆڤانییەکان، توان دەدات مرۆڤ خۆی لە بەردەم هەڵەدا ڕابگرێ و بتوانێ لەگەڵ خەڵکی تردا بژی (هاوسێیەتیی دژەکان) بەشێوازی نیوەی ڕێگە و پەنابردن بۆ عەقڵ و گوێگرتن بۆ ڕای گشتی، ئەمەش فرەوانکردن و قووڵبوونەوەی بیرۆکەی دیموکراسی و دامەزراوەکانیەتی.

دیکارت[٣٦]، تا ئەو جێی چوو کە بڵێ، عەقڵ، دادپەروەریترین شتگەلی ناو خەڵکە، بەمانایەک لە ماناکان، عەقڵ هێندێک پرسیار دەورووژێنێ کە ڕەنگە نیگەرانکەر یان لە گومانەوە نێزیک بن، وەلێ کردار؛ بەڵگە و نیشانەیە. ئەگەر غەزالی باسی غەیبی کردووە، ئیبن سینا[٣٧]، پرسیارگەلێکی ڕەهەند فەلسەفییانەی لەبارەی بوون

٣٦. ولد ابن سينا في سنة ٣٧٠ ه = ٩٨٠ م في قرية أفنشة التابعة الى بخارى، يكنى "أبا علي" واسمه الحسين، ويلقب في أدبيات الفلسفة الشيخ الرئيس. تلقى العلوم على أيدي أساتذة خصوصيين في منزل والده كما يخبرنا هو في سيرة حياته التي أملاها على تلميذه أبو عبدالله الجوزجاني القفطي، في كتابه اخبار العلماء بأخبار الحكماء. توفي في همدان سنة ٤٢٨ه = ١٠٣٦م. نشأ ابن سينا في بيت اسماعيلي النزعة والمذهب ولكنه بقي في مستقل الرأي عن أبيه وأخيه، رغم أنه كان يصغي اليهما وهما يتحدثان عن المذهب ويدعوان اليه. لكن دخوله العمل السياسي خلافا لأسلافه مشاركا في الوزارة مرتين أو ثلاثا حسب بعض المصادر (في همدان) حيث نعم بجاه السياسة والحياة المترفة، لكنه ظل بعيدا عن أفكار الحكام ولم يستخدم فلسفته للتعبير عن آيديولوجية الطبقة الحاكمة ولم يترك العمل السياسي يطغى على مشاكله الفكرية. أنظر: القفطي، أبو عبدالله الجوزجاني، اخبار العلماء بأخبار الحكماء، ص٢٦٩، نقلا عن مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، ج١، ص, ١٩٤ قارن: حرب، د.علي، خطاب الهوية، سيرة فكرية، دار الكنوز الأدبية، ط١، بيروت، ١٩٩٦، ص١٥٦ _ ١٥٧.

٣٧. هو أبو نصر محمد بن محمد بن طرخان بن أوزلغ. أغلب الظن أنه تركي الأصل من فاراب وعاش نحو ٨٠ سنة وتوفي في دمشق (ومن المحتمل أن تكون ولادته عام ٢٥٩ه=

و چییەتییەوە، خستووەتە ڕوو کاتێک دەڵێ: "بۆچی نەفس چووە نێو جەستەوە؟ مەبەست چییە لە دابەزینی مرۆڤ لە فیردەوسی خوایانەوە بۆ زەوی؟ بۆچی نەفس لە دنیایەکی ترەوە هات بۆ دنیای ئێمە کە هەر دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو دنیایەی لێوەی هاتووە و بۆ لای خواکەی؟ ئاخۆ ئەوە حیکمەتە یان ویستە، هەر ئەو ڕۆژەی خەڵک دەخوڵقێن، خواناسی و خراپەیان لە دەورە تا یەکیان هەڵبژێرن، کەچی دواتر خۆی لێیان دەپێچێتەوە گەر ڕێگەی خراپەیان هەڵبژارد؟

بەلای حوسێن مرووەوە، فەلسەفەی سینەوی (ئیبن سینا)، نەک هەر پاشکۆی فەلسەفەی فارابییە، بگرە پاشکۆی نەوەیەکی تەواوی فەلسەفی کە فارابی[٣٨] دیارترینیانە، ئەم نەوەیە، گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەسەر فەلسەفەی یۆنانی: ئەسینایی و ئەسکەندەرانیدا هێنا، نەخاسمە تیۆری (لەسەرڕژان – الفیض)(*)،

= ووفاته عام ٣٣٩) اشتهر الفارابي بكنيته "أبو نصر". أنظر: ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٥، تحقيق د. احسان عباس، دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٨، ص١٥٣ أنظر كذلك: عبدالرزاق، الشيخ مصطفى، فيلسوف العرب، والمعلم الثاني، طبع عيسى الحلبي، القاهرة، ١٩٤٥، ص٥٥ (نقلا عن الدكتور ابراهيم العاتي). قارن: العاتي، د. ابراهيم، الانسان في فلسفة الفارابي، دار النبوغ، بيروت، ١٩٩٨، ص.١٦

٣٨. أنظر: مروة، د.حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية – الاسلامية، ٤ مجلدات، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٢، ص١٧٧ – ١٧٩.

(*) تیۆری (لەسەرڕژان – الفیض)، ئەم تیۆرییە بەو تیۆرییانە دادەنرێ کە کاریگەریی زۆریان بەتایبەتی لەسەر فەلسەفە و زانستە ئیسلامییەکان هەیە لە ڕێی فەیلەسووفگەلێکی وەک فارابی و ئیبن سینا و ئیخوانی سەفا کە بایەخێکی گەورەیان پێداوە. لەلایەنی زمانەوانییەوە، لەسەرڕژان، واتە زۆربوونی شتێک تا ئاستی لەسەرڕژان و سێلاو، دەگوترێ ئاوی ڕووبارەکە هێندە زۆر بوو یان بەرز بووەوە تا لەسەری ڕژا. دەگوترێ هێندە گریا تا فرمێسک لە چاوانی ڕژا. واتە شتێک هێندە زیاد دەبێ تا لەسەری دەڕژێ بێ ئەوەی خۆی لێی کەم بێتەوە یان خاو بێتەوە، واتە؛ مادامەکی لەسەرڕژان بەردەوامە، شتەکە بەردەوامە، یان مادامەکی کردەوەی لەسەر ڕژان بەردەوامە کەواتە مادەکەش بەردەوامە یان بوونی مادەکە بەردەوامە. لەبارەی ئەم تیۆرییەوە ئیبن سینا دەڵێ: هەڵسووڕێنەری گشت یان هەمووان: بەمانای ئەو بوونەی هەموو بوونێکی تری لەسەر دەڕژێ یان لەسەری ڕژاوە، مەبەستیش: هەموو بوونەوەرەکانی دنیا، لێڕژاوی یەک پرەنسیپ یان گەوهەرن، بێ ئەوەی لە کاری ئەو =

که ئاسۆی نوێی والآ کرد لەبەردەم فەلسەفەی عەرەبیدا بۆ شەنوکەوی گرینگترین کێشە نێوەڕۆک ئایدیۆلۆجییەکانی سەردەمەکانی نێوەڕاست لە مێژووی ئیسلامدا، وەک کێشەی پێوەندیی نێوان خوا و دنیا[٣٩].

فارابی بایەخی بەنەفسی مرۆڤانی دەدا، دەکرێ بڵێین دامەزرێنەری زانستی دەروونناسییە لە ئیسلامدا، هەردەمیش پەنای بۆ ئەو ئایەتەی قورئان دەبرد "ویسألونک عن الروح، قل الروح من أمر ربی وما أوتیتم من العلم الا قلیلا" (الاسراء: ٨٥).

فارابی، لە قەزادا کاری کردووە و ئاگەداری فەلسەفەی یۆنانی بوو، بەشداریش بووە لە پێشڤەچوونیدا، نەخاسمە ڕێنوێنییەکانی ئەرستۆی مامۆستای یەکەم. فارابی، بەسەفەری زۆر ناسراوە، هاتووەتە بەغدا، پایەتەختی ئەوێ ڕۆژێی دەوڵەتی ئیسلامی، جگە لە گەشتەکانی بۆ ئاسیای نێوەڕاست، بۆیە پیاوێکی لە هەموو شتزان و فرەڕۆشنبیریی لێ دەرچوو، هەر ئەودەم دەستی کرد بەنووسینی کتێبەکەی "شاری چاکەکاری ـ المدینه الفاضله" لە بەغدا و کۆتایییساڵی ٣٣٠ لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ شام و لەوێ ساڵی ٣٣١ ک تەواوی کرد. فارابی،

---

= پرەنسیپ یان گەوهەرەدا پچرانێک یان خاوبوونەوەیەک ڕوو بدات. بەگوێرەی ئەوەی باس کرا، دەشێ تێگەیەکی گشتگیر بدەینە تیۆری لەسەرڕژان: تیۆری لەسەرڕژان بەتێگە فەلسەفییەکەی، تیۆرییەکی مێژووییە کە خودانگەلی ئەفلاتونیزمی نوێگەر دایانڕشتووە تا تەفسیری چۆنیەتیی خوڵقاندنی دنیای پێ بکەن کە چۆن چۆنی ئەم فرەیە لەو تاقانەیە پەیدا بووە و داڕشتەکەشیان بەشێوازی ڕەمزی و خەیاڵی بووە، ئەوەبوو ئەم تیۆرییە گەیشتە دنیای ئیسلامی و فەیلەسووفانی وەک فارابی، ئیبن سینا، ئیخوان سەفا، ئیبن ڕوشد، ئیبن باجە، ئەبوحەیان ئەلتەوحیدی، بەشێوازێکی تازە دایانڕشتەوە لە تەک پاراستنی گەوهەرەکەیدا، وەلێ دواتر لە دنیای ئیسلامیدا، زۆر بەتوندی ڕەت کرایەوە. دواجار تیۆری لەسەرڕژان وەک تیۆرییەکی مێژوویی دنیایی مایەی مشتومڕ و هەراوزنا مایەوە کە هزری ئاینی وێنا دەکات لە چرکەیەکی مێژوویی دیاریکراودا، بەدەستگرتن بەتیۆریی ئەفلۆتین ( ٢٠٥ – ٢٧٠ز) لەبارەی پێشڤەچوونی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە لە چرکەیەک لە چرکەکانیدا، زیاتر لەوەی تەعبیر و گوزارە بێ لە تەفسیرێک بۆ دنیا کە عەقڵ بیبڕێ.

٣٩– أنظر: العاتي، د. ابراهیم، الانسان في فلسفة الفارابي، مصدر سابق، ص٢٠ – ٢٨.

سەیفولدەولە بن حەمدانی بینی و زۆر سەرسام بوو بەدانایی فارابی. فارابی، جگە لە عەرەبی، فارسی و تورکی زمانگەلی تریشی دەزانی، مرۆڤێکی خاکی و هیچ نەویست بوو[٤٠].

بایەخی زۆری بەلێکۆڵینەوەی میتۆد و ریزبەندکردنی زانستەکان دەدا، بەتایبەتی زانستی زار و لۆگیک و زانستی ڕێنوێنیگەل کە دەکرێت بە ١٧ بەشەوە: زانستی ژمارە، ئەندازە، دیمەنگەل، ئەستێران، موزیک، قورساییگەل، نەوە "قسە و بەڵگە"، زانستی سروشتی، زانستی خوایانە، مەدەنی، یاسا "بناوان"، زانستی قسەکردن.

فارابی، سەرەتا وەک ئەرستۆ، میتۆدی دیالێکتیکی پێڕەو دەکرد، وەک عەبدورەحمان بەدەوی دەڵێ "ماریفەتی دیالێکتیکی، بەمانا تەواوەکەی بریتییە لە ماریفەتی فەلسەفی، مرۆڤ ناتوانی زانست بەمانا ڕاستەقینەکەی وەرگرێ، لە ڕێی دیالێکتیکەوە نەبێ"[٤١].

لە بۆچوونەکانی فارابی لە کتێبی دانیشتوانی شاری چاکەکاری:

١- تایبەتمەندێتیی ئیرادە و هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە (دژی سەپاندن).

٢- دیاریکردنی پلە و پایەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەگوێرەی بەهرە کردەنییەکانیان و ئیرادەیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.

٣- توانای ڕاستەقینەی خەڵک و پلەی کۆمەلایەتییان، چالاکیی کۆمەلایەتییان بڕیاری لێ دەدات.

وەلێ ڤۆڵتێر، جەختی لەسەر بیرۆکەی هەڵە و ڕاست دەکردەوە، ئەو بیرۆکەیە کە خۆی لە خۆیدا هەڵگری مانای لێبووردەییە، وەک ئیمامی شافیعیش گوتوویەتی: "بۆچوونی من ڕاستە و هەڵە هەڵدەگرێ، بۆچوونی تۆ هەڵەیە و ڕاستی هەڵدەگرێ". ئیمام ئەبوخەلیفەی نوعمان تا ئەو جێیە چووە کە دەڵێ: ئەم قسەیەی ئێمە، بۆچوونێکە، ئەوەی باشتری لایە بیخاتە ڕوو، ڤۆڵتێریش هەر وای بۆچووە و هەر لەسەر ئەم بنەمایە بیرۆکەی لێبووردەییی ڕۆ ناوە کاتێک دەڵێ: "ئێمە شیمانەی

---

٤٠. بدوي، د. عبدالرحمن، أفلاطون، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٤٤، ص ١٤٢.

٤١. أنظر كذلك: العاتي، د. ابراهيم، الانسان في فلسفة الفارابي، مصدر سابق، ص٤٩.

ئەوەمان هەیە بەهەڵەدا بچین... ئێمە مرۆڤین و زۆرجاران هەڵە دەکەین..". لەبەر ئەوە ئەو دەگاتە ئەوەی کە لێبووردەیی زەرووره و ئیجتیهادیش، پرسێکی ڕێژەییە و شیمانەی بەهەڵەدا هەیە. بەم مانایە، بۆچوونەکان سەرلەبەریان چوونیەکن، چونکە شیمانەی هەڵەبوونیان لە ئارادایە، وەک چۆن شیمانەی ڕاستبوونیشیان هەیە. ڤۆڵتێر بەم شێوەیە بیرۆکەکەی دادەڕێژێ: "لەوانەیە من هەڵە بم و تۆ ڕاست بی". خۆ ئەگەر دوو لای هەر کێشەیەک بەم گوتەیە برۆن، دەشێ بگەنە لێبووردەییی بەرانبەرێن و دیموکراسی و عەقلانییەت و دواتر شایانی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان[٤٢].

٤٢- أنظر: البكوش، ناجي وآخرون، الكتاب المشترك، دراسات في التسامح، مصدر سابق. أنظر كذلك: المجلة العربية لحقوق الانسان، العدد٢، ١٩٩٥، مصدر سابق. أنظر كذلك: الكتاب المشترك، ثقافة حقوق الانسان، مصدر سابق.

## پاژی سێیەم

## ئاین و لێبووردەیی: ڕابردوو و ئێستە

"ئەم قسەیەی ئێمە، بۆچوونە، ئەوەی
چاکتری پێیە با بیهێنێ"
ئیمام ئەبوحەنیفەی نوعمان

### ١- ناتوندوتیژی و لێبووردەیی لە مەسیحییەتدا[٤٣]

وەتۆژین لە پرسی لێبووردەیی لە ئاینی مەسیحیدا، دەمانبات بەرەو پرسی ناتوندوتیژی ڕەها لە (سەردەمی تازە)دا. ڕەنگە ئەوەی یەسووعی مەسیح بە پوترسی گوت، باشترین بەڵگەی بڕوابوون بێ بەناتوندوتیژی، با کەسی باوەڕدار بەرەوڕووی کوشتنیش ببێتەوە.

چیرۆکەکە دەڵێ: نێردراوێک لە سەرانی کاهینگەل و شێخانی خەڵکەکە هاتن بۆ گرتنی پوترس، دەستوبرد، پوترس، شمشێرەکەی ڕاکێشا و لە نێردراوەکەی دا و گوێیەکی بڕی، هەر خێرا، یەسووعی مەسیح هاواری لە پوترس کرد: شمشێرەکەت بخەوە کالان، چونکە ئەوەی بەشمشێر بسەندرێ بەشمشێریش دەڕوات[٤٤].

ئەم گوتەیەی مەسیح مانایەکی قووڵی هەیە، ماناکەش؛ ڕەتکردنەوە و

٤٣. وجدت من المناسب وأنا أتحدث عن التسامح في الاسلام أن أطل ولو بشكل سريع جدا على التسامح واللاعنف في الدين المسيحي، الذي هو أسبق من السلام. وقد تحاورت وتراسلت مع سيادة المطران جورج خضر فشجعني على ذلك بل وأمدني بمدخل مناسب لبحث هذا الموضوع. ولعلى كنت قد تنبهت على أهمية بحث موضوع الدين ككل وفكرة التسامح من خلال بحثي لفقه التسامح في الفكر العربي _ الاسلامي وآمل أن يسعفني الوقت لكي أتفرغ لكتابة بحث موسع حول علاقة الدين بالتسامح.

٤٤. أنظر: متى: ١٥: ٦٢

حەرامکردنی بەکارهێنانی چەکە (تەنانەت ئەگەر بۆ بەرگریی لەخۆکردنیش بێ)، وەک نموونەیەکی باڵا بۆ پێرەکردنی ناتوندوتیژی بەشێوەیەکی ڕەها، ئاخر باوەڕدار ئەگەر بشکوژرێ، نابێ بکوژێ، وەک هزرڤانی عەرەبی مەسیحی دوکتۆر مەتران جۆرج خزر باسی دەکات، لەمە واوەتریش دەچێ و دەڵێ: تا ئەمڕۆ کڵێسا، ڕێ بە ئەکلیرۆس و ڕاهیبگەل نادات بەرگری لە خۆیان بکەن.[٤٥].

مەسیح قوربانییە، وەک هەر لە کۆنەوە ئیشعیا پێشبینی کردبوو: (خەم و ئازارەکانی هەڵگرتین، ئێمە پێمان وابوو لێدراوی دەستی خوا و هەر خواش بەو دەردەی بردووە. ئەو، برینداری یاخیبوونەکانمان و لەتاو گوناحەکانمان وردوخاش بووە... زوڵمی لێ کرا، خۆی کڕ کرد، وەلێ زاری نەکردووە وەک چۆن مەڕ دەبەن بۆ سەربڕین، وەک بزنێکی بێدەنگ لە بەردەم گرووکارەکەیدا دەمی نەکردەوە)[٤٦]. لەم باسەدا لە یەسووعی دەگێڕنەوە کە "دەستی لە خۆی بەردا و بووە کەسێکی ئاسایی و تا مردن گوێڕایەڵ بوو، مردنی لەخاچدان[٤٧].

ئەمە بووە نموونە بۆ هەموو ئەو گەشمردانەی لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتدا بەرەو ڕووی مردن چوون تا ساڵی ٣١٣ زاین کە قوستەنتین ئازادیی ئاینگەلی ڕاگەیاند، بەم شێوازە، مەسیحییە باوەڕدارەکان، نەوە لە دوای نەوە، لە وڵاتانێکی زۆری دنیادا لە سەربڕەکانیان خۆش دەبن، وەک شوێن پێهەڵگرتنێکی مەسیح.

هەر لە باسی ناتوندوتیژیدا، قدیس یۆحنا فەمولزەهەب دەڵێ (هیچ ماریفەتێکی نییە، هەر کەسێ خەڵک فێری ئەوە بکات کە کوشتنی بیدعەکاران حەڵاڵە). هەر لە سەردەمی ئەودا، قدیس باسیلیۆسی گەورە Caesarea St Basil of سزایەکی تەمبێکردنی بۆ ئەو سەربازانە بڕیبووەوە کە بەشداری شەڕیان دەکرد، ئاخر هەموو کات کڵێسا، بەپیرۆزکردنی ئەو سەربازانەی ڕەت دەکردەوە کە لە پێناو دەوڵەتی مەسیحی ڕۆمدا دەکوژران. بەم شێوەیە کڵێسای ڕۆژهەڵاتی شەڕەکانی ئیمپراتۆرییەتی نەدەسەلماند، ئەگەرچی، نوێژ و نزاشی کردبێ بۆ سەرکەوتنی ئیمپراتۆرییەت بەسەر بەربەرەکاندا، تەنیا لەبەرئەوە بوو، چونکە لەو باوەڕەدا

---

٤٥. حوار خاص مع المطران جورج خضر في برمانا، لبنان، ٢٠٠٢/٨/٦

٤٦. أنظر: أشعياء٤: ٥٣ – ٧

٤٧. أنظر: فيلبي٧: ٢ – ٨

بوون، ئەگەر بەربەرەکان خاکی ئیمپراتۆرییەت داگیر بکەن، کڵێسا دەچەوسێننەوە. لە فەلسەفەی سیاسی بێزەنتیشدا، شەڕ، دەبێ هەردەم لە پێناو بەرگری لەخۆکردندا بێ.

کاتێک کڵێسا، کەسێکی لە ئەندامێتی خۆی بێبەری دەکرد (واتە سزای دەدا)، ئەگەر تۆبەی بکردایە، وەری دەگرتەوە، ئەوەی تۆبەکەی ڕابگەیەندایە، دەبووا لە دەرکی کڵێسادا وێژانی بکردایە، تا ئەو ڕۆژەی ئەندامێتیی تەواوی پێ ڕەوا دەبینرایەوە. هەرگیز ئازاری جەستەیی کەسیش نەدەدرا. بەم شێوەیە ئەرتەدۆکسییەکان لەگەڵ هەرتووقییەکان یان بیدعەکاراندا دەژیان، هەرچەندە فەرمانڕەوای سیاسی هێندێک جاران، بیدعەکارانی بەند یان شاربەدەر دەکرد. ئاخر بیرۆکەی باوی ئەوێ ڕۆژێ ئەوە بوو کە بیدعە (واتە لەخۆوە داهێنان لە سرووت و پەرستنە ئاینی و حوکمەکانیدا)، هەڕەشە لە یەکگرتوویی ئیمپراتۆرییەت دەکات.

دەشێ بگوترێ، کڵێسا، لە هەموو سەردەمەکانیدا، زۆر جاران، لە تەک هەڵگرانی بیروباوەڕی لادەر و جیاواز لە بیروباوەڕی بالادەست، هەڵی کردووە، هەرچەندە ئیمپراتۆرییەتی ئەرتەدۆکسی (قوستەنتینیە یان ڕووسیا)، زۆری بۆ دەهێنان. خوێندنەوەیەکی سیاسییانە بۆ بیدعە دەکرا، کە سەرەڕای پاکانەکانیش وای دەکرد، بیدعەکاران، شایانی بەرووداوەستان و سزای توند ببنەوە.

لە دنیای ئەرتەدۆکسیدا، جوو تەنگەتاو نەدەکران وەک سۆڵجەنستین، لە دوا کتێبیدا ڕوونی دەکاتەوە. وەکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدان کە کڵێسای ڕووسیا، سەرکۆنەی قەسابخانەکانی سەدەی نۆزدەی ڕووسیای کردووە کە دژ بەجووان کراوە، با ژمارەی قوربانیان کەمیش بووبن، موسڵمانانی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا، ئازاد بوون لە خواپەرستی و دامەزراوە ئاینی و بەکارهێنانی زمانی دایکدا[٤٨]. لە یۆنان و قوبرس، مزگەوتەکان، تەنانەت پاش ڕەوی موسڵمانانیش لەوێندەر مانەوە و دەوڵەت دەستی پێدا دەهێنان.

وەلێ ئەم بارە گشتی نەبوو، ئاخر دنیای کاتۆلیکی بەپێچەوانەی دنیای ئەرتەدۆکسییەوە، زۆر توند بوو بەرانبەر بیدعەکارانی مەسیحی هەروا لە تەک

---

٤٨. رسالة المطران جورج خضر الى الباحث في ٣آب/أغسطس ٢٠٠٤

موسڵمانان و جووواندا. ئۆگستین یەکەمین کەس بانگەشەی شەڕی دادخوازانەی کرد و دواتر تۆما ئەکوینی پاکانەی بۆ لەداردانی هەرتووقییەکان دەکرد، کڵێسای کاتۆلیکی، تۆمەتبارانی ڕەوانەی دادگەی مەدەنی دەکرد و لەوێش حوکمی سووتاندنیان دەدرا. هەروەها جوو و موسڵمانان ڕاپێچی دادگەکانی پشکنین دەکران لە ئەندەلوس پاش ئەوەی عەرەب، وێندەرێیان جێ هێشت ساڵی ١٤٩٢ ز[٤٩].

ڕەنگە لە هەموو شت توندتر و واوەتر ئەو تیۆریزەکردنەی کڵێسای کاتۆلیکی بوو لەبارەی ئازادیی هزرییەوە کە تا ئەو ساڵانەی دوایی خایاند و ئازارێکی زۆری لێ کەوتەوە. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵگەی ڤاتیکانی، پێشڤەچوونێکی بەخۆوە بینی، ئەوە بوو ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی سەرنجکێش بەڕووی ئاینەکانی تر و پێکەوەژیاندا کرایەوە، پێوەندییەکانی مەسیحی - جوولەکە و مەسیحی - ئیسلام، لەسەر بنەوای لێبووردەیی و قبووڵکردنی ئەوی تر، بەچاکی چووە پێش.

هەروەها هەڵوێستی پاپا پۆڵسی دووەم بەرانبەر موسڵمانان، هەڵوێستێکی مایەی سەرسامی بوو، پێنگاڤێکی گرینگ بوو لە ڕێگەی پێوەندییەکانی مەسیحی _ ئیسلامیدا، لە سۆنگەی چاوگێڕانەوە بەمێژوو و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مێژوو، ئەوە بوو لە ٢٠٠٠/٣/١٢دا داوای لێبووردنی کرد سەبارەت بەو هەڵسوکەوتی ئەفرەنگییەکان لە "بڵاوکردنەوەی ڕاست"دا واتە لە شەڕگەلی خاچپەرستاندا، بەمەش بناخەی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی ئیسلامی - مەسیحی ڕۆنا، ئەو گفتوگۆیەی لە شێوەی دامەزراو، کۆڕ و کتێب و سەردان و کۆنگرەکە لەوە بەرجەستە بوو، پاپا بەخۆی سەردانی چەند وڵاتێکی ئیسلامی کرد،

---

٤٩. يمكن الاشارة هنا الي بعض التواريخ المميزة في حروب الفرنجة، ففي هام ١٠٩٩ ارتكبت مجازر في القدس وعمليان نهب بعد سقوطها وتعرضت طرابلس الي ألفي يوم من الحصار حتي سقطت عام ١١٠٩ ثم سقطت بيروت وصيدا ١١١٠، وعندما استطاع صلاح الدين الأيوبي صد جيوش الفرنجة عام ١٢٠٤، تمكن من توحيد مصر وبلاد الشام ١١٧١، لكنه توفي في ١١٩٣ في دمشق ثم تمكن الفرنجة عام ١٢٠٤ من الاستيلاء علي القسطنطينية ونهبها ثم احتلوا مصر ١٢١٨ _ ١٢٢١

هەڵوێستگەلێکی ئەرێنیی نواند نەخاسمە لەبارەی پرسی فەڵەستین و گەمارۆدانی گەلی عێراقەوە[٥٠].

دەکرێ بگوترێ ئەمڕۆ، کڵێسا گەورەکان هەر هەموویان بەتەواوی، بەقسە و بەکردەوە، لە تەک غەیرە مەسیحیاندا پێکەوە دەژین، ئەمڕۆ، شتێک نەماوە پێی بگوترێ شەڕگەلی خاچپەرستانە کە مەبەست لێیان ئەو شەڕانەی ئەفرەنگییەکانە کە لە پێناو بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانی و سەربازی و ناوچەگەلی بندەستدا، بەرپای دەکەن. ناشێ ئەوەی هێندێک دەوڵەتی ڕۆئاوایی بەرانبەر عەرەب و موسڵمانان دەیکەن بە درێژەی شەڕگەلی ئەفرەنگایی حسێب بکەین، لەبەرئەوەی پێوەندی ئەمەی ئێستە، پێوەندیی بەدەوڵەتان و بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە کە پێش هەر شتێک، بەرژەوەندیگەلێکی ستراتیجین و پێوەندییان بەئاین و بانگەشەی ئاینی مەسیحییەوە نییە.

ئێمە ناڵێین مێژووی مەسیحییەت هەر تەنیا لێبووردەیییە، نەخێر وەک هەر مێژوویییەکی تەژییە لە خەتا، لایەنی گەشی تێدایە، وەک لە تاریکی و نووتەکی بەدەر نییە. بەڵام ئەوەی گرینگە، گیانی مەسیح و ڕێنوێنییە بەرزەکانی کە مژدەدەری نەرمونیانی و لێبووردەیی و خۆشەویستین، بەدرێژایی مێژوو ئیلهامدەری نەوەکان بوون، لایەنگرە پاکژەکانیشی هەر لەسەر ئەو ڕێبازە بوون. خۆشەویستی سەرتاپاگیری دۆست و دوژمن، بنەوایەکی قووڵترە لە بوونی لێبووردەیی، ئەوەی خەڵکی خۆش دەوێ، لەو باوەڕەدایە کە دوا چارەنووس لە دوارۆژدا هەر بۆ لای خوایە، بۆیە پێش ئەو ڕۆژە، نابێ کەس، کەس بکوژێ، ڕەنگە ئەوەش بەلایەنی کەمی باوەڕهێنان بێ[٥١].

مەسیحییەت لە هزری نوێیدا بانگەشەی تەنیا لێبووردەیی ناکات، بگرە داوای هاریکاری لە بواری فیکر و کۆمەڵگەدا دەکەن لە سایەی هاوولاتیبوونی ولاتێک یان کۆمەڵە ولاتێکدا. خووتی هزری کاتۆلیکی لەو پەراوێزە ڕزگاری بوو، لە زاری

٥٠. أنظر: جبور، جورج، رسالة الي قداسة البابا بمناسبة الذكري ال٩٠٠ لحروب الفرنجة، دار الكنوز الأدبية، بيروت، ١٩٩٥ وقد كان الدكتور جبور المبادر الي نشر عدة مواد في الصحف منذ العام ١٩٨٩ تقدم فيها بسؤال الي الفاتيكان، ليقوم بشرح يقترب من ألاعتذار يقدم الي أحفاد كل ضحايا حروب الفرنجة من المسلمين وغيرهم.

٥١. رسالة المطان جورج خضر الي الباحث في ٢٠٠٤/٨/٣

پاپاکانی ڕۆما و ڤاتیکانەوە بانگەشەی بەشداریی نیشتمانی و بەرگری لە زوڵم لێکراوان و هەژاران و چاودێریی نەخۆشان لەلایەن کڵێساوە دەکات. لەو وڵاتانەش کە زۆربەی هەرە زۆریان مەسیحین، وەک ڕووسیا، کڵێسا، بوونی بەهاگەلێکی کۆمەڵایەتی دەسەلمێنێ و ناوە ناوە لەگەڵ سەرانی ئاینە یەکتاپەرستی و نایەکتاپەرستیدا کۆ دەبێتەوە، زۆر وا بووە دەقە سۆفیزمییەکانی موسڵمانان، سەرنجی ڕووناکبیرانی مەسیحی دنیای ڕاکێشاوە و تەرجەمەیان کردووە بۆ زمانگەلی خۆیان.

وەک دەزانرێ، مەسیحییەت، یاسای سزادانی تێدا نییە، مەسیحیش، بەیاسای سزادانی جوولەکە ڕازی نەبوو کە دواتر شەریعەتی ئیسلامی لێی وەرگرت. بەڵام کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاست ڕێگەیەکی تری گرتە بەر کە بریتی بوو لە بەدەنگەوەچوونی داخوازییە دنیاییەکانی کۆمەڵگەی فیۆداڵی ئەوروپا. کڵێسای ئەوروپایی، سوودی لە نەبوونی یاسایەکی سزادان لە ئاینەکەیدا وەرگرت و سزاگەلێکی تایبەت بەخۆی سەپاند. هەردوو دامەزراوەی ئاینی مەسیحی و ئیسلامی لەوێدا یەک دەگرنەوە کە هەردووکیان ئاگر دەکەنە سزای خوایی ئەو دنیا، ئەگەرچی سزا ئیسلامییەکان گرانتر و توندترن نەخاسمە لە سزاکانی لادان لە شەریعەت و نەدانی جزییە و باج و خەراج و شتگەلێکی تردا.

بەدرێژاییی سەدەکانی ناوەڕاست و بڕێکیش لە سەردەمی بوژانەوە یان هەستانەوە، کڵێسا، سەرچاوەی تۆقاندن بوو لە ڕێگەی ئەو ئیکلیرۆسانەی دەسەگەلی وەکۆڵین و دادگەکانی پشکنینیان بەڕێوە دەبرد، بەگوتەی ڤەکۆڵەری کەلەپوور هادی عەلەوی، تەنیا کڵێسای ئەوروپایی خەڵکی چەوساندووەتەوە، دەنا کڵێسای ڕۆهەڵاتی، لەگەڵ مەسیحی و سریانگەلی عەرەبدا ڕێک بوو و لە چەوسانەوەوە نەگلا. کڵێسای ڕۆهەڵاتی، ڕۆڵێکی بینی زیاتر لە گیانی مەسیح نێزیک بوو، نەخاسمە لەو جێیانەی دەسەڵاتی بێزەنتی تێدا باڵادەست بوو، کار و ئەرکەکانی زۆر جیاواز بوون لە کڵێسای ئەوروپایی: چاودێریی باوەڕدارە هەژارەکان و پێڕەوکردنی کولتووری هلینی، کە دواتر عەرەب و موسڵمانان لێیانەوە وەرگرتن[٥٢].

٥٢. أنظر: العلوي، هادي، من تأريخ التعذيب في الاسلام، الأعمال الكاملة(٣)، دار المدي، ط٢، دمشق، ١٩٩٩، ص٧٩ –٨٠

پێکەوەژیان لە ئەوروپا، تا بڵێی پرسێکی شارستانییە. ڕەنگە ئەو سەدان مزگەوت و منارەیەی شارەکانی ئەوروپا، باشترین بەڵگە بن، سەرەڕای کێشەی کۆچکردووانی عەرەب و موسڵمانان کە ڕانایەن و ناگونجێن و لە ڕووی شارستانییەوە لەگەڵ کولتووری جیاوازکانی ئەوروپادا هەڵناکەن، ، ئاخر تا ئێستە ئاستەنگ و جیاوازیی توند لە ئارادان، ئەگەرچی ڕەنگە وڵاتەکان وەک یەک نەبن، وەلێ ناوەناوە دەنگگەلێکی ڕاستڕۆ و ڕەگەزپەرست بەدژی تێکەڵبوون و بەدژی عەرەب و موسڵمانان و بیانیان بەگشتی، بەرز دەبێتەوە، وەک مەلێکی گزینۆفۆبیا (ڕقلێبوونەوەی بیانیان) یا ئیسلامفۆبیا (ترس لە ئیسلام)، نەخاسمە پاش ڕووداوە تاوانکارییەکانی ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەری ٢٠٠١ تیرۆریستی و دەرچوونی یاساگەلی بەگژاچوونەوەی تیرۆر کە بوونە هۆکاری پێشێلکاری زۆری مافەیلی مرۆڤ و ئازادییە گشتی و کەسێنییەکان، نەخاسمە گرتنی بیانییەکان و ڕاگوێزانیان بەبێ فەرمانی قەزایی، هەروەها گرتنی ئیدارییانە بۆ ماوەگەلی نادیار و لێپێچینەوە لەگەڵ تۆمەتباراندا بەشێوازێک کە مافیان پێشێل دەکرێ.

لە بەریتانیا، پەرلەمانی بەریتانیا بەهەردوو ئەنجوومەنەکەیەوە (لۆردگەل و گشتی) لە ٢٠٠١/١٢/١٣دا، یاسای ئاسایش و تاوان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری پەسەند کرد، ئەو یاسایەی قازی کۆڵینز، لە دەستەی تێهەڵچوونەوەی پرسگەلی کۆچ لە بەریتانیا، بەجیاکاری دژی بیانیانی دەژمێرێ.

وەلێ لە ئەمەریکا، هەر دوای سێ ڕۆژ پاش ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەر، دۆخی کتوپڕی ڕاگەیەندرا و کۆنگرێس پرۆژەیاسایەکی پەسەند کرد کە دەسەڵاتێکی فرەوان دەداتە دەزگەگەلی ئاسایش، سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش، بڕیارێکی ئیمزا کرد کە مافی کوشتنی سیاسی دەداتە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی، ئەو مافەی پێشتر لەو ئاژانسە سەندرابووەوە. سەرۆک بوش، مافی بەدەزگاکانی ئاسایشی ئەمەریکا دا، گومانلێکراوان بگرن و لە دادگەیەکی سەربازیدا داوەرییان بکەن بێ ئەوەی مافی تێهەڵچوونەوەیان هەبێ، ئەمەش، سەرپێچیی دەستووری ئەمەریکایە کە مافی خۆپارێزی دەداتە تۆمەتبار، جگە لەوەی دژبەرە لەگەڵ پابەندییەکانی ئەمەریکا بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦، کە زۆری پێچوو تا لەژێر پاڵەپەستۆگەلێکدا، ئەمەریکا، ساڵی ١٩٩٢ مۆری کرد.

ئەوە بوو ژمارەی گیراوان تا ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمەریکا گەیشتە ١٢٠٠کەس کە خەڵکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوون، هێندێکیان لە شوێنی نهێنیدا گیرابوون و ژمارەی ئەوانەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا خۆی لە دەوروبەری ٥ هەزار کەس دا. وەزارەتێکی تایبەت بەئاسایش دامەزرا، بەو وەزارەتەوە ئەمەریکا لە دەوڵەتێکی پۆلیسی دەچوو، لەسەر داوای ئەمەریکا، ٣٦٠ کەس لە ٥٠ وڵاتدا گیران، هەموو ئەمانە دژبەرییەکیان لە نێوان پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمەریکا و کەشوهەوای ئازادیی تاکەسی و گشتی کە خەڵکەکە لەسەریان ڕاهاتووە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەی بوونە بەشێک لە شاڵاوی "بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر".

وڵاتی هەنگوین و شیر و ئازادییەکان و خۆشگوزەرانی چووە ناو دۆخی کتوپڕ و حوکمی عورفییەوە، وەک ئەوەی لە ئەمەریکا کودەتای سەربازی ڕووی دابێ لەوانەی دنیای سێیەم کە بەدەست ستەمی درێژخایەن و دۆخی نالەباری و نائاساییەوە گیریان خواردووە.

بەڵام لە ئەڵمانیا کە حکومەتەکەی شانبەشانی ئەمەریکا، یاساگەلێکی ئەمنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاڵپشتی داراییی تیرۆر دەرکرد. سوێدیش هەمان شت، یاسایەکی دەرکرد ناوی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بناوانخوازان بوو. حکومەتی ئیتاڵیا یاسایەکی بەرەنگاربوونەوەی دۆخە کتوپڕەکانی دەرکرد کە دەسەڵاتێکی فرەوان دەداتە دەزگاکانی ئاسایش لەوانە پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی سزاگەل لە کاتی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بەناوی (پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی)ەوە، ئەنجام دەدرێن، وڵاتگەلێکی ئەوروپایی هەمان ڕێچکەیان گرت.

لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانیشدا، ڕووداوەکان لێکەوتەوەی توندوتیژییان هەبوو، لەلایەک حکوومەتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ یەکەمین جار خۆیان لە تەک گەلانیاندا بینییەوە لە یەک بەلەمدا و کراونەتە ئامانج، یان دەبێ بێ چەندوچۆن لە شاڵاوی نێودەوڵەتیی دژە تیرۆردا بەشدار بن، یان دەکەونە بەر مەترسی. پێشتر وڵاتانی عەرەبی ساڵی ١٩٩٨ پاش کۆنگرەی شەرمئەلشەیخی ساڵی ١٩٩٦، ڕێککەوتننامەیەکیان بەناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر مۆر کردبوو.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم دیمەنە تێکەڵوپێکەڵە بێنم، دەمەوێ لای خۆمەوە (وەک سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ لە بەریتانیا سەربار‌ی کارەکەم وەک ڕاوێژکارێکی یاسایی) باسی دەنگی کلێسا بکەم لە بەرگریی لە

موسڵمانانی ئەو وڵاتانەی لە تاوی چەوسانەوە، وەک کۆچبەر و پەنابەر لێی دەژین، لە کڵێساکاندا دەحەوێنرانەوە و بەرگرییان لێ دەکرا تا مافی پەنابەریەتی بەدەست بێنن، خۆم ئاگەداری دۆخەیلێکی زۆر و هەڵوێستگەلێکی مرۆڤانە بووم کە شایانی پیاهەڵدان و پێزانینن[٥٣].

کاتێک لە هەڵوێستی کڵێسا دەکۆڵینەوە، لەسەرمان پێویستە باوەڕ و خۆشەویستی جیا بکەینەوە. ئاخر باوەڕ، بەگوێرەی هێندێک هزرڤانی مەسیحی، واتە؛ مافی تۆ کە هەڵگری بیروباوەڕێک بی و مافی بەرانبەرەکەشت وەک تۆ. لەوانەیە لە خاڵگەلێکدا جیاواز بن و لە خاڵگەلێکیشدا ڕێکەون. ئەوە ڕێ لەوە ناگرێ هەر کەس دەست بەهەڵوێست و باوەڕی خۆیەوە بگرێ. وەلێ خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤێک وەک یەکە، با لەسەر چ ئاینێک بێ، هەمووان مافی ژیان و ئازادی و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان هەیە، ئازادی ئەوەیە: مرۆڤ خوای خۆی بپەرستێ وەک خۆی دەیەوێ بەو مەرجەی بیروباوەڕی خەڵکانی تری قەبووڵ بێ[٥٤].

ڕەنگە ئەم لێکنێزیکبوونە هەر زۆر زەرووری بێ بۆ کۆمەڵگە فرە ئاین و مەزهەب و داب و زمانەکان، ئەگەر ئاین بابەتێکی کەسێنییە، بەڵام مانای وانییە کە مەسیحییەکان دەیانەوێ لەگەڵ موسڵماناندا بن لە دژی ئەوانەی نکوڵی خوا دەکەن، وەلێ هاریکاری و سازان و بەتەنگەوەچوونی یەکتری هەردوو لا بەهێز

٥٣. أنظر: هاليداي، الفريد، ساعتان هزتا العالم، ١١أيلول/سبتمبر٢٠٠١، الأسباب والنتائج، ترجمة عبدالاله النعيمي، دار الساقي، بيروت – لندن، ٢٠٠٢، ص١٩ ومابعدها.

أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي، ثلاثية الثلاثاء الدامي، القانون، السياسة، دار الحكمة، لندن، ط١، ٢٠٠٢، ص٣٦ _ ٣٨ وجدير بالذكر أن أشير الي دور القرارات الدولية الثلاث التي صدرت عن مجلس الأمن الدولي بعد أحداث ١١أيلول/سبتمبر٢٠٠١ الارهابية وأعني بها القرار ١٣٦٨ في ١٢أيلول/سبتمبر٢٠٠١ والقرار ١٣٧٣ في ٢٨أيلول/سبتمبر٢٠٠١ والقرار ١٣٩٠ الصادر في ١٦ كانون الثاني/ يناير٢٠٠٢، التي تم استخدامها في الحملة الدولية لمكافحة الارهاب الدولي في خلق مثل هذه الأجواء المتوترة علي المستوي العالمي، خصوصا ما تضمنت من أحكام شديدة واجراءات أمنية وغيرها.

٥٤. رسالة المطران جورج خضر الي الباحث، مصدر سابق.

دەکات و هاوبەشە مرۆڤانییەکان و بەهاگەلی چاکە و خۆشەویستی و ئاشتی، زیاتر دەچەسپێنن.

٢- لێبووردەیی و ئیسلامی سیاسی

هیچ سەرچاوەیەکی ڕەخنەگرانە لەبارەی لێبووردەیی و نالێبووردەیی لە ئیسلامدا، لە بەردەستدا نییە، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. خۆ لەو هەموو هەڵسوکەوتانەش بگەڕێ کە نیشانەی نالێبووردەیین و بوونە هۆی کۆڕەوی کەمینە ئەتنی و ئاینی و تایەفییەکانی دنیای عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها جیاکاری بەرانبەر کەمینە نەتەوەیی و زمانی و ئاینییەکان، هەر لە کورد عێراقەوە تا دەگاتە خێڵەکانی باشووری سودان یان ئەمازیغییەکانی ڕۆئاوای عەرەبی، بەو هەڵسوکەوتانەش کێشەکان زیاتر کەڵەکە بوون و ڕێگەی خۆهەڵقورتانی دەرەکیش خۆش بوو.

گوتاری ئیسلامی، یان ئیسلامەوی باو، بەتایبەتی لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە، ئاستەنگێکە لە بەردەم پرەنسیپەکانی لێبووردەیی و نوێگەری، کولتووریی سیاسی بالادەستیش برێتی بوو لە کولتووری دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و ڕیشەکێشکردن لە پاڵ حەرامکردن و کافرکردندا.

هەندێک توێژی دەستەبژێر ویستیان ببنە سووری پێش لەشکر، وەلێ بەداخەوە خەڵکێکمان نەبینی گوێیان لێ بگرێ، بۆیە بۆشاییە گەورەکەی نێوان ئەوان و وارە قورس و چەقبەستووەکە و ئەو ئاستەنگانەی بەر بەچاکسازیی و گۆڕین دەگرن هەر مایەوە.

باهۆزی نوێگەری لە چەندان وڵاتدا نووچی دا. شێخ ڕاشید ئەلغەنووشی دەڵێ: تەنیا دوو ڕێگەمان لە پێشە، یا بوارێک دەرەخسێنین بۆ گردبوونەوەیەکی ئیسلامی نێوان تێکرای باڵ و تەوژمە ئیسلامییەکان و تەنانەت لە نێوان ئەوانە و تەوژمە نائیسلامییەکاندا، یان توندڕەوی هەڵدەبژێرین و دەست بەو "یەکڕەنگییە"وە دەگرین. واتە؛ یان هزری لێبووردن و کرانەوە یان هزری شەڕوشۆڕ و لێکترازان. هەرچی دوکتۆر عەبدولوەهاب ئەلمسیرییە، بانگەشەی گوتارێکی نوێی ڕەخنەگرانە دەکات کە سەرودەری لەگەڵ نوێگەری ڕۆئاواییدا هەبێ. فەهمی هوێدی جەخت دەکاتە سەر تەنگژەی شەرعییەتی دیموکراسی، بۆیە دەبێ بابەتی دیموکراسی،

شـوێنێکی شـایانی لە گـوتاری ئیـسـلامـیـدا بدرێتێ، لەبەرئـەوەی داواکـارییـەکی بنەڕەتی و بەهایەکی باڵایە[٥٥].

بڵاوکردنەوەی کولتووری لێـبووردەیی و چەسپاندنی، پێویستی بە ژینگەیەکی لەبار لە کـەشـوهـەوای ئازادی و ڕادەربڕین و جیاوازیی بێ ترسـان لە سـزا هـەیە، پێـویسـتی بەکـۆمـەڵگەیەکـە کـە هـاوبەشـێکی کـارای دەوڵەت بێ، دەوڵەتێک بـەپێی سەروەریی یاسا و یەکسانی نێوان هاووڵاتیان کار بکات.

ئەوەش پێویست بەچاوگێـڕانەوە بەزۆر یاسا و ڕێسـای کارا و پرۆگرامـەکانی پەروەردە و خوێندن هەیە، تا لە مەیلە خۆبەزلزانین و ڕەگەزپەرستییەکان نەخاسمە بەرانبـــەر ئەوانی تر، پاک بکرێنـەوە و جـــەخت لەســـەر مـــافی جـــیـــاوازی و ئۆپۆزسـیـۆنبـوون بکـەنەوە. خۆ ئەگەر خـۆمـان لەو مـەسـەلانە بوارد، ئەوە ناگـەینە لێبووردەیی و دەبێتە ئامانجێکی زەحمەت[٥٦].

لێـبـووردەیی، بەم مـانایـە، واتە؛ خـۆڕاگرتن بەرانبـەر شت و هەڵوێسـتگەل یان هـزرگـــەلی وا کـــە ڕەنگە نـەمـــانـەوێن، لـەوانـەیـە بەتـەواوی دژ بەهـزر و ئاکـــار و بیـرکـردنەوەی کـۆمـەڵایـەتی و ئاینی و سـیـاسـیـمـان بێ، بەڵام پێـچـەوانەکـەی، نالێـبـووردەیی، واتە؛ سـڕینەوە و ڕیشـەکـێشکردن و نکووڵیکردن، ئـەوەش، ڕەنگە ببێتـە هۆکاری توندوتیژی و شـەڕوشۆڕ. گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨) لە نامەیەکیدا کە لە بەندیخـانەوە ناردوویـەتی دەڵێ: «لێـبووردەییم خـۆش ناوێ، وەلێ هیـچ شـتـێکی چاکتر شک نابەم بمگەیەنێتە مەبەستەکەم».

بەلای گاندییـەوە، لێبووردەیی، بنەوای بیرکردنەوەیە لە مامـەڵەکردنی ئەوی تردا، لەبەرئەوەی ئێـمـە هـەمـوومـان وەک یەک بیـر نـاکـەینەوە و هـەر یەکـەشـمـان بەشـێکی ڕاستیمان لە کنە کە بەجیاواز تێی دەڕوانین.

لێبووردەیی، بابەتی تێڕوانین و تیـۆریزەکردنی هزروانانی سـەدەی حەڤدەیەم بوو،

---

٥٥. الغنوشي، الشيخ راشد، الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق، ص١٩٩، كذلك: المسيري، د. عبدالوهاب، المصدر السابق، ص١٧٧ وما بعدها. كذلك: هويدي، فهمي، المصدر السابق، ص١٩١

٥٦. الشماري، خميس، "التسامح غاية صعبة المنال"، المجلة العربية لحقوق الانسان، المعهد العربي لحقوق الانسان، العدد٢، ١٩٩٥.

نەخاسمە لە لێکجوێکردنەوەی ئاین و دەوڵەتەوە، لەو کاتەوە لێبووردەیی کڵێسا بەرانبەر ئەوانەی ڕەخنە لە بۆچوون و هەڵوێست و دەسەڵاتەکەی دەگرن بووە پێویستی، بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ڕۆژێک کە خەڵکەکە لە دەسەڵاتی کڵێسا ڕزگار بوون، دەبوو هزریش لە دەزگاگەلی فەرمانڕەوایی ڕزگار بێ ئەویش بەبڵاوبوونەوەی لیبرالیزم. لەو ڕۆژەوە، لێبووردەیی بووە: توانای کۆمەڵگە بۆ خۆگونجان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و جیاوازی و ڕێزگرتنیان.

چەمکی لێبووردەیی، لە بابەتێکی تاکەکەسییەوە بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت بەرەو پێش چووە، تا گەیشتووەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چەمکەکە قاوخی زمانەوانیی خۆی جێ هێشت کە پێوەست بوو بەسەخێتی و دەستبڵاوی و خانەدانی و لێخۆشبوون و چاولێپۆشینەوە، بگرە گەیشتە دانپێدانان بەماف و ڕێزگرتن تا دەگاتە ئاوەدانی و گەشەپێدانەوە[٥٧].

بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی لێبووردەیی و سەروەریی گیانی مافی جیاوازی، پێویستییان بەچاوگێڕانەوە بەبۆماوەی کولتوورییە هەروەها وەرگرتنی کەلەپوور لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا و بنیاتنانەوەی سەروتازەی پێوەندیی نێوان کولتوور و دەوڵەت، کۆمەڵگە و دەسەڵات، نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، هەموو ئەمانەش، هاوزەمان بەرپرسیارەتییەکی دەستەجەمعی و تاکەکەسیشن، ئاخر کۆمەڵگەیەک نییە لە کەڵکەڵەی دوورخستنەوە و نالێبووردەیی دوور بێ، مەگەر کۆمەڵگەیەکی بەتوانا و هەردەم وریا بێ.

نالێبووردەیی، بەکەلەپوور یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە نەنووساوە؛ دیاردەیەکە سالانێکی زۆر زۆرە هەیە نە (ڕۆژهەڵاتییە نە ڕۆئاوایی)، وەک بەکووش دەڵێ. سەرەڕای ئەوەی تێکڕای ئاینەکان ڕای دەگەیەنن کە بڕوایان بەلێبووردەیی هەیە، کەچی شەڕ و قڕکردن بەدرێژاییی مێژوو هەر بەردەوام بووە و هێندێک جار بەناوی ئاینەوە[٥٨].

---

٥٧. البكوش، ناجي وآخرون، دراسات في التسامح، مصدر سابق. أنظر كذلك: عمر عبدالفتاح، المصدر ذاته.

٥٨. المصدر السابق.

قورئانی پیرۆز نێزیکەی لە سەت ئایەتدا دووپاتی دەکاتەوە؛ لێبووردەیی بنچینەیەکی ئیسلامە کە دووپاتی دەکاتەوە:

- ئازادیی بیروباوەڕ بۆ ئەوانەی موسڵمان نین.
- ئازادیی پەرستن.
- نەبوونی زۆرەملێ و ناچارکردن.
- پابەندبوون بەڕێزگرتنی ئەوی ترەوە.

بەم شێوەیە، لێبووردەیی، چاکەکاریی و فەزیلەتێکی بەهایی و ئاکارییە، تا ئەو جێیەی سەرلەبەری داواکارییە گەورەکان، لەسەر بنەوای (مافی جیاوازی) ڕۆدەنرێن. ئەم مافەش، پێویست بەبرێک فرەیی و پێکەوەژیان و دواتر پێویستی بەلێبووردەییە.

مافی جیاوازی، مەرجێکی گرینگی فرەیی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە، سەلماندنی ئەو مافەش، لە قبووڵکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆوە دەست پێ دەکات، گفتوگۆش بۆ ئەوەی کاریگەر بێ، دەبێ هاوسەنگییەکی تێدا بێ. گفتوگۆ نابێ بەدەربێ لە ڕەخنە، لەوانەی ڕەخنەی دووسەرە وەک ئەوەی جۆن لۆک و دێڤید هیوم، واتە؛ ڕەخنە لە عەقڵ لە پێناو ڕزگارکردنی لە بۆماوەی کلاسیکی (واتە ڕەخنلێگرتنی ئەو میکانیزمە عەقڵییەی ئەو میرات و بۆماوەیە بەرهەم دێنێ و دووبارەی دەکاتەوە)، هەروەها ڕەخنگرتن لە سیستەمی ستەمکاری لە سۆنگەی چەمکی (سەروەری و شەرعییەت و سەرچاوەی دەسەڵات و یاسا)وە[٥٩].

٣- شەریعەتی ئیسلامی و لێبووردەیی

لێبووردەیی، وەک وشە، لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، وەلێ شەریعەتی ئیسلامی خۆی لە دارەتی ماناگەلی وشەکە داوە. ئاخر کاتێک قورئان بانگەشەی لەخواترسان و ڕاوێژکردن و پشتی یەکترگرتن و ڕاسپاردن و ڕەحم بەیەککردن و یەکترناسین، هەموو ئەمانەش خەسڵەتگەلی (لێبووردەیی)ن، وەک دووپاتکردنەوەی مافی جیاوازی لە نێوان مرۆڤگەلدا. "جیاوازی ئایەتگەلێکی دیارن"، ئەگەرچی

٥٩. أومليل، د. علي، في شرعية الاختلاف، منشورات المجلس العربي للثقافة العربية، الرباط، ط١، ١٩٩١، ص٨٩

پێکەوەگونجان ڕەت ناکاتەوە.

کتێبگەلی زمانەوانی و فەرهەنگە بەنرخەکان، ئەوانەی زۆر لە موفەسیرەکانی قورئان پەنایان بۆ بردوون، وشەی "چاوپۆشین"ی قورئان وەک وشەی "لێبووردەیی" لێک دەدەنەوە. ئیبن مەنزور ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دوو وشەیە هاومانان. حونەیفییەش وا پێناس دەکرێ کە (نە هێنانەوەیەکی دنیای تێدایە نە توندی)[٦٠].

فەیرۆزئابادی لە فەرهەنگی (موحیت)دا دەڵێ: چاوپۆشین وەک لێبووردەیییە. چاو بپۆشە واتە؛ لێبووردە بە. چاو بپۆشن: لێبووردە بن[٦١].

لەبەرئەوە، بنەوای ڕەسەن لە ئیسلامدا، لێبووردەیییە، ئیسلام، پەیامێکی کراوەی دنیایی بوو. "وما أرسلناك الا رحمه للعالمين"( الأنبياء:١٠٧)، بەڵگەیە لەسەر ئاشتی و ئاشتەوایی و ڕەحمکردن.

بگەڕێینەوە لۆ قورئانی پیرۆز کە مەرجەعییەت و سەرچاوەی بنچینەییی شەریعەتی ئیسلامییە، سەرباری سوونەتی پێغەمبەر، وردبوونەوە لە ئایەتەکانی قورئان، وێنەیەکی زۆر گەش و پێشکەوتوومان دەداتێ بەلایەنی ئەو لێبووردەیییەی ئیسلام کە لە یەکەمین کتێبیدا هاتووە. ئایەتێکی پیرۆز دەڵێ (وأختلاف ألسنتكم وألوانكم ان في ذلك لأيات للعالمين) (الروم:٢٢).

قورئانی پیرۆز لە ئایەتگەلێکی زۆردا جەخت دەکاتەوە سەر جیاوازیی گەلان و خێڵەکان و "نێر و مێ"، گەل وەک ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ (ئەی خەڵکینە، ئێمە دروستمان کردوون لە نێر و مێ و کردوومانن بەچەند خێڵێک تا یەکتر بناسن، لەپێشترتان لای خوا ئەوەتانە لە هەمووتان خواناسترە، خوا زانا و شارەزایە) (ئەلحوجرات:١٣)، هەروەها (ولو شاء ربك لآمن من في الأرض كلهم جميعا، أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين) (يونس:٩٩).

لە ئایەتی ٢٥٦ی سوورەتی "بەقەرە"شدا خوای گەورە دەفەرموێ: (لا اكراه في الدين، قد تبين الرشد من الغي، فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك

---

٦٠. أنظر: ابن منظور، لسان العرب، دار احياء التراث العربي، ج٦، ص٣٥٤ – ٣٥٦

٦١. الفيروز آبادي، القاموس المحيط، دار احياء التراث العربي، ج١، ص٤٦

قارن: مهاجراني، سيد عطاالله، التسامح والعنف في الاسلام، دار رياض نجيب الريس، بيروت، نيسان/أبريل٢٠٠١، ص٤٠ ومابعدها.

بالعروة الوثقي لا انفصام لها والله سميع عليم).

له سوورەتی "ئەلغاشيە"دا هاتووه: ٢١و٢٢ "فذكر انما انت مذكر، لست عليهم بمسيطر"، له سورەتی "زومەر"یشدا:٢١ ، هاتووه (انا انزلنا عليك الكتاب للناس بالحق، فمن اهتدى فلنفسه ومن ضل فانما يضل عليها وما انت بوكيل)، له سوورەتی "ئەلنوور":٥٤دا هاتووه (وما على الرسول الا البلاغ المبين).

ئا ئەم سۆنگە هزرییانەی له قورئانی پیرۆزدا هاتوون، بوونه تێشوویەکی هزرییانه و تیۆرییانه بۆ هەڵسوکەوتێکی پێشکەوتووی ئیسلام، له بواری لێبووردەییدا نەخاسمه له سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، پێڕەوکردنی ئەو ڕێبازەش له هەندێک بەڵگەنامەی تیۆری و ڕێککەوتننامه و پاکتگەلی سیاسیدا هاتووه. ئەو پێڕەوانه، بوونه دژبەری هەڵسوکەوتگەلێکی تری نالێبووردەیانه، وەک دەرچوون یان لادانێک لەو دەقه پیرۆزانه، نەخاسمه قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەر. بەڵگەنامەگەلێکی تر هەن که پێکەوه دەبنه سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بۆ هەڵسەنگاندنی ئاراسته "ئیسلامەوییە" نالێبووردەکان، ئەو ئاراستەگەلەی دان نانێ بەوی تردا و هەوڵی ڕیشەکێشکردن یان سڕینەوه و یا پەراوێزخستنی دەدات.

له بڕگەی دادێ هەوڵ دەدەین ڕووناکی بخەینه سەر ڕەگوڕیشەی لێبووردەی له سۆنگەی (بەڵگەنامه) واته؛ دەقەوه، که هاوکات هەواڵیشه، بۆیه تەفسیر و تەئویلی گەرەک نییه، نەخاسمه بڕێک لەو دەقانه، له پێشیانەوه قورئانی پیرۆز، له دەوڵەتی یەکەمی ئیسلامدا کاری پێ کراوه، هەروەها سوونەتی پێغەمبەر که بوونەته سەرچاوەیەکی پیرۆز و پاشخانێکی هزری و کولتووری بۆ سەرلەبەری موسڵمانان، بەم پێیه؛ مانا و حیکمەتێکی زۆری تێدایه.

٤– ڕەگوڕیشەی لێبووردەیی و نووسراوگەلی عەرەبی – ئیسلامی.

له زۆر نووسراو و بەڵگەنامەی عەرەبی – ئیسلامیدا، بەڵگەگەلی زۆر هەن لەبارەی لێبووردەییەوه، جگه له دیاریکردنی مافگەل. دەکرێ لەو نووسراو و بەڵگەنامانه باسی ئەمانەیان بکەین:

١–هاوپەیمانی فزوول (حلف الفضول): ئەو هاوپەیمانییەی کۆتایی سەدەی شەشەمی زاین، دەوروبەری ٥٩٠ تا ٥٩٥، مۆر کرا، ئەو دەمەی خانەدانانی

مەککە لە ماڵی عەبدوڵڵا بن جدعان کۆبوونەوە، بەڵێنیان دا "نابێ لە شاری مەککەدا زوڵم لێکراوێک بمێنێ، دانیشتووی شار بێ یان غەوارە و ڕێبوار، دەستی هەمووان لەگەڵ دەستی زوڵم لێکراوەکەدا دەبێ تا زوڵمەکەی لەسەر هەڵدەگرن"[٦٢]. ئیسلام، هەڵوێستێکی ئەرێنییانەی هەبوو بەرانبەر هاوپەیمانی فزوولی سەردەمی جاهیلی، محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، هەرچی هاوپەیمانییەکانی سەردەمی جاهیلییە هەڵی وەشاندنەوە، هاوپەیمانی فزوول نەبێ. ڕۆژێکیش کە لەبارەی ئەو هاوپەیمانییەوە پرسیاریان لێ کرد، وەڵامی دایەوە "لەگەڵ مامەکانمدا ئامادەی هاوپەیمانییەک بووم لە ماڵی عەبدوڵڵا بن جدعان، ئەگەر لە سەردەمی ئیسلامدا بانگێشتی هاوپەیمانی وا بکرێم ئامادە دەبم و دەیکەم".

دەکرێ هاوپەیمانی فزوول، بەیەکەمین ڕایەڵەی مافەکانی مرۆڤ دابنرێ، هاوپەیمانییەکە جۆرێکە لە:

* ڕەتکردنەوەی زوڵم و کارکردن بۆ نەهێشتنی.
* یەکسانی لە نێوان دانیشتوانی مەککە و ئەوانەی لە دەرەوە دێنە ناو شارەکەوە. واتە؛ ڕێزگرتنی ئەوی تر بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ چ نەتەوەیەکە یان لەسەر چ ئاین و مەزهەبێکە و خەڵکی کوێیە.
* چەسپاندنی حەق و پاڵپشتی زوڵم لێکراو و گەڕاندنەوەی مافەکانی.

---

٦٢. جبور، جورج وآخرون، حلف الفضول،اصدار الجمعية العراقية لحقوق الانسان، فرع سورية، دمشق، ١٩٩٨. وبودي هنا أن أنوه بالدور الذي قام به جبور وهو مفكر وباحث دؤوب، في فرض فكرة حلف الفضول، سواء من خلال مراسلاته مع الأمم المتحدة والمفوضية السامية لحقوق ألانسان وجامعة الدول العربية والمؤتمر الاسلامي وغيرها أو في طرحها في العديد من المحافل الدولية والاقليمية والعربية، الي مانشره في الصحافة العربية والأجنبية. ويستحق الدكتور جبور عن عمله وجهده هذا وحده، الي مساهماته الفكرية الأخري وأخص بالذكر دراساته المبكرة حول مفهوم "الاستعمار الاستيطاني" أو مناهضة الصهيونية والعنصرية ودعم القرار ٣٣٧٩ الصادر عن الأمم المتحدة في ١٠تشرين الثاني/نوفمبر١٩٧٥، تقديرا كبيرا وتكريما لائقا علي المستوي السوري والعربي، فعسي أن تتاح الفرصة لتكريم المبدعين في حياتهم.

* پاراستنی ژیانی خەڵک و کەرامەتیان.

* پەنابردن بەردەستەیەک خانەدانان بۆ لابردنی زوڵم.

ئەمەش نموونەیەکە لە سەرچاوەیەکی کولتووری پێش ئیسلام و دواتر، کە بەبەهاگەلە بێگەردەکانی شەریعەت لەبارەی لێبووردەییەوە جێگیرتر بوو، ئەو شەریعەتەی، سەرەڕای لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان، لە ڕێگەی تێکەڵی و سەرودەرەوە پێوەرە مرۆڤانییە هاوبەشەکان دەسەلمێنێ[٦٣].

ئیبن ئەسیر لەبارەی هاوپەیمانی فزوولەوە دەڵێ: (... دوای خێڵگەلێکی قوڕەیش بانگێشتی ئەم هاوپەیمانیی کران، لە ماڵی عەبدوڵلا بن جدعان کە پیاوێکی هەڵکەوتوو و بەتەمەن بوو، خێڵەکان هاوپەیمانییەکەیان مۆر کرد کە بریتی بوون لە؛ بەنی هاشم، بەنی موتەلیب، بەنی ئەسەد بن عەبدولعوزا، زەهرە بن کلاب، تەمیم بن موڕە، بەڵێنیان دا نابێ لە مەکەدا زوڵم لێکراوێک، دانیشتوانەکەی یان غەوارە، بمێنێ کە پشتی نەگرن تا زوڵمەکەی لەسەر لادەبەن، قوڕەیش ئەم هاوپەیمانییەیان ناو نا: هاوپەیمانی فزوول...)[٦٤].

کرۆکی بیرۆکەی هاوپەیمانییەکە بەهەڵگرتنی زوڵم و جیاکارییەوە بەندە، زوڵمەکە هەرچۆنێکە بێ، سیاسی، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کولتووری بێ. دواتر بیرۆکەکە، بەو بەها و پرەنسیپە جوانانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون جێگیرتر بوو، ئەمەش یەکەمین دەستوپەنجە نەرمکردنی عەرەبە لەگەڵ بیرۆکەی لێبووردەیی پێش زیاتر لە ١٤٠٠ لەمەوبەر، وەک بەشدارییەکی عەرەب، لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا، وەک گەلانی تری دنیا، کە مێژوو و کەلەپووری خۆیان دەگەڕێن تا بەڵگەیەک بدۆزنەوە کە ئەوان لەگەڵ ئەو بیرۆکە هاوسەردەمە بوون نەک نکوولی یان فەرامۆشی بکەن یان بەرەنگاری ببنەوە.

بیرۆکەی هاوپەیمانی فزوول، وەک کولتوور و کەلەپوورێکی مێژوویی، وەڵامدانەوەی ئەو تەوژمە دەستڕۆیشتووانەی ڕۆژئاوایە کە عەرەب و موسڵمانان

٦٣. أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام وحقوق الانسان، مصدر سابق، ص ٤٢.

٦٤. ورد ذلك في السيرة لابن هشام، كما رواه ابن اسحاق (١/٩٢ من الطبعة الجمالية) أنظر: الغزالي، محمد، فقه السيرة النبوية، دار الدعوة للطبع والنشر والتوزيع، الاسكندرية، ط٢، ١٩٨٩.

بەدژبەری لێبووردەیی و مرۆڤ دادەنێن، هۆکارەکەشی بۆ سەرەتای پێگەیشتن و ژینگە و ئاین دەگەڕێننەوە، ئەو ناوەندانە دەڵێن، دژبەرییەک لە نێوان بیرۆکەی لێبووردەیی و پێکهاتەی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە، هەروەها بیرۆکەکە (بیرۆکەی هاوپەیمانی فزوول)، بەرپەرچدانەوەی باڵە نالێبووردەکانی ناو دنیای عەرەبی و ئیسلامییە، بە دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان و گرووپە توندڕۆ و دەمارگیر و تیرۆریستییەکانەوە کە بەوی تردا نانێن و زیادەڕۆن، هەوڵی سڕینەوە  ودەدەن و ڕای دەگەیەنن کە حەقیقەت تەنیا لای ئەوانە.

باڵ و تەوژمە ئیسلامییەکان، هیچی وایان لە دەسەڵاتداران جیاواز نییە بەڕێبازە گشتگیرەکان و ڕێوشوێنە توندەکانیانەوە، لە ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و داننەنان بەمافی جیاوازی و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی لێبووردەیی و خۆ بەڕاست زانین، بەم مانایە، لەگەڵ ئەوەی هێنێک جاران لە ڕیزی (ئۆپۆزسیۆندان)، وەلێ لە هەمان کانی حکومەتە ستەمکار و ملهوڕەکانیان خواردووەتەوە.

ئەوەی دەبێتە پشتیوانی باڵە ناحەزەکانی ئیسلام لە ڕۆئاوا، ڕەوشی ئێستەی مافەکانی مرۆڤە لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا، ئەڵبەت تۆمارێکی خراپە، بگرە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوگەلە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ و ئەوانی تر، لە هەموو دنیا خراپترە، ئەمەش (پاساو)ێکی ڕیسواکەر و بیانوویەکی (ڕەوا) دەدات بەدەستەوە، ئەگەر پێمان وابێ نیازپاکییەک لە پرسەکاندا هەیە. هەر بەو پێیە بەردەوام قەوانی تیرۆریزمێکی عەرەبی و ئیسلامی ڕەگداکوتاو و کولتوورێکی دەمارگیری توندڕۆ و داخراو، لێ دەدرێتەوە.

دەتوانم بڵێم عەرەب و موسڵمانان وەک خەڵکانی تر پێویستە بگرە لە هەمووان زیاتر پێویستیان بەوەیە کولتوور و کەلەپووری خۆیان موتوربە بکەن بەو دەسکەوتە مرۆڤانییە لە ڕێگەی کرانەوە و هاریکاری و تێکەڵبوون و دۆزینەوەی ناوکۆیی (القواسم المشترکة) لەگەڵ شارستانیەت و کولتوورە جیاوازەکاندا، بێ ئەوەی پێناسە و تایبەتمەندی و جیاوازیی ئاینی و نەتەوەی و کولتووری خۆیان لەدەست بدەن، وەلێ بێ فەرامۆشنەکردنی پێشڤەچوونی دنیا و هاوبەشە مرۆڤانییەکان. تایبەتمەندیی عەرەب و موسڵمانان لەوەدایە کە مافیان هەیە بوونی نەتەوەی و

پێناسـەی تایبەتی خۆیان لە هەسـتانەوە و بڕیاردانی چارەنووس و پێشکەوتن و گـەشـەسـەندن و ڕێزگـرتنی مـافـەکـانی مـرۆڤ و ڕزگـارکـردنی خـاکـە داگیرکراوەکانیـان، بپارێزن[٦٥]، ئەمانەش هەر هـەموویان بەهاگەلێکی مرۆڤانی هاوبەشن بۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی.

٢- دەسـتووری مـەدینە: بەلای هێندێک کەسـەوە یەکـەمین دەسـتووری نووسـراوە لە دنیـادا کـە باس لە مـاف و ئەرکگەل دەکـات، ئەو شـەریعـەتەی مـحـەمـەد پاش گەیشتنی بۆ مـەدینە بڕیاری لەسـەر دا، لەوێدا باس لە مـافـەیلی تایەفـەگـەل و پێکهاتەگەلی مەدینە دەکات بەتایبەتی جوولەکە.

سـەلاحـەدینی جۆرشی دەڵێ، بەڵگەنامـەی مـەدینە برێتییـە لە "یەکـەمین هەوڵی یاسایی و دەسـتووریی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی ئیسلامی، کە خەریک بوو پێغـەمبـەر ژیانی خـۆی لەسـەر دابنێ[٦٦]. (ڕۆژنامـە - سـەحیفـە)، بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی ئەو کـۆمـەڵگەیەی پێـغـەمـبـەر هەوڵی بۆ دەدا، کـۆمـەڵگەیەکی فـرەیی بوو. (ڕۆژنامـە - سـەحـیـفـە)، یەکـەمین سـاڵی کـۆچی (نـێزیکـەی ٦٢٢ز) د، واتە بەر لە شـەڕی بەدری گـەورە دەرچووە، هـەرچەندە لـە مـەدینە دەرچووە، کـەچی لە ڕووی شەریعەتەوە بە مـەکەیی دێتە ژماردن. ئاخر ساڵانی یەکەمی کۆچی پێغەمبەر کە سـەر بەگوتاری مـەکەییـە، لێبووردەیی پێوە دیار بوو، وەلێ برێک حوکمگەلی ئەم قۆناغە لە قۆناغی مەدینەشدا مانەوە، ئەمەش ئاڵۆسکانێک دروست دەکات لەبارەی پێگەی لێـبـووردەیی و راسـتی بیـروباوەڕەوە لە گـوتاری ئیـسـلامی ڕابردوو و ئێستـەدا، ئاخۆ پرسێکی تەکتیکی بووە یان ستراتیجی؟ ئیسلامی سیاسی لە ئێرانەوە بۆ جەزایر، لەم پرسەدا کۆک نین.

باقر عەفیف دەڵێ، سەحیفە، لە دەقگەلێکی قورئانی پێک هاتووە، ئەو ئایەتانەی بە ئایەتگەلی لێبووردن (آيات الاسماح) ناسراون، ئەوانەی لە سورەتەکانبی کەهف و غـاشـیـە و مـائیـدە و حـەجدا هاتوون کـە دواتر دێینە سـەر باسکردنیـان. ئەم ئایەتانە، ئاماژە بەبنەواگەلێکی بنچینەیی دەدەن لە ئیسـلامـدا، کە بنەواگـەلێکی

---

٦٥. أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام وحقوق الانسان، مصدر سابق، ص٤٢ _ ٤٣.

٦٦. أنظر: جواد، غانم وآخرون، "الحق قديم"، مداخلة صلاح الدين الجورشي، التوثيق في مجال حقوق الانسان، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٦٥.

مرۆڤانی گشتین وەک ئازادی، کە غایەلەیەکی خۆرسکانەی هەموو مرۆڤێکە کە هەر بۆ خۆیان بەئازادی لەدایک دەبن، هەر ئەوەشە وای لە دووەمین خەلیفەی ڕاشیدین، عومەری کوڕی خەتاب، کرد، گوتە ناودارەکەی بڵێ کەنگێ ئەو خەڵکەتان کردە کۆیلە لە کاتێکدا بەئازادی لەدایکبوون؟، یان گوتەکەی ئیمامی عەلی کە ڕووی دەمی لە سەرکارەکەی میسرێتی، مالیک بن ئەلئەشتەر ئەلنوخعی: وەک شێر مەبە بەسەریانەوە (واتە بەسەر خەڵکەوە) و هەردەم لە بۆسەدا بی بیانخۆی، ئەوان دوو جۆرن، یان برای دینیتن یان وەک تۆ خوا خەڵقی کردووە...، هەرم ئەم گوتانەش بوو پاش چوارده سەدە، لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا دەنگی دایەوە کە لە مادەی یەکەمیدا دەڵێ:

(هەموو خەڵک بەئازادی لەدایک دەبن و یەکسانن لە کەرامەت و مافدا، عەقڵ و هۆشیان هەیە، دەبێ بەگیانی برایەتییەوە مامەڵەی یەکتر بکەن)[٦٧].

ئازادی، هەڵبژاردەیەکی مرۆڤانییە، مرۆڤ ئازادە، ئەوەی دەیەوێ مانای: ئەوەی هەڵی دەبژێرێ، هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنیش لێرەدا هیچ چار نییە هەر دەبێ بێ زۆرەملێ و ناچارکردن بێ، بگرە هەڵبژاردنێکی هۆشمەندانەیە. مەبەست لە یەکسانی، نەبوونی جیاکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا سەبارەت بەئاین یان رەگەز یان نەژاد یان زمان یان ڕەنگیان، بنچینەی یەکسانیش؛ کەرامەتی مرۆڤی موسڵمان و

٦٧. أنظر: الاعلان العالمي لحقوق الانسان، الصادر عن الجمعية العامة للأمم المتحدة في ١٠كانون الأول/ديسمبر١٩٤٨ الشرعة الدولية لحقوق الانسان، رسالة رقم٢، جنيف، ١٩٨٨ ولعل ما ورد في نهج البلاغة قد سبق الفكرة المعاصرة لحقوق الانسان بنحو ١٤٠٠ سنة.

أنظر كذلك: مقالتنا "الامام علي وفلسفة الحق والحرية" منشورة في كتاب الاسلام وحقوق الانسان، وهي محاضرة ألقيت في ديربورن(أمريكا) ١٩٩٢

أنظر: نهج البلاغة، ٤٢٧ الكتاب رقم ٥٣ (رسالة الامام علي الي مالك الأشتر).

قارن: شريعتي، د.علي، الامام علي، ترجمة علي الحسيني، دار الكتاب الاسلامي، ط١، ايران، ٢٠٠٠.

كذلك قارن: جرداق، جورج، الامام علي صوت الانسانية ٤أجزاء، دار الملايين، بيروت، ١٩٦٢, (أنظر الجزء الرابع، الامام علي وحقوق الانسان).

نامـوسـڵـمـان و پرسـی بنەڕەتیش، کـاری چاکـە. بەڵام باوەڕی ئاینی، ئەوە پێـوەری بەهـای تاک و جـەختکردنەوەی ڕێزگـرتنی عـەقڵـە. خـوای گـەورە بەو گـەورەییـیـەی خۆیەوە فەرمانی بەپێغەمبـەر کرد خۆی لە زاڵبوون دوورخاتەوە کە دەڵێ (فذکر انما انت مـذکـر لست علیـهم بمسـیطر)، هـەروەها مـەبەست لە یـەکـسـانی، ڕێزگـرتنی ئاینگەل و نەتەوە و پێکهاتەگەلە جیاوازەکانە، سەحیفە، یان دەستـووری مەدینەش هـەر لەسـەر ئەو بنەوایە بوو.

با ئەو چـەند ئایەتە شـی بکەینەوە کـە دەسـتنیـشـانمان کـردن و بـەڵگەن لەسـەر بوونی بنەواکانی لێبووردەیی:

یەکەم: سورەتـی ئەشکەوت:٢٩، کە ئازادی هەڵبژاردن یان دەستنیشانکردن دەداتە مرۆڤ (وقل الحق من ربکم، فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر...).

دووەم: سورەتی غاشییە:٢٢،٢١، کە بەڵگەی هـەوڵی باوەڕپێکهێنانە (فذکر انما انت مذکر لست علیهم بمسیطر).

سێیـەم: سـورەتی مـائیدە:٦٩، جـەخت لەسـەر یەکسـانی دەکاتەوە (ان الذین آمنوا والذین هادوا والصـابئون والنصـاري من آمن بالله والیوم الآخر وعمل صـالحا فلا خوف علیهم ولا هم یحزنون).

چوارەم: سـورەتی حـەج:١٧، باس لە یەکسـانییـەکی گشـتگیـرتر دەکات (ان الذین آمنوا والذین هادوا والصـابئین والنصـاري والمجـوس والذین أشـرکـوا ان الله یفصل بینهم یوم القیامة ان الله علی کل شیء شهید)[٦٨].

بەڵام هێندێک لەو ئاراسـتـانە لە کـار خـران بـەهـاتنی ئایەتگەلی شـمـشـێـر وەک دەگوترا، نەخـاسـمـە بەرانبـەر ئەوی تر، هـەر ئەوەش لەناو کـولتـووری ئیـسـلامـیـدا جێگیر بوو، نەخاسـمە پاش بەڵێنشکێنی جووان. بۆیە زیندووکردنەوەی ئایەتگەلی لێبووردەیی و ئاماژەدان بەوەی ئەو ئایەتانەن بنەوای هزری مرۆڤانییانەی ئیسلام،

٦٨. أنظر: الباقر، العفیف، کتاب الحق القدیم، مصدر سابق، ص٧١ _ ٧٢

کذلك أنظر: الباقر، العفیف وآخرون، حقوق الانسان في فکر الاسلامیین، مرکز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، سلسلة مناظرات فکریة، رقم ٧، القاهرة، ٢٠٠٠

قارن: نصوص الآیات القرآنیة في القرآن الکریم، سوار، مروان (اشراف) مکتبة ومطبعة الشربجي، دمشق، ط١، ١٩٨٧

پرسێکی تا بڵێی گرینگە بۆ ئەمڕۆ، وەک دژبەرێکیش بەڕووی ئاراستە نالێبووردە باوەکان کە ئاراستەگەلێکی هەڵچوو توندڕۆن نەخاسمە کە پەنا بۆ کەلەپوور و مێژوو و شەریعەت دەبەن و بەبۆچوونی خۆیان مامەڵە لە تەک دەقدا دەکەن و لە ڕێڕەوی مێژووی خۆی دەری دێنن. بۆیە هێندێک لەو ڕێوشوێنە (توندڕۆ) نالێبووردانە، دەبێ لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیاندا تەماشا بکرێن و بەناوازە نەک بنەوا بێنە ژماردن، نەخاسمە لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، کە بنچینەی کولتوور و دەوڵەتی یەکەمی ئیسلامە بەهەموو بەها و ئیلهامەکانییەوە.

بڵاوکردنەوەی سەروتازەی دەستووری مەدینە و دووپاتکردنەوەی، زیندووکردنەوەی دەق و ئایەتە لێبووردەییەکان، زیندووکردنەوەی سیرەی پێغەمبەر بەو پێیەی یەکێکە لە سەرچاوەکانی لێبووردەیی و مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی مافیی جیاوازی، دەبنە هۆکاری لابردنی بڕێک لەو دژبەرییانەی بوونەتە ڕێگر لە بەردەم تەحەدییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی تەحەدی تۆمەتبارکردنی عەرەب و موسڵمانان بەنالێبووردەیی. بێگومان، ئەوە یەکێک دەبێ لە ڕەگەزەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕێژیم و حکومەتانەی بەرانبەر گەلانیان نالێبووردەن کە هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بۆ بڕێک دەقگەل و هەڵسوکەوتی نالێبووردە لە ڕێی دەرهاویشتنیان لە ڕێڕەوی مێژوویی و بڵاوکردنەوەیان بەو حسێبەی گوایە ئەوانە نموونەی ئیسلامین، ئەوەش تەنیا لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان و پاراستنی پایە و دەسەڵاتیاندا.

هێندێک پێیان وایە، سورەتی (تۆبە)، تخوویی نێوان قۆناخی لێبووردەیی و قۆناخی شمشێرە، بەڵگەشیان؛ بە بیسمیلا دەست پێ ناکات و یەکەمین ئایەتیشی (براءة من الله ورسوله الى الذين عاهدتم من المشركين...). بەگوێرەی ئەم ئاراستەیە، ئەم ئایەتە و دۆخی دابەزینی ئەوەیە کە سزایەکی دنیایی بۆ موشریکەکان دیاری کردووە. لەوە بەدواوە، جوو و مەسیحییان، پاش ئەوەی ئەهلی سەحیفە و بەڵێن بوون، بوونە ئەهلی شەڕ و کوشتار، دوای شکاندنی هەموو ڕێکەوتن و بەڵێنەکان، بگرە بوونە هاووڵاتیی پلە دوو و دەبا جزیە بدەن[٦٩].

---

٦٩. الباقر، العفيف، "وثائق حقوق الانسان الاسلامية في السياق التأريخي والاجتماعي:، كتاب الحق قديم، مصدر سابق.

ئەم دەقـە، ئاڵۆسـكاوييـەكی زۆر بۆ ئێسـتـە دەخـوڵقـێنێ، بەتايبـەتـی چۆنيـەتی جێبەجێكردنی لە دەوڵەتێكی هاوسەردەم و لە سایەی پرەنسيپی يەكسانی لە ماف و لە بەردەم ياسادا، سـەرباری جاڕنامەكانی مـافەيلی مرۆڤ و جياكاری نەكردن و هاووڵاتێتی، بێ لە كاريگەرييە خراپەكانی لە ئاسـتی پێوەندييـە نێودەوڵەتييەكان. لێرەدا پرسيارێک دێتە پێشێ: ئاخـۆ پاشگەزبوونەوەيەک لە پرەنسيپی هاووڵاتێتيی نوێ هەيە، هـەوڵێک لە ئارادايە لـە پێناو كـەمكردنـەوەی مـافی هـاووڵاتی لـە دەوڵەتی هاوسـەردەمدا؟

دەشێ ئـەمـڕۆ ئـەو دەقـە كـارا بكرێ هـەر بۆ نموونـە؟ ئاخــۆ پێگەی لەناو دەقــە نێـودەوڵەتيـيـەكـانی مـافـەكـانی مرۆڤـدا چيـيـە؟ ئەوانـە پرسـيـارگەلێكی گـرينگن و وەڵامگەلێكی هاوسـەردەمانە و پێشكەوتنخوازانەيان پێويستە كە ئاگەداری ئەوە بێ مرۆڤايەتی لە بەها و پرەنسيپە هاوبەشەكانيدا گەيشتووەتە كوێ، سەرباری ئەوەی ئاخۆ ئەو دەقە تا چەند لە واقيـعی ئەمڕۆماندا دەشێ جێبـەجێ ببێ. كـەواتە، ئاخـۆ ڕاسـتـە جێبـەجێكردنـی سـزايەكی دنيـايی مـوشـريكان، ببێـتـە بانگەشـەی شـەڕ و كوشـتـارێكی دنـيـايی و ناوخـۆيی، ئەگەر دەقـەكـەمـان بـەهاكـەزايی وەرگـرت؟ ... يان ڕێوشـوێن و كـەرەسـەی تر هـەن بۆ ڕێگرتن لە مـوشـريكان و بڵاوكردنەوەی باوەڕدار؟ بێگومان، بڵاوكردنەوەی هزری لێبووردەيی و ڕێنوێنييە بێگەردەكانی ئاين، ئيسلامی يان مـەسـيـحی يان ئەوانی تر، باوەڕپێـهێنانی تاک و كۆمەڵگە بەگرتنی ڕێی ڕاست بەگوێرەی بنەواكانی دادپەروەری و ڕاستينە، ويژدان، يەكسانی و سـەروەريی ياسا، دەبنـە هۆكــاری بـڵاوبوونەوەی بـاوەڕداری، هـەڕەشـــە و گـــوڕەشـــەی ســـەربڕين و بەكـارهێنانی توندوتيـژی تـا بـەرانبـەر ناچار بـكرێ، با بـەرانبـەر مـوشـريكيش بێ، بـەتۆپـزی واز لە بـاوەڕی خـــۆی بێنـێ، يەكـــەمين جـــار زيـان بـەخـــوتی بـاوەڕداری دەگەيەنێ، ئاخر مەحاڵە شمشێر لە عەقڵەكاندا بچەسپێ و باڵادەست بێ.

دەكرێ بەڵگەنامە ئيسلاميیەكان لەبارەی بيرۆكـەی لێبووردەيیـەوە كە لە ڕووی مـێژووييـيـەوە برێک بنەوای مـافـەيلی مرۆڤـيـان تێدايە، دابەش بكرێ بەسـەر سـێ قۆناخدا:

يەكەم: قۆناخی پێغەمبەرايەتی: برێتييە لە قۆناخی بانگێشتن و بانگەواز و دواتر هـاتنـی شـەريعـەت و نووسـينـەوەی كـە شـەريعـەتگەلێكی زۆر و تازەی پاش كـۆمـەڵگەی كـۆچـەريين، هـانی خـەڵک دەدەن بۆ برايەتـی و پشـتـيـوانی و

یەکتربەسەرکردنەوە و لێخۆشبوون و لەو بنەوایانە. ئەو سورەت و ئایەتانەی بۆ پێغەمبەر (دادەبەزین)، وەک پرۆگرامی هزری و سیاسیی موسڵمانان وابوون لە بەرانبەر ڕکابەر و دوژمنانیاندا، چەکی دەستیان بوو لە بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنیی ئاینەکەیان و بنەواکانی.

دووەم: قۆناخی خەلیفەکانی ڕاشیدین: قۆناخی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی، هەست بەپێشڤەچوون و فرەوانبوونی کۆمەڵگەی نوێی ئیسلامی دەکرێ پاش کۆچی خاوەنی پەیامە ئیسلامییەکە. لەم قۆناخەدا، لە سایە و ئیلهامی قورئانی پیرۆز و سوونەی پێغەمبەردا، کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و بڕیار دەرچوون، بەگوێرەی پێشڤەچوون و گۆڕانی ژیانیش ئیجتیهاد دەکرا، نەخاسمە پاش ئەوەی لە ڕێی (فەتحە) ئیسلامییەکانەوە، کۆمەڵگەی ئیسلامی تێکەڵی پەیدا کرد لەگەڵ چەندان نەتەوەی تردا.

سێیەم: قۆناخی بەیاساییکردن و خوردکردنەوە: ئەو قۆناخەی لە کۆتاییی خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە دەست پێ دەکات تا دەوڵەتی ئەمەوی و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عەباسی[٧٠]، تا دەگاتە دەوڵەتی عوسمانی و ڕێژیمی خەلیفایەتی کە تا یەکەمین شەڕی جیهانی درێژەی کێشا، تا لەبەریەک هەڵوەشانی خیلافەتی عوسمانی و داڕووخانی.

بەڵگەنامەی یەکەم کە قورئانە ماف و بنەواگەلی باڵای لێبووردەیی تێدایە، دواتر سونەتی محەمەد مافە گشتی و تاکەکەسییەکانی ورد کردەوە، بەمافی خەڵک و مافی دەسەڵاتدارەوە.

٧٠. أنظر بالتفصيل: جواد، غانم، الحق قديم، مصدر سابق، ص٢٢ وما بعدها. يستطرد الأستاذ غانم جواد في المراحل المعاصرة تحت مصطلح "اعادة التأريخ" ليحدد مرحلة رابعة يطلق عليها اعادة التأسيس ويدخل فيها رسالة الامام النائيني ١٩٠٩ حول المشاركة في ادارة شؤون الأمة، وأن الشعب مصدر سلطة الحكومة ومساهمته المعروفة "تنبيه الأمة وتنزيه الملة". كان النائيني أحد فقهاء الحوزة العلمية في النجف وتوفي عام ١٩٣٦ وكان منحازا الي الدستورية أي المشروطة بدلاً من المستبدة. أما الوثيقة الثانية فهي كتاب طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد للكواكبي. أما المرحلة الخاصة فيطلق عليها مجازا اعادة التقنين (المعاصرة) وهي تشمل بعض الوثائق الاسلامية ومن أبرزها "ميثاق القاهرة لحقوق الانسان".

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەستووری مەدینە یان سەحیفە، بەڵگەنامەیەکی مرۆڤانەی پێشکەوتووە کە بەزمانێکی یاسایی نێزیک لە هێندێک بنەوای دەستووریی نوێ نووسراوەتەوە، باس لە پێوەندیی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کۆمەڵگەی مەدینە دەکات لەگەڵ بنەواکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و مافی جیاوازی و فرەیی لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییان و جووان و خێڵە عەرەبییە بتپەرستەکاندا.

دەتوانم بڵێم، دەستووری مەدینە (سەحیفە)، یەکەمین بەڵێننامەی مەدەنییە لە مێژووی ئیسلامدا. سەرچاوەی لە قورئان و حەدیسەوە نەگرتووە، بەڵکە بەڵێننامەیەکی نێوان دانیشتوانی شارێکە لە پێناو ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیان کە پێغەمبەر لەگەڵ دانیشتوانە ناموسڵمانەکەدا بڕیاری لەسەر داوە. ئەو بەڵێننامەیە لە نێوان ئاب/ئۆگستسی ٦٢٢ی زاین و حوزەیران/یۆنیۆی ٦٢٤دا نووسراوە (لە نێوان ساڵی یەکەمی کۆچی و کۆتاییی ساڵی دووەمدا).

سەحیفە، لەسەر نموونەی فرەییی هاوماڵی Juxtaposition کە پێشتر مەسیحییەت و جوولەکە و هیندۆسی پێڕەویان دەکرد.. مافگەلێک دووپات دەکاتەوە: یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا لە نێوان موسڵمانان و جووواندا، پشتیوانی یەکتریش لە کاتی شەڕدا. بوونی پێوەندیی لەسەر بنەوای چاکە و ئامۆژگاری و خراپەنەکردن. ڕێکخستنی پێوەندییە یاسایی و جینائییەکان بەگوێرەی دابە عەرەبییەکانی پێش ئیسلام کە خێڵی کردبووە خوێندار لە کاتی کوشتن و ناکۆکییەکاندا بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی داخۆ لەسەر کام ئاینە[٧١].

---

٧١. ورد نص دستور المدينة أو الصحيفة، التي تعتبر وثيقة انشاء الدولة الاسلامية، في العديد من كتب السيرة النبوية، مثل سيرة ابن هشام والسيرةالحلبية. وقد أوردها ابن عبيد في الخراج. وقد قام الدكتور عبدالحميد في كتابه أصول حقوق الانسان والعدالة الجنائية بترقيمها وتهميشها (ص٢٠٠ – ٢٠٥) وقد حاولنا تدقيقها كما أظهرت عليه من خلال قراءة أكثر من نص ولدي أكثر من باحث.

أنظر: البهنساوي، سالم علي، الشريعة المفتري عليها، دار القاهرة، ١٩٩٥، ص ٢٥١.

أنظر كذلك: مناع، د. هيثم، الامعان في حقوق الانسان، جزءان، دار الأهالي، دمشق، ط١، ج١، ٢٠٠٠، ص ٥٣٩.

دەکرێ بگوترێ بەپشتبەستن بەو دەقەی لە (سەحیفەی مەدینە)دا هاتووە: لەسەر هەر لایەنێک یان دەسەلاتێک کە خۆی سەر بەئیسلام دەزانێ، پێویستە، لە پاشخانەکانی ئەم سەحیفەیە ورد بێتەوە و جێبەجێیان بکات بەسۆنگە و نێوەڕۆک و پشت دێرەکانییەوە کە لە چەمکی هاوولاتیبوونی نوێ نێزیکن. ئەو بەڵگەنامەیە باسی لە پێوەندیی خێڵەکان و فرەیی و پەرۆشییە مرۆڤانییە هاوبەشەکان دەکرد، بەزمانی ئەم ڕۆژگارە، جۆرێک بوو لە گرێبەستی کۆمەلایەتی. هەروەها واقیعبینییەکی سیاسییانەی پێوە دیار بوو حسێبی بۆ هاوسەنگی سیاسی کردبوو. بەلام پێش هەر شتێک، جەختی کردبووە سەر لایەنە دەستیاوی مرۆڤانی (المشترك الانساني) و مافی مرۆڤبوون، کە خوا بێ جیاوازی، لە خواناسی و چاکەدا نەبێ، بەهەموو مرۆڤگەلی ڕەوا بینیووە.

هەرچی بنەماکانی مافگەل و کارگێڕی و ڕێساکانی دەوڵەتی مەدینەیە، دەستوورەکەی جێگیری کردبوون لە ڕێی یەکەتیی سیاسییانەی دەوڵەتەکەوە کە ناوکرۆکەکەی، یەکەتیی نێوان ئەوس و خەزرەج، ئەنسار و موهاجرین بوو، بۆیە هێندێک، دەستووری مەدینە، بەیەکەمین دەستوور دادەنێن کە بەمانای یاساییانە لە دەستوور بچێ. بەگوتەی هزرڤان عەزیز سەید جاسم، ئەو (دەستووری دەوڵەت شار)ە، یان بەڵێننامەکە، بریتی بوو لە "گرێبەستێکی سیاسی _ کۆمەلایەتی، ژیانی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی لێک دڕدۆنگەوە بەرەو یەکەتییەکی سیاسییانەی کۆمەڵگەیەک کە وا خەریکە بەگوێرەی بۆچوونی ئیسلامییانە دەخەمڵێ، ئەو گرێبەستە، یەکەمین گرێبەستە لە مێژووودا، ئازادی بیروباوەڕ دەستەبەر بکات و بیپارێزێ"[٧٢].

ئیسلام، بانگەشەی بۆ وابەستەبوون بەبەڵێننامەکان و ڕێزگرتنی گرێبەستەکان دەکرد، خوا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا (سوورەتی مائیدە:١) دەڵێ: "يا أيها الذين آمنوا اوفوا بالعقود..."، هەروەها وەک لە سوورەتی نەحلدا: ئایەتەکانی (٩١ – ٩٥)، هاتووە:

(وأوفوا بعهد الله اذا عاهدتم، ولاتنقضوا الأيمان بعد توكيدها وقد جعلتم

٧٢. أنظر السيد جاسم، عزيز، محمد: الحقيقة العظمي، مطابع دار الشؤون العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص١٩٢ – ١٩٣.

الله عليكم كفيلا، ان الله يعلم ما تفعلون. ولا تكونوا كالذي نقضت غزلها من بعد قوة انكاثا تتخذون أيمانكم دخلا بينكم ان تكون أمة، هي أربي من أمة، انما يبلوكم الله به وليبين لكم يوم القيامة ما كنتم فيه تختلفون... ولو شاء لجعلكم أمة واحدة ولكن يضل من يشاء ويهدي من يشاء ولتسألن عما كنتم تعملون. ولاتتخذوا أيمانكم دخلا بينكم فتزل قدم بعد ثبوتها وتذوقوا السوء بما صددتم ولكم عذاب عضيم. ولا تشتروا بعهد الله ثمنا قليلا، ان ما عند الله هو خير لكم ان كنتم تعلمون)[٧٣].

هەوڵ دەدەین بەکورتی، ڕووناکییەک بخەینە سەر گرینگترین ئەو بنەما و بنەوا دەستووریی و مافانی و کارگێڕییانەی دەستووری مەدینە کە ئەم پێوەندیگەلەیان ڕێک دەخست:

* یەکەتیی دانیشتوانی شار، بەموسڵمان و ناموسڵمانەوە، بێ جیاوازی، واتە؛ سەلماندنی بنەوای یەکسانی لە مافەکاندا.
* یەکسانی لە مافەیل و شکۆی مرۆڤانیدا، بەئاوایەک کە خواپێدا و ڕەشۆکییەکە ئامادە بن پێکەوە بژین و هاوسێ بن.
* ڕەتکردنەوەی دوژمنکاری و زوڵم و گوناح و گەندەڵی، جا ستەمکار و زاڵم و گوناحبار و گەندەڵکارەکە هەر کێیەک بێ و کوڕی هەر کەسێ بێ.
* بنەوای دەستیاو و بەرپرسیارەتی دەستەجەمعی، ئاشتی ئاسوودەیی دەبێ بۆ هەمووان بێ، ئەمەش، بانگێشتنێکە بۆ ئاشتی سەرانسەری و تەواو.
* پابەندبوون بەڕیزگرتنی یاسی گشتی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و پشتنەگرتنی ئەو کەسانەی لەو گرێبەستە لادەدەن، واتە؛ جەختکردنەوەی ئینتیما و بەرپرسیارەتیی دەستەجەمعی.
* ڕۆنانی یاسا و ڕێساگەلێک بۆ کۆمەڵگە تا هەمووان لە سایەیاندا بەیەکسانی بژین.

---

٧٣. أنظرالقرآن الكريم، طبعة دمشق، اشراف الأستاذ مروان سوار، مدقق المصاحف لدي وزارة الأوقاف السورية، مكتبة ومطبعة الشربجي، ١٤٠٧ه _ ١٩٨٧م. جدير بالذكر ان سورة النحل وهي سورة مكية تتألف من ١٢٨ آية نزلت بعد سورة الكهف بأستثناء الآيات الثلاث الأخيرة منها فهي آيات مدنية.

* پاراستنی ئەو کەمینەیەی ئامادەیە ئاشتییانە لە تەک موسڵمانان‌اندا بژی و زوڵم لێ نەکردنی.

* ئازادیی بیروباوەڕ و موڵکداری بۆ غەیرە موسڵمانان، نە بەتۆپزی دەکرێنە موسڵمان و نە دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا دەگیرێ. بەپێی ئەو پێگە نوێیەی لە جاڕی دنیاییی مافەکانی مرۆڤ و پاکتە نێودەوڵەتییەکاندا باس دەکرێ، ناشێ بەزۆرەملێ موڵک لە هیچ کەسێک زەوت بکرێ، (مافی موڵکداری)، مافێکی مرۆڤانییە و ناشێ کەم بکرێتەوە یان لە کەس بسەندرێتەوە.

* بەرپرسیارەتی غەیرە موسڵمانان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا: هاوکاریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان و دوژمنکاری، بەشداری لە خەرجییەکانی دەوڵەتدا، وەک چۆن موسڵمانان بەشدار دەبن و بڕێک هاوکاریی مادی شەڕگەل بکات. ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامییە پشتیوانی غەیرە موسڵمانانی زوڵملێکراو بێ، وەک چۆن پشتیوانی موسڵمانانە کە زوڵمیان لێ دەکرێ. واتە؛ دادپەروەری بۆ هەمووان بێ گوێدانە ئاین، ڕەچەڵەک، ڕەنگ، بۆچوون و زێد یان هی تر.

* پشتگیرینەکردنی دوژمن و دەست تێکەڵنەکردن لەگەڵیدا، واتە؛ لەسەر موسڵمانان و غەیرە موسڵمانان پێویستە لای دوژمن نەگرن و ڕێی بۆ خۆش نەکەن، ئەوەی لە تێگە نوێیەکاندا پێی دەگوترێ (تابووری پێنجەم).

* ڕێککەوتن" لە هەر کاتێکدا بەرژەوەندی نەتەوە بیخوازێ، ئەم پرەنسیپە، لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەرکە، هەمووانیش بێ جیاوازی دەبێ پابەند بن.

* سزادان، تەنیا بۆ کەسەکان خۆیانە، گوناهی کەسێک ناخرێتە ئۆباڵی کەسێکی تر، ئەوەی خەتایەکیش بکات، ئەنجامەکەی تەنیا بۆ خۆیەتی.

* کێن یاسایە پاراستنی ئازادیی سەفەر و هاتوچۆ لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە ناو دەوڵەتەکەدا و بۆ دەرەوەش، ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی.

* دەبێ دەوڵەت دادپەروەر بێ، نابێ گوناحبار و زاڵمان داڵدە بدات.

کۆمەڵگە پشت بەهاوکاری لە خێر و چاکە و هاوکاریدا دەبەستێ، نەک گوناح و دوژمنکاری، ئەو بنەوایانەش بەگوێرەی باوەڕبوون بەخوا و پێغەمبەریش وەک پێشەنگێکی باڵا[٧٤].

---

٧٤. أنظر: نص دستور المدينة، قسم الملاحق والوثائق.

ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە نوێیە کە بنچینەکەی دەوڵەتی مەدینە و دەستوورەکەی بوو، هەر زوو دەستی بەنووسینی گرێبەستی بەڵێننامە و نامەناردن کرد. دیارترین ئەو کەسێتییە ئیسلامییانەی خۆیان لەو دارەتە دا، واتە لە دارەتی دەزگاگەلی سیاسی و تەکنیکی دەوڵەت، برێتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، ئەبی کوڕی کەعبی ئەنساری، زەید بن سابت، ئەرقەم کوڕی ئەبی ئەرقەمی زوهری، عەبدوڵڵا بن ڕەواحەی ئەنساری، موغیرەی کوڕی شوعبە و زوبێری کوڕی عەوام و هی تر.

دەوڵەتی نوێ، جگە لە نووسیاران، شاعیران و وەرگێران و میوانخانە و یاسا و ڕێسای کارگێڕیی شار و هەرێمەکانی هەبوو، ئەگەر پێغەمبەر ناچار بووایە لە شار دەربچێ بۆ شەڕ، کەسێکی لە شوێنی خۆی دادەنا دەگەڕایەوە، ئەو حەدیسەش کە باسی ئۆباڵی بەرپرسان و چاودێران دەکات بەرانبەر خەڵکەکەی خۆیان، هەمان ئەو چەمکانەیە کە بەزمانی ئەم ڕۆژگارە پێیان دەڵێین لێپێچانەوە و حسێب و دیوەدەری (شەفافیەت). ئاخر کە کەسێک ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و هەست دەکات خۆڕسکانە و بێ پاڵەپەستۆی ئەملا و لا، ئەو کارەی هاوئاهەنگە لەگەڵ پێشفەچوونی کۆمەڵگەکەی کە مافەکانی پێ ڕەوا بینییەوە. لێرەدا حەدیسێکی پێغەمبەرمان بیر دێتەوە کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە (موسەند)دا دەیگێڕێتەوە، کاتێک نیگەرانی خۆی سەبارەت بەکارگەلێکی نەرێنی دەربڕی کە ڕەنگە ئەو کارگەلە، زیان بە ئیسلام و حیکمەتەکانی بگەیەنن. هەر ئەو وریاکردنەوە پێشوەختانە، بوونە هەوێنی بناوان یان یاسایەکی دەستووری لەبارەی فەرمانڕەواییەکی چاک و زانا، نەخاسمە کە باس لە فەرمانڕەوایی نەزانان و بڵاوبوونەوەی پۆلیس دەکەن، واتە؛ هەڕەشە و چەوساندنەوە و بڵاوبوونەوەی بەرتیل کە دەبنە هۆی تێپەڕاندنی هێڵە سوورەکان برێتین لە:

* فەرمانڕەوایی هەرزەکاران، واتە نەزانان کە خاوەنی هیچ توانا و داناییەک نین.
* زۆری یاساوڵ، واتە، بەکارهێنانی پۆلیس بۆ چەساندنەوەی خەڵک.
* بڵاوبوونەوەی بەرتیل و بەرتیلکاری.
* لێک دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یەکتر (نەمانی سیلەی ڕەحم) و سووکسەرنجدانی هاوخوێنی.

* هەڵنەبژاردنی کەسە عاقڵ و چاکەکان.

ئەگەر ئەوە پێوەرەکانی پێغەمبەر بووبێ لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ویلایەت و ئیمارەتدا، بگرە لە پێوەندی نێوان فەرمانڕەوا و هاووڵاتی، نێوان مرۆڤەکان، پێوەرگەلێکن بۆ کاری سیاسی دەشێن و بەرپرسیاریەتییەکانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دیاری کردووە، سەرچاوەیەکی مرۆڤانی و هزری مرۆڤانین لە پێش ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە.

پێغەمبەر، لە بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان لە دەوڵەتی مەدینەدا، شورای وەک بنچینە پێڕەو دەکرد، شورا، بنەوای بنچینەییە لە ئیسلامدا کە دەکرێ وەربگیرێ و جێبەجێ بکرێ لە فەرمانڕەواییدا لە کاتی ئاشتی و شەڕدا، دەشێ بشگونجێنرێ لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەماندا، بەپشتبەستن بە سوورەتی شورا، ئایەتی ٣٨ی قورئانی پیرۆز (... وأمرهم شوری بینهم)، شورا، بنەوایەکی ڕەسەنی بنەواکانی محەمەد پێغەمبەر بوو بەدرێژاییی ژیانی، ئەم بنەوایەش دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم بیروباوەڕی، دووەم بەهاکانی، سێیەم داناییەکی زۆر، زۆر ڕاستگۆیانە ڕاوێژی بەهاوەڵانی دەکرد، هەروا بۆ ڕواڵەتی و جارجارەش نەبوو، لە هەموو شتێکدا ڕاوێژی دەکرد، هەرگیز پێگەی ڕوحانی خۆی بەکار نەدەهێنا و بڵێ ئەو بەناوی خوای گەورەوە قسان دەکات، بگرە بۆچوونەکانی هاوەڵانی شەنوکەو دەکرد و ڕاستیگەلێکی جیاوازی ئاشکرا دەکرد، دوایی، بەگوێرەی ئەو چرکە مێژووییە بڕیاری دەدا.

ئەم ڕاوێژکردنە لە سەردەمی پێغەمبەردا چەسپی و لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدینیشدا پێڕەو دەکرا، لێرەدا ئاماژە بەو ڕۆژەی شەڕی بەدر دەدەین کە پێغەمبەر گوتی: (خەڵکینە بۆچوونەکانی خۆتانم پێ بڵێن)، دواتر بۆچوونەی زۆرینەی وەرگرت سەرەڕای ئەو مەترسییانەی کەوتە سەر موسڵمانان وەک لە شەڕی ئوحوددا قەوما، شانوشەوکەتی پێغەمبەر نەدەبووە ڕێگر لە بەردەم هاوەڵانیدا تا ڕای خۆیان دەربڕن، ئاخر قبووڵکردنی ڕای تر و بیستنی جیاوازییەکان و شەنوکەوی بیر و بۆچوونەکان، زەوینەی دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستی مسۆگەر دەکرد.

پێوەندیی پێغەمبەر بەهاوەڵانی و گوێ لێ گرتنیان و هەڵوێستی بەرانبەر

دیلەکانی بەدر، دەریان خست چۆن چۆنی موسڵمانان ئازادانە گفتوگۆیان دەکرد تا دەگەیشتنە دوا بڕیار، با گفتوگۆکان زۆریشیان بخایەندایە. لە پرسی دیلەکانی بەدردا، زیاد لە بۆچوونێک هەبوو، هێندێک دەیانگوت: باشتر وایە بکوژرێن، هێندێک دەیگوت: فیدیەیان لێ وەربگیرێ، لەوانە ئەبوبەکر، بەڵام بەلای عومەرەوە چارەسەر پەڕاندنی سەریانە، چونکە ئەوانە سەرانی کوفر و پێشەوایانی سەرلێشێواوی بوون.

ئەبوبەکر و عومەر، هەر کەس لە گۆشەنیگای خۆیەوە لە دادپەروەری دەڕوانی. ئەبوبەکر لەو باوەڕەدا بوو، ئەمانە مام و ئامۆزان، برا و ئامۆزاش جێگەی سۆزی پێغەمبەرن، چ نەبێ تا قورەیش کەمێک نەرمتر بن. عومەر پێی وابوو، ئەو دیلانە، خەڵکانێکی بەهێز و دڵڕەشن و دیلبوونیشیان هێندەی تر دڵی ڕەش کردوون، ئەگەر ئازاد بکرێن دەبنە سەرچاوەی مەترسی و بار بەسەر ئیسلامەوە.

کاتێک ئەبوبەکر و عومەر لە قسەکانی خۆیان بوونەوە، محەمەد پێغەمبەر هەستا چووە ژوورەکەی خۆی و سات و نێویێک لەگەڵ ئەو خەڵکەدا لەبارەی دیلەکانەوە گفتوگۆی کرد، هێندێک لای ئەبوبەکریان گرت و هێندێک عومەر، پێغەمبەر ڕاوێژی پێ کردن ئاخۆ چ بکات باشە، نموونەی ئەبوبەکر و عومەری بۆ هێنانەوە، خەڵکەکە کەوتنە گفتوگۆ لەناو خۆیاندا، گەیشتنە ئەوەی دیلەکان لە بەرانبەر خزمەتێکدا ئازاد بکرێن. باوەڕ بکەن، ئەم چارەسەرە نێزیکە لە دیموکراتیەتی ئەسینای گریکی، لەگەڵ جیاوازییەکدا، ئەمەی مەدینە، هەڵسوکەوتێک بوو لەناو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و لەناو خەڵکێکی ئازاددا، لە سایەی یەکسانییەکدا کە تەجرەبە ئەسینا بەخۆیەوە نەبینیبوو.

مزگەوت، جێی مشتومڕ و گفتوگۆ و ڕاوێژکاری بوو، هەر لەو بارەیەوە پێغەمبەر دەڵێ: "هەر کەسێک موبایەعەی ئەمیرێکی کرد بێ ڕاوێژی موسڵمانان، موبایەعەکەی هیچیان قبووڵ نییە". بەم مانایە، دەکرێ بگوترێ، بیرۆکەی مزگەوت و جەماعەت، پایەیەکی زەرووری بوو لە کۆمەڵگە بەراییەکانی ئیسلامدا، مزگەوت، ئەو جێیەیە کە موسڵمانانی لێ کۆ دەبێتەوە تا لەبارەی ژیان و کێشە و داهاتوویانەوە، لەبارەی ئاین و دوارۆژیانەوە گفتوگۆ بکەن. ئەو جێیەیە کە توانا تاکەکەسییەکانی تێدا دەخەمڵێ، ئاخر لەوێ هەر کەس دەکارێ بۆچوون و هەڵوێستی خۆی دەربڕێ.

پێغەمبەر، یەکەمین مزگەوتی لە ئیسلامدا دوای کۆچکردنی بۆ یەسریب (مەدینە)، بنیات نا، پێش گەیشتنی بۆ یەسریب، فەرمانی دا مزگەوتی (قوبا) دروست بکرێ، کە بەمزگەوتی "تەقوا" دەناسرا، لە ئایەتی ١٠٨ ی سوورەتی تۆبەدا هاتووە: (... لمسجد أسس علي التقوي من أول يوم أحق أن تقوم فيه، فيه رجال يحبون أن يتطهروا، والله يحب المطهرين).

شایەنی باسە، لە نێوان مەدینە و تەبووکدا، حەڤدە مزگەوت دروست کران، پێغەمبەر، لەو مزگەوتانەدا خوتبە ناودارەکانی لەبارەی بناخەکانی ئیسلامەوە دا، وەک کارێکی ئیعلامی و (ئایدیۆلۆجی) و بەکارهێنانی دەستەواژەگەلێکی هاوسەردەمیانە. هەردەم پاش نوێژ، گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوە و مشتومڕەکانی ئەهلی مزگەوت و جەماعت دەستی پێ دەکرد.

دەکرێ بگوترێ مزگەوت و جەماعەت، ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە مێژووی ئیسلامی هاوسەردەمدا، چ بەرەنگاربوونەوەی هێرشبەران و داگیرکارانی دەرەکییەوە بێ یان لە کاتی بەگژاچوونەوەی زوڵمی ناوەخۆدا. ڕەنگە ڕۆڵی شێخ عەبدولقادری جەزایری لە جەزایر و عەبدولکەریم خیتابی لە مەغریب، عومەر موختار لە لیبیا، عەبدولقادر حوسەینی لە فەڵەستین، محەمەد حوسێن حەبووبی و محەمەد تەقی شیرازی و محەمەد باقر سەدر و سەرکردەگەلێکی ئیسلامی تر لە عێراق، ئایەتوڵا خومەینی لە ئێران، سەید حەسەن نەسروڵا و محەمەد مەهدی شەمسەدین و محەمەد حوسێن فەزلولا لە لبنان، چەندان دەستەبژێری هزریی و سیاسی تر، بەڵگەی ڕۆڵی گرینگی مزگوت و جێیەکانی جەماعەتن لە داگرتن و بوزاندنی جەماوەر و کارتێکردن لە ڕای گشتی، نەخاسمە مزگەوت ڕۆژانە پێنج جار یان بەلایەنی کەمەوە سێ جار، دەبێتە جێی گردبوونەوەی موسڵمانان، گردبوونەوەکانی ڕۆژانی هەینی (بەتایبەتی خوتبەی جومعە)، نەسیحەت و ڕێنوێنییەکی هەفتانەیە، بگرە ڕاگەیاندنی پلانی سیاسییە بەلای هێندێک تەوژم و بزووتنەوەگەلی ئیسلامییەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

وێنەی جەماوەری موسڵمانان لە سەردەمی محەمەددا، بریتی بوو لە دەستەجەمعی و هاریکاری و هەرەوەزی و متمانە و یەکسانی، بێ بوونی دەسەڵاتێکی کاهینانە لە نێوان خوا و مرۆڤگەلدا. لە ئیسلامدا، کاهین نییە، پیاوێکی ئاینیش بەو مانایە نییە، تەنیا بەمانای لێکۆڵەر و توێژەر هەیە، موسڵمان

برای موسڵمانە، ناموسڵمانیش مرۆڤە، ئەمەش ئیسلامی کردووەتە ئاینێکی ڕوون و ڕاشکاو و دنیایی. قورئان، فەرمان دەدا موسڵمانان خۆیان لە مشتومڕکردن لەگەڵ ئەهلی کیتابدا بەدوور بگرن، مەگەر بەقسەی خۆش نەبێ. دەبینن کە دیالۆگ، بنچینەیەکی تیۆری و بناوانی ئاینی ئیسلامە. وەک لە سوورەتی عەنکەبووتدا،٤٦، هاتووە (ولا تجادلوا أهل الكتاب الا بالتي هي أحسن الا الذين ضلموا منهم وقولوا آمنا بالذي انزل الينا وانزل اليكم والهنا والهكم واحد ونحن له مسلمون).

بەم واتەیە، ئیسلام، بەو فرەئاینی و پێکهاتە و تایەفانەوە، بناخەیەکی بۆ یەکەتیی مرۆڤانی ڕۆناوە (كلكم لآدم وآدم من تراب)، بەمەش ئازادیی باوەڕی دابین کردووە، ئازادیی گشتی و ئازادیی تاکانەیی، لە ئاستی ناوەخۆ (نیشتمانی) و نێودەوڵەتیدا، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن بنچینەی مافەکان لە ئاستی ناوەخۆیدا و (یاسای نێودەوڵەتی لە ئیسلامدا) لە ئاستی دەرەکیدا کە لە پێوەندیی نێوان ئیسلام و ئاین و گەلانی تری کۆڵیوەتەوە، بە گوێرەی بنەواکانی پێوەندیی نێوان نەتەوە و ئاین و تاکەکان لەسەر بنچینەی ئاشتی و ئامانج و ئاواتە مرۆڤانییەکان.

دەکرێ نامەکانی محەمەد پێغەمبەر بۆ هەرقلی گەورەی ڕۆم و کیسرای گەورەی فارسان، وەک نموونەی زمانێکی دواندنی دیپلۆماتییانەی باڵا بێنینەوە، نەخاسمە ئەگەر ڕێڕەوە مێژووییەکەی پێوەندییە نێودەوڵەتی و سیاسی و دەرەکییەکانی ئەوێ ڕۆژمان لە بەرچاو گرت کە بانگهێشتنی (الى كلمة سواء...) و کۆتاییە بەناوبانگەکانیان (وسلام على من اتبع الهدى)[٧٥].

سەرەڕای محەمەد دەزانی ئەو پێغەمبەرە نەک پاشا و فەرمانڕەوا، کەچی نامەی بۆ پاشای ڕۆم و فارسان دەنارد، لەبەرئەوەی دەیزانی ئاشتی و لێبووردەی لە تەک واندا زۆر پێویستە، وەک چۆن ڕۆژگاری ڕێککەوتنی حودەیبیبیە و دەستووری مەدینە زەروور بوو، هەرچەندە ئەو دوو پاشایە بەستەم و ملهوڕی ناسراو بوون. وەلێ دیپلۆماسییەت و تێگەیشتنی پێوەندییەی نێودەوڵەتییەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی لێک تێگەیشتن و دیالۆگەوە، بەشێک بوو لە سیاسەتی ستراتیجی محەمەد (د.خ)، لە سۆنگەی پێوەرەکانی خۆیەوە بۆ

٧٥. أنظر: السيد جاسم، عزيز، مصدر سابق، ص٢١٩ – ٢٢٠

بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنییەکانی ئیسلام، زیاد لەوەش، ئەوە مەیدانێکە لە مەیدانگەلی ململانێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یەکێکیشە لەو چەکانەی سیاسەتی محەمەد (د.خ) لە سایەی هاوسەنگی هێزەکانی لەو ڕۆژگارەدا.

لەبارەی پێوەندیی فەمانڕەوا و خەڵکەکەوە، لە نێوان خەلیفە و ڕەعیەتەکەیدا، لە نێــوان ســەری دەوڵەت و بنەوەیدا، کــە بەشــێکی گــرینگە لە کــولتــوور و هزری سەرتاکانی ئیسلام، دەکرێ وتارەکەی ئەبوبەکری سدیق بێنینەوە یادمان لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەردا (د.خ)، کە موسڵمانانی شۆک کرد و هێندێکیانی لە ناخــەوە هەژاند، دەمێک چووە سەر مینبەر گوتی: (دواتر، هەر کەس لە ئێوە محەمەدی دەپەرست، محەمەد مرد، هەر کەسێکیش خوای دەپەرست، خوا زیندووە و نامرێ).

دواتر ئایەتە پیرۆزەکەی خوێندەوە کە دەڵێ: (محەمەد پێغەمبەرێکە و پێش ئەو پێــغەمــبــەرگەلێکی تر هەبوون و چوون، ئیــتر بۆچی هەر کــە مــرد یان کــوژرا هەڵدەگەڕێنەوە...)[٧٦].

پاش کۆچی دوایی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، واتە دوای زیاتر لە بیست و دوو ساڵ بانگەوازی ئیسلامی، ئەبوبەکری سدیق، لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر، نەخاسمە لە شــورا و مــافی جــیاوازیدا، حــوکمی دەوڵەتی ئیســلامی کــرد، هەر ئەوەشــە لێکدانەوەی وتارە بەناوەدەنگەکەی کــە ڕووی کــردە خــەڵکەکــە و پێی گــوتن: بوومــە سەردارتان کاتێک چاکترینتان نیم، گەر چاکەم کرد پشتیوانیم بکەن، گەر خراپەم کرد، ڕاستم بکەنەوە.

عومەر کوڕی خەتابیش لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشت کاتێک ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی "هەر کەسێک خوارخێچییەکی لێم بینی بە شمشێرەکەی ڕاستم بکاتەوە"، ئەمەش بانگێشتنێکە بۆ فەرمانڕەواتییەکی چاک و لێهاتوو، هاندانێکە بۆ ڕابوون بەڕووی گەندەڵی و دەستبەسەراگرتنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

خوێندنەوەی ئەم دەقانە، لە پاڵ دەستووری مەدینەدا، مەرجەعییەتێکی بناوانی

---

٧٦. أنظر: سورة آل عمران، ١٤٤

قارن: مروة، حسین، النزعات المادیة في الفلسفة العربیة – الاسلامیة، ج١، مصدر سابق، ص٤٣١ – ٤٣٢

دەستـووری سـەرەتاکـانی ئیسـلامـە، نەخـاسـمـە کـاتێک هەمـوویان پێکەوە کـۆ دەکرێنەوە وەک جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پیرۆز و سیرەی پێغەمبەر (د.خ).

٣- پێکـهـاتنـی یان ڕێکەوتنی حـودەیبـیـیـە (صـلح حـدیبـیـە): ئەو پێکـهـاتن یان ڕێککەوتنەی سـاڵی شەشـەمی کۆچی ئیمزا کرا، بەبەڵێنی پێغـەمبەر (د.خ) بۆ جوولەکەکانی نەجرانیش ناسـراوە، ڕێککەوتنەکە خۆی لە خـۆیدا، خوێندنەوە و دانپێدانانی ئەوی تر و پشتبەستنە بەپرەنسیپەکانی لێبووردەیی.

بەناوی ئەو چیایەوە ناونراوە کە لە دامێنیدا ئیمزا کراوە، چیاکە ڕۆژەڕێیـەکی تەواو لە شاری مەککەوە دوورە، بەشێکی لە خـاکی حەرام و بەشـەکەی تری لە خـاکی حـەڵاڵدا بوو. ئەویش ڕۆژێ، (قـەسـوا)، وشـترەکـەی پێغـەمـبـەر، داکەوت، پێغـەمـبـەر بەخۆی و نێزیکەی ١٤٠٠ هاوەڵەوە لەوێدا وەسـتـان تا کاروانی حاجییان گەیشتن. پێغەمبـەر ویستی خـۆی لە پێکدادان لەگەڵ قـوڕەیشدا بەدوور بگرێ، قـوڕەیش هـەر بەبیسـتـی هـەواڵی نیازی پێغەمبەر بۆ سـەردانی مـەککە پاش ئەوەی ناچار بوو کۆچ بکات بۆ مـەدینە، هـار بووبوون. خـۆ پێغـەمبـەر نیـازی هێرشکردنە سـەر قـوڕەیشـی نەبـوو، دەیویست تـەوافی مـونا بکات. ئـەودەم نیـازی فـەتحـی مـەکـەی نەبـوو، ئەو مـەکـەیەی بەردەوام بیـری لێ دەکـردەوە و قـیـبلە و جـێی وەحی و زێدی بوو، جـێی هـەموو یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی بوو.

قـوڕەیش، خـەڵکانێکی زۆریان نارده لای مـحـەمـەد پێـغـەمـبـەر (د.خ) تا واز لە سـەردانی مـەککە بێنێ، پێی گوتن، ئێمـە بۆ شـەڕی کـەس ناچینە مـەکە، ئێمـە بۆ عـەمـرە دێین، ئەگەر قـوڕەیش ڕێککەوتن و پێکهاتنی گـەرەکە ئەوە ئێمـە ئامـادەین، ئەگەر نا "بەوەی نەفسی منی بەدەستـە شـەڕی دەکەین"، پاش هـاموشـۆ و هێنان و بردنێکی زۆر، ڕێکەوتن کـە پێک بێن. قـوڕەیش نەیتـوانی پێـغـەمـبـەر ناچار بکات دەسـتـبـەرداری ئامـانجـەکـەی ببێ. بێگومـان پێـغـەمـبـەر (د.خ) ئامـانجگەلێکی سـتـراتیـجی ڕوونی بێ چەندوچۆنی هـەبوون، وەلێ هـەوڵی دا پلان و تەکتیـکەکانی قۆناخـەکە پێش بخات کە نیشانەی هزری ورد و دووربینییەکی سیاسـی بێ وێنە و لێهاتووییەکی دیپلۆماسی و شارەزایی لە دانوستان و توانای قەناعەتپێهانان بوون.

پێغـەمـبـەر، عوسـمـانی کوڕی عـەفـانی بۆ دانوسـتـانەکان دەسـتنیـشـان کرد، قـوڕەیشـیش، سـوهـەیلـی کوڕی عـەمـر، هـەردوو لا ڕێککەوتنەکـەیان ئیـمـزا کـرد.

پێغەمبەر، داوای لە ئیمامی عەلی کرد، ڕێککەوتنەکە بنووسێتەوە و پێی گوت (بنووسە بسم الله الرحمن الرحيم)، سوهەیل گوتی: ئەمەمان نەبیستووە، بەڵکە بنووسە (بأسمك اللهم)، پێغەمبەر گوتی: بنوسە ئەمە پێکهاتنی محەمەدی پێغەمبەری خوایە لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمر. دیسان سوهەیل گوتی: ئەگەر ئێمە بزانین پێغەمبەری خوای شەڕت ناکەین، بۆیە ناوی خۆت و بابت بنووسە. پێغەمبەر بەعەلی گوت: بنووسە" ئەمە پێکهاتنی محەمەدی کوڕی عەبدوڵلایە، پێک هات لەسەر ئەوەی دە ساڵان شەڕ نەکرێ (هەن دەڵێن پێکهاتنەکە بۆ دوو ساڵان بووە) تا خەڵک دڵنیابنەوە، هەر کەسێک، بێ مۆڵەت وەرگرتن لە خودانەکەی، چووە لای پێغەمبەری خوا (د.خ)، دەبێ بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خودانەکەی، هەر کەسێکیش لەوانەی لای پێغەمبەری خوان، چووە لای قورەیش، دەست بەڕوویەوە نانرێ و ناگەڕێنرێتەوە، کێ ویستی لەگەڵ پێغەمبەری خوا پێک بێ با پێکبێ، ئەمساڵ پێغەمبەری خوا دەگەڕێتەوە، ساڵی دادێ محەمەد و هاوەڵانی دەچنە ناو مەکەوە و سێ ڕۆژان دەمێننەوە، لە چەک، تەنیا شمشێرەکانیان لە کالانەکاندا پێ دەبێ و هیچی تر"[٧٧].

پێکهاتن یان ڕێککەوتنی حودەیبییە، ستراتیجی و تەکتیکیش بوو، هەنگاوێکی دیار بوو کە پشتبەستنی پێغەمبەر و ئیسلام بەڕێککەوتن و ئاشتی و لێبووردەیی، دووپات دەکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی هەموو ڕێیەکی ڕەوا لە پێناو دوورخستنەوەی شەڕ، بەڵگەیەکی بەرچاوە سەبارەت بەبەرزی و بێگەردی نیازی پێغەمبەر (د.خ). خۆ ئەگەر ڕۆژگارێک بەناڕەوا ڕێ بەپێغەمبەر نەدەدرا تەوافی کەعبە بکات، هەوڵی دا وردە وردە ئەو مافە وەرگرێتەوە، بێ خوێنڕشتن، ئاخر باوەڕبوون بەئاشتی و حەجکردن، بەلای پێغەمبەرەوە بەرپاکردنی شەڕیان نەدەهێنا، بگرە وا باشتر بوو چاوەڕێی ساڵی داهاتوو بکەن، ئەڵبەت بەگوێرەی ڕێککەوتنی حودەیبییە، نەک وەک هەندێک موسڵمان کە پەست و بێئومێد بووبوون لە چاوەڕوانی، وەلێ پێغەمبەر چاوی بڕیبووە حەج عومرەکە، با ئەو ئامانجە برێک چاوەڕوانیشی بوێ، ئەمەش بەڵگەی دووربینی و بەهرە بەرزەکانی سەرکردایەتیکردن بوو.

٧٧. أنظر السيد جاسم، عزيز، محمد: الحقيقة الكبري، مصدر سابق، ص١٥٣

قورەیش ناچار بوو، لەژێر کاریگەریی بەهاگەلی لێبووردەییيانەی پێغەمبەر، هەروەها لە چوارچێوەی هێرشی ئاشتییانەی ئیسلامدا، مل بۆ ڕێککەوتن بدات، ئەوەش یەکێک لە گرینگترین ئەنجامە ئەرێنییەکانی ڕێککەوتنی حودەیبییە بوو، ئەم ئەنجامە، کاری زۆری کردە سەر خەڵکە سادە و عەوامەکەی قورەیش، وەک چۆن ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر و هاوەڵانی کاریگەریی ئیجابییان لەسەر خەڵکەکە هەبوو، خەڵک، چاودێریی ئاستی باوەڕ و توانەوەی گیانیبەگیانی و هاریکاری و هەرەوەزی یەکتری ئەوانیان دەکرد.

بەم شێوەیە، بۆ ساڵی داهاتوو، موسڵمانان بۆیان هەبوو سەردانی مەککە و حەج و عومرەی خۆیان بکەن، چیی تر قورەیش تاکە دەسەڵاتدار ڕەهای سەر مەککە و کەعبە نەما، ئەوەش لە چوارچێوەی ململانێیەکی هزریدا کە بنەواکەی مافی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروباوەڕ بوو.

سەردانی کۆچبەرەکان بۆ لای کەسوکاریان، تا بڵێی گرینگ بوو بۆ توندکردنەوەی پێوەندییە خێزانی و خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکان.

پێغەمبەر، باڵاترین شێوازی سیاسەتی پێڕەو دەکرد بەگوێرەی هاوسەنگی هێزەکان بەر لە هەر شتێک، سەرباری باوەڕی دامەزراوی بەئاشتی و پێڕەوکردنی بنەواکانی لێبووردەیی و مافی جیاوازی و خوێندنەوەی ئەوی تر، ئەمە دووەم، سێیەمیش، باوەڕبوونی بێ چەندوچۆن، وەک کەسێکی خاوەن بنەوا و پەیام، بەپێوەرگەلی عەدالەت و یەکسانی، هەر بۆیە لە ڕێککەوتنی حودەیبییەدا ڕووی لە ئاشتی و پێک هاتن کرد. هەر لە مبارەیەوە، پرسێکی گرینگ هەبوو، (وەحی)، کە ڕەگەزێک بوو لە دەرەوەی توانای مرۆڤ، ئەو ڕێبازەی پێغەمبەر پێڕەوی دەکرد، هەڵقوولاوی پێوەندیی ئەو بوو بەخوای خۆیەوە، بەم مانایە، پێغەمبەر، پێڕەوی ڕێبازێکی خوایی دەکرد، وەک لە ئایەتی ٢١٧ی سوورەتی بەقەرەدا هاتووە (يسألونك عن الشهر الحرام قتال فيه، قل قتال فيه كبير وصد عن سبيل الله وكفر به والمسجد الحرام واخراج أهله منه أكبر عند الله...).

وەلێ قورەیش هەوڵی دا لە ڕێککەوتنی حودەیبییە پاشگەز بێتەوە، وەک ئیرەیی هاتنەوە و تانەلێدانی پێغەمبەر سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ داگیرکاری دەرەکی، واتە بەرەنگاربوونەوەی ڕۆم لە وڵاتی شام لە شەڕی مووئتەدا(ئەردەن)،

ئەو شـەڕەی جەعـفەری کوڕی ئەبوتالیبی تێدا شـەهید بوو (هـەر لەوێش نێژرا و تا ئەمڕۆش مەزارەکـەی لەو شوێنەیە). قورەیش پێیان وابوو موسـڵمانان تێکەوتوون و دەشکێن، کـەچی شـەڕەکە بووە نیشـانێکی نوێ لە مـێژووی عەرەب و تێکۆشانیـان بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو کە کۆڵەکەکەی ئیسلام بێ.

بەم شـێوەیە، ئاراسـتـەی هەوڵەکان هـەمووی ڕووە و فـەتحی مـەککە چوو، مـەکـە، بووە سـەرەتای ڕووخـانی خـێـڵـەکـایەتی و کـۆیلایەتی و ئازادبوون لە بندەسـتی قـورەیش و بیـرکـردنەوە لە ڕۆنانی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیـسـلامی و گـەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی بۆ هەرچوار نیـهـالی دنیـا. ڕووداوی ئازادکـردنی دیلەکـان، کـاتێک پێغەمبـەری ڕووی تێکردن و گوتی (بڕۆن ئێوە ئازادن)، مـانایەکی گـەورەی هەبـوو سـەبارەت بەو جـۆرە بیـرکـردنـەوە تازەیە لەو کـۆمـەڵگە خـێـڵـەکـیـیـەدا، کۆمـەڵگەیەک تا بناگوێی مـەیلی شـەڕ و تۆڵەکردنەوە و کۆیلایەتی بوو، لە کـاتێکدا ئیسلام هەوڵی دەدا خەڵکەکە لەسەر لێبووردەیی و بەهاگەلی چاکەکاری ڕابێنێ، تا بکارێ بیکاتە بنچینەی ڕۆنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ.

قـووڵاییـی عـەرەبایەتی لـە ڕێی ئیـسـلامـەوە هاتە بوون، بەڵام بـەیەکسـانـی لەگەڵ ئەتنییـەکـانی تردا و بـەلێبووردەیی لە تەکیـاندا. سـەلمانی فـارسی هێـمـای ئەو یەکسانییە بوو[٧٨]. ئەوە بوو پاش ڕێککەوتنی حودەیبییە و پێش ئەویش بەڵگەنامەی مـەدینە، مـحـەمـەد پێـغـەمبـەر (د.خ) دەسـتی کـرد بەئیـمـزاکـردنی ڕێککەوتن و بەڵێننامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەرودراوسێکان.

سـەراپاگیـریی و گرینگی دنیـاییـانەی ئیسـلام، لە ڕێی عـەرەبەوە جـێگیر بوو،

٧٨. هو روزبة الأصفهاني وهو الاسم المرجح لمن عرف في التأريخ باسم "سلمان الفارسي" حسب الباحث التراثي هادي العلوي. وحسب الروايات فان روزبة (سلمان الفارسي) المعروف عند أهل العراق باسم "سلمان باك" رحل من موطنه في ظروف مجهولة واتجه الي الغرب فحل في الموصل شمال العراق أو الشام، حيث كان في مطلع صباه ودخل الى دير وأصبح نصرانيا وراهبا، وبعد سنوات عديدة، توجه الى الحجاز مع بني كلب ووصل الى المدينة وأعلن اسلامه علي يد محمد وان النبي هو الذي أطلق عليه اسم سلمان الفارسي حتي نسي اسمه الحقيقي.
أنظر: العلوي، هادي، شخصيات غير قلقة في الاسلام، دار الكنوز الأدبية، ط١، ١٩٩٥، ص ١٤

عەرەبیش بەهۆی ئیسلامەوە بوونە نەتەوەیەک.

پێغەمبەر هەوڵی بەردەوامی دا بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە و مرۆڤ لە سایەی ڕێنوێنییەکانی ئیسلامدا، هاوکات ژیانیشی دڵیشی زۆر بەژیان خۆش بوو، نەک خۆی دوورەپەرێز بگرێ یان هەر وەعز و نەسیحەت بدات، هەرگیز بەشی دنیای خۆی لە بیر نەدەکرد.

بەجێهێشتنی مەکە، بڕیارێکی زۆر ستراتیچی و عاقڵانە و وردبینانە و حەکیمانە بوو، تەجرەبەیەکی زۆری دا بەپێغەمبەر و هاوەڵانی، شارەزاییەکی نوێ و توانای بەرگەگرتنی غەریبایەتی و دوورەشاری بەکۆچبەران دا، تەجرەبە و سەرکردایەتییەکی نوێی بەشاری "مەدینە"ش دا. مەدینە، نە سەرکردەی هەبوو نە دەوڵەتی تێدا بوو، پێویستی بەسەرکردە و یاسا و ڕێسا و بەڕێوەبردنێک هەبوو.

تەجرەبەی ڕێککەوتنی حودەیبییە بۆ موسڵمانان پڕ گرینگ بوو، نەخاسمە ڕەهەند و مانا مێژووییە لەجێیەکانی ئەو کات و مانا هزرییەکانی بۆ دواتر و تا ئەمڕۆ، بگرە نموونەیەکە بۆ چۆنیەتی پێوەندیی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و گەڕان بەشوێن چارەسەری ئاشتییانەدا، بەڵکە بناخەیەکە بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەوی تر و خوێندنەوەی بەگوێرەی بنەواکانی لێبووردەیی، بێگومان متمانەبوونی محەمەد و هاوەڵانی بەڕاستیی پرسەکەیان و هزری مرۆڤانەیان، وای لێکردن بەرژەوەندیی گشتی پێش بخەن و پەنا بۆ ئاشتی بەرن کە ڕێی ستراتیجیان بوو، دڵنیاش بوون سەرکەوتن هەر بۆ ئەمانە، نەخاسمە کاتێک لە ڕێی دانیشتن و یەکتردواندنەوە، دیوێکی تری ململانێیەکە ئاشکرا دەبێ کە برێتییە لە گفتوگۆ و کێبەرکێی ئاشتییانە و هزرییانە، دوا جار هەرواش کەوتەوە ئەو دەمەی موسڵمانان خۆیان بۆ ڕزگارکردنی مەککە ئامادە دەکرد، پاش ئەوەی قورەیش هەڵوێستێکی نەرێنیی توندی بەرانبەر بانگەوازی ئیسلام و بانگەوازان وەرگرت.

٤- بەڵێننامەی عومەر (العهدة العمرية): برێتییە لە بەڵگەنامەیەک کە خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب پاش شەڕی بەناودەنگی یەرمووک کە عەرەب لە ڕۆمیان بردەوە، ئیمزای کرد. ئەوە بوو ئەبوعوبەیدەی جەراح ساڵی ١٥ک شاری "ئیلیا" - قودسی گەمارۆ دابوو، پاتریارک سفرنیۆسی بەبنەچە شامی، داوای کرد کلیلی شار بدا بەخەلیفە عومەر بەو مەرجەی ڕێز لە نوێژ و سروود و

تایبەتمەندیی ئاینی بگیرێ و پێشێل نەکرێن. کاتێک فاروق چووە ناو شاری قودسەوە، دانیشتوانەکەی پێشوازییان لێ کرد بێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێک برژێ، بەڵێننامەکەشی پێدان کە بە "بەڵێننامەی عومەر" ناسراوە و هەریەک لە خالیدی کوڕی وەلید، عەمری کوڕی عاس، عەبدوڕەحمانی کوڕی عۆف و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان شایەت بوون.

بەڵێننامەکەی عومەر، پاراستنی مافەیلی خەڵکەکەی تێدایە، هەروەها مەسیحی و تایەفەکانی قودسی دڵنیا کردەوە کە ژیان و کڵێسا و سەروماڵیان پارێزراوە، زۆر بەڕێزیشەوە قسە لەگەڵ پاتریاکیان دەکات.

عومەر، بەهاوڕێتی پاتریارک سفرنیۆس سەردانی جێپەیکەر (موقع الهیکل) و کڵێسای قیامەی کرد، ئەو دەمەی لەناو کڵێسای قیامەدا بوون، کاتی نوێ داهات، پاتریارک داوای لە عومەر کرد لەناو کڵێسادا نوێژ بکات، وەلێ عومەر ڕازی نەبوو، نەبادا دواتر موسڵمانان نوێژەکەی عومەر بکەنە بیانوو و داوای کڵێساکە بکەن، بۆیە چووە دەرەوە و لە شوێنێک بەرانبەر "کڵێسای گۆڕی پیرۆز"، نوێژەکەی دابەست، لە نێزیک ئەو بەردەی شوێپێی پێغەمبەری لەسەر بوو کاتێک لە شەوی ئیسرا و میعراجدا بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان، ئەوە بوو عومەر فەرمانی دا لەو شوێنەدا مزگەوتێک دروست بکەن کە دواتر لە سەردەمی خەلیفە عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا، ساڵی ٦٩١ ک، فرەوانتر کرا و بەمزگەوتی "بەرد و گومەز" ناسرا[٧٩].

ڕەفتاری عومەری کوڕی خەتاب، نموونەیەکی پێشکەوتووە لە بنەواگەلی لێبووردەیی و خوێندنەوەی ئەوی تر و تایبەتمەندی ئاینی و سرووتەکانی و پاراستنی سەروماڵی، ئەمەش، داننانە بەهاوبەشێتی مرۆڤانی و یەکسانی لە مافەیلدا.

---

٧٩. أما المسجد الأقصي ذو المكانة المقدسة لدى عموم المسلمين، فقد بني في زمن الأمويين بين العامين ٧٠٥م و٧١٤م، ومنذئذ فان هذين المسجدين يسميان ب"الحرم الشريف".
أنظر: كتن، هنري، القدس، ترجمة ابراهيم الراهب، دار كنعان للدراسات والنشر، ط١، دمشق، ١٩٩٧، ص٩ _ ١٠ وص ١٤٨
أنظر كذلك: شعبان، عبدالحسين، المدينة المفتوحة، مقاربات حقوقية حول القدس والعنصرية، دار الأهالي، ٢٠٠٠، ص ١٨ وما بعدها.

٥- بەڵگەنامەی ڕزگارکردنی قوستەنتینیە (وثیقة فتح القسطنطینیة): بریتییە لە نامەی سوڵتان محەمەدی فاتیح بۆ دانیشتوانی ئەستەنبۆڵ (ئوستانە) دوای ڕزگارکردنی، لەو نامەیەدا دڵنیایان دەکاتەوە کە ماف و سەروماڵ و تایبەتمەندیی و سرووتە ئاینییەکانیان پارێزراوە، نەخاسمە کە زۆرینەی خەڵکەکەی مەسیحی بوون[٨٠].

ئەم بەڵگەنامەیە، بەردەوامی بەڵگەنامە عەرەبی و ئیسلامییەکانی ترە کە پشتیان بەبنەواکانی لێبووردەیی و یەکسانی لە مافگەل و هاوبەشێتیی مرۆڤانی بەستووە. بەو پێیەش، محەمەدی فاتیح بەڵێنی بەدانیشتوانی ئەستەنبۆڵ دا کە سەروماڵ شکۆ و سرووتە ئاینییەکانیان پارێزراو بێ. بیرکردنەوەی ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و پەراێزخستنی لای موسڵمانان نەبووە، ئەوەی هەبوو، ویستی موسڵمان بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و برەودان بەبەهاکانی بەگوێرەی ڕێساکانی ئەو ڕۆژگارە، ئەڵبەت لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی مرۆڤانی کراوەی پێشکەوتوودا لەچاو ئەو سەردەمەدا.

ئەو بەڵگەنامانە، پشت بەبیرۆکەیەکی نێوەندی و بنچینەیی دەبەستن کە بریتییە لە: ماف و ئەرک وەک یەک بۆ هەموو مرۆڤێکە بێ جیاوازی، موسڵمان بێ یان نا.

---

٨٠. أنظر: مداخلة الدكتور أحمد أقندوز _ رئيس الجامعة الاسلامية، روتردام، في مؤتمر "الاسلام والتسامح" الذي أقامته المنتدي التونسي في هولندا بالتعاون مع الجامعة الاسلامية في روتردام ١٥ - ٢٠٠٢/١١/١٦

## پاژی چوارەم

## لێبووردەیی و سیرەی محەمەد

## کەلەپوور و هاوسەردەم

"ڕای من ڕاستە و لەوەیە هەڵە بێ...
ڕای خەڵکی تر هەڵەیە و لەوەیە ڕاست بێ.."
ئیمامی شافیعی

١- محەمەد و بناخەی لێبووردەیی

بانگەوازی گۆڕانکاریی پێغەمبەرانەی محەمەد، خەسڵەتێکی لێبووردەییانەی هەبوو. نموونەگەلێکی زۆرمان باس کرد، چ لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز یان لە سونەتی پێغەمبەر، ئاماژەمان بەلێکەوتەوەکانیان کرد لە سەروبەندی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی و کاریگەرییان لەسەر هزر و کولتوور. دیسان ئاماژەمان بەبڕێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەلیفەکانی ڕاشیدین دا. بانگی محەمەد بۆ قەناعەتپێکردن و ئاشتەوایی، سەرەڕای چەندان ساڵ چەوساندنەوە، هەروەسا ڕازینەبوونی ئیسلام بەکوشتنی منداڵان و پیر و ئافرەت و نەخۆش و دیل و پیاوانی ئاینی لە شەڕدا، هەڵسوکەوتگەلێکی مرۆڤانی گەلێ بەرزن، ئاخر دەزانی چ بەها و نموونەگەلێکی باڵای لێبووردەییان تێدایە.

محەمەد پێغەمبەر پاش تێکشکانی شەڕی ئوحد، زۆر بەخۆشەویستی و بەزەییەوە، بەگوێرەی بنەواکانی لێبووردەیی، مامەڵەی لە تەک موسڵمانانی کرد. دیسان مامەڵەی لەگەڵ موشریکەکانی مەکەدا هەر نەرم و لێبووردانە بوو. موهاجیرانی دەڵێ: "وەک چۆن پێغەمبەر ڕاسپێردرابوو فەرزەکان جێبەجێ بکات، ئاوهاش دەبوو لێبووردە و نەرم بێ لەگەڵ خەڵکدا"... خوا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا ڕوو لە پێغەمبەر دەکات و دەڵێ: "خۆ ئەگەر توند و دڵڕەق بوویتایە کەست لە دەور

نەدەما، لێیان خۆشبە، داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە، ڕاوێژ و مەشوورەتیان پێ بکە، ئەگەر بەتەمای کارێک بووی ناوی خوای لێ بێنە و پشت بەخوا ببەستە، خوا ئەوانەی خۆش دەوێ کە پشتی پێ دەبەستن"(ئال عمران: ١٥٩)[١].

پێغەمبەر دەڵێ: (هیچ نەرمونیانییەک بەلای خواوە هێندەی نەرمونیانی ئیمامێک خۆشەویست نییە، هیچ نەزانییەک بەلای خواوە بێزەوەرتر نییە لە نەزانی و ملهوڕیی ئیمامێک).

سووڕەتی ئالی عمران پاش شەڕی ئوحد دابەزی، ئەڵبەت سوورەتێکی مەدینەییە و تێیدا هاتووە کە پێغەمبەر بڕیاری دا لە شار بچێتە دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی موشریکان، دوای ڕاوێژکردن بەموسڵمانان، سەرەڕای ئەوەی خۆی پێی باش بوو لە شاردا بمێننەوە، بەڵام بەقسەی زۆرینەی کرد. کاتێک دەرچوون، شکستیان هێنا، لەبەرئەوەی هێندێک لە چەکداران ئەو سەنگەرانەیان چۆڵ کرد کە پێغەمبەر بۆی دەستنیشان کردبوون و کەوتنە دووی تاڵانی، ئەوەش بووە هۆی شەهیدبوونی حەمزەی مامی پێغەمبەر و بریندارببوونی پێغەمبەر و شکانی ددانی و پەمینی دەموچاوی. لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە دیسان جەختی لەسەر بنەواکانی لێبووردەیی و لێخۆشبوون و ڕاوێژ کردەوە، بەو پێیەی ئەوانە بنەماگەلێکی چەسپیوو و جێگیرن، نەک لاوەکی و ناکاو.

پێغەمبەر لە کاتی فەتحی مەکەدا ئەوپەڕی نەرمی نواند، ئەوە بوو لە دەروازەی کەعبەدا وەستا و سروودی سەرکەوتنی دەخوێند (لا الله الا الله وحده لا شريك له، صدق وعده، ونصر عبده، وأعز جنده، وهزم الأحزاب وحده). دواتر ڕووی لە قورەیش کرد و گوتی: (خوا لووتبەرزی جاهیلییەتی لە کۆڵ کردنەوە هەروەها خۆبادانتان بەباوپیرانتان و گەورەکردنیان، هەموو خەڵک لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵ. دواتر گوتی: "وا دەزانن چیتان لێ دەکەم؟ گوتیان: برایەکی چاک و برازایەکی چاک. گوتی: "بڕۆن ئێوە ئازادن. لە ئەبوسوفیان و هندی خوێنەخۆری حەمزە خۆش بوو، هەروەها لە (وەحشی) بکوژی حەمزە.

ئەو لێبووردەییەی پێغەمبەر پێڕەوی دەکرد، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی

---

١. حسب أبو الفخر الرازي: الفظ، هو الانسان السيء الخلق. أما غليظ القلب، فهو الذي لايتأثر قلبه بشيء (المصدر السابق).

گەشـەسـەندنی شـارسـتـانیەتی عـەرەبی ئیسـلامی. خۆی خـەڵکی بەعەقڵ و ئیرادەی جیاواز خەڵق کردووە، ڕەفتاری پێغەمبەر لەگەڵ قورەیش و دانیشتوانی مەککەدا دوای ڕزگـارکـردنی، دووپاتی دەکـەنەوە کـە بناخـەی یەکـەم لە ئیـسـلامـدا، لێبووردەییـیـە، هەرچی سزایە کە پێویسـتـە لە پێناو پەروەردە و چاکسـازیدا بێ، ئەوە دوایی دێ. خۆ ئەگەر بناخـەکە پێچەوانە بووایە، دەبووا ئەبوسـوفیان و ئەوانی تر داوەری بکرانایە.

ئیبن عەرەبی وای دەبینێ کە ئاسناترین ڕێگە بۆ لای خوا، شەریعەتێکی ئاسان و لێـبـوردەیە[2]، ئەویش بەگـەڕانەوە بۆ ئەو بنەوایەی دەڵێ "چاکـتـرین ئاین ئاسـانتـرینیـانە"، کـاتێک پێـغـەمـبـەر لە نێـوان دوو پرسـدا سـەرپشـک دەکرا، ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد[3].

سۆفییـەکان بەمـحەمـەد دەڵێن خۆشـەویستی خوا و لەو باوەڕەدان کە خـوا ئەو خێروبێرە دەداتە ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێ لە ڕێگەی پێوەندییەکی ڕوحییانەوە. خۆشەویستی بەلای ئیبن عەرەبییەوە بریتییە لە "شێوەیەک لە شێوەکانی باوەڕبوون بەوەی خـوا خـۆی ئاشکرا دەکـات" و دەڵێ: سـۆفی ڕاسـتـەقـینە خـوا لە هـەمـوو ئاینـەکـاندا دەبینێ، واتە ئـەوەی ئیبن عـەرەبی پێی دەڵێ "یەکـێـتی بوون – وحـدە الوجود"[4].

---

٢. ابن عربي، محي الدين، تفسير القرآن الكريم، دار الأندلس، ج٢، ص ٧٩٦، نقلاً عن مهاجراني، ص ٤٢. وابن عربي (٥٦٠ – ٦٤٣ هيجري = ١١٥٦ – ١٢٤٠ ميلادي) هو أبوبكر محمد بن علي، محي الدين الحاتمي الطائي الأندلسي، امام متصوفة الأندلس. ولد بمرسية في الأندلس، وتوفى في دمشق ١٢٤٠، وله عشرات المؤلفات أهمها قصوص الحكم والفتوحات المكية وترجمان الأشواق.

٣. صحيح البخاري، كتاب المناقب، الحديث رقم ,٢٧ انظر: المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي، ج٧، ص٣٦٤ _ ٣٧٠ وكذلك المهاجراني، المصدر السابق، ص٤٤ و ٥٦.

٤. أنظر: آرنولد، سير توماس (وجمهرة من المستشرقين)، تراث الاسلام، جزءان، ج١، تعريب وتعليق: جرجيس فتح الله، أربيل، ٢٠٠٠، ص٣٢٦ _ ٢٣٠. وتعليقا على ذلك يذهب الشاعر والفيلسوف المعري في نظرته لعلاقة الانسان بالدين فيقول:

اثنان أهل الأرض، ذو عقل بلا     دين وآخر دين بلا عقل له!

دڵم وای لێ هاتووه هەموو وێنەیەک وەردەگرێ
چ لەوەڕگەی ئاسکان بێ یان دێری ڕاهیبان
بووەتە ماڵی نیشتمانان و کەعبەکەی تائیف
لەوحگەلی تەورات و قورئانی پیرۆز
لەسەر دینی ئەویندارانم ڕوو لە هەر کوێ بکەن
چوون خۆشەویستی، ئاین و بیروباوەڕمە

مرۆڤ هەر بەفیترەت ئیماندارە، ئەوەی پێی دەگوترێ فیترەتی ئیمان. بەپێی قورئانی پیرۆز، خوا ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە کاتێ بەخەلیفەی خۆی داناوە لەسەر زەوی، ڕێزلێنانیش واتە ئیماندارکردنی هەروەها لە ڕێی کارکردن و بەرزڕاگرتنی کاری چاک و بەبەر (وەرن بەرەو چاکترین کار)، ئەم ڕستە بەرانبەرانە بەگوێرەی سالم بەهنەساوی کە لە کتێبی "ئیسلام و مافەیلی مرۆڤ"[5]دا دەڵێ ڕستەگەلێکن بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و مەشوورەت".

لە قورئانی پیرۆزدا، وشەی "حەق" دووسەت و پەنجا جاران هاتووە و وشەی "ئینسان"یش ٧٠ جار.

ماوەی پێغەمبەرایەتی نێزیکەی بیست و سێ ساڵی خایاند (٦١٠ – ٦٣٢)، بۆ توێژینەوە، دەشێ شەریعەت، ئەڵبەت لێرەدا مەبەست قورئان و سیرەی پێغەمبەرە، دابەش بکرێ بۆ دوو بەش یان قۆناخ:

یەکەم: قۆناخی مەکە، دوو لەسەر سێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەم قۆناخەدا دابەزیون، بریتین لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی بنەوا سیاسییەکانی ئیسلام، ئسووڵگەلی عەقیدە، هەروەها باس لە بەها روحییە باڵاکان و پێوەرە مرۆڤانییەکان

٥. البهنساوي، سالم، الاسلام وحقوق الانسان، قارن: النعيم، عبدالله "تحرير" وآخرون، الأبعاد الثقافية لحقوق الانسان في الوطن العربي، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية، دار سعاد الصباح، القاهرة، ١٩٩٣.
وكذلك قارن: حسن، عصام محمد "تحرير" ومحمد، د. سيد سعيد "تقديم"، تجديد الفكر السياسي في اطار الديمقراطية وحقوق الانسان (التيار الاسلامي والماركسي والقومي) كراسات ابن رشد٢، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة ١٩٩٧.

و تاقیکردنەوە مێژووییەکان دەکات، نەخاسمە کاتێ ڕێبازی پێغەمبەران و هەوڵەکانیان بۆ چاککردنی دنیا و ڕێنوێنی مرۆڤەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەگوێرەی دەستەواژە هاوسەردەمەکان، خەسڵەتەکانی قۆناخی مەکە، یەکەم: بڵاوکردنەوەی بانگەشەی ئیسلام، دواتر، بڵاوکردنەوەی پروپاگندەی سیاسی و خستنەڕووی عەقیدەکان.

قۆناخی یەکەم، بەلێبووردەییەکی زۆر دەناسرێتەوە، ئەویش لە کاتی بانگەواز و ئاگەدارکردنەوەدا، قۆناخەکە گەیشتە بڕێک ئسووڵی عەقیدە و میتۆدیش. دەکرێ لێبووردەیی بەیەکێک لە سیماکانی قۆناخەکە بژمێرین، ئەو قۆناخە بەڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی دەناسرێ.

قۆناخی دووەم، قۆناخی مەدینەیە، لەم قۆناخەدا، پێغەمبەر بەناچاری مەکەی جێ هێشت و کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەم قۆناخەدا، وەڵامی پرسیارگەلێکی زۆری ژیان و گوزەران و کردەنی درایەوە کە ڕووبەڕووی موسڵمانان و پێوەندییە جیاوازەکانیان بووەوە. ئەم قۆناخە، پاش قۆناخی مەککە بوو کە بووە ژێرخانی عەقیدەیی و هزری و کولتووریی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی بنەواکانی ئیسلام. دەکرێ بگوترێ کە قورئانی پیرۆز دان بەمەسیحییەت و جوولەکەدا دەنێ و ناویان دێنێ و داوا لە موسڵمانان دەکات ڕێز لەو دوو ئاینە بنێن و مامەڵەیان لە تەکدا بکەن و لێبووردە بن بەرانبەریان.

ڕاستە ئاینگەل هەموویان بایەخ بەمرۆڤ دەدەن، چونکە نامەیەکی خوایانەی پیرۆزن ئاراستەی مرۆڤ و ژیانی دنیا دەکرێن، وەلێ ئیسلام، دانی بەو ئاینانەدا نا کە پێش ئەو هاتبوون.

ئاینەکان ئەو کاتە ڕێزی مرۆڤیان گرت کە مافەکانی دابین کرد. ئیسلام هات، کە دوا ئاینە، تا دان بەهەموو ئاینەکانی پێشتردا بنێ و ڕێز لە باوەڕدارانیان بگرێ و مافەیلە مرۆڤانییەکانیان پێ ڕەوا ببینێ، تاکە یەک مەرجیشی داناوە کە مەرجێکی بنەواییانەیە: ڕێز لە ئیسلام بگرێ و دوژمنایەتی نەکات و یارمەتی دوژمنانی نەدات[٦]. ڕێزگرتنی ئەوی تر، بنچینە ئەرێنی و ئەخلاقییەکەی خۆی لە

---

٦. نصر حامد، أبوزيد، "الفكر الاسلامي وحقوق الانسان بين الواقع والمثال"، المجلة العربية لحقوق الانسان، العدد٢، اصدار المعهد العربي لحقوق الانسان، ١٩٥٥.

ڕێزگرتنی خوا له مرۆڤەوە وەردەگرێ، ڕێزگرتنی ئەوی تر، ڕێزگرتنی ویستی خوایه: "انک لاتهدي من أحببت ولکن الله يهدي من يشاء وهو أعلم بالمهتدين"(القصص:٥٦).

ئەوە نموونەی لێبووردەیی و بالاترین ڕێزلێنانه کاتێ خوا، مرۆڤ ئازاد دەکات بڕیار له چارەنووسی خۆی بدات. خوا نەیویستووە ئیمان بەزۆر بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێ، ئەگەر بیویستایه دەیکرد. پێغەمبەری، ئیمانی بەزۆر یان ناچاری پێ باش نەبوو، نموونه و پەندی بەرزی لەبارەی ڕێزگرتنی ئادەمیزاد و شکۆی مرۆڤانییەوە خستووەته ڕوو، پێغەمبەر وەک ڕێنوێن نێردراوە، بەردەوام له گفتوگۆیەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ مرۆڤگەل، گفتوگۆیەکە کۆتایی نایەت. خوا تێیدا یارمەتیدەر دەبێ و کێی گەرەک بێ، دەیخاته سەر ڕێی ڕاست، بێ سەپاندن و ناچارکردن.

ئەو ڕێزگرتنه ئەرێنییەی ئیسلام و موسڵمانان (بەتیۆری) لەوی تری جیاوازی دەنێن، بەگوێرەی ویستی خوایه و خواش هەر وای بۆ مرۆڤەکان پێ خۆشه.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەین، ئازادی، مافێکی مرۆڤه که له دەقه خواییيه پیرۆزەکانەوە وەرگیراوە و ئەسڵەن قورئان و سونەتی پێغەمبەر، ئەو چەمکەیان لێ دەرژێ. ئازادی، بەم مانایه، کردەوەیەکی خۆڕسکانەی ئادەمیزادە، بۆیە هزری هاوسەردەم، نەخاسمه فەلسەفەی ڕۆشنگەریی، بەمافەیلێکی سروشتی دادەنێ. بەگوێرەی ناجی بەکووش: "ئازادیی ئاینی وەک مافێکی بنەڕەتی له مافەکانی مرۆڤ، چەمکێکی عیلمانییە، بێ ئەوەی لەگەڵ تێڕوانینی ئاینییانەدا دژبەر بێ، بگره پێک دەگەن، وەلێ نابێته سەرچاوەکەی، چونکه له ئیماندا بەشوێن شەرعییەتی خۆیدا ناگەڕێ و لەویشی وەرناگرێ..."[٧].

ئەم مافه لەو هەستەوە سەرچاوە دەگرێ که مافێکی پێوەلکاوە بەمرۆڤەوە لەبەر کەسێنییەکەی، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ خاوەن مافەکه چ کەسێکه. پێغەمبەر، شمشێری له پێناو سەپاندنی ئایندا بەکار نەهێناوە، ئاخر کارێکی وا، پێچەوانەی عەقڵ و ئایەتەکانی قورئانه "لا اکراه في الدين". دەچێته عەقڵەوە ئیمان بەزۆرەملی یان بەسەپاندن بئاخنرێته دڵی خەڵکەوە، ئەدی ئەگەر گەیشته بەکارهێنانی هێز و

٧. السيد جاسم، عزيز، محمد: الحقيقة العظمی، مصدر سابق، ص ١٢٧.

چەک و توندوتیژی؟

ئاینی ئیسلام هانی خەڵک دەدا بۆ ڕێگەی ڕاست و قەناعەتهێنان و عەقڵ. خوا لە کتێبەکەیدا دەفەرمووێ "انا هديناه السبيل اما شاكراً واما كفوراً" (الانسان:٣). هەروەها: "ما على الرسول الا البلاغ..."(المائده: ٩٩).

ئایەتەکانی قۆناخی یەکەم، پێیان دەگوترێ ئایەتەکانی لێبووردن، بریتین لە ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی سەرلەبەری نێوان موسڵمان و ناموسڵمان، وەک ئەلباقر ئەلعەفیف دەڵێ و وەک لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە "ان الذين آمنوا والذين هادوا والصابئون والنصارى من آمن بالله واليوم الآخر وعمل صالحا فلا خوف عليهم ولاهم يحزنون"(المائدة: ٦٩).

خوا بەو هەموو گەورەیی و باڵادەستییەوە، باڵادەستیی پێغەمبەری ڕەت کردەوە و یەکسانیی لایەنگرانی ئاینە جیاوازەکانی ڕاگەیاند، بەزمانێکی نەرمونیانیش عەقڵەکانی دواند تا بیانهێنێتە سەر ڕێ. ئیمامی عەلی دەڵێ ئەرکی پێغەمبەران "وروژاندنی ناخە شاراوەکانی عەقڵەکانە"، ئەم زمانەش هەر بۆ خۆی دەبێ جیاواز بێ لەو زمانە وشک و زبرەی هەستەکانی پێ دەدوێنرێ. ئەمانە قسەی هزرڤانێکی گەورەن کە وتەکانی بەدرێژاییی مێژوو بانگێشتی ئازادی و مەیلی مرۆڤانیان لێ دەتکێ.

بانگی محەمەد بۆ ئازادی و چەسپینی هەق، دادپەروەری و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نەزانی و کۆیلایەتی و جەور، ئاسمانی جاهیلییەتی شەق کرد.

پێغەمبەر، ساڵی ٦٣٠ ز مەکەی ئازاد کرد، ئەو سەرکەوتنە بووە تخوبی نێوان مێژوویەکی کۆن و مێژوویەکی نوێی دوای باوەڕهێنان و کۆتاییهاتنی بتپەرستی.

سەرکەوتنەکە ماناگەلێکی تریشی هەیە، سەرکەوتنی بیروباوەڕ و بنەواکان بوو بەسەر بەرژەوەندی و بتپەرستیدا، ئەو پیاوەی بەو شێوەیە ناچار کرا مەککە جێ بێڵێ، گەڕایەوە و "کتێبی خوا"ی بەدەستەوە بوو، وەک "بەندە و پێغەمبەر"ی خوا گەڕایەوە و سەران و ڕیشسپیانی قورەیش ناچار بوون لە بەردەمیدا دابێن، ئەوانەیان کە ڕازی بوون و باوەڕیان هێنا یان ئەوانەیان کە ناچار بوون ملکەچ بکەن.

سەرەڕای ئەو ژان و دەردەسەرییەی پێغەمبەر لە مەککە دووچاری بوو، ئەوپەڕی لێبووردەیی نواند، بە خۆشەویستی ڕووبەڕووی کینە بووەوە. بەردەوام لە خەمی ڕاستی و لێخۆشبووندا بوو، هەر ئەو خۆشەویستییە بوو درەختی لێبووردەیی محەمەدی ئاو دەدا.

پێغەمبەر (د.خ)، تەنیا ١٥ ڕۆژان لە مەککە مایەوە، گەڕایەوە یەسرب (مەدینە) ئەو شارەی پاراستی و خۆی پێشکێش کرد، دواتر بۆیە وەک وەفایەک و ڕاستگۆیی پێغەمبەر بەرانبەر ئەو شارە، کردیە پایەتەختی دەوڵەتی ئیسلامی، ئاخر هاوەڵانی، لایەنگران یان پشتەوانانی، نیگەران بوون لە گەڕانەوەکەی بۆ مەکە، بۆیە پێغەمبەر بەڵێنی پێدان و گوتی: "خوێنتان خوێنمە، شەرەفتان شەرەفمە، من لە ئێوەم و ئێوەش لە منن، شەڕی هەر کەسێک دەکەم ئێوە شەڕی بکەن، لەگەڵ ئەو کەسەش ڕێک دەبم ئێوە لەگەڵی ڕێک بن"[٨].

بەم شێوەیە، مەدینە بووە پێتەخت و مەککە بووە قیبلە، پاش ئەوەی قودس قیبلە بوو بەر لەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە. وەک چۆن مەدینە پێشوازی لە پێغەمبەر کرد، پێغەمبەریش کردیە پێتەخت و سەنتەری دەوڵەتی ئیسلامی. وەک چۆن مەکەشی کردە قیبلەی خۆی لە سۆنگەی بەرزکردنەوەی ئاڵای خۆشەویستی بەرانبەر تۆڵەسەندنەوە، ئاخر پێغەمبەر بەدەستگرتن بەو ئایەتە پیرۆزەی "وجعلنا من بين أيديهم سداً ومن خلفهم سداً فأغشيناهم فهم لايبصرون" (يس:٩)، بەنهێنی مەکەی جێ هێشت بەو هیوایەی ڕۆژێک بگەڕێتەوە.

بانگی برایەتیی نێوان کۆچبەران و پشتیوانان، نیشانە و بەڵگەیەکی درەوشاوەی بلیمەتیی محەمەد بوو، بەو بانگە، هەموو مەککەیییەک بووە برای مەدینەیییەک، هەوڵەکانی پێغەمبەریش بۆ ڕێککەوتنی ئەوس و خەزرەج، نێوان جوو و موسڵمانان بەدەستەبەرکردنی ئازادیی بیروباوەڕ و پێکەوەژیان و مافی یەکسانیی ئاینەکان، لە ژینگەیەکدا کە لێبووردەیی باڵی بەسەردا کێشابێ، لە ڕێگەی دانانی ڕێگەچارەی بنەڕەتی بۆ یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی و دواتر پێتەختی ئیسلامی. لە جیاتیی مەدینە ببێتە شاری دژبەری و لێکترازان، بووە سەنتەری کار و داهێنان و پێکەوەژیان، ئەویش لە ڕێی ڕێگەدان بەڕاو ڕای

٨. أنظر: السيد جاسم، عزيز، محمد الحقيقة العظمى، مصدر سابق، ص ١٤٢.

بەرانبەری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا.

پرۆسەی برایەتی نێوان ئەوس و خەزرەج، نیشانەی بالادەستی سیاسی و هزرییانە و ڕێکخستنەوەی سەرنجراکێشی محەمەدە لە شارگەلێکی خێڵەکی کە سەریان لەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەرنەدەکرد. دوا جار ڕۆڵی نوێژ و ڕۆژ و دێ لە پرۆسەی یەکخستن و یەکسانی ئیسلامیدا. ئەمەش پرسێکی پڕ گرینگە، دەمێک موسڵمانان، گەورە و بچووک، هەژار و دەوڵەمەند، پیاو و ژن، عەرەب و عەجەم، پێڕەوی ڕێنوێنییە یەکخەرەکانی ئاین دەکەن، ئەو ئاینەی بەیەکسانی تەماشای مرۆڤەکان دەکات لە ڕووی شکۆی مرۆییانە، لە سرووتە ئاینییەکاندا، لە نوێژی مزگەوتدا، لە حەج و ڕۆژوو و ئەوانی تردا. ڕەنگە هەر ئەو تۆوی یەکسانییە بووبێتە کاکڵەی بنەڕەتی بیرۆکەی شکۆی مرۆڤانی و یەکسانیی فرەوان و هاوبەشی نێوان مرۆڤگەل، ئاخر بنەوای بنچینەیی لە ئیسلامدا، یەکسانی مرۆڤەکان و نەبوونی جیاوازییە لە نێوانیاندا مەگەر بەڕادەی ترسانیان لە خوا و چاکەکاریی نەبێ.

ئیسلام لە سۆنگەی هەڵسوکەوتییەوە لە تەک ئەوانی تردا، لێبووردەیی خۆی سەلماند، لە ڕێی ئەو ڕێگەچارانەوە کە پێشکێشی کۆمەڵگە و پێکەوەژیانی کردووە. سەربارى ئەوەش، تێگەیشتنەکانی ئیسلام دەرهەق بەڕاستی و دادپەروەری و یەکسانی و بەگژاچوونەوەی زوڵم، بانگی ئیسلام بۆ هاریکاری و مەشوورەتی یەکتری، تا ئەو ئاستەی، تاک، هەست بەبەهای مرۆڤانەی خۆی بکات، هەست بکات، توخمێکی کارایە نەک هەر تەنیا جێبەجێکارێک. هەر لەبەرئەوە بوو، برێک لە جووان لایەنگری ئیسلام بوون، ئەوەبوو عەبدولای کوڕی سەلام، بووە موسڵمان و پاڵی بەهێندێکەوە نا هەوڵی تۆڵەسەندنەوە و ئاژاوەگێڕی و دروستکردنی دوژمنایەتی بدەن.

هەر لەو بارەیەوە، پێغەمبەر بەشداری کرد لە بەستنی کۆنگرەی هەرسێ ئاینەکە لە مەدینە لە پێناو یەکتر قبوولکردن و شەڕنەکردن، هەر ئەوەش وای لە نەسارا کرد بیکەنە ناوبژیوان لە نێوان خۆیاندا، دوای ئەوەی بینییان چەند دادپەروەرە، ئەوە بوو ئەبوعوبەیدەی جەراحی ناردە لایان تا ڕێکیان بخاتەوە، ئەم ڕووداوە، محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە کتێبەکەیدا "ژیانی محەمەد" باسی دەکات[٩].

٩. أنظر: العقالي، الدمرداش زكي، السلطة الدينية وحرية الفكر، القاهرة، يوليو، ١٩٩٢.

وەلێ هەڵوێستی بەرانبەر جوو کاتێک گۆڕا کە بەڵێنەکانیان شکاند و بوونە دەستەچیلەی قورەیش لە مەدینە، دەمێک هەوڵیان دا ئەو و خەزرەج تێکچن، سەرباری تەنگەتاوکردنی موسڵمانان.

ڕووداوی دەستدرێژی شاگردە جووەکە بۆ سەر ژنە موسڵمانەکە، بووە هۆکاری ئەو هەڵوێستەی موسڵمانان و پێغەمبەر وەریان گرت دەرهەق بەجووان، نەخاسمە بەنی قەینوقاع. سەرەڕای ئەوەش، پێغەمبەر هەر بانگی پێکەوەژیان و لێکنەترازانی دەدا، ئەگەرنا، چارەنووسی جووان، لە قورەیش چاکتر نابێ. کاتێک جووگەل هەر سوور بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان و گوێیان بەبانگەکەی پێغەمبەر نەدا، واش فەرمانی کوشتنی نەدان، فەرمانی دا شاربەدەریان بکەن، ئەوە بوو کۆچیان کرد بۆ شام.

شایەنی باسە، ئەم ڕووداوە، سەرلەبەری وڵاتی نەگرتەوە، خۆ ئەگەر بەڵێنشکێنی نەبووایە، دەکرا هەمووان پێکەوە بژین. لەگەڵ ئەوەشدا، بنچینەی یەکەم، واتە بنچینەی ڕێکخستنی پێوەندییەکان، لێبووردەیی و خوێندنەوەی ئەوی تر بوو، بەڵێنشکێنی و کاردانەوەکان، لە ناکاو چاوەڕواننەکراو بوون. ئەگەر بەڵێنەکان بهاتنایە پاراستن، ئێستێ وەک سیمبولێکی مێژوویی درەوشاوە ئاماژە بەو مێژووە دەکرا.

سەرباری هەموو ئەمانە، بنەواکانی ئیسلام کە برێتی بوون لە خوێندنەوەی ئەوی تر و پێکەوەژیان و لێبووردەیی، وەک خۆیان مانەوە، ئەو بنەواگەلەی هێندێک لە ئیسلامەوییەکان یان ئیسلامییە هاوسەردەمەکان لە تێڕوانینیاندا بۆ جوو، پشتیان تێ کردن. لێرەدا، هەر دەبێ ئاماژە بدەین بەجیاکردنەوەی جوولەکە وەک ئاینێکی پیرۆز و زایۆنیزم وەک هزرێکی هاوسەردەم کە پێوەندی بەئاینە ئاسمانییەکەوە نییە. وەک بەشێک لە دەلالەتی مێژوویی ڕووداو و هەڵکەوتەکان، ئاماژە دەدەین بەوەی دەمێک جووگەلی بەنی قەینوقاع بۆ ماوەی پازدە ڕۆژان لە ماڵەکانی خۆیاندا، گەمارۆ دران، لە جیاتیی ئەوەی بکوژرێن، لە شار دەرکران، ئەویش وەک زەوینەسازییەک بۆ ئازادکردنی مەککە کە ئامانجی سەرەکی بوو، ئازادکردنیشی، یەکڕیزییەکی نێوخۆیی گەرەک بوو، وەک ئێستێ دەڵێن.

دواتر، دوا قۆناخی ڕاگواستنی جووگەل پاش گەمارۆیەکی بیست و پێنج شەوە،

تەواو بوو، نەخاسمە دوای قۆناخی غەزوەی خەیبەر (گەورەترین و دوا بنکەی جوو لە نیوچە دوورگەی عەرەبی) کە مانگێک پاش رێککەوتنی حودەیبییە ئەنجام درا، لە پێناو دڵنیابوون لە بەرەی ناوەخۆ و یەکەتیی نیشتمانیی ئیسلامدا.

پێغەمبەر، هەرگیز وەک دەسەڵاتدارێکی بکوژ و ببڕ و تاکڕەو، مامەڵەی هاوەڵانی نەدەکرد، وەک هێندێک پیاوانی ئاینی دەسەڵاتخوازی ئەم ڕۆژگارە دەیکەن.

بەڵگە زۆرە کە پێغەمبەر ڕاوێژی زۆری بەهاوەڵانی دەکرد، گوێی بۆ هەموو ڕا و لایەنە جیاوازەکانی ڕاستینە دەگرت. تا ئەو ڕادەیەی هێندێک جاران چاوی لە بەرزبوونەوەی زمانی دواندن کە دەگەیشتە ئاستی "سووکایەتی و بریندارکردن"ی پەیامەکەش دەپۆشی. پێغەمبەر زۆر نەرم و سنگفرەوان و نیازپاک بوو دەرهەقیان.

کە دمرداش زەکی ئەلعوقالی، پارێزەر و نوسەری ئیسلامی، بەراوردی ڕەفتاری "پیاوانی ئاینی دەسەڵاتخوازی ئەم سەردەمە" لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەردا دەکات، دەڵێ، توندیی گوتاری ئەم ڕۆژگارە، ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەردا بگەیشتایە ئەو ئاستە "خەڵکەکە لێک دەترازان و یەکتریان کافر دەکرد، کەسیان لە دەستی کافرکردنی ئەوی تر نەجاتی نەدەبوو، جا ئەو کافرکردنە دەگاتە خوێن و نامووس و ماڵحەڵاڵکردن"[١٠].

دوای پێکهاتنی حودەیبییە، عومەر، پێی لە جەرگی خۆی نا و بە پێغەمبەری گوت "بۆچی سەرشۆڕی دووچاری ئاینەکەمان دەکەی"، هەموو جارێک ئەم قسەی پات دەکردەوە، پێغەمبەر، جار لەگەڵ جار خۆی لێ نەبان دەکرد وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ، تا جارێکیان وەڵامی دایەوە "من عەبدی خوام و خوا دەستم لێ بەرنادات".

دەمێک ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەڵێ "لئن رجعنا الى المدينة ليخرجن الأعز منها الأذل..."(المنافقون:٨)، ئەمەش لە وەڵامی یەکێک لە "دووڕووان – منافقين"دا بوو کە هەڕەشەی دەرکردنی پێغەمبەر و کۆچبەرانی دەکرد لە مەدینە (یەسرب). کاتێک عومەر لەو دووڕووە (هاوەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ساحیب) ڕاپەڕی و

---

١٠. أنظر: المقدمة الرائعة التي كتبها الأستاذ محمد صادق الحسيني، في التعريف بموضوع التسامح والعنف والصراع الفكري والثقافي في ايران، كتاب التسامح والعنف في الاسلام، لمؤلفه السيد عطاءالله مهاجراني، مصدر سابق.

ویستی له ملی بدات، پێغەمبەر ڕێی لێ گرت و پێی گوت "من حەز ناکەم بڵێن محەمەد هاوەڵێکی خۆی دەکوژێ".

٢- دوو هەڵوێستی هاوسەردەم لەبارەی لێبووردەییەوە

ئەگەر بێینەوە سەر ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەناو تەوژمی ئیسلامیدا، دوو هەڵوێست لەبارەی پرسی لێبووردەییەوە لە ئارادان، هەن هەموو لێبووردەییەکی ئاینی، هزری، کولتووری یان کۆمەڵایەتیی ناوخۆ یان دەرەکی ڕەت دەکەنەوە، بەبیانووی خاوەندارێتی ڕاستینە (حەقیقەت) و خۆ بەچاکزانین، هەرچی ئەوی تر و جیاوازە، بەلای ئەمانەوە، هیچ نییە، دژبەرێک نەبێ، لە ئاستی دنیاییشدا، کافر و خۆبەزلزانن، وەلێ تەوژمێکی تر هەیە کە تەوژمێکی ڕیفۆرمخوازە و برێک لە بیرۆکەکانی لێبووردەیی پێ قبووڵە بەو هیوایەی بەرەوتی پێشکەوتنی دنیا ڕابگەن. لێرەدا، گەرەکمە پەنجە بۆ تەجرەبەی ڕۆشنبیریی ئێرانی درێژ بکەم. باڵی ڕیفۆرمخواز کە سەید محەمەدی خاتەمی نوێنەرایەتی دەکرد و بردنەوەکەی ٢٣ی ئایار/مایۆ١٩٩٦ "نەبەردییەکەی دووی خورداد"یان بەسەرکەوتنێکی ڕاستەقینە و کرانەوە بەرووی ئەوی تردا دادەنرێ، موهاجیرانی، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕێنوێنی ئیسلامی حکوومەتەکەی خاتەمی ڕای گەیاند "بڕوای بەلێبووردەیی و کرانەوەی ڕۆشنبیری هەیە لە سۆنگەی شەریعەتێکی لێبووردە و کراوەوە"[١١].

موهاجیرانی، سیاسەتی لێبووردەیی ڕۆشنبیری، گەر بەکەموکورتیش بێ، جێبەجێ کرد، سەرەڕای ئاستەنگەکانی ڕووبەڕووی بوونەوە. وەلێ ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕادەربڕین و بۆچوونی بەرانبەر، پانتاییەکی گرینگی بۆ خۆی دۆزییەوە، پاش ئەویش بەردەوام بوو[١٢].

خوێندنەوەی مێژووییانەی دەقەگەلە ئیسلامییەکان و ڕێنوێنی و چەمکەکان، بێ

---

١١. اضطر عطاءالله مهاجراني الى الاستقالة من الوزارة في حكومة خاتمي عام ٢٠٠٠، وكان خاتمي الذي قبل استقالة مهاجراني، قد تذوق معاناة الاستقالة عام ١٩٩٢، ليعود ويحتل مستقبلا زاهرا وهو موقع الصدارة، فالسياسة هي السياسة والمصالح والمعادلات والمساومات والتسويات تظل هي هي!! أنظر: المصدر السابق.

١٢. مهاجراني، الاسلام والعنف والتسامح، مصدر سابق، ص٣٩ ومابعدها.

گوێدانە گرێوگۆڵەکانی ئەم ڕۆژگارە، دووپاتی دەکەنەوە کە ئیسلام وەک خۆی و لە ڕێگەی زانایانییەوە، ڕێگەیەکی زۆر والآ و کراوەی ژیانە بۆ مرۆڤگەل، بۆیە لە پاڵ ئیسلام و باوەڕدا، هەموو کات دژبەرییان هەبووە، وەلێ متمانە بەخۆبوونی ئیسلام، پێکەوەژیانی ئاسان کردووە، لێرەدا ئاماژە بەو بەڵگانەی ناو کتێبی "یەکتاپەرستی سەرومڕ - التوحید الكافي" دەکەم کە نەیارانی یەکتاپەرستی پەنایان بۆ بردووە، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر بوونی ڕای جیاواز و دژبەر و نەیاری بەرانبەر، بەو ڕایانەشەوە کە لەگەڵ کرۆکی باوەڕدا نایەنەوە. بۆیە، ئیسلام هەرگیز لاری نەبووە لە گفتوگۆ و مشتومڕ و ڕاگۆڕینەوە و گواستنەوەی ڕای جیاواز، ئەوەش بەپشتبەستن بەدوو بنەوا:

یەکەم: بنەوای لێبووردەیی بەرانبەر گوێگرتنی ڕای بەرانبەر.

دووەم: باوەڕبوون بەعەقڵ و پەنا بۆ بردنی لە کاتی گفتوگۆکردندا نەک بەتێڕوانینی پێشوەختەوە.

بەگوێرەی موهاجیرانی، لێبووردەیی دەشێ لە دوو بواردا بێ:

یەکەم: زانستە ئاینییەکان.

دووەم: زانستە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەڵبەت پێویستیگەلێکی ئەخلاقی و یاسایی و سیاسی و ماناکیی جیاواز، لێبووردەیی دەسەپێنن[١٣].

ئیمام فەخری ڕازی لە "تەفسیری گەورە"دا وای بۆ دەچێ کە "یوسرا" بریتییە لە چاکەکاری بەگوێرەی شەریعەتە لێبووردەکە، "شێخ تووسی"یش لە "تبیان"دا هەر وای بۆ دەچێ و دەڵێ "یوسرا"، بەهەشتە[١٤].

دوکتۆر عەبدولوەهاب مسیری لە توێژینەوەی برێک گریمانەگەلدا، لە سۆنگەی شەرعیەتی یاسایی، عەقلانی و کاریزماییەوە، شوێنپێی ماکس ڤێبەری

١٣. الرازي هو فخرالدين محمد بن عمر الرازي مؤلف كتاب محصل أفكار المتقدمين والمتأخرين من العلماء والحكماء والمتعلمين، ٦٠٦ هيجري، وقد نسبت افكار الرازي الى الحرانيين (الصابئة).

١٤. أنظر: المسيري، د. عبدالوهاب، مداخلته في كتاب الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق.

هەڵگرتووە، زانایانی ئیسلامیش، لە ڕێگەی خوێندنەوەی واقیعەوە، هەر وایان کردووە.

هەرچی گریمانەکانە، لە سەردەمی ڕاشیدیندا، پشتی بەدوو پێوەر بەستبوو: نموونەیەکی پێوەرییانە و نموونەیەکی واقیعییانە. بەگوێرەی واقیعییەت، دەسەڵات هی بەهێزانە، بەپێی ئیبن خەلدونیش، هێز پشت بەدەمارگیریی دەبەستێ. لێرەدا دەشێ میکیافیلی و کتێبەکەی "میر" بێنینەوە یادی خۆمان کە پشتی بە "دەبێ بگەینە ئامانجمان بەچاوپۆشین لەو ڕێگەیەی دەیگرینە بەر" دەبەست، دیسان هۆبز و تیۆرییەکەی کە دەڵێ، ئاین زیان بەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەگەیەنێ، لەبەرئەوەی بوونی دەزگایەکی ئاینی کە شەرعییەت بەخۆی ڕەوا ببینێ، زیانێکی گەورە لە فەرمانڕەوا دەدات، بۆیە بەگوێرەی هۆبز، پێویستە فەرمانڕەوا، هەرچی زووترە، خۆی لە کەسێتییە بەرچاوەکانی دەزگای ئاینی قوتار بکات یان بیانخاتە بن دەستییەوە[١٥].

ئەم ماناگەلە، پێویستیان بەلێوردبوونەوە و خوێندنەوەی سەروتازە هەیە، نەخاسمە لە سایەی ئەو هەڵسوکەوتانەی، ئێستێ و لە ڕابردوودا، ئیسلامیان کردووەتە بیانوو تا تاکە بۆچوونێک بسەپێنن و جیاوازی حەرام بکەن، ئاخر ئەگەر شتەکان وەک خۆیان بمێننەوە و نەگۆڕێن، ئیتر نە پێشکەوتن دەبێ نە تازەبوونەوە.

هەرچی زانا و فەیلەسووف ئەبوبەکری ڕازییە، ئەوا باسی جووڵەی خۆڕسکی جەستە دەکات، وەک ئیبن ئەبی ئوسەیبیعە لە کتێبەکەیدا "چینەکانی پزیشکگەل" دەڵێ. لە کتێبی کاروانی فەلسەفییانەی ڕازیدا هاتووە کە جەستە جووڵەیەکی خۆبەخۆی ئاشکرای هەیە، هەر بۆیە دی بۆری فەیلەسووف لەو باوەڕەدایە، لەم بارەیەوە ڕازی، لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕا نییە. حوسێن مرووە پێی وایە ئەم هەوڵەی ڕازی، یەکەمین هەوڵی فەلسەفییانەی عەرەبە کە لە دەرەوەی بنەوای باوی ئەوێ ڕۆژێ (یەکتایی) واتە، بنەوای دابڕانی ڕەهای نێوان خوا و دنیا، لەوێدا، ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندیی ئەزەلییانەی خوا بەم دنیایەوە لە دوو ڕێگەوە: ڕێگەی نەفس و ڕێگەی عەقڵ.

---

١٥. أنظر: ابن أبي أصيبعة كتاب طبقات الأطباء، ج١، ص ٣٢٢. وكذلك: دي بور، تأريخ الفلسفة في الاسلام، ص٦١١٧، نقلا عن حسين مروة، المجلد الرابع، النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، مصدر سابق، ص١٨٧ – ١٩١.

نەفس، ژیانی بەسەردا دەڕژێ و دەڕژێتە سەر جەستەکانی ئەم دنیایە، وەک ڕژانی ڕووناکی لە ڕۆژەوە. (ئەمەش بنەوایەکی ئەفلاتوونیانەیە) بەبەشداری خوا. هەرچی عەقڵە، خوا دەیڕژێنێتە سەر نەفس تا دنیای خۆی بیر بێتەوە[١٦].

لە کەلەپووری ئیسلامیدا، بەچاوپۆشین لە نموونەگەلی لێبووردەیی کە وای لە حەللاج[١٧] کرد، خۆی بدات بەزەویدا و هاوار بکات "بمکوژن... خوا پاداشتان دەداتەوە و من دەحەسێمەوە"، هەن کە جیاوازی لە پرسە لاوەکییەکاندا دەسەلمێنن، هەن واوەتر دەچن و جیاوازی لە پرسە ئسووڵییە عەقیدەیەکانیشدا دەسەلمێنن، هەموو موجتەهیدێک لە ئیجتیهادەکەیدا ڕاستە، با لە حوکمەکەشیدا هەڵە بێ. ئیمامی شافیعی دەڵێ: "ڕای من ڕاستە و لەوەیە هەڵە بێ، ڕای خەڵکی تر هەڵەیە و لەوەیە ڕاست بێ". حەللاجیش، لەو بارەیەوە شیعری نوسیووە.

ڕازی[١٨]، لەو باوەڕەدابوو، شوێن بێ کۆتایە، هەرچی کۆتایی نەبێ کۆنیشە.

---

١٦. الحلاج، أحد أبرز رواد الحركة الصوفية، التي أخذت بنظرية المعرفة، أي بمعرفة الله مباشرة دون وساطة، وضرورة ازاحة الجدار بين الله والانسان، وفي ذلك تحقيق لهدف أوسع هو هدم الجدار الفاصل بين الانسان والانسان، اي ارادة الحاكم وارادة المحكومين، أما الجدار فهو النظام الاجتماعي المتمثل بالشريعة، والغاء الوساطة تعني اتحاد الانسان بالله أو حلول الله في الانسان ووحدة الوجود بين الله والعالم عند البعض الآخر.
أنظر: ماسينيون، ديوان الحلاج، باريس، ١٩٥٥، ص٣٧ (نقلا عن حسين مروة) _ النزعات المادية في الفلسفة العربية _ الاسلامية، مصدر سابق، ص ١٢٩.
كذلك: قارن: عامل، مهدي، مجلة الطريق (اللبنانية)، بيروت، تشرين الثاني/نوفمبر، ١٩٦٨، ويقول مهدي عامل ان الحلاج جمع تأنيس الله بتأليه الانسان والعكس بالعكس.

١٧. الرازي هو أبوبكر محمد بن زكريا وهو واحد من الشخصيات العظيمة في التأريخ التي لحقها ظلم تأريخي. وقد ترجم الرازي الذي عاش نحو ٩٠ عاماَ (٨٥٤ _ ٩٣٢) الى اللاتينية بأسم Rhazes وهو يمثل نموذج العالم الذي وضع فلسفته على أساس تجربته العلمية في الطب والكيمياء. ولعل مؤلفه الكلاسيكي عن "الحصبة والجدري" بقي يطبع في الغرب حتى أواسط القرن الثامن عشر.

١٨. أنظر: فلسفة الشرق والغرب وثقافتهما، جامعة هاواي، هونولولو،١٩٦٢، ص١٧٢–١٨٧.
أنظر كذلك: بدوي، عبدالرحمن، روح الحضارة العربية، بيروت، ١٩٤٩، ص ١١٥.
كذلك قارن: مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية – الاسلامية، المجلد الرابع، مصدر سابق، ص ١٨١.

هەرچی کاتە، بەلای ڕازییەوە، کاکڵەیەک یان گەوهەرێکی جووڵۆکە، واتە دەجووڵێ و درێژ دەبێتەوە. لای ڕازی، شوێن و کات، ئەزەلین[١٩].

کۆن دەگوترا: بۆ هەر جێیەک بڕوانی لایەکی ڕاستینەت هەر لێ ونە، ئیبن ڕوشد وای بۆ دەچوو کە دەیگوت: مەزهەبەکان هێندە لێک دوور نین یەکتر کافرکەن، بۆیە وێکنەچوونی ئیجتیهادەکان و جیاوازیی تەفسیرەکان، بەڵگەی بەرزونزمی ڕێگەکانی ڕاستینەن (حەقیقەت)، ئاخر ڕێگەی بەرەو ڕاستینە، تاکە ڕێیەک نییە، بگرە زۆر و وێکنەچوون، هەر ئەم پرسەیە ئەم واقیعە ئاڵۆسکاو و نالێبووردەیەی هێناوەتە گۆڕێ. ئاخر ئەمە تێڕوانینی باوی ئیسلام و هزری عەرەبی ئیسلامییە بۆ لێبووردەیی[٢٠]، کەچی ئیسلامەوییەکان و بڕێک ئیسلامی لەم ڕۆژگارەدا پەیدا بوون، دەڵێن بانگی لێبووردەیی دەمانگەیەنێتە نەرمی نواندن سەبارەت بەبیروباوەڕ و بەرەلایی، بەواتەیەکی تر، دەمانبات بەرەو بڵاوبوونەوەی لیبرالیزم بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لەسەر حسێبی ئاین[٢١].

لێبووردەیی، بەگوێرەی میسباح یەزدی، یەکێک لە دیارترین تیۆریستانی باڵی ڕاسترەوی موحافەزەکاری ئێران، واتە؛ بەرەلایی و نەمانی غیرەت، ئەمانەش شێوازگەلێکی تێکدەرن (دژەئیسلامن)، کاتێک تێکەڵەیەکی لێبووردەیی و نەرمی نواندن، بەنێوی ئیسلامەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێ. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، پرسەکە بەرەو شلوشێواوی دەڕوا و ئەوەش ئیسلام لاواز دەکات و دەیشێوێنێ، لە کاتێکدا، داکۆکی لە "بێگەرد"ی ئیسلام و دەستگرتن بەبەها و ڕێنوێنییەکانییەوە، ئیسلام، لەو شێوازگەلە تێکدەرانانە دەپارێزن کە "دوژمن" ی "جیاواز" دەیەوێ لە ڕێیانەوە "خۆ بخزێنێتە" ناو ئیسلامەوە[٢٢].

---

٢٠. ثقافة حقوق الانسان، اصدار المنظمة العربية لحقوق الانسان، لندن، ٢٠٠٠، الملتقى الفكري الخاص بالتسامح، لندن، ١٩٩٦.

٢١. أنظر: حوار مهاجراني مع مصباح يزدي، التسامح والعنف في الاسلام، مصدر سابق. قارن كذلك: اليزدي، محمد تقي مصباح، الأسئلة والأجوبة، الجزء الثالث، مؤسسة الامام الخميني للأبحاث والتعليم، قم، ١٩٩٩، ص ٣١.

٢٢. أنظر: كريم، سالم، مقدمة لكتاب التسامح والعنف في الاسلام، (المترجم)، مصدر سابق، ص ٢٤. أنظر:كذلك الأستاذ مصباح، المجتمع والتأريخ، منظمة الاعلام الاسلامي،١٩٩٩، ص٣٧٩.

هزرڤانی ئیسلامی تونسی شێخ ڕاشید غەننووشی، دەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا نەیارە و پێی وایە مەترسییەکەی، لە مەترسیی زایۆنیزم و ڕۆئاوا و فەرمانڕەوا خۆسەپێنەکان بۆ سەر ئیسلام زۆرترە، لەم بارەوە دەڵێ: "پێم وایە ئەوەی ئەمڕۆ لە زایۆنیزم و ڕۆئاوا و دەسەلاتدارە ملهووڕەکان ترسناکترە، هزری توندڕەوییە، هزری کافرکردنە، هزری قۆرخکردنی ئیسلام و خۆ بەکوێخازانینە.."[٢٣]. غەننووشی، لەو باوەڕەدایە، بەمردنی پێغەمبەر وەحی بڕایەوە، بۆیە دەبێ جیاوازیمان بەلاوە ئاسایی بێ و تێیان بگەین و بزانین چۆن لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکەین.

ڕەنگە بەشێک لە کێشەکانی ئەمڕۆ، دەستگرتن یان گەڕانەوە بێ بۆ ئەو نموونەگەلەی بۆماوەی نالێبووردەیی کە هێندێک هەوڵ دەدەن بەسەر ئەم ڕۆژگارەشیدا بشکێننەوە، تا کۆمەڵگە لە جێی خۆی نەجووڵێ و بەرەنگاری هەر نوێگەرییەک دەبنەوە بەناوی بەگژاچوونەوەی دوژمن، بەمەش، هانی دەمارگیریی و زێدەڕۆیی و داخران و توندڕەویی دەدەن.

هزرگەلی، غەنووشی، تاریق بشری، فەتحی عوسمان، فەهمی هوێدی، محەمەد حوسێن فەزلوڵلا و ڕەزوان ئەلسەید و ئەوانی تر، بەلای باڵی بالادەستی ئەمڕۆی ئیسلامییەکانەوە، هزرگەلێکی نامۆنتا ئێستێ، کەلێنی نێوان جەماوەر و دەستەبژێری هزری و پێشڕەو، فرەوانە، تا ئەمڕۆش، باڵی نوێگەری و چاکسازیی ئیسلامی لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا لاوازە، کاتێک دەست بەبۆماوە کۆنەکەوە دەگرن، بەقسەی غەنووشی " تا ئێستە توێشووی ناوەندە ئیسلامییەکە وا لە تاریک و نووتەکدا". وەک لەو توێژینەوەیەیدا هاتووە کە پێشکێشی سیمیناری لەندەنی کرد و لە کتێبی "شەرعییەتی سیاسی لە ئیسلامدا" کە دوکتۆر عەزام تمیمی ئامادەی کردووە، ئاماژەی پێ داوە.

توندڕەویی و زێدەڕۆیی، دژبەری میانڕۆیی و لێبووردەیین، ئەمەش لە هەڵوێستدا بەرانبەر ئاینی ئەوانی تر دەردەکەوێ، وەک ئاینی مەسیحی بۆ نموونە، هەروەها لە هەڵوێست بەرانبەر ئافرەت، بەرانبەر کەمینە نەتەوەییەکان، بەرانبەر پێشکەوتنی

---

٢٣. الغنوشي، الشيخ راشد، نحو مزيد من الحوار، كتاب الشرعية السياسية في الاسلام، مصادرها وضوابطها، اعداد وتحرير عزام التميمي، منظمة ليبرتي، ١٩٩٧ _ ١٩٩٨

کۆمەڵایەتی، بەرامبەر فرەیی لە هزر و ئیجتیهاددا، دیسان لە هەڵوێست بەرانبەر ڕۆڵی ئاین لە ژیانی سیاسی و دەوڵەتدا دەردەکەوێ[٢٤].

٢٤. برزت مجاميع متنورة تبحث في الاسلام وأطلقت موجة من التفكير التجديدي والاصلاحي في العالمين العربي والاسلامي، ونشطت في عقد ملتقيات فكرية وندوات أكاديمية ضم بعضها التيارات السياسية والفكرية المختلفة. لعلي هنا أشير الى ندوة مهمة عقدت في لندن بعنوان "الشرعية السياسية في الاسلام: مصادرها وضوابطها" وقد صدرت في كتاب خاص من اعداد وتحرير الدكتور عزام التميمي، منظمة ليبرتي، لندن، ١٩٩٧. وانعقدت ندوة أخرى مهمة في باريس عن اصلاح الخطاب الديني، نظمها مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان بالتعاون مع الفيدرالية الدولية لحقوق الانسان، شارك فيها اسلاميون وعلمانيون حداثويون، وليبراليون ويساريون، تموز/يوليو ٢٠٠٣.

پاژی پێنجەم

# لێبووردەیی و گوتاری

# ڕۆشنگەریی عەرەبی - ئیسلامی

"خۆت مەکە بەشێر بەسەریانەوە (بەسەر خەڵکەوە) و لە بۆسەدا بی بۆ خواردنیان، ئاخر ئەوان لە دوو جۆر بەدەر نین: یان برای دینیتن، یان وەک تۆ خوا خەڵقی کردوون.."

ئیمامی عەلی

لە نامەکەیدا بۆ مالیک ئەلئەشتەر ئەلنەخعی

١- تێڕوانینێک لەبارەی هزری چاکسازیخوازانەی ئاینی و لیبرالی عەرەبی- ئیسلامییەوە

ئەگەر ئیسلام باسی شتێکی کردبێ بەمانای لێبووردەیی و بۆنی ئەوی لێ بێ، ئەوا فەلسەفەی لێبووردەیی، لە ڕووی داڕشتنی تیۆرییەوە، لەسەر دەستی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریی کامڵ بوو، بەتایبەتی تۆماس هۆبز و کتێبەکەی لێڤیاتان، جۆن لۆک و کتێبەکەی هەوڵگەلێک لەبارەی حوکمڕانی مەدەنییەوە، مکیاڤیلی و کتێبەکەی میر، سپینۆزا و دیکارت و مۆنتسکیۆ و کتێبەکەی ڕوحی یاساکان، جان جاک ڕۆسۆ و کتێبەکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ڤۆڵتێر و نووسینە جۆراوجۆرەکانی لەبارەی لێبووردەییەوە، لە سەدەی هەژدەمدا، هەموو ئەو نووسین و تەوژمانە، هێڵە گشتییەکانی هزری ڕۆئاوایان گەڵاڵە کرد و لەوێوە بەدنیادا بڵاو بوونەوە.

یەکەمین گوتاری هاوسەردەمی عەرەبی لەبارەی لێبووردەییەوە، فەرەح ئەنتۆن

(١٨٦١ – ١٩٢٢) نووسـیـوێتی، لەو نووسـیـنەدا، ئەنتـۆن، هەوڵی داوە گـرینگی لێبووردەیی بخاتە ڕوو و لە چوارچێوەی نوێگەریی سیاسی ڕۆئاوادا، وەک ئەوەی لیبرالیزمی ڕۆئاوا دای ڕشتووە، پێشکێشی بکات[١]. لە ساڵی ١٩٠٢وە، ئەنتۆن، دەستـەواژەی "نەرمـینواندن"ی بەکـار هێناوە وەک بەرانبـەرێکی لێـبـووردەیی و پێـویسـتی ڕزگـاربوون لە داخـران و دەمـارگـیـری و دوژمـنایەتی ئـەوانی تر، وەک بنەوایەک بۆ جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و مەدەنی.

فـەرەح ئـەنتـۆن، باسی سـێ ڕۆڵی مـرۆڤ دەکات. یەکەم: سـەردەمـی بەرایی، ئەو کـاتـەی مـرۆڤ چاکـە و خـراپـەی لێک نـەدەکـردەوە، تەنیـا پەرۆشی گـەڕان بوو بەسروشـتدا تەنیـا بۆ ئەوەی بژی؛ دووەم: سـەردەمی هـۆڤیـانی، لەم سـەردەمـەدا، مرۆڤگەل فێری ملـملانێ و بەرەوڕووبوونەوەی یەکتر بوون؛ سێیەم: لەم سەردەمەدا، مرۆڤگەل فـێری گردبوونەوە و پێکەوەژیان بوون، بەخـێزان دەستی پێ کرد تا خێڵ، تا وڵات و دوا جار شارنشینی[٢].

ئەنتۆن، پشـتی بەفەلسـەفـەی ڕۆشنگەری بەست، وەک بەشـێک لە پێشـڤـەچوونی فەلسەفەی سیاسیی نوێ و بانگی چوار بنەوای دەدا:

١– ئازادی.

٢– یەکسانی.

٣– جیاکردنەوەی ئاین لە پێداویستییەکانی دنیا.

٤– پشـتـبـەسـتن بـەبنەوا تـازەکـانی هـاووڵاتیـبـوون و لـەوێدا ئـامـاژە بەبنـەوای لێبووردەیی دەدات.

---

١. يعتبر البعض فرح أنطون أول مناضل عربي لحقوق الانسان بالمعنى الحديث للكلمة. فقد ترجم الى العربية لأول مرة "اعلان حقوق الانسان والمواطن" الذي صدر بعيد انتصار الثورة الفرنسية عام ١٧٨٩ وقد نشر أنطوان المقالة والترجمة في مصر عام ١٩٠١ في مجلة الجامعة، السنة الثالثة، ج٤، تشرين الثاني/نوفمبر.

أنظر: مجلة رواق عربي، اصدار مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، السنة الأولى، العدد٤، ١٩٩٦.

٢. قارن: مقدمة فرح أنطون لترجمة حقوق الانسان والمواطن بعنوان "حقوق الانسان لا يجوز أن يدوسها انسان"، مجلة رواق عربي، مصدر سابق.

له مێزگردێکی نێوان شێخ محەمەد عەبدە و فەرەح ئەنتۆندا لەبارەی کتێبەکەی ئەنتۆنەوە "ئیسلام و نەسرانییەت"، عەبدە، دووپاتی کردەوە، ناشێ پاشا یان فەرمانڕەوا لە ئاینەکەی داماڵرێ، ئەو جەستانەش کە فەرمانڕەوا گەرەکێتی، هەر ئەو جەستەگەلەن کە ئەو ڕوحەیان بەبەردا کراوە و پیاوانی ئاین بایەخی پێ دەدەن، کەواتە چۆن دەکرێ ئەو دوو دەسەڵاتە لێک جوێ بکرێنەوە. ژبەروە، لێکدانەوەی ئەو وتەیەی دەڵێ "هی قەیسەر بۆ قەیسەر و هی خوا بۆ خوا"، وەک پێویستی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە[٣].

خستنەپێشی عەقڵ لە جێی نەقڵ و کردنەوەی دەرگەی ئیجتیهاد و هاندانی زمانی دیالۆگ و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی لە دەسەڵاتی دنیایی یان مەدەنی، بەپێوەندیی نێوان ئاین و سیاسەتەوە، لەو پرسانەن تا ئەمڕۆش، گفتوگۆ و مشتومڕی زۆریان لەبارەوە دەکرێ، تا دەگاتە ئەوەی ناکۆکی لێ بکەوێتەوە، جا لەناو باڵە ئیسلامییەکان خۆیاندا بێ، یان لەگەڵ لیبرالی و تازەگەرەکاندا.

پووختەی تەرزەکەی فەرەح ئەنتۆن برێتییە لە:

– ئازادکردنی هزری مرۆڤ لە هەر پێگیرییەک لە پێناو خزمەتکردنی داهاتووی مرۆڤایەتیدا.
– یەکسانی نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوە بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕ و مەزەب.
– نابێ دەسەڵاتی ئاینی دەست لە کاروبارە دنیاییەکان وەردات، ئاخر ئاینگەل، بۆ خەمخواردن لە ئاخیرەت هاتوونەتە ئارا نەک دنیا. بۆیە دەسەڵاتی ئاینی نابێ خۆی لە کاری دنیایی هەڵقورتێنێ، چوون سیاسەت، زیان بەبنەواکانی ئاین دەگەیەنێ.
– تا نەتەوە دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی تێکەڵ بەیەکتری بکات، هەروا لاواز دەمێنێتەوە.
– عەقڵی مرۆڤگەل، جیاوازن و لە یەک ئاستدا نین، سیمای گەردوون جۆراوجۆرە و نهێنی جوانییەکەشی لەو جۆراوجۆرییەدایە، وەک چۆن، جیاوازی، نهێنیی پێشکەوتنی مرۆڤە.

---

٣. أنظر: أنطون، فرح، ابن رشد وفلسفته، دار الطليعة، بيروت، طبعة جديدة، ١٩٨١، ص ١٥٠.

ئەنتـۆن درێژەی دەداتێ و دەڵێ: "نە مـــەدەنیـــیـــەتێکی ڕاســـتـــەقـــینە دەبێ، نە دادپەروەری، نە یەکسـانی، نـە ئاسـایش، نە پێکەوەژیان، نە ئازادی، نە زانست، نە فـەلسـەفـە نە پێشکەوتن، تا دەسـەڵاتی مـەدەنی و ئاینی لێک جـودا نەکرێنەوە...". لە چیرۆکەکەیدا "ئاین و زانست و سامان"، زۆر جەخت لەسەر ئەو چەمکانە دەکاتەوە.

فەرەح ئەنتۆن، داکۆکی لە فەرمانڕەوایی مـەدەنی و بیرۆکەی لێبووردەیی دەکرد و بـانگـی خـــەڵکی دەکـــرد دەست بـەویژدانـەوە بگرن و داوای لێ دەکـــردن کـــە "خۆشبەختی" بکەنە ئامانجی هەموو کارێکیان، ئاینیشی ڕەت دەکردەوە بەو پێیەی قۆناخی "منداڵێتی مرۆڤایەتی"یە. ڕەنگە ئەنتۆن، ئـەم بیرۆکەیەی لەژێر کاریگەریی ئۆگـەست کـۆنـتـدا یان ئـێـرنـیـست ڕینانـدا بووبێ، ئەنتـۆن، لەو بـاوەڕەدایە ڕەگی فەلسەفی میتافیزیکییانەی ئاین لە ئیسلام و مەسیحییەتدا. یەکە.

فـەرەح ئەنتـۆن نەیتـوانی لە ڕەهەندە مـێـژووییـیـەکەی فـەلسـەفـەی ڕۆشنگەری ڕامـێنـێ، بەهۆی گـێـرمـەوکـێـشـەکـانی سـەردەمـی باڵکێـشـانی کـۆلۆنیـالی کـە دواکەوتوویییـان فرەوانتر کرد و بوونە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندن و داهێنـانی چارەسـەرگـەلێکی خـۆبەخـۆی مـێـژوویـیـانەی ئەوتـۆ کـە لەگـەڵ واری کۆمەڵایەتی ـ ئابووریدا بگونجێن[٤].

دەشێ بگوترێ، شـۆڕشە ئـاینییـەکان، دواترینیان شـۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، نـەیانتـــوانـی ســـەرزەوی بکـەن بـە بەهـەشت، بۆیە ئاســـمـــان و بەهـەشـــتـــە چاوەڕوانکراوەکەی، وەک تاکە هیوا مانەوە، موسڵمانان، سەرەڕای ئەو شۆڕشانە، باجی دەسـتبەسـەراگرتنی دەسـەڵات و جەوری دەسـەڵاتدارانیان، جا ئاینی بێ یان عیلمـانی، دەدەن. عـەبدوڵڵا ئەلعورەوی دەڵێ: هزرڤـانی عـەرەب بایەخ بەو شـێـوازە دەوڵەتـەی ئەم ڕۆژگـارە نـادەن، هـەر بۆیە بـەشـوێن وەڵامـی ئەم پرسـیـــارەدا، خـۆ مـاندوو ناکـەن: دەوڵەت چییـە؟ هزری ئیـسـلامی هـەر لە دووی خـەیـاڵی خـەلافـەت و چاکەکانێتی[٥].

---

٤. أنظر: عبداللطيف، د. كمال، التفكير في العلمانية، اعادة بناء المجال السياسي في الفكر العربي، اصدار أفريقيا الشرق، ط١، بيروت ـ الدار البيضاء، ص٦٣ و ٨٣.

قارن: أنطون، فرح، ابن رشد وفلسفته، مصدر سابق، ص١٣٨ و١٤٧ و١٤٨ و ١٥١.

٥. أنظر: العروي، عبدالله، مفهوم الدولة، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، ١٩٨٢، ص١٧٠ =

دەمـارگیـری، وەک جمکی خـۆسـەپاندن، نیشـانەیەکـە لە نیـشـانەکـانی سـتـەم (ئیستیبداد)، وەک عـەبدوڕەحمـان کەواکبی (١٨٤٩ – ١٩٠٢)[6] لە کتێبـەکەیدا "طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد"[7]، سەرەتای سەدەی پێشوو، باسی دەکات. کەواکبی ئاماژە دەدات "ستەمکار، ڕاستییەکان لە مێشکی خەڵکەکەدا ئاوەژوو دەکـاتەوە" و جـەخت دەکـاتە سـەر لایـەنی ئایدیۆلۆجی، ئـەو کـاتـەی هـەوڵ دەدرێ خـەڵکەکـە "کـە هـێـز و توانـای سـتـەمکارن، یەک پـەلامـاری ئەوی تر بدات و هەمووشیان بەدژی خەڵکی تر بەکار بهێنرێن..".

کەواکبی، پێی وایە: دەردودووی موسڵمانان، ستەمی سیاسییە، دەرمانەکەی شـوورایە، بـەلای کـەواکـیـبـیـیـەوە، ناوکرۆکی حکوومـەتێکی سـتـەمکار، نـەبوونی چاودێری و لێپـێـچـانەوەیە، بـەچاوپۆشین لـەوەی شـێـوازی حکوومـەتەکـە چۆنە. کـەواکبی، کـە بەنەیـارێکی سـەرسـەخـتی سـتـەمکاری حکوومـەتـان دادەنرێ، پێی وابوو، هۆکارەیلی لاوازبوونی موسڵمان، هۆکارەیلی ئاینی، سیاسی و ئاکارییە. گرینگترین هۆکـارە ئاینییـەکە "بیروباوەڕی ناچارییە" کە وەک ئەوە وایە مرۆڤ بەناچاری تەسلیم بووبێ، گرینگترین هۆکاری سیاسیی، بێبەشبوونی موسڵمانانە لە ئـازادیی ڕادەربڕین و کـارکـردن، هەرچی هۆکـارەیلە ئاکـارییـەکـەشـە، بەرچاوترینیان؛ نەزانی و بێئومێدی و خراپی فێرکردنە.

کەواکبی، وەک چاکسازیخوازێکی گەورە، دەستەواژەیلێکی هاوسەردەمانەی

---

= قارن: شعبان، عبدالحسين، "العراق: الدستور والدولة، من الاحتلال الى الاحتلال"، بحث مقدم الى الندوة الخاصة بالاحتلال الأمريكي للعراق وتداعياته، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٨ – ١١آذار/ مارس، ٢٠٠٤.

قارن كذلك: شعبان، عبدالحسين، العراق: الدستور والدولة، من الاحتلال الى الاحتلال، كتاب تحت الطبع، ٢٠٠٥.

٦. ولد الكواكبي في مدينة حلب بسوريا، وعمل في الصحافة والتجارة وزاول المحاماة. سجن واضطهد وهاجر سوريا عام ١٩٠٠ الى عدد من البلدان العربية والأفريقية والهند والشرق الأقصى ثم استقر بمصر، التي توفي فيها عام ١٩٠٢ عن طريق دس السم له في فنجان القهوة، ودفن في القاهرة.

٧. أنظر: الكواكبي، عبدالرحمن، طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، طبعة جديدة، دار القرآن الكريم، بيروت، ١٩٧٣.

وەک گەل و نەتەوە و نیشتمان و نەتەوەپەرستی لە کتێبەکەیدا "ئوم ئەلقورا"، بەکار هێناوە، بێ ئەوەی سڵ لە نوێگەری بکاتەوە یان بترسێ لەوەی بەرەو "ڕۆئاوایی‌بوون – التغریب" دەخزێ. سەرەڕای ئەوەی بەتوندی دەستی بەئیسلامەوە گرتبوو، خۆی دەپاراست لەوەی هەر لە ڕابردوودا بژی و هەوڵ بدات بەزۆرداره‌کی دەقە کەلەپوورییەکان زیندوو بکاتەوە، بگرە بەگیانێکی نوێباوانە و بەلۆجیکی هاوسەردەم، قسە و شرۆڤەی دەکرد و پرسەکانی هەڵدەسەنگاند، لە پێناو گەیاندنی دنیای عەرەب و ئیسلام بەو جێگەیەی لە خەیاڵیدا بوو[8].

بەبۆچوونی کەواکبی، مانەوەی ستەمکاری، بەنەزانی خەڵک و سوپای نیزامییەوە پێوەستە، ئاخر ستەمکاران، زەندەقیان لە زانستگەلی ژیان و مافەیلی خەڵک و فەلسەفەی عەقڵ و مێژوو و ئەمانە چووە، لە پێناو مانەوەشدا، هەرچی ڕێگەی چەوتوچەوێڵی جیاکاری مەزهەبییانە و تۆقاندن و ڕاکێشان هەیە، بەکاری دێن. هەروەها، کەواکبی، باس لە چۆنیەتی پێکهاتەی ستەمکاری دەکات، ستەمکار، تەنیا کەسێک نییە، بگرە داوودەزگایەکە کە خۆی بەڕێوەی دەبات "حکوومەتی ستەمکار، سەلەبەری ستەمکارە، هەر لە سەری سەرەوە تا دەگاتە پۆلیسێک"[9]، بۆ ئەوەی بەردەوامیش بێ، پێویستی بەتیۆریزەکاران و زاناگەلێک هەیە خەڵکەکەی بۆ سەرمەست بکەن، بەو شێوازە، قورئان وا لێک دەدەنەوە تا خزمەتی ستەمکاری پێ بکەن، نەک خەڵکەکە[10]. کەواکبی، لەسەری دەڕوا و دەڵێ: پێشکەوتن زادەی لێپێچانەوە و دواکەوتنیش زادەی ستەمکارییە.

هەرچی جەمالەدینی ئەفغانییە (١٨٣٨ – ١٨٩٧)، سەرباری ستەمکاریی ناوەخۆ، بەرەنگاری ستەمکاریی دەرەوەش بووەتەوە، لە تەک شێخ محەمەد عەبدەدا کۆواری "عورووەت ئەلوسقا"[11]یان دەردەکرد. داوای گرێدانی دیموکراسیی سیاسی

٨. شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولي، مصدر سابق، ص١١.

٩. أنظر: الكواكبي، عبدالرحمن، طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، مصدر سابق.

١٠. قارن: داغر، فيوليت، "كتابات نقدية من الفكر التنويري"، مجلة رواق عربي، العدد٤، ١٩٩٦، مصدر سابق.

١١. صدر من العروة الوثقى ١٨٨ عدداً فقط، خلال ثمانية أشهر، وكان العدد الأول قد صدر في ١٣ آذار/مارس ١٨٨٤، أما العدد الأخير فقد صدر في تشرين الأول/ أكتوبر ١٨٨٤ – أنظر: عبداللطيف، د. كمال، التفكير العلماني، مصدر سابق، ص ٧٩.

بەپرسە کۆمەڵاتییەکەوە دەکرد، بەگوێرەی بیروباوەڕی ئەفغانی، لە ئیسلامدا، هیچ "دەسەڵاتێکی ئاینی" نییە، دەسەڵاتی ڕێنوێنی جوان و بانگی چاک و دوورکەوتنەوە لە خراپە نەبێ.

سەرەڕای ئەوەی "عوروەت ئەلوسقا"، هێندە بەردەوام نەبوو، وەلێ کاریگەریی زۆری کردە سەر تێڕوانینی باڵی ئیسلامی بۆ هزری چاکسازیی سیاسی، وەک ئەوەی جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە، لە نووسینەکانیاندا، بۆی دەچوون. ئەفغانی، لەو باوەڕەدا بوو، پاشەکشەی موسڵمانان بۆ نەبوونی بەهاگەلی دادپەروەری و شورا و پێگیرنەبوونی حکوومەت بەدەستوورێکەوە، دەگەڕێتەوە[١٢].

شێخ محەمەد عەبدەی(١٨٤٩ – ١٩٠٥) قوتابی ئەفغانی لەسەر ئەو ڕێبازە ڕۆیشت و پێی وابوو گەورەترین تەحەدای بەردەم موسڵمانان، تێڕوانینیانە بۆ پێوەندیی نێوان ئیسلام و سەردەم. محەمەد عەبدە، لە پێناو گونجاندنی بنەواکانی ئیسلام و هێندێک هزری ڕۆئاوایی، پێشنیازی کرد دەستەواژەی بەرژەوەندی لای موسڵمانان بەرانبەری دەستەواژەی قازانجی ڕۆئاوا، شورا بەرانبەری دیموکراسی و کۆدەنگیش بەرانبەری ڕای زۆرینەیە[١٣].

لە بەرانبەر ئەم تەوژمەدا، تەوژمێکی لیبرالیستی (نوێگەری) بانگهێشتکاری عیلمانییەت، وەک بەشێک لە پێڕەوەکانی هەستانەوەی (بوژانەوە) ئەوروپا، هاتنە ئارا. ئەو تەوژمە، عیلمانییەتیان بەڕێگەی گرەنتیکردنی لێبووردەیی و ئازادیی هزر و بیروباوەڕ و دەستەبەرکردنی شکۆی تاک دەزانی.

گفتوگۆ و مشتومڕی ئەوێ ڕۆژێ لەبارەی ئەو چەمکە دووانەیەوە بوو کە دەسەڵاتی لەسەر ڕۆ دەنرێ: یەکەمیان دەیگوت، دەسەڵات ئاینییە با خۆی بەبڕێک پرسی دنیاییش بپێچێتەوە، دووەمیان، پێی وابوو، نەخێر دەسەڵات پرسێکی دنیاییە و ئاین، بریتییە لە پێوەندیی تاک بەخوای خۆیەوە. لە میانی سەرنجدانی سیاسیمانەوە بۆ هزری عەرەبی – ئیسلامی، لە سەدەگەلی ڕابردوودا، بەئاشکرا هەست بەبێدەنگییەک دەکرێ لە بەرانبەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی لە

---

١٢. سید أحمد، د. رفعت، الدين والدولة والثورة، الدار الشرقية، القاهرة،١٩٨٩، ص٤٤ – ٤٧.

١٣. التميمي، عزام، الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق، ص ٢٣١.

دەسەلاتی دنیایی، بگرە بەجۆرێک پێکەوەلکاندنیشەوە هێندێک جاران، یان بەجیاکردنەوەیەکی زۆرەملێیانە هێندێک جاری تر. هەن هەوڵیان داوە، بەقۆرخکردنی ئاین یان لە سۆنگەی ئاینەوە، پاساو بۆ ستەمکاری بێننەوە[14].

پاش چارەکە سەدەیەک مشتومڕی هزریيانەی نێوان فەرەح ئەنتۆن و محەمەد عەبدە لەبارەی پێشکەوتنەوە کە ئەنتۆن لە عیلمانییەتدا دەیبینی و عەبدەش پێی وابوو عیلمانییەت، مەترسییە بۆ سەر ئیسلام، عەلی عەبدوڕازق (١٨٨٨ – ١٩٦٦)، ساڵی ١٩٢٥، کتێبە بەناوبانگەکەی (ئیسلام و بنەچەکانی فەرمانڕەوایی) بڵاو کردەوە. لەو کتێبەدا، هەوڵی دا دیوارێک لە نێوان پێغەمبەرایەتی و پێڕەوکردنی سیاسەتدا هەڵچنێ، وەک داکۆکییەک لە حوکمگەلی عەقڵ و تاقیکردنەوەی گەلان و بنچینە سیاسییەکان کە بریتی بوو لە وەڵامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ محەمەد عەبدە. بەگوێرەی کەمال عەبدولەتیف، عەبدوڕازق، نەخشەی یەکەمین چرکەساتەکانی ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتگەلی زانست و مەدەنییەت، دادەڕێژێ.[15]؟

سەبارەت بەم کتێبەی، عەلی عەبدوڕازق، حوکم درا، لە کۆڕی زانایان دەرکرا و ڕێی پێ نەدرا چیی تر لە بواری دادوەریدا کار بکات.

بگەڕێینەوە بۆ لای هزری چاکسازی و ڕۆشنگەریی ئیسلامی، بەلای ئەفغانی و محەمەد عەبدەوە، کاکڵەی بیرۆکەی چاکسازیی ئیسلامی، بریتییە لە بوژانەوەی

---

١٤. قارن: محمد عبده، سجالات على صفحات مجلة الجامعة والمنار حول "مسألة الاضطهاد في الاسلام والمسيحية".

كذلك: فرح أنطون، وعبداللطيف، كمال، وموسى، سلامة، اشكالية النهضة، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٢، ص ٥٩ – ٦٤.

كذلك: الجامعة، مجلة شهرية أسسها فرح أنطون في الأسكندرية عام ١٨٩٧ وصدرت لمدة ٧ سنوات، ، أما المنار فهي صحيفة صدرت بأشراف محمد رشيد رضا في ١٥ آذار/مارس ١٨٩٨ وتوقفت عام ١٩٣٥ بوفاة مؤسسها.

١٥. قارن علي، عبدالرازق، الاسلام وأصول الحكم، صدر عام ١٩٢٥.

أنظر: طبعة جديدة من تحقيق محمد عمارة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٢. وعلى رغم أهمية كتاب علي عبدالرازق فقد ظل تأثيره محدوداً بينما أصدر حسن البنا بعده بثلاث سنوات (١٩٢٨) كتابا تحول الى تيار سياسي للاخوان المسلمين وترك على الشارع العربي تأثيراً ومازال.

سەروتازەی ئیسلام، ئەو توانا ئیسلامییەش کە دەکارێ یارمەتی موسڵمانان بدات لە شەڕی "ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی خاچپەرستی"، مەبەست "نەسرانییەت" و "پەلاماری دەرەکییە"، هەر دەبێ یەکەتیی ئیسلامی بێ، لەو سۆنگەیەوە، بانگی بیرۆکەی "زانکۆی ئیسلامی"یان دا لە ڕێی "عوروەت ئەلوسقا"وە. لەو باوەڕەدا بوون کە ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی و تێکشکان و دەستەبەرکردنی یەکەتی و پێشکەوتن، تەنیا بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەن و بەراییەکانی ئیسلام دەبێ، تا لە جیاوازیی بناوانی و مەزهەبی قوتار بین، ئەو جیاوازییەی کە بووەتەوە هۆکاری لاوازی دەوڵەتی ئیسلامی و هەڵوەشانەوەی.

تەوژمێکی تر هاتە ئارا کە بەبیرۆکەی ڕۆژئاواییانەی "ڕۆنانی دەوڵەتی نیشتمانی" یان "دەوڵەتی نەتەوەی"، سەرسام بوون، هەرچەندە ئەم تەوژمەی دووەم، لە پێناسەکردنی وارە دواکەوتووەکە و تێکشکان و چەقبەستووەکەدا، لەگەڵ تەوژمی یەکەمدا هاوڕا بوون، وەلێ لە ئامرازەکانی ڕزگاربوون لێیان، جیاواز بوون، لەو ئامرازانە:

- دامەزراندنی دەوڵەتی سیستەماتیک.
- چاکسازیی سوپا.
- سیستەمێکی نوێی خوێندن.
- وەرگرتنی باج و خەراج.

بەکورتی، جیاوازیی نێوان هەردوو نموونەکە، وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، یەکەمیان، دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ بنەچەکان، بۆ ڕۆژگاری درەخشانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی، سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین. ئەوەش، چارەسەرێکی مێژووییانە بوو بۆ کێشەیەکی سەردەمییانە لە ڕێی دەستگرتن بەکەلەپووری عەرەبی - ئیسلامییەوە. هەرچی دووەمیانە، لە هەوڵی چارەسەرێکی ئیسلامییانەی هاوسەردەمدا بوو کە لەگەڵ ڕۆژگاردا بگونجێ، ئەگەر بەپێشەڕەویش بێ لە سۆنگەی نموونە ڕۆژئاواییەکە و سوود لێ وەرگرتنییەوە.

هێندێک جاران باس لە تێپەڕاندنی ئەو دواکەوتووییە دەکرێ بەگەڕانەوە بۆ نموونە مێژووییە ئیسلامییەکە، (کە نموونەیەکی ئاینییە)، زۆربەی جاریش گوتارە

سەلەفییەکە لە مێژووەکەی وەدەردەنرێ و لە وێنەگەلە پێوانەکەیدا کە سیمایەکی نازەمانییانیانەی هەیە، پێشکێش دەکرێ.

ئاخر ئەوروپا لە ڕێڕەوە مێژووییە هاوسەردەمەکەیدا، سەدەکانی ناوەڕاستی تێپەڕاند لە سۆنگەی هەوڵدانەوە بۆ ڕۆنانی هەستانەوەیەکی بێ سنوور. لێرەدا دەشێ سێ قۆناخ دەستنیشان بکرێ:

یەکەم: لە سەدەی شازدەوە، سەردەمی هەستانەوەی یەکەم.

دووەم: شۆڕشی فرەنسا لە سەدەی هەژدە و شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەوە.

سێیەم: شۆڕشی بەردەوامی زانستی و تەکنەلۆجیا، نەخاسمە لە قۆناخەکانی دواییدا کە شۆڕشێکی زانستی و تەکنەلۆجی و گەیاندن و پێوەندی، بەخۆوە بینی.

بۆ بەدواداچوونی هزری "ڕۆشنگەرییانە"ی عەرەبی ـ ئیسلامیی پاش جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە، دەشێ تیشک بخرێتە سەر محەمەد ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥ ـ ١٩٣٥) کە هەڵوەستەی لەسەر دەستگرتن بەبیروباوەڕەوە دەکرد و پێی وابوو، چاکترین خۆپارێزییە لە خراپەکاری مەدەنییانەی نوێ. سەرەڕای پشتیوانی لە بزاڤی سەلەفی، وەلێ لە گیانی تازەگەری و قبووڵکردنی نوێگەری دوور نەبوو، ئەوە بوو گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری دەکرد لەگەڵ مژدەدەراندا. ڕەزا، پێی وابوو، نهێنی دواکەوتوویی موسڵمانان، بزرکردنی ڕاستینەی ئاینەکەیانە، هەر ئەوەش، هانی فەرمانڕەوا گەندەڵەکانی دەدا. بەبۆچوونی ڕەزا، ئیسلام بریتییە لە دوو پرس:

- یەکتاپەرستی (تەوحید).
- شورا.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ شێخێکی ئەزهەری بکەین، شێخ ڕیفاعە تەهتاوی (١٨٠١ ـ ١٨٧٣) و کتێبەکەی "تخلیص الابریز فی تلخیص باریز" کە ساڵی ١٨٣٤ لە میسر چاپ کرا، ئەو کتێبە، بەبەرایی پێشەکیگەلێکی تازە دادەنرێ لە فەلسەفەی عەرەبی ـ ئیسلامیدا سەبارەت بەبیرۆکەی لێبووردەیی و قبووڵکردنی ئەوی تر، بەلای تەهتاوییەوە:

– دادپەروەری بنچینەی شارستانییە.

– شورا بنچینەی فەرمانڕەواییەکی چاکە.

– نەتەوە سەرچاوەی دەسەڵاتە.

– سوود وەرگرتن لە بیانی "کەواتە لە گۆشەنیگایەکی عەقڵانییەوە لەوی تری دەروانی" دەشێ سوود لە شارستانیەتییەکەیان وەربگیرێ، بەو شێوازەی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەکانماندا بگونجێ.

بەر لەم نموونە نوێخواز و ڕووناکبیرە، کندی هەبوو کە داکۆکی لە فەلسەفەی یۆنانی دەکرد[١٦].

تەهتاوی، شوێن پێی موعتەزیلەی هەڵگرت و جەختی لە پێوەری عەقڵ دەکردەوە، داوای دەوڵەتێکی نوێی دەکرد لەسەر بنچینەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، وەک چۆن مۆنتسکیۆ و جان جاک ڕۆسۆ، بانگێشتنیان بۆ دەکرد، بەو پێیەی ئەو جۆرە دەوڵەتە، ڕووبەرێک لە ئازادی بەڕووی زەبەلاحبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و داوودەزگا دەوڵەتییەکاندا، فەراهەم دەکات.

شێخ ڕیفاعە تەهتاوی، مشتومڕێکی زۆری لەبارەی بیرۆکەی دیموکراسی نایەوە. ڕەنگە لویس عەوەز، سەرچیخ نەچووبێ کە ناوی "بابی دیموکراسییەتی میسر"ی بەبالا بڕیووە. تەهتاوی، پاش دەرچوونی لە ئەزهەر، وەک "ئیمام" بەهاوەڵی تیپێکی سەربازی لەلایەن محەمەد عەلی پاشاوە، ڕەوانەی پاریس کرا. لەوێ، فێری زمانی فرەنسایی بوو، فەلسەفەی یۆنانی و جوگرافیا و لۆجیکی خوێند و دەرفەتی بۆ ڕەخسا نووسینەکانی پێشەنگانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری وەک ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ بخوێنێتەوە. کتێبەکەی "تخليص الابريز في تلخيص باريز" دادەنرێ بەگەشتنامەی فرەنسا، لەو کتێبەدا، تەهتاوی، لایەنگری خۆی بۆ سیستەمی دیموکراسی نەشاردووەتەوە.

---

١٦. الكندي، هو أبو يوسف يعقوب بن اسحاق ويختلف المؤرخون حول تأريخ وفاته. ويعتبر أحد أبرز مؤسسي الفلسفة العربية. ويذهب حسين مروة الى ان المعتزلة سبقوه بنحو قرن. وقد ترجمت آثاره الى اللاتينية والعديد من اللغات، ولعل فلسفة الكندي هي انفصال عن الحركة الكلاوية المعتزلية وتحولها الى ظاهرة صوفية.

أنظر: عواد، جرجيس، يعقوب بن اسحاق الكندي، حياته وأثره، بغداد، ١٩٦٢، ص ١٣.

یەکێکی تر لە ناودارانی ئیسلامی، خەیرەدین تونسییە، کە بەپێشەنگی بزاڤی چاکسازیی تونس دێتە ژماردن، نەخاسمە کتێبە بەناوبانگەکەی "أقوم المسالك في تقويم الممالك"، بەو کتێبە، تونسی، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد کاتێک جاڕی چاکسازی و کۆتاییی فەرمانڕەواییی ڕەهای دا[17].

بگەڕێینەوە لای کندی و فەلسەفە عەقڵانییەکەی هێندەی بەرۆژگاری ئەمرۆمانەوە بەندە. دەشێ بگووترێ، کندی، تا چەند دەیەیەک لەمەوبەر بەو شێوە فرەوانە نەناسرابوو، تا "ریتەر"ی ڕۆهەڵاتناسی ئەڵمانیایی، برێک لە نامەکانی لە کتێبخانەی "ئایا سۆفیا"ی ئەستەمبوڵدا دۆزییەوە و ساڵی ١٩٣٢ لە کۆواری ڕۆهەڵاتناسی چیکۆسلۆڤاکیادا بڵاوی کردنەوە. لەو کاتەوە، نووسراوەکانی کندی دەردەکەون و چاپ دەکرێن و لێیان دەکۆڵدرێتەوە لەلایەن توێژەران و وەکۆڵەرانەوە[18].

هاوسەردەمانی کندی، نازناوی فەیلەسووفی عەرەب یان ئیسلامیان بەباڵایدا بڕیبوو. بەلای کندییەوە، زانستی عەقڵانی سەر بەبوونی مرۆڤ خۆیەتی، کندی، بوونی مرۆڤانی، بۆ دوو جۆر بوون: بوونی هەستی و بوونی عەقڵی، دابەش دەکات؛ ئەمەی دواییان، بوونە ڕاستەقینەکەیە، بوونی کردەنی، وەک کاریگەریی ئەفلاتوونیش بەسەرییەوە، کندی، لەو باوەڕەدا بوو، بوونی کردەنی، ئەو بوونەیە کە بەشتگەلە سەرتاپاییەکانەوە پێوەستە، واتە؛ سەرتاپای ڕەگەز و جۆرەکان.

یەکەمین بنەوا بەلای کندییەوە، خوایە، وەک چۆن بەلای ئەرستۆوە یەکەمین هۆکارە، خوا، واتە؛ یەکەمین حەق "یەکەمین بکەر، یەکەمین کامڵ و ڕەها و ئەزەلی".

بەکورتی دەڵێم، بەدواداچوونی پرسی لێبووردەیی لە سۆنگەی گوتاری ڕۆشنگەریی عەرەبی ـ ئیسلامییەوە، ڕای کێشاین بۆ بەدووکەوتنی ڕەگوڕیشەی پرسەکان. پاش قورئانی پیرۆز و سوونەتی محەمەد و برێک کار و فەرمانی خەلیفەکانی ڕاشیدین، هەر دەبوو، گەر ڕاگوزەریش بێ، تیشک بخەینە سەر هێندێک هزرڤان و فەیلەسووفانی ئیسلام، ئێمەش، ئەگەرچی بەخێراییش بێ، هەر

١٧. التميمي، عزام، الشرعية السياسية في الاسلام، مصدر سابق، ص ٢٣٠ ومابعدها.
١٨. أنظر: مروة، حسين، النزعات المادية في الفلسفة العربية – الاسلامية، مصدر سابق، ص ٧ – ١٣.

ئەوەمان کرد، تا سەرێک بەهزری ڕۆشنگەریی نوێدا شۆڕ بکەینەوە، نەخاسمە، هزرڤانانی سەدەی نۆزدە و هێندێک هزرڤانی سەدەی بیست.

٢- هەڵوەستەیەک بۆ پێداچوونەوە: نیشانەگەلێک و پرسیارگەلێکی ڕەخنەگرانە!

ئامانجمان لەو باسکردنە دوور و درێژەی لێبووردەیی ئیسلامی لە قورئان و سوونەتی پێغەمبەر، ئەوە نەبوو، ڕووی مێژووی ئیسلامی تیف تیفە بکەین، ئاخر ئەویش، وەک شتەکانی تر، ڕەگەزگەلێکی نالێبووردەیی لە هەناودایە، وەک تیۆری و وەک کار و کردەوەش.

هێندە بەسە، ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سێ خەلیفەی ڕاشیدین کوژراون، بێ ئەوەی ئەو لێبووردەییەی قورئان و سوونەت و کار و کردەوەی خەلیفەکانی ڕاشیدین لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، بەهانایەوە بچێ.

ئەگەر بەچاوی ڕەخنەوە مێژووی ئیسلامی ڤەخوێنین، پرسیارگەلێکی زۆر دێنە ئارا کە ئایە لێبووردەیی لە ئیسلامدا تا چەند سەرتاپاگیر بووە، تا چەند کۆمەڵگەی ئیسلامی پێڕەوی کردووە، نەخاسمە، هێندێک لە تەنزیل، وەک بڵێی لەگەڵ لێبووردەییدا دژبەر بێ وا دەردەکەوێ، خۆ ئەگەر هەر دەبێ ئەوانە لە چوارچێوەی هەلومەرجی خۆیاندا وەرگیرێن، ئەوە بەلای زۆربەی موفەسیرەکانەوە ئایەتی "لا اکراه في الدين"، بڕێک ئایەتی شمشێر، ئەمیش و ئایەتگەلێکی تری لێبووردەییانەیان، نەسخ کردووە. ڕەنگە دیارترینیان ئەم ئایەتەی سوورەتی تۆبە:٥ بێ "فاذا انسلخ الأشهر الحرم فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم..." تا دوایی ئایەتی پێنجەم.

خۆ ئەگەر ئەم دەقە وەک زادەی هەلومەرجێک وەرنەگرین، ئەوە خۆمان لە بەردەم بانگهێشتنێکی کوشتن و بریندا دەبینینەوە. پێم وا نییە ئەوەش پێوەندی بەجیهاد و ڕێنوێنییە بێگەردەکانی ئیسلامەوە هەبێ. فەخری ڕازی وا تەفسیری "بیانکوژن" دەکات "فەرمانێکی ڕەهایە بۆ کوشتن"(بەرگی هەشتەمی تەفسیرەکەی). کەشاف دەڵێ: "موشریکین بکوژن مانای کوشتنی ئەوانەیە کە دژبەرتانن و خۆیان بەسەرتاندا بادەدەن". بەمەش، بانگهێشتنی کوشتار بەردەوام دەبێ!، نەخاسمە، هەوڵەکانی بڕێک تەوژمی ئیسلامەوی کە هیچ حسێبێک بۆ ڕێڕەوی مێژوویی دەقەکان ناکەن لە بارێکدا کە تەفسیری لۆگیکی ئەو بانگهێشتنە، مەبەست ئەو

موشریکانەیە کە بەڵێنشکێنیان بەرانبەر موسڵمانان کردووە لە دوورگەی عەرەبی، نەک حووکمێک بێ بۆ تاهەتایە.

لەبارەی کافرانەوە دەڵێ: "واعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم..."[١٩]. کوشتار، بەلای هێندێکەوە، دەشێ هەرەشەی بەکارهێنانی هێز بێ وەک لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەم ڕۆژگارەدا دەبینین. هەردوو سوورەتی تۆبە و ئەنفال، دوو سوورەتی مەدەنین. ئایە مانای ئەوە نییە ئەو جۆرە مامەڵەیە، پاراستنی دەوڵەتی تازەڕسکاوی ئیسلامە لە یەسرب و فەرمانەکە کاتییە و مەبەستی کوشتنی هەموو موشریکێک نییە ئەگەر لە ماڵی خۆیان دانیشتبن، دوای ئەوە، "کوشتن" پێوەندیی چییە بەمەرجە دیارەکانی جیهادەوە؟

ئەمانە پرسیارگەلێکی زەروورن بۆ ئەمڕۆ، نەخاسمە لە سایەی زۆربوونی بانگهێشتنی "ئیسلامەوییانە" و ئیسلامییانەی توندڕۆ و سەرچڵ و ڕەتکەرەوەی ئەوانی تر، بگرە هەوڵدەر بۆ دوورخستنەوە و بنبڕکردن و گوناهبارکردن و تاوانبارکردنی ئەوانی تر، بەبیانووی جیهاد و داکۆکی لە ئاین یان نیشتمان یان وەستانەوە بەرووی پەلاماری سەربازی یان کولتووری ڕۆژئاوادا.

سەیرەکە لەوەدایە، هێندێک تەوژمی دەستڕۆیشتوو لە ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە ئەمەریکا، ئەو بانگهێشتنانەیان قۆستەوە بۆ پاساودانەوەی شەڕی "تیرۆریزم" و پەلاماردانی ئەفغانستان و داگیرکردنی عێراق، بەتایبەتی پاش ڕووداوگەلی تیرۆریستی و تاوانکارییانەی ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەر ٢٠٠١.

خۆ ئەگەر جیاوازی و دژبەرییەک هەبێ لە نێوان بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و خەڵکە بالادەستەکانی و بەرژەوەندییەکانی گەلانی عەرەبی و ئیسلامی و ئامانجەکانیان لە گەشەسەندن و بوژانەوەی شارستانی و دیموکراسیدا، خۆ چ نەبێ ناوکۆییەکی مرۆڤانی و کارلێکی شارستانی و بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەشی نێوان گەل و نەتەوە و کولتوورەکان کۆیان دەکاتەوە، بێ ڕەچاوکردنی ئاین و ڕەنگ و نەتەوە و زمان و ڕەگەز و زێدی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای سیاسی و شتی تر. بۆیە وا دیارە ئەو بانگهێشتنانە، جۆرێکە لە ئینتیما بۆ ڕابردوو و لاتەریکی و هەوڵێکن بۆ خۆ بەچاکزانین و خاوەندارێتی ڕاستینە کە دوا جار

١٩. أنظر: الأنفال: ٦.

دەکرێنە پاکانە بۆ توندوتیژی و نالێبووردەیی و تانەلێدانی ئەوانی تر.

برێک ڕێکخراوی "ئیسلامەوی"، پشت بەهێندێک دەقی قورئانی پیرۆز دەبەستن، وەک "پشتییەک" بەکاری دێنن دژی "دەوڵەتی کوفر" و "زێدی شەڕ"، بێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی مێژوویی و بارگەلێکی دیاریکراو و هۆکارەکانی دابەزینی ئەو دەقانە، بێ ئاوڕدانەوە لە پێشهات و ڕووداوگەلی سیاسەتی نێودەوڵەتی. ئەوە بوو ڕێکخراوی قاعیدە و شێخ ئوسامە بنلادن و پێش ئەوانیش حکوومەتی تاڵیبانی ئەفغانی و ڕێکخراوگەلێکی ئیسلامی و ئیسلامەوی، دنیایان بۆ "فستاتەین" دابەش کرد. ئەم تەفسیرانە، دەنگدانەوەی خۆیان هەبوو وەک گەڕانەوەیەک بۆ ڕۆژگاری شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆجی و دابەشبوونی دنیا بەسەر دوو بلۆکدا.

زۆر لە بزاڤە شۆڕشگێڕە کلاسیکییە مارکسی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکان، ئەو پۆلینکردنانەیان لە تێزە ئایدیۆلۆجییەکانیاندا بەکار دەهێنا بۆ پاساودانەوەی شەڕی ئەوانی تر، بێ ئەوەی جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگەکانی تر بخوێننەوە کە پڕن لە دژبەری و ململانێ.

دیمەنی بەرانبەر ئەمەش، ئەو دیمەنەی بووەتە جێی تانەی "ڕۆئاوا" کە هەموومان بەبارستەیەک تەماشا دەکەن، بەو مانایەی هەموو عەرەب و موسڵمانان "فێرە" تیرۆرن، ئەڵبەت بەگەڕانەوە بۆ تەفسیرگەلێکی هێندێک دەقی قورئانی پیرۆز، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئێمەش میللەتێکین وەک میللەتانی تر، چاومان لە ئازادی و گەشەکردن و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە، هەموومان وەک یەک نین و ناکۆکی و ململانێ و دژبەریمان لە نێواندایە، ئاخر کەی لۆجیکی "جەماعەت" و "حەرامکردنی بەجەماعەت" فڕی بەلۆجیکی دادپەروەری و ویژدانەوە هەیە؟.

لە ڕووی پراکتیکییەوە، بانگی کوشتنی موشریکگەل، ئەمڕۆ مەحاڵە، لەبەرئەوەی شیرک، بەچوار نیهالی دنیادا بڵاو بووەتەوە و موسڵمانان ناتوانن هەرچی موشریکی دنیا هەیە بیکوژن. باشە، هەروا سوور بین لەسەر جیاکردنەوەی "داروئیسلام و دار ئەلشەڕ" تا هەموو مرۆڤایەتی دەبنە موسڵمان؟ کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە، لە کاتێکدا، تەنیا ئەوانەی یەکتاپەرست نین، خۆیان لە سێ ملیار کەس دەدەن.

بەڵێ ڕێککەوتن و هودنە و ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتانی نائیسلامدا هەر بووە، وەلێ نابێ لەوە هەڵبێین کە ئایەتگەلی شمشێر، هۆکاری تایبەتی دابەزینیان هەیە و بەهەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوەوە بەستراونەتەوە و پێوەندییان بەململانێی نێوان بانگی باوەڕدارانەی محەمەد و بەرەنگاریی موشریکەکانەوە هەیە، نەخاسمە، هەوڵگەلی هەڵگەڕانەوە و بەڵێنشکێنی و دووکەرتکردن.

بەلای هێندێکەوە، ئەو ئایەتانە تایبەتن تەنیا بەکاتی ناردنیان و بەسەر ڕۆژگارێکی دواتردا ناکرێتە حوکم، بگرە هەر جێبەجێ ناکرێن بەو پێیەی مرۆڤایەتی پێ بەپێ ڕووی لە ئاشتییە، یان بەلایەنی کەمەوە خەون بەوەوە دەبینێ، هەر بۆیە ئامانجی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان و میساقەکەی، توندوتۆڵکردنی پێوەندیی خۆشی نێوان گەلانە، لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی بنەوای پاراستنی مافی یەکتری و هەر گەل و نەتەوەیەکیش مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێ... دیارە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک مەرجەعێک، بریتین لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و هاریکاریی نێودەوڵەتی، ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە نەهامەتییەکانی شەڕ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هەڵبژاردووە[٢٠].

جیهاد بەمانا سەرانسەرییەکەی وەک ئەوەی بڕێک هێزگەلی ئیسلامەوی پێشانی دەدەن، بانگێکی ماتە، هەقە دنیای ئیسلام نەیجوولێنێ، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆکاری کارەساتگەل و بەفیڕۆدانی وزە و تواناکان و پەکخستنی گەشەسەندن و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، کە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی لە هەموو کەس زیاتر پێویستییان پێیەتی. هەرچی جیهادە، مانای بەرگری لە خۆکردن بەدژی پەلامار و داگیرکردن و داکۆکی لە نیشتمان و شکۆ و ماڵ و ئاینە، جیهاد بەم مانایە، بەلای بنەواکانی یاسای نێودەوڵەتیی هاوسەرەم و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و تێکڕای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕەوایە، نەک بەمانای "مافی فەتحکردن" و "بڵاوکردنەوەی ئاین" بەزەبری چەک یان شتی تر.

لێرەدا، جیهاد کۆمەڵێک مەرجی هەیە کە پێویستە ئەو مەرجانە لە بەرچاو بن،

---

٢٠. أنظر: ميثاق الأمم المتحدة والنظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، نيويورك، الطبعة العربية، آذار/ مارس، ١٩٩٧.

بەگوێرەی هێندێک موفەسیر (سوونی)، تەنیا خەلیفە بۆی هەیە بانگی جیهاد بدات، وەلێ لە مەزەبی شیعەدا، ئیمامی شاراوە (المستور) مەهدی مونتەزەر بۆی هەیە جیهاد ڕابگەیەنێ. خۆ ئەگەر موسڵمانان نەبنە یەک نەتەوە لە ڕووی سیاسییەوە، بەلای زۆربەی زانایانەوە، فەرزی جیهاد پەکی دەکەوێ. جیهادی موسڵمانانی لبنان بەدژی داگیرکاریی ئیسرائیل، بەمانا شەرعی و یاساییەکەی، جیاوازە لە "جیهاد"ی تەقاندنەوەی بورجەکانی بازرگانیی جیهانی و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و خوێنڕشتنی خەڵکی بێبەری.

دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، بەیاسا، ڕێسای "ئەهلی زیمە"ی هەڵوەشاندەوە و ناموسڵمانان، بەشداری شەڕیان دەکرد و جزیەیان نەدەدا، ئاخر چەمکێکی کۆنباوی وەک جزیە، فرێ بەچەمکەلی هاووڵاتیبوون و یەکسانی و دەوڵەتی هاوسەردەمەوە نییە.

دیمەنی "دووانە" کە فیقهی ئیسلامی هێنابوویە ئارا و دنیای بۆ دوو بەش: داری ئیسلام و داری شەڕ دابەش دەکرد، نەما، تا ئەو ئاستەی گەر دوو دەوڵەتی ئیسلامی ببێتە شەڕیان، دەوڵەتێکی نائیسلامی پشتی یەکیان دەگرێ کەچی دەوڵەتێکی ئیسلامی دێ پشتی ئەوی تریان دەگرێ، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان لە جێی تر، دەنگ دەدات (شەڕی عێراق – ئێران و داگیرکردنی کوێت) دوو نموونەی زەقی ئەو بارەن. زۆر ڕووی داوە دەوڵەتێکی ئیسلامی پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتێکی تری ئیسلامیدا دەبڕێ، کەچی دەوڵەتی ئیسلامی فرەن کە پێوەندیی دیپلۆماسییان لە تەک ئیسرائیلدا هەیە یان لەگەڵ هاوپەیمانیگەلی سەربازی، لەگەڵ دەوڵەتگەلی "کوفر" بەواتە کلاسیکییە باوەکە.

بەڕای من، ئەو دڕدۆنگییەی نێوان "نەتەوە"ی موسڵمانان و نەتەوەگەلی تر، هیچ پاساوێکی نەماوە لە بەرانبەر بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی هاوبەش و تێکەڵی کولتووری، موسڵمان چی لە ناموسڵمان زیاتر نییە لە هێندێک ڕێساگەلی کلاسیکیدا نەبێ، لە کاتێکدا، دەوڵەتی هاوسەردەم، کە پشت بەیاساگەلی دەستکرد دەبەستێ، پێڕەوی بنەواگەلی یەکسانی و هاووڵاتیبوونی تەواو دەکات.

بەلای هێندێک هزرڤانەوە، ئاشتی، بنچینەی ژیانە، بەگوێرەی ئەو ئایەتە

پیرۆزەی دەڵێ "وان جنحوا (أی الأعداء) للسلم فـأجنح لها"[٢١]، ئەڵبەت دوژمن وازی لە پەلامـار و دوژمنکـاری هێنا، دەبێ بەدوای ڕێگەچارەی ئاشـتـییـانـەدا بگەڕێی بۆ چارەسـەری ناکـۆکـیـیـەکـان، ئەوەش وەک گـوزارشت لە پێـشکەوتنی پێـوەندییـە نێـودەوڵەتییـەکـان و یـاسـای نێـودەوڵەتی. لەم بارەیەوە، ئـایەتێک هەیە دەڵـێ: "فـان اعتزلوکم فلم یقاتلوکم وألقوا الیکم السلم فما جعل الله لکم سبـیلا"[٢٢]. هەروەها، مـەیلێک هەبـوو بەلای ئایەتە مـەکـیـیـەکاندا دای دەشکاند: "قل یا أیـها الناس قد جاءکم الحق من ربکم فمن اهتدي فانما یهتدي لنفسه ومن ضل فانما یضل علیها وما أنا علیکم بوکیل"[٢٣]. کۆمـەڵێک ئایەت بەو مـانایە هـەن: "الله ربنا وربکم. لنا أعمـالنا ولکم أعمالکم. لاحجة بیننا وبینکم. الله یجمع بیننا والیه المصیر"[٢٤].

بڵـێی ڕۆژێک بێ و ئەم هـزرە بەر بگرێ و مـوسـڵـمـانان لەبەر ڕووناکیی مـێژوو و ڕەخنەی مێـژوویدا، کتێبەکەیان بخوێننەوە، نەک وەک حوکمگەلێکی سەرمـەدی کە پێـوەندیی بە شــوێن و ڕۆژگــارەوە نـەبێ. وەک چۆن "کـۆیلایەتی"یان نەهـێـشت و حـوکـمـە شـەرعـیـیـەکـانیـشی هەر مـاون، مـرۆڤ ئومـێـد دەخـوازێ بـەتایبـەتی لە ئاینداران، بۆ ئەوەی لە مـیللەتـانی تر بەجێ نـەمـێنین، ئازادیی بدرێـتـە ئایندارانی ئاینـەکـانی تر تـا ڕاوبۆچوونی خـۆیـان بەئاشکرا دەربـڕن و نوێژ و خـواپـەرسـتی و سـرووتە ئاینیـیـەکـانیـان ئەنجام بـدەن، گەیشـتنە پایە باڵاکـانی دەوڵەت، لەسـەر بنچینەی یەکسـانی لـە ئەرک و مـافدا بێ و بەهاوبەشی لەگەڵ مـەسـیـحـیـیـەکاندا، بەپشـتـبـەسـتن بەلێـهـاتووی و دەسـتـپـاکی و و دڵسـۆزی، تا ڕووی ڕاسـتـەقـینـەی لێبووردەیی ئیسلامییانە دەربخەین، بەشێوازێک لەگەڵ دەوڵەتی دەستوور و نوێ و هاووڵاتیـبـووندا بگونجێ، بێ جـیـاوازی جـا بـەهـەر هۆکـار بێ لـە چوارچێـوەی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوودا، کە نیشـانەی ویسـتی پێکەوەژیان و یەکسـانیی تەواوە، هـەر ئەمــەش، تاکـە ڕێگەیە بۆ پێکەوەژیان لـە تەک گـەل و نـەتەوەکـانـی تردا بـەرەو چەسپاندنی ئاشتیی جیهانی کە ئامانجی تەواوی مرۆڤایەتییە.

---

٢١. أنظر: الأنفال: ٦١.

٢٢. أنظر: النساء: ٩٠.

٢٣. أنظر: یونس: ١٠٨.

٢٤. أنظر: الشوری: ١٥.

وەک موسڵمانێک کە خەڵکی وڵاتێکم زۆرینەی موسڵمانن، هەست دەکەم پێویستە کەمینەی مەسیحی و کەمینە ئاینی و مەزهبی و ئیتنی و زمانەوانییەکانی تر بێنە پاراستن و دەرفەتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی وەک یەکیان هەبێ، بگرە ئەوە ئەرکی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، لەمەش واوەتر، مافی مەسیحییە، بەگوێرەی توانا و لێهاتوویی خۆی، بگاتە باڵاترین پلە و پایەی دەوڵەت. وەک عەرەبێکیش کە زۆرینەی هاووڵاتییانی عەرەبن، هەست بەزەرووڕەتی پاراستنی کورد، دووەمین نەتەوەی وڵاتەکەم دەکەم، کە هاوبەشن لە نیشتمانی عێراقدا، وەک چۆن پاراستنی کەمینەکانی تر، تورکمان و کلدان و ئێزدی و سابیئە و پێکهاتەکانی تر زەرووڕە. ئەم هەڵوێستەش نە خێرە و نە مەراییە، بگرە کاکڵەی هەڵوێستی مرۆڤانی سروشتییە و هەستکردنە بەدادپەروەری و یەکسانی و ئادەمیزادبوون کە خەڵاتی خوایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. ئەڵبەت ئەرکی کەمینەکانیشە ڕێز لە مافی زۆرینەکان بگرن بەگوێرەی بنەواکانی هاووڵاتیبوون و کێبەرکێی شەریفانە و بنەواکانی گەمەی دیموکراسی و بەڵێننامەکانی مافەیلی مرۆڤ.

بۆیە، بیرۆکەی جزیەدان و شتی تر، بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بەزەبری شۆڕش، ئەسڵەن بیانوویەکیان نەماوە، بگرە ئێستێ ملیۆنان موسڵمان وا لە ڕۆژئاوای مەسیحی دەژین و هاوکاری و پشتیوانی دەکرێن و ئازادن دوای ئەوەی وڵاتی خۆیان بەهۆی سەرکوتی سیاسی، نەتەوەی یان مەزهبییەوە جێ هێشتووە. دیسان، پێشڤەچوونی ئافرەتان لە سایەی پێشکەوتنی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پرسی یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاواندا، پرسێکی گرینگە لەناو ئەو پێشکەوتنەدا کە پێویستە لەسەر موسڵمانان، نەخاسمە بڕوادارانیان، لە بەرچاوی بگرن تا لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا خۆ بگونجێنن، تا ئەو شکۆمەندییەی بپارێزن کە خوا بەمرۆڤەیلی ڕەوا بینیووە بەژن و پیاوەوە.

ڕەنگە ئەمە کاری زانایان و ڕۆشنبیران بێ تا زەوینەی خوێندنەوەیەکی تازەی مێژوو ساز بکەن کە لەگەڵ گیانی سەردەم و پێشڤەچوونی زانستی و تەکنەلۆجی و ئەو یەکسانی و پێوەرگەلە مرۆڤانیانەدا بێتەوە کە بۆ هەر دەوڵەتێکی هاوسەردەم پێویستن. هەر دەبێ گفتوگۆی فرەوان ڕێک بخرێن لە ئاستی دەستەبژێری هزری و ڕۆشنبیری و سیاسیی ناو دەسەڵات و دەرەوەی، هەروەها لەناو کەرتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدامەزراوە ئاینییەکانەوە، تا جەخت لەسەر بنەواکانی

یەکسانی و نەبوونی جیاکاری لە بەردەم یاسا و لە واری ژیاندا بکرێتەوە، وەک پێشدەستییەک بۆ چەسپاندنی نەریتەکانی ڕێزگرتن لە ڕای ئەوی تر، بەرەو چاکسازیی گوتاری ئاینی و گەڕان بەدوای برێک بنەوای هاوبەشی مرۆڤانی بۆ هەموو مرۆڤەیل و خستنە ناو چوارچێوەی دەستوور پاش ئەوەی وەک چەمک و مافگەل کۆمەڵگە پەسەندیان دەکات، تا گەلاڵە دەبن و دەبنە بنەوا و دەقەیلێکی یاسایی ناو دەستوورەکان و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ پاراستنیان لە ڕێی دامەزراوگەلێکی باوەڕپێدراوەوە.

دوا پاژ

## گریمانەگەلی لێبووردەیی

نکووڵی ناکرێ، ئەو بارەی دنیای عەرەب و ئیسلامی تێدا دەژی لە لایەنی لێبووردەیی و مافەکانی مرۆڤەوە، لە هەموو دنیا سەختترە. ڕاپۆرتەکانی گەشەسەندنی مرۆیی سێ ساڵی ڕابردوو کە لە لایەن پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئامادە کراوە، ئەو شیوە قووڵە ئاشکرا دەکەن کە لە بوارەکانی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان و جەوری سیاسی و ڕادەی نەزانین و دواکەوتنێکی مەترسیدار لە بواری زانست و تەکنەلۆجیا و هەڵوێست بەرانبەر ئافرەت و مامەڵەکردن لە تەک پرسی کەمینەکان و مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، دنیای عەرەبی و ئیسلامی تێ کەوتوون.

ڕەنگە هەر ئەم بارە شەڕە، هۆکاری سەرەکیی تەشەنەکردنی دیاردەی نالێبووردەیی بێ، نەخاسمە، هۆکارە نێوخۆیییەکان، بە هزری و کولتووری و لێکەوتەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، سەرباری هۆکارە دەرەکییەکان کە عەرەب و موسڵمانانیان جیا کردووەتەوە و پەراوێزیان خستوون و ڕێیان لێ گرتوون، دەستیان بگاتە زانست و تەکنەلۆجیا، ئەوە خۆ باسی ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و پەلامارداندە مەکە کە سەر و سامان و عەرەب و موسڵمانانی داتەکاندووە و توانای لەبەر بریون و ناچار هەرچی سامانیان هەیە لە چەک و تفاقدا خەرجی دەکەن، نەخاسمە لە سایەی نکووڵیکردنی مافی خۆبڕیاردانی گەلی فەلەستینی تا بتوانێ دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆی دامەزرێنێ، هەروەها لە سایەی بەردەوامبوونی ئیسرائیل لە دوژمنکارییەکانی بەرانبەر نەتەوەی عەرەب کە بووەتە هۆی پەکخستنی گەشەپێدان و دواخستنی چاکسازی و ڕێگرتن لە دیموکراسی و هەنگاونان بەرەو نوێگەری.

حکوومەتانی عەرەبی و ئیسلامی و باڵە ئایدیۆلۆجییەکان، جا ئەو باڵانە با

ئۆپۆزسیۆنیش بن، ڕاستیی ململانێی عەرەبی ـ ئیسرائیلیان قۆستووەتەوە بۆ پاساودانەوەی نەبوونی ئازادی و ناڵێبووردەیی و داننەنان بە فرەیی و جیاوازی و بەرهەڵستکاری و ڕێگرتن لە کاروانی گەشەسەندن و دیموکراسی.

ڕەتکردنەوەی ئەوی تر و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و نەهێشتنی لە ئاستی نێوەخۆدا (پێوەندیی حکوومەتان بەگەلانیانەوە) و لە ئاستی دەرەوەدا (هەوڵی خۆسەپاندن و نەهێشتنی ئیرادە)، گەیشتە ئەوەی هێندێک خۆیان بە چاکتر لەوانی تر و خودانی هەقیقەت بزانن، ئەوی تری جیاواز، ڕکابەر، دوژمنیشیان، پێ گوناهبار و تاوانبار بێ. بەم شێوازە، ئەوی تری جیاواز، نێوەخۆیی بێ یان دەرەکی، بە لای تەوژم و باڵی ڕیشەکێشکەرانەوە، گۆڕی ئەوەیە، نەیخوێنیتەوە و نەیهێنیتە هاوشانی خۆت، گرینگیش نییە، ئەوی تر تاکە کەسێکە، تەوژمێکە، حزبێکە، نەتەوەیەکە، گەلێکە یا دەوڵەتێکە.

تەحەدیی سەرەکیی بەردەم دنیای عەرەب، پێوەستە بە توانای گەیشتن بە کاروانی شارستانی، ئەمەش تەگبیر و ڕایەکی دروستی پێویستە، تا بزانین چمان دەوێ و چی بکەین لە پێناو گۆڕین و پێشکەوتندا، لە ڕێی میانڕۆیی و نەرمی نواندن و گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشە مرۆڤانییەکاندا، داننان بەوی تردا و لێبووردەییی بەرانبەری. بەپێچەوانەوە، وەستان لەم بارەی ئێستێ و ڕەتکردنەوەی گۆڕانکاری، بە بیانووی "کەلەپوور" و "ڕەسەنایەتی"، دەمانبات بەرەو دەمارگیری و توندڕۆیی و زێدەڕۆیی. ئەمەش، بارودۆخمان بەرەو خراپتر دەبات و ژانوژووی کۆمەڵگەکانمان زیاتر و گێرمە و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبییەکانمان قووڵتر دەکات.

ئەو "شەپۆلە تازە"یەی بەم دواییانە "ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە"ی گرتووەتەوە، هاوشان لەگەڵ پڕۆژەگەلێکی زۆری نێودەوڵەتی، ئەگەرچی لە پاڵ ئەوەی کە باس لە پێویستی و زەرورەتێک دەکەن، بڕێک ئامانجی شاراوە و ئاشکرای تایبەتییان هەیە، وەلێ نابێ وامان لێ بکات، بە گومانەوە بڕوانینە هەر باسێکی چاکسازی و گۆڕانکاری و تازەبوونەوە، خۆ هێزە نوێگەر و چاکسازیخوازە عەرەبی و ئیسلامییەکان، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، داوای چاکسازی و دیموکراسی و گۆڕینیان دەکرد، دوای سەربەخۆیی سیاسی و کۆتاییهاتنی سەردەمی کۆلۆنیالی، ئەو داواکارییانە تازە بوونەوە، بەڵام

تا ئێستاش، ئەو داواکارییانە، ڕووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵ تاکڕەوی، دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات، نەبوونی ئازادی، لاوازیی بەشداریی سیاسی، قەدەغەکردن یان پەراوێزخستنی دامەزراوەیلی کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی ڕێکخستنی سیاسی و پیشەیی و دامەزراندنی کۆمەڵە و سەندیکاگەل، نەبوونی ڕۆڵی یاسا و لاوازیی دامەزراوەیلی چاودێری و لێپێچانەوە و شەفافیەت، ملهوڕیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتەکانی تردا و داڕووخانی شان و شەوکەتی دەسەڵاتی قەزایی، مەگەر کەم کەمێک نەبێ لێرە و لەوێ، قەزا، ناوبانگ و پێگەی دیاری خۆی پاراستووە.

چاکسازی، بە پشتبەستن بە "داخوازیی نێودەوڵەتی"، یان "ئەجیندەی دەرەکی" بێ، یان پشت بە هێزی نێوەخۆی ببەستێ، بووەتە پێویستییەکی نووکەیی کە بواری پێچە بەدەورە و خۆ لێدزینەوە نەماوەتەوە، نەخاسمە لە سایەی ژینگەیەکی توند و نالێبووردە و نەبوونی هەر پلانێکی ڕاستەقینەی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دەستبەسەراگرتن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات. خۆ ئەگەر چاکسازی لە نێوەخۆدا و وەک وەڵامدانەوەی پێشڤەچوونێکی پێ بەپێ و کەڵەکەبوونێکی بابەتییانە نەبێ، ئەوا تەحەدییە دەرەکییەکان، کاری خۆیان دەکەن و چاکسازییەکە، وەک ڕەشەبا و زریان دەبێ، ڕەنگە داگیرکردنی عێراق، چاکترین بەڵگە بێ.

نابێ هەرکە باسی چاکسازی کرا، پێمان وابێ "پیلانێکی گەورە" و "داهێنانێکی گومانلاویی دەرەکی" لە ئارادایە. خۆ ئەگەر چاکسازی، پێداویستییەکی نێوەخۆیی و زەروورەت بێ، ئێستێ، شەپۆلێکی دنیایی ئەوتۆ لە ئارادایە بەهیچ کلۆجێ خۆی لەبەردا ناگیرێ، ئاخر ناشێ هەرکە باسی چاکسازی دەکەین، پێمان وابێ، ڕاچێتەیەکی ئامادە و بلەزە بۆ چارەسەری، چاکسازییەک کە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان بگرێتەوە. چاکسازی، کاروانێکی بەردەوامە پێویستی بە دامەزراوە و یاساگەل و پێشڤەچوونێکی مێژوویی دوورمەودا هەیە، وەلێ پێشڤەچوونێکی بەردەوام بە ئامانجی ڕوون و ئاشکرا.

کێشەکە کۆن نییە و نەبووە، ئێستێ ڕووبەڕوومانە، ئاخر چەندان ئیسلامەوی لە مێژوودا دەژین و هێندێک جار نایانەوێ لەو تونێلە تاریکە دەرچن، دەبینی وا کنەی "کتێبخانان" دەکەن بە شوێن کەلەپوورێکی ڕەسەن و خاوێن و مێژوویەکی پاک و

جـواندا، بگره هیچ سلبـیـات و هەڵەی تێـدا نەبـێ، بەم کـارەیان، ڕابـردوو لەسـەر حسـێبی ئـێسـتـە دەرازێننەوە، نموونەگـەلی سـەردەمی پێـغـەمـبـەر و خـەلیـفـەکـانی ڕاشیـدین، وەک بەڵگە بەکـار دێن، با لە ڕێڕەوی مـێژوویـی خـۆشـیـدا نەبـێ، وەک بڵێی مێژووی ١٤٠٠ سـاڵ و ئەو هەمـوو هەڵسـوکەوتە هەلانەی بە ناوی ئیسلامـەوە کراون، هیچ پێوەندییـان بە ئیسلامەوە نەبێ، ئەوە خۆ باسـی ئێسـتـێ هەر مەکە، کە ئەگەر کەمێکیش دای شکێنین، ژینگەی ئیسلامیی ئەمڕۆ، ژینگەیەکی نالێبووردەیە، بگرە پڕە لە گەورەترین و ناشیرینترین پێشێلکارییەکانی مافەیلی مرۆڤ.

ئەگەر کنە و گەڕان بە کتێبخانانـدا، بۆ ئەوەیە، خۆ لەگەڵ تازە بگونجێنین، خۆ دەسـتگرتن بە هـاوبەشـیـیـە مـرۆڤـانـیـیـەکـانەوە، ناوکـۆیی هەرە مـەزنـی نێـوان شارسـتـانی و کولتوور و ئاین و نەتەوە و گەلانی جیاوازە.

ناکـرێ بگەینە کـاروانـی نوێبـاوی، لـە کـاتێکدا خـۆمـان بە زنجـیـرێکی کـۆن و زمـانێکی "پیـرۆزکـراو"ی بێ مـاناوە شـەتەک داوە. هـەر دەبێ ڕەخنە بگرین و ئەو شتانە تووڕ بدەین کە باویان نەماوە و ڕۆژگاریان بەسـەرچووە، ئاخر لێبووردەیی، خوێندنەوەی ئەوی تر و مافی جیاوازی پێویستە، بڕێکی باش لە ئازادیی ئافرەت و یەکسـانیی لەگەڵ پیـاو، داننان بەڕۆڵی کـەمینەکـان و مـافـە ڕەواکـانیـان، هەروەها داننان بـە مـافی هـاوولاتیـبـوونی تەواو و یەکسـانیی پێکهـاتـەکـان و ڕێزگـرتنی بنەماکانی یەکسانی، بەپێی بنەوا دەستوورییە هاوسەردەمەکان، کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا بگونجێن، دیسان سەلماندنی تایبەتمەندیی کولتووری و نەتەوەیی و ئاینی.

پێشکەوتنی ڕاسـتـەقـینە، دوای ڕێزگرتنی مـافـەکـانی مـرۆڤ وەک پرسـێکی ناوەندی، پێویسـتی بە سـوودوەرگرتنە لە دنیـای مـاریفـەت و بەکارهـێنانی هەمـوو ئەوەی شـۆڕشـی زانسـتـی ــ تەکنەلۆجی پێی گـەیشـتـووە، نەخـاسـمـە شـۆڕشـی زانیاری، لەسەر بنەمای چاکەی مرۆڤ و ئازادی و خۆشگوزەرانی.

لەو باوەڕەدام، یەک لە کێشـەکـانی دنیـای عـەرەبـی و ئیسـلامـی، پێـوەسـتـە بە لێـبـووردەیی و ئەو ژینگەیـەی دەیخـولقـێنـێ، چونکە خـۆ لەدارەتدانی ئەو ڕێگەیە، پێـویسـتـی بەچاکسـازییـەکی ڕاسـتـەقـینەی دەسـتـووری و یاسـاییـیـە، هەروەها پێویسـتی بە بارێکی کۆمەلایەتی و سیـاسی و کولتووریی گونجاو و بەرپاکردنی گەشەپێدانێکی عەقلانی و بەردەوامە.

ئەم گــوتارە تـازەیە، پێــویســـتـی بەخـــوێندنەوەی ئەوی تر و ڕۆڵـی و ڕەخنـە لێگرتنیشی (بۆ نموونە ڕۆئاوا، نەخاسمە سیاسەتەکانی بەرانبەر پرسگەلی عەرەب و موسڵمانـان بەتایبەتی فەلەسـتین)، هەروەها، ڕەخنە لەخۆ گرتنە، ئەویش لە ڕێی خوێندنەوەی ئەوی تـر و مـافی ئازادیی دەربڕین و ڕۆڵی لە بەشـداریی سیاسـیدا، بە گوێرەی میتۆدێکی عەقلانی کە لەگەڵ لۆجیکی گۆڕین و پێشڤەچووندا بێتەوە.

گــەیشتن بەوانـە، ژینگە و کــەشــوهــەوایەکی لەبـاری پێــویســتــە کــە لـە پاڵ پێـویسـتـیگەلێکی زەروریدا، ڕێ بەڕوانـدنی تۆوی لێـبـووردەیـی بدات. بێگومـان پشـتـبـەستن بە هێندێک گریمانە و هەڵکەوتەگەل (الفرضـيات والوقـائع)، دەبێـتـە هۆکـاری کـەڵەکـەبوونێک، کــە ڕەنگە زۆری پێ بچـێ، وەلێ دەبێـتـە زەوینـەسـازیی وەرچەرخـانێکی مـەزن لـە باری سـیـاسـی و یاسـایـی و کـۆمـەڵایەتـی و ئابووری و ڕۆشنبیری و هزریمانەوە.

گـریمانـەی یەکــەم: پێـوەسـتــە بەدانـنان بە بیــرۆکــەی ڕاست و هـەڵەدا، واتە؛ شـیـمــانەی بەهـەڵەداچوونی هـەردوولا، ڕەنگە هـەردوولا هـەڵە بن، لـەو کـاتەدا پـەنا دەبرێتـە بەر لایەنی سـێـیـەم کـە ڕەنگە ئـەو ڕاست بێ. بۆیە بنـەمـای لێـبـووردەیی، داننانە بە ڕێژەییبوونی مـاریفەتدا، کە بنەمایەکی سـوکراتییە و ڤـۆڵتێر پەرەی پێ دا.

داننان بـە بیـرۆکــەی هەڵە و ڕاسـت و ڕێژەییـبـوونی مـــاریفــەت، وەک ئیـمــامی شافیعی، ئیمام جەعفەر ئەلسـادق، یان ئیمام ئەبوحەنیفە، یان ڤۆڵتێر، بۆی چوون، زەوینـەیەکی لەبـار سـاز دەکـات بۆ قـەبـوولکردنی بنەمــای لێـبـووردەیی، ئەمــەش هەنگاوێکی زەروری، بگرە واز لێنەهێنراوە، نەخاسـمـە دەبێ موسـڵمـانان هـەردەم ئەو گوتەیەی عومـەریان لە بیر بێ: ڕەحمـەتی خوا لەو کـەسـەی عـەیبەکانی خـۆمم پێـشـان دەدات! ئەوە، داننـانە بە شـیـمـانەی هـەڵەکردندا، عـەرەب گوتـەنی، داننان بەهەڵەدا مـەردایەتییـە، باشـە چ دەبێ گـەر هـەریـەکەمان دان بـەهەڵەی خـۆیدا بنێ، ئەوە جۆرێکە لە داوای لێبووردن و هەنگاوێکی ناوەندییە بەرەو لێبووردەیی.

بیــرۆکــەی لێک تێگەیشـتن و عــەقــلانیــیــەت، پرسـێکی زەروورە، بـەو پێــیــەی گفـتوگۆیەک دێنێتـە ئارا بـۆ ڕاسـتکردنەوەی هـەڵەکان لە پێناو ئـەوەی بزانین چی هەڵەیە و چی ڕاسـتـە، چی ڕاسـتـینە و چی دەسکـارە، بێ ئەوەی لە دووی ئەوە بین، ئاخۆ کێ ڕاسـتـە و کێ هـەڵەیە. دەبێ لە دووی چۆنیـەتیی پێکەوەژیان و لێبووردەیی

بین، بێ ئەوەی خۆمـان لە دەستنیشـانکردنی مافـەکان بدزینەوە، بەڵکە دانیـان پێدا بنێین و داکۆکییان لێ بکەین.

گـریمانەی دووەم: پێـوەسـتـە بەداننـان بە بیـرۆکەی نێـزیکبـوونەوە لە ڕاسـتـینە (حەقیـقەت)، ئەوەش لە ڕێگەی گفـتوگۆوە، تا هزرەکان پێ دەگەن بەرەو گەیشـتن بە ڕاسـتـینە. ڕەنگە گـەورەترین گفـتـوگـۆی مـێـژوویی لە نێوان هـەردوو گـەورە زانـای فـیـزیکدا بووبێ، ئەنیـشـتـاین و بووهـەر، نێـوان مـارکس و ئەنجـلـز، دوو گـەورە هزرڤـانی فـەلسـەفـەی سـۆشـیـالیزم. گـەر مـرۆڤ خـۆی بەخاوەنداریتیی ڕاسـتـینەوە بانەدات، گفـتوگۆ و یەکتر دواندن، ڕێگەن بـەرەو لێبـووردەیی، بگرە هەنگاوی هەرە زەروورن.

گـریمانەی سـێـیـەم: بیـرۆکەی ئەوەی کـەس نیـیـە هەڵە نـەکـات (کـەس مـەعـسـووم نییە)، واتە؛ زانایان و هزرڤانانیش هەڵە دەکەن، ڕەنگە زیاتر لە جارێکیش هەڵەیان کـردبێ، لە زانسـتـدا، لە تاقـیگەدا، تـەنانەت لە ڕووی ئاکـاریشـەوە. سـوکـرات دەڵێ: دانا بە و خۆت بناسـە، بزانە کە نازانی!

داننان بەوەدا کـە هەڵە دەکـەین، وامـان لێ دەکـات ددان بە هەڵەکـانمـانـدا بنێین، دواتر گـەر هـەریـەکـەمـان ددان بەهەڵەکانیدا بنـێ، لە نیـوەی ڕێ دەگـەینە یەکـتـر، لە ڕێی لێبووردەیییەوە.

گـریمانەی چـوارەم: لێـبـووردەیی، مـانـای؛ قـەبووڵکردنی فـرەیی و ڕێزگـرتنی فـرە کـولتـووری و شـێـوازەکـانی گـوزارە لە خـەسـڵـەتـە مـرۆڤـانیـیـەکـانـدا، هـەر بۆیە، لێبووردەیی، وا پێویست دەکات ئەوی تر بناسین و بە ڕوویدا بکرێینەوە و پێوەندیی لە تەکدا ببەستین، ئازادانە هەڵسوکەوتی لە تەکدا بکەین و لەگەڵیدا بژین.

گـریمانەی پێنجـەم: لێـبـووردەیی پێـویسـتـی بە سـەلمانـدنی جـیـاوازیـی نێـوان مرۆڤەکـان هەیە لە خەسڵەت، ڕوو، هەلومـەرج، زمان، هەڵسوکەوت و بەهاکـانیانـدا، بۆیە دەبێ مرۆڤەکان قەبووڵیان بێ بە ئاشتییانە پێکەوە بژین.

گـریمانەی شـەشـەم: لێـبـووردەیی، پێـویست بە هەڵوێسـتـێکی ئەرێنی دەکـات، بەرانبەر مرۆڤەکان و ماف و ئازادییان، ئەمەش مانای ئەوە نییە واز لە "من" بێنین، بگرە داننانە بە "ئەوی تر"دا.

گـریمانەی حـەوتـەم: لێـبـووردەیی لە ئـاسـتی دەوڵەتدا، واتە؛ دەسـتـەبەرکـردنی

دادپەروەری و جیاوازی نەکردن لە یاسادان و ڕێوشوێنی قەزایی و ئیداری و هەل ڕەخساندن بۆ هەمووان بێ پەراوێزکردن و دەمارگیری.

گریمانەی هەشتەم: لێبووردەیی لە ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگەدا زەروورییە، تاکەکان لە شکۆیاندا یەکسانن، دەبێ یارمەتیی یەکتر بدەن و پێکەوە بژین بە یەکسانی و بە ڕێزگرتنی جیاوازییەکانیان.

گریمانەی نۆیەم: خوێندن و فێرکردن، کەرەسەی هەرە سەرکەوتووی ڕێگە گرتن لە نالێبووردەیی، نەخاسمە فێرکردنی لێبووردەیی بۆ تاک و کۆمەڵگە. قوتابخانە و پەروەردە لە منداڵییەوە دەتوانن ژینگەیەکی لەبار دروست بکەن بۆ قەبووڵکردنی لێبووردەیی و جیاوازی. کڵێسا و مزگەوت و دامەزراوە ئاینییەکانی تر، دەتوانن بەشدار بن لە چاکسازیی بارودۆخەکە و دانانی ڕێوشوێنی پێشڤەچوونی دوورمەودا و دانان بە لێبووردەییدا.

بنەمای لێبووردەیی، سەرچاوەگەلێکی ئاینی، سیاسی، یاسایی، ئەتنی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، هزری و فەلسەفیی هەیە، وەلێ لەگەڵ ئاستەنگگەلێکی نالێبووردەیی دەستەویەخەیە، بە هۆی دەمارگیری کە بڕێک جاران شێوازی شەڕ و دوژمنکاری و قڕکردن و تۆڵەسەندنەوە و حەرامکردن و تاوانباکردن وەردەگرێ، بگرە دەپەڕێتەوە بۆ ناو ژیانی کەسێنی، تا ئەو ئاستەی دەبێتە دیوار لە نێوان ژیانی خێزانی و خزمایەتیدا.

ئاخۆ بە خۆماندا چووینەتەوە؟ عەقڵمان خستووەتە گەڕ؟ خۆ ئەگەر بانگدەرانی لێبووردەیی کەمن، یان وا دێتە بەرچاو، لەبەرئەوەیە ڕێگەی لێبووردەیی سەختە، لە ڕۆژگارێکدا تاکڕەوی و خۆ بەخاوەنی ڕاستینەزانین، بالادەستن، بۆیە پرسەکە وەرزشێکی دەروونی و گیانیی پێویستە وەک پێوەرێکی ئەخلاقی، هەروەک چۆن پێویستی بە دامەزراوگەلێکی دەستەبەرکردن و چاودێری هەیە.

کەڵک وەرگرتن لە نموونە بەرزەکان لەسەر ئاستی گیانی و ئەخلاقی، هەروەها پێویستییە کردەنییەکان، وا دەکەن نالێبووردەکان، تا دێ ڕوو لە کەمبوونەوە بکەن، بەم شێوەیە دەتوانین هەر بڵێین و بڵێینەوە: "ڕێگەی ڕاست بە ناخۆش مەزانن لەبەرئەوەی ڕێبواری کەمە" وەک ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەڵێ.

## پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە ١

### ڕاگەیاندنی ساڵی لێبووردەیی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە
### ڕاگەیاندنێک لەبارەی لێبووردەییەوە

کۆنگرەی گشتی،

دوای دیراسەتکردنی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتی، تایبەت بە ڕاگەیاندنی ساڵی لێبووردەیی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (٢٧/٢٥)، لە کاتێکدا ئاماژە بە هەردوو بڕیاری ٢٦م،/٦. ٥ و ١٤١م،ت/٥. ٤. ٣ و دوای ئاگەداربوون لە پرۆژەی یەکەم لەبارەی لێبووردەییەوە کە لەلایەن کۆبوونەوەی پسپۆڕانی نێودەوڵەتییەوە لە ئەستەنبۆڵ، تورکیا، لە ١٦ و ١٧ نیسان/ئەپریل ١٩٩٣دا ئامادە کرابوو.

دوای ئاگەداربوون لە بڕیاری ٤٧ – ١٢٤ی خولی چل و حەوتەمینی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری ١٩٩٣/٥٧ی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی.

بە خۆشحاڵییەوە سەرنج دەداتە بانگەوازەکەی بەڕێوەبەری گشتی کە داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەکات هەوڵ بدەن بانگەوازەکە بە فرەوانی بڵاوی بکەنەوە نەخاسمە لە قوتابخانەکاندا.

داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکات لە هەوڵەکانیدا بەردەوام بێ، ئەڵبەت بە هاریکاریی تەواو لەگەڵ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستە تایبەتەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکوومەتییەکان، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ئەندام بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ساڵی ١٩٩٥، بەو پێیەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە ساڵی لێبووردەیی دادەنرێ.

داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکات، ڕاوێژ و گفتوگۆیەکی بەرفرەوانی نێودەوڵەتی دەست پێ بکات بۆ ئامادەکردنی دەقێک، تا بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دەستپێکی ئاهەنگی ساڵی لێبووردەییدا، بەفەرمی پەسند بکرێ.

داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکات، هانی دەوڵەتانی ئەندام بدات کە لە ماوەی ١٩٩٤ – ١٩٩٥دا، چالاکیگەلێکی ڕۆشنبیری و زانستی و پەروەردەیی ڕێک بخەن، بە ئامانجی چەسپاندنی بەهاکانی لێبووردەیی، هەوڵیش بدرێ، بە گوێرەی توانا، یارمەتیی ئەو چالاکییانە بدرێ کە ئامادەکارییەکانیان چووەتە پێش، وەک "بازنەی پێکەوە خوێندنی ئەمەریکای لاتینی لەبارەی ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ لێبووردەیی" کە زانکۆی فیدراڵیی ڕیۆدیۆجانیرۆی بەرازیلی ڕێکی دەخات، هەروەها یارمەتیدانی کۆنفرانس و بازنەی پێکەوەخوێندن لە وڵاتانی تریشدا، لەوانە، ئەو کۆنفرانس و بازنانەی هیندستان و ئیتاڵیا و کینیا و لبنان و کۆماری کۆریا و ڕووسیا و تونس و تورکیا پێشنیازیان کردووە.

داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکات زۆر بە پەرۆشەوە ئاگاداری جێبەجێکردنی چالاکییەکانی یونسکۆی پێوەندیدار بە لێبووردەییەوە بێ و دەرامەتی دارایی و مرۆییی پێویستیان بۆ دابین بکرێ.

هەروەها داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکات لە خولی سەت و چل و چوارەمیدا، ئەنجوومەنی جێبەجێکاری ئاگادار بکات لە بڕیارەکانی خولی چل و هەشتەمینی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێوشوێنەکانی سکرتاریەتی گشتی بۆ جێبەجێکردنیان[1].

١– أعتمد هذا القرار بناء على تقرير اللجنة الخامسة في الجلسة العامة الحادية والثلاثين بتأريخ ١٥ تشرين الثاني/نوفمبر ١٩٩٣.

پاشکۆی ژماره ٢

## ڕاگەیاندنی بنەماگەلێک لەبارەی لێبووردەییەوە

دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری کە لە پاریس کۆ بوونەتەوە لە خولی بیست و هەشتەمینی کۆنگرەی گشتیدا لە ماوەی ٢٥ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر تا ١٦ تشرینی دووەم/ نۆڤێمبەر ١٩٩٥.

### دیباجە

ئەوە بیر خۆمان بێنینەوە کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە "ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕزگارکردنی نەوەکانی داهاتوومان لە بەڵاکانی شەڕ، خستووەتە ئەستۆی خۆمان... دیسان دووپاتی دەکەینەوە، باوەڕمان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و شکۆی تاک و قەدەری هەیە... لە پێناو ئەو مەبەستانەشدا، بڕیارمان دا لەنێو خۆماندا لێبووردە بین و بە ئاشتییانە و وەک هاوسێیەکی چاک، پێکەوە بژین".

ئەوە بیر دێنێتەوە کە میساقی یونسکۆ کە لە ١٦ تشرینی دووەم/نۆڤێمبەر ١٩٤٥دا پەسند کرا و لە دیباجەکەیدا دەڵێ "دەبێ ئاشتی لەسەر بنەمای هاریکاری و ماناکیی نێوان مرۆڤگەل ڕۆ بنرێ".

هەروەها ئەوە بیر دێنێتەوە کە جاڕنامەی دنیایی مافەکانی مرۆڤ جەخت دەکاتەوە "ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئاین مافی هەموو کەسێکە" (مادەی ١٨) و "ئازادیی ڕا و بۆچوون" (مادەی ١٩) و "پێویستە پەروەردە بە ئاراستەی.. پەرەپێدانی لێک تێگەیشتن و لێبووردەیی و دۆستایەتیی نێوان گەلان و گرووپە نەژادی یان ئاینییەکان بێ" (مادەی ٢٦).

ئاگەداری دۆکیومێنتە تەکنیکییە نێودەوڵەتییە پێوەندارەکانە، لەوانە:

- بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.
- بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.
- ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی نەهێشتنی هەموو جۆرەیلی جیاکاریی نەژادی.
- ڕێککەوتننامەی تایبەت بە قەدەغەکردنی بنبڕکردنی نەژاد و سزادان بە هۆیەوە.
- ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ.
- ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ئافرەتان.
- ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی دارکاری و جۆرەکانی تری مامەڵە، سزادانی قورس یان نامرۆڤانی یان سووکایەتی. - جاڕنامەی تایبەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرەیلی دەمارگیری و جیاکاریی ئاینی و بیروباوەڕ...
- جاڕنامەی تایبەت بە مافی ئەو کەسانەی سەر بە کەمینەیەکی نیشتمانی یان ئەتنی یان ئاینی یان زمانەوانین.
- جاڕنامە و پرۆگرامی ڤیەننا کە کۆنگرەی دنیاییی مافەکانی مرۆڤ ڕای گەیاندوون.
- جاڕنامە و پلانی کاری کۆپنهاگن کە کۆنگرەی باڵای دنیاییی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پەسندی کردوون.
- جاڕنامەی یونسکۆ لەبارەی نەژاد و جیاکاریی نەژادییەوە.
- ڕێککەوتننامە و ڕاسپاردەکانی یونسکۆی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لە بواری پەروەردەدا.

بە لە بەرچاوگرتنی ئامانجەکانی کۆڕبەندی سێیەمی نەهێشتنی نەژادپەرستی و جیاکاریی نەژادی و گرێبەستی دنیاییی کولتووری مافەکانی مرۆڤ و گرێبەستی دنیاییی تایبەت بە دانیشتوانە ڕەسەنەکان.

ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەگەلی کۆنگرە هەرێمییەکان کە لە چوارچێوەی ساڵی لێبووردەییی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێک خرا، بە گوێرەی برگەکانی بڕیاری ٢٧م. ١٤، ٥ کە لەلایەن کۆنگرەی گشتیی یونسکۆوە هاتووەتە ڕاگەیاندن، دیسان سەرەنجام و ڕاسپاردەگەلی کۆنگرە و کۆبوونەوەگەلێکی تر کە دەوڵەتانی ئەندام لە

چوارچێوەی بەرنامەکانی ساڵی لێبووردەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێکیان خستووە.

بە نیگەرانیشەوە سەرنجی دیاردەگەلی نالێبووردەیی، توندوتیژی، تیرۆریزم، ڕق لێبوونەوەی بیانییان، ناکۆکییە نەتەوەیی و دوژمنکارییەکان، دژایەتیی سامیزم، دوورخستنەوە و پەڕاوێزخستن و جیاکاری دژی کەمینە نەتەوەیی و ئەتنی و ئاینی و زمانەوانی و پەنابەران و کرێکارانی بیانی و توێژە بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەگەل دەدات، هەروەها ئەو توندوتیژی و تۆقاندنەی دەرهەق ئەو کەسانە دەکرێ کە مافی ئازادیی ڕادەربڕینی خۆیان پێڕەو دەکەن، ئەو کارانە، هەڕەشە لە چەسپینی پایەکانی ئاشتی و دیموکراسی دەکەن، لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا، هەمووشیان ڕێگرن لە بەردەم گەشەسەندندا.

جەخت دەکاتەوە لەسەر بەرپرسیارێتیی دەوڵەتانی ئەندام لە پەرەپێدان و هاندانی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی هەموو خەڵک، بێ جیاکاریی نەژاد و ڕەگەز و زمان و بنەچەی نیشتمانی یان ئاینی یان بە هۆی کەمئەندامییەوە، هەروەها بەرپرسیارێتیی دەوڵەتانی ئەندام لە بەرەنگاربوونەوەی نالێبووردەییدا.

بە فەرمی ئەمەی خوارەوە پەسند دەکات:

## جاڕنامەی بنەماکانی لێبووردەیی

ئێمە لە کاتێکدا سووربوونی خۆمان لەسەر پێڕەوکردنی ڕێوشوێنی ئەرێنی ڕادەگەیەنین لە پێناو چەسپاندنی لێبووردەیی لەنێو کۆمەڵگەکانماندا، چونکە لێبووردەیی نەک هەر بنەمایەکی مایەی شانازییە بە تەنیا، بگرە زەرووریيە بۆ ئاشتی و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلان، لە پێناو ئەو ئامانجەدا، ئەمەی خوارەوە ڕادەگەیەنین:

مادەی ١: مانای لێبووردەیی

١- لێبووردەیی، مانای ڕێزگرتن و قەبووڵکردن و پێزانینی فرەیی و دەوڵەمەندیی کولتوورگەلی دنیا و جۆرەکانی گوزارە لەخۆ کردن و خەسڵەتە مرۆڤانییەکان.

ئەم لێبووردەییە، بە زانین و ماریفەت و کرانەوە و پێوەندی و ئازادیی هزر و ویژدان و بیروباوەڕ گەشە دەکات. لێبووردەیی، پێکەوەگونجانە لە چوارچێوەی جیاوازیدا. لێبووردەیی، نەک هەر ئەرکێکی ئەخلاقییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییشە. ئەو کارە بالآیەیە کە زەوینەی ئاشتی خۆش دەکات، کاریگەری دەبێ لەسەر بلاوبوونەوەی کولتووری ئاشتی و وەلانانی کولتووری شەڕ.

٢- لێبووردەیی، مانای سازش و دابەزین و ئاسانکاری نییە. بگرە لێبووردەیی، پێش هەر شتێک، وەرگرتنی هەڵویستێکی ئەرێنییە کە دانان بە مافەکانی خەڵکانی تر و ئازادییە بنچینەییەکانیان لەخۆ دەگرێ. بە هیچ کلۆجێکیش، لێبووردەیی، نابێتە بەهانەی دەستبردن بۆ ئەو بەها بنچینەییانە. پێڕەوکردنی لێبووردەیی، ئەرکی تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتانیشە.

٣- لێبووردەیی، بەرپرسیارێتییەکە کە پایەی مافەیلی مرۆڤ و فرەیی (بە فرە کولتووریشەوە) و دیموکراسی و حوکمی یاسایە. بریتییە لە سەرکۆنەکردنی دۆگماتیزم و ستەمکاری و چەسپاندنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.

٤- پێڕەوکردنی لێبووردەیی، دژبەری ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ نییە، بۆیە قەبووڵکردنی جەوری کۆمەلآیەتی، یان دەستبەرداری مرۆ لە بیروباوەڕەکانی ناگەیەنێ. بگرە مانای ئەوەیە، مرۆڤی ئازاد، دەست بە بیروباوەڕەکانیەوە دەگرێ و قەبووڵیش دەکات خەڵکانی تر دەست بە بیروباوەڕەکانیانەوە بگرن. لێبووردەیی، واتە؛ ئەو مرۆڤانەی لە خەسلەت و سیما و بار و زمان و ڕەفتار و بەهاکانیاندا لێکتر ناچن، بتوانن ئاشتییانە پێکەوە بژین، واتە؛ نابێ بۆچوونەکانی یەکێک بەسەر یەکێکی تردا بسەپێنرێن.

مادەی ٢: ڕۆڵی دەوڵەت

١-لێبووردەیی لە ئاستی دەوڵەتدا، پێویستی بە دەستەبەرکردنی دادپەروەری و نەبوونی جیاکاری لە یاساکان و جێبەجێکردنیان و ڕێوشوێنە قەزاییەکاندا هەیە. واتە؛ ڕەخساندنی هەلی ئابووری و کۆمەلآیەتی بۆ هەموو کەسێک بێ جیاوازی. ئاخر هەر تەریککردن و پەراوێزخستنێک، دەبێتە هۆی تێکشکان و دوژمنکاری و دەمارگیری.

٢- له پێناو زیاتر بڵاوکـردنەوەی لێـبووردەیی لەنێـو کـۆمـەڵگەدا، دەبـێ دەوڵەتان تێکڕای ڕێککەوتننامـەکانی تایبـەت بە مافـەکانی مرۆڤ پەسند بکەن، پێ بەپێ یاساگەلێ دەربکەن کە یەکسـانی لە مامەڵە و دەرفـەتدا بۆ توێژەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بێ.

٣- زۆر گـرینگە دەوڵەتانـی دنیـا کـۆک بن لەبارەی ڕێزگـرتنی فـرە کـولتـووریـیـەوە، ئاخر بێ لێبووردەیی، ئاشتی مـەحاڵە، بێ ئاشـتی، نە دیموکراسی دەبێ و نە کۆمەڵگە گەشە دەکات.

٤- ڕەنگە نـالێـبـووردەیی خـۆی لە پەراوێزخـسـتن و دوورخـسـتـنەوە لە بەشـداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و توندوتیژی و جیاکاریی دژی توێژە بێ دەسەڵاتەکاندا بنوێنـێ، وەک لە جاڕنـامـەی دنیـایی نەژاد و جـیاکـاریی نەژادیدا هاتووە "بۆ هەموو تاک و گرووپەکان هەیە لێکتر جیاواز بن" (مادەی ١، ٢).

مادەی ٣: ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان

١- لێبووردەیی، پرسـێکی ناو کرۆکی دنیـایییـە، دنیای ئەمڕۆ، دنیـای دنیـاگیـریی ئابووری و خێرایییـەکی لە ڕادەبەدەر لە جێگۆڕکێ و پێوەندیدا، دنیـای یەکتر تەواوکردن و بەهاناوەچوونی یەکتـرییە، دنیای کۆچ و جێگۆڕکێی دانیشتوان و فرەوانبـوونی شارنشـینی و گۆڕانـی مۆدێلە کۆمـەڵایەتییـەکانە. لەبـەرئەوەی فرە جـۆری دنیـای داپۆشـیـوە، بەرزبوونەوەی ڕادەی نالێـبـووردەیی، هـەڕەشـە لە سەرجەم ناوچەکانی دنیا دەکات بێ جیاوازی.

٢- لێبووردەییی نێوان تاکەکان و خێزان و کۆمـەڵگە لۆکاڵییەکان زۆر پێویستە. بۆیە دەبێ یـەکتـر خـوێندنەوە و هـەوڵەکـانی لێـبـووردەیی و هۆشـیـارکـردنەوە، قـوتابخـانە و زانکۆ و مـاڵ و شـوێنگەلی کـار بگرێتـەوە. مـیـدیا دەتوانێ لەو ڕووەوە، ڕۆڵێکی گەلێک گرینگ بگێڕێ.

٣- جـاڕنامـەی یونسکۆ زۆر جـەخت دەکاتە سـەر نەژاد و جـیاکـاریی نەژادی، بۆیە دەبێ هـەمــوو ڕێوشــوێنێک لە پێناو یەکـسـانیی مـاف و دەرفـەت و شـکۆی تاکـەکـاندا بگیـرێتـە بەر. دەبێ زۆر بـایەخ بە توێژە بێـدەرەتانەکـان بدرێ، بەتایبەتی لە لایەنی دابینکردنی لانی کـەمی پێداویستییـەکانی ژیان وەک ماڵ و کار و چاودێریی تەندروستی. هەروەها ڕێزگرتن لە ڕەسـەنایەتیی کولتـووری و

بەهاکانیان، هەوڵ بدرێ پێش کەون و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تێکەڵی کۆمەڵگە بن، نەخاسمە لە بواری خوێندندا.

٤- دەبێ توێژینەوە و تۆڕی زانستی بێنە ئەنجامدان لە پێناو هاوئاهەنگییەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەدییە دنیاییە، نەخاسمە توێژینەوەی زانستی بۆ ناسینی ڕەگ و ڕیشەی دەردەکە و چارەسەرییەکانی.

مادەی ٤: فێرکردن و خوێندن

١- فێرکردن و خوێندن، چاکترین ڕێگەچارەی نالێبووردەییە، یەکەمین هەنگاوی خوێندنیش لە بواری لێبووردەییدا، بریتییە لە خوێندنی ئەو ماف و ئازادییانەی بۆ هەمووانە بێ جیاوازی، خەڵک فێر بکرێن ڕێز لە مافەکانی یەکتر بگرن.

٢- دەبێ خوێندن و فێرکردن لە بواری لێبووردەییدا وەک زەرورەتێک تەماشا بکرێ، بۆیە دەبێ شێوازی عەقڵانی بۆ خوێندنی لێبووردەیی بەکار بهێنرێ کە باس لە ڕەگ و ڕیشەکانی نالێبووردەییی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینی بکات، دەبێ ئەو شێواز و خوێندنە، خەڵکەکە هان بدات، لێبووردە بن و ماف و ئازادیی یەکتر بسەلمێنن.

٣- دەبێ خوێندن و فێرکردن لە بواری لێبووردەییدا، لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هۆکارانەدا بێ، کە وا دەکەن خەڵک لێکتر بترسن و هەوڵی دوورخستنەوەی ئەوی تر دەدەن، هاوکاریی خەڵکەکە بێ، تا تواناکانی خۆیان لە بواری ئازادیی ڕادەربڕین و هزری ڕەخنەیی و هزری ئەخلاقیدا، پەرە پێ بدەن.

٤- دەبێ بەڵێن بدەین هاوکاریی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و فێرکردن بکەین لە بواری لێبووردەیی و مافەکانی مرۆڤ و ناتوندوتیژیدا. ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی مامۆستایان، پرۆگرامەکانی خوێندن هەیە. لەوانە، تەکنەلۆجیای نوێی خوێندن، لە پێناو پێگەیاندنی هاووڵاتیگەلێکی وریا و بەرپرسیار و کراوە بە ڕووی کولتووری ئەوانی تردا، نرخی ئازادی بزانن، ڕێز لە شکۆی مرۆڤ و جیاوازییەکانی نێوان مرۆگەل بگرن، بتوانن ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن بە کەرەسەگەلی ناتوندوتیژ.

مادەی ٥: پێگیری بە کارکردنەوە

١- ئێمە کارکردن لە پێناو چەسپاندنی لێبووردەیی و ناتوندوتیژی لە ڕێی پرۆگرام و دامەزراوگەلی تایبەت بە پەروەردە و خوێندن و ڕۆشنبیری و پێوەندییەوە، دەگرینە ئەستۆ.

مادەی ٦: ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی

١- لە پێناو بەشداریی خەڵکەکەدا، پێداگیری لەسەر مەترسییەکانی نالێبووردەیی، کارکردن و پێگیریی چالاکانە لە پێناو چەسپاندنی لێبووردەیی و خوێندن لەو بوارەدا، بە فەرمی ڕۆژی شازدەی مانگی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی ڕادەگەیەنین.

## جێبەجێکردنی جاڕنامەی بنەماکانی لێبووردەیی

پێویستە کۆنگرەی گشتی، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی میساقی یونسکۆ دەیخاتە ئەستۆی ڕێکخراوەکە لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندن - بە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە - و ڕۆشنبیری و پێوەندی، سەرنجی دەوڵەتان و گەلان ڕابکێشێ بۆ ئەو کێشانەی بە بابەتی لێبووردەیی و نالێبووردەیییەوە پێوەستن. لە کاتێکدا جاڕنامەی بنەماکانی لێبووردەیی کە یونسکۆ ڕۆژی شازدەی تشرینی دووەم/ نۆڤێمبەری ١٩٩٥ لە بەرچاو دەگرێ، هانی دەوڵەتان دەدا ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

أ- ساڵانە لە شازدەی تشرینی دووەمدا، یادی ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی بکەنەوە لە ڕێی ڕێکخستنی چالاکیگەل و پرۆگرامی تایبەت لە پێناو بڵاوکردنەوەی نامەی لێبووردەیی بەنێو خەڵکەکەدا، بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی پەروەردە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکوومەتی و ناحکوومەتییەکان و میدیاگەلی ناوچەکە.

ب- ئاگەدارکردنەوەی بەڕێوەبەری گشتی لە هەر زانیارییەکی پێویست، لەوانە، ئەو زانیارییانەی لە توێژینە و گفتوگۆ گشتییەکانی لێبووردەیی فرە کولتووری دەکەونەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئەو دیاردانە بناسین کە پێوەستن بە نالێبووردەیی

و ئەو ئایدیۆلۆجییانەی بانگی دەمارگیری دەدەن، لەوانە ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و دژایەتیی سامیزم و گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ مامەڵەکردن لە تەک ئەو پرسانەدا.

٢- داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکات:

أ- دڵنیابوون لە بڵاوکردنەوەی بنەماکانی لێبووردەیی بە فرەوانترین شێوە، لەم پێناوەشدا، بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە و گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست، نەک تەنیا بە زمانە فەرمییەکانی کۆنگرەی گشتی، بگرە بە هەر زمانێکی تر کە لە تواناد بێ.

ب- دانانی میکانیزمی پێویست بۆ هاوئاهەنگی و هەڵسەنگاندنی ئەو چالاکییانەی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامی دەدەن بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا، لە پێناو چەسپینی لێبووردەیی و پەروەردەی لێبووردەیی.

ج- ئاگەدارکردنەوەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بنەماکانی جاڕنامەی لێبووردەیی و داوای لێ بکرێ بە شێوەیەکی گونجاو، جاڕنامەکە بخاتە بەردەم خولی پەنجا و یەکەمینی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی بڕیارنامەی ٢٠٣/٤٩.

پاشکۆی ژمارە ٣

## **دەستووری مەدینە (سەحیفە)**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ئەمە نامەیەکە لە محەمەد پێغەمبەرەوە (د.خ)، بۆ نێوان باوەڕداران و موسڵمانانی قورەیش و یەسریب، بۆ هەر کەس شوێنیان بکەوێ، پێیانەوە پێوەست بێ و هاوخەبات و جیهادیان بێ.

بەشی یەکەم

- باوەڕداران و موسڵمانانی قورەیش و یەسریب یەک نەتەوەن، بەدەر لە خەڵکی تر.
- کۆچبەرە قورەیشییەکان، وەک خۆیان پارێزگاری لە داوونەریتی خۆیان دەکەن و خوێنبژاردن لە نێوانیاندا دەگەرێ. قەرەبۆ بەچاکە و دادپەروەری لەگەڵ باوەڕداراندا ئەرکی سەرشانیانە.
- قەرەبۆ لەنێو بەنی عەوفدا، وەک خۆیان پارێزگاری لە داوونەریتی خۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕداراندا.
- قەرەبۆ لەنێو بەنو ساعیدەدا، وەک خۆیان پارێزگاری لە داوونەریتی خۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕداراندا.
- قەرەبۆ لەنێو بەنو حاریسدا، وەک خۆیان پارێزگاری لە داوونەریتی خۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕداراندا.

- قـەرەبۆ لەنێـو بەنو جـەشـمـدا، وەک خـۆیان پـارێزگـاری لە داوونەریـتی خـۆیان دەکەن، هـەروەهـا خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هـەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕدارانـدا.
- قەرەبۆ لەنێو بەنو نەجاردا، وەک خۆیان پارێزگاری لە داوونەریتی خۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕدارانـدا.
- قـەرەبۆ لەنێـو بەنو عـەمـر بن عـەوفـدا، وەک خـۆیان پارێزگـاری لە داوونـەریتی خۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕدارانـدا.
- قـەرەبۆ لەنێـو بەنـو ئەلنەبیـتـدا، وەک خـۆیان پارێزگـاری لە داوونـەریتی خـۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕدارانـدا.
- قەرەبۆ لەنێو بەنو ئەوسدا، وەک خۆیان پارێزگاری لە داوونەریتی خۆیان دەکەن، هەروەها خوێنبژاردن، ئەوەی کۆن لە ئەستۆیان بووە، هەر خێڵە و وەک جاران، بۆ قەرەبۆ، دادپەروەری، لەگەڵ باوەڕدارانـدا.
- باوەڕداران، هیچ دەرفەتێک نـاهێڵنەوە بۆ چاکەکاری و قەرەبۆ و خوێنبـژاردن کە لە دەستیان بێ.
- هیچ هـاوپەیمانێکی مـوسـڵـمـان، بۆی نـیـیـە، هـاوپەیمانی لەگـەڵ هـاوپەیمـانیی کـەسـێکی تردا ببـەسـتێ. باوەڕدارانـی لە خـواترس، بەرانبـەر هەر کـەسـێک دەوەستنەوە کە ستەم بکات و سنوور ببەزێنێ، یان بیەوێ پەیمانەکە بقۆزێتەوە بۆ سـتـەمکردن، یان تـاوانکاری، یان دوژمنکاری، یان ئاشـووبـنانەوە، لە نێوان مـوسـڵـمـانـاندا، لەو کـاتەدا، هـەمـوو باوەڕداران، یـەکـدەست لـە بەرانبـەریدا ڕادەوەستن و ڕێگریی لێ دەکەن، ئەگەر کوڕی یەکێکیشیان بێ.
- بۆ هیچ باوەڕدارێک نییە، لە تۆڵەی کافرێکدا، باوەڕدارێک بکوژێ.
- بۆ هیچ باوەڕدارێک نییە، ببێ بە یارمەتیدەری بێباوەڕێک لە دژی موسڵمانێک.
- خـوا بەیەک چاو تەمـاشـای ئەسـتـۆگـیری (زیمـە) دەکات، بچـووکـترین تاکی نێو کۆمەڵگە بۆی هـەیە پەنا بدرێ.

- باوەڕداران، پشت و پەنای یەکترن، بەدەر لە خەڵکی تر.
- بەڕاستی، هەر کەسێک شوێنمان بکەوێ لە جوولەکەکان، یارمەتیدانی لە ئێمەوە پێویستە و بەیەک چاو تەماشا دەکرێ، نە ستەمیان لێ دەکرێ نە یارمەتیی کەسێک دەدرێ دژیان بێ.
- بەڕاستی، ئاشتەواییی باوەڕداران یەکە، بۆ هیچ باوەڕدارێک نییە ئاشتی بکات لەگەڵ بێباوەڕێکدا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە و کوشتار لە پێناوی خوادا، ئەگەر کرا، دەبێ بەیەکسانی و دادپەروەری بێ لە نێوانیاندا.
- هەر غەزاکارێک لەگەڵ ئێمەدا غەزای کردبێ، ڕیزبەندییان بۆ دادەنرێ.
- هەر باوەڕدارێک بۆ باوەڕداری تر، دەبێتە پشتیوان و بەپێی خوێنڕشتنیان لە پێناوی خوادا، پاداشت دەکرێن .
- باوەڕدارە لە خواترسەکان پلەیەکی ئەوانەن کە ڕێبازی ڕاستیان گرتووە.
- هیچ موشریکێک بۆی نییە پەنای خۆی یان سامانی قورەیشییەک بدات و نابێ ببێ بە بەربەست لە بەردەم گەیشتنی دەستی باوەڕداراندا پێی.
- هەر کەسێک بیسەلمێنێ کە موسڵمانێک کەسێکی کوشتووە، دەبێ خوێنەکەی بۆ بسێنرێ مەگەر کەسوکاری کوژراوەکە ڕازی بن.
- هەموو باوەڕداران یەکدەستن بەرانبەر بکوژەکە و دروست نییە بۆ هیچ یەکێکیان لەم خاڵە لابدات.
- ڕەوا نییە بۆ هیچ باوەڕدارێک کە دانی بەم دەستوورەدا نابێ، هاوکات باوەڕی بەخوا و ڕۆژی دوایی هەبێ، پەنای کەسێک بدات کە شتێک لە ئاین زیاد بکات یان یارمەتیی بدات.
- هەر کەسێک یارمەتیدەری یەکێک بێ کە شتێک لە ئاین زیاد بکات یان پشتیوانیی لێ بکات یان داڵدەی بدات، ئەوە نەفرین و توورەییی خوای لەسەرە لە ڕۆژی دواییدا و هیچ چاکەیەکیشی لێ وەرناگیرێ.
- هەر شتێک کە ئێوە تێی نەگەیشتن یان بەدحاڵیبوون لە نێوانتاندا لەسەر ئەو خاڵانە دروست بوو، دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا و لای محەمەد (د.خ).

– بەڕاستی، دەبێ جوولەکەکان تا ئەو ڕۆژەی هاوسەنگەرن، وەک باوەڕداران لە ماڵی خۆیان ببوورن و خەرج بکەن.

یەهودی بەنوعەف، بۆ خۆیان ئومەتێکن لەگەڵ باوەڕداراندا، جوولەکەکان و موسڵمانان هەریەکە و ئاینی خۆیان هەیە، خۆیان و ئەوانیش کە لایەنگری ئەوانن.

– مەگەر کەسێک ستەم و تاوان بکات، ئەوە زیان تەنیا بە خۆی و خانەوادەکەی دەگەیەنێ.

– بۆ جوولەکەکانی بەنی نەجار، وەک بەنی عەوفە.

– بۆ جوولەکەکانی بەنو جەشم، وەک بەنی عەوفە.

– بۆ جوولەکەکانی بەنو ئەوس، وەک بەنی عەوفە.

– بۆ جوولەکەکانی بەنو سەعلەبە، وەک بەنی عەوفە.

– مەگەر کەسێک ستەم و تاوان بکات، ئەوە زیان تەنیا بە خۆی و خانەوادەکەی دەگەیەنێ.

– جەفنە، باڵکێن لە سەعلەبە و وەک خۆیان دەبن.

– جوولەکەکانی بەنی شەتیبە، وەک بەنی عەوفە.

– چاکە تاوان نییە.

– لایەنگرانی سەعلەبە، وەک خۆیان دەبن.

– تیرەکانی دەوروبەری جوولەکە، وەک خۆیان دەبن.

– ناشێ کەس لە ئاینی جوو دەرچێ، بە ڕێگەپێدانی محەمەد نەبێ.

– تۆڵەی کۆنەقین ناکرێتەوە.

– گەر کەسێک زیانی لە خۆی دا، ئەوە بۆ خۆی وماڵباتەکەیەتی. مەگەر زوڵمی لێ کرابێ.

– خوای گەورە لەگەڵ چاکەکانی ئەم هاوپەیمانێتییەیە.

– بژێویی جوولەکە، لەسەر خۆیانە و موسڵمانانیش لەسەر خۆیان.

- پشتیوانیی یەکترن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کەسێک شەڕی لایەنەکانی ئەم سەحیفەیە بکات.
- لەنێو خۆیاندا ڕێنوێنیی یەکتر دەکەن و ڕێی چاکە پێشانی یەکتر دەدەن، بە کاری چاک نەک بەخراپە.
- هیچ کەسێک بە گوناهی هاوپەیمانێکی گوناهبار ناکرێ.
- دەبێ پشتیوانی لە ستەملێکراو بکرێ.

## بەشی سێیەم

- جوولەکە، تا ئەو کاتەی هاوسەنگەری باوەڕداران بن، دەبێ لە خەرجیدا هاوبەش بن.
- هاوپەیمانانی ئەم سەحیفەیە، نابنە خاوەنی یەسریب.
- دراوسێکانمان وەک خۆمان مامەڵەیان دەکەین و زیانیان پێ ناگات.
- بەبێ ڕێگەپێدانی خەڵکی شاری یەسریب، سنووری شارەکە نابەزێنرێ و کەس لەناویدا نیشتەجێ نابێ.
- گەر بەدحاڵیبوونێک یان پێکهەڵپژانێکی وا ڕووی دا، ترسی ئاشووبنانەوەی لێ بکرێ، دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و محەمەدی پێغەمبەری خوا (د.خ).
- خوا لەگەڵ باشترین شتی نێو ئەم سەحیفەیەیە.
- قوڕەیشییەکان و پشتیوانییان پەنا نادرێن.
- دەبێ یەکدەست بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کەسێک پەلاماری یەسریب بدات.
- ئەگەر لایەنێک بانگی ئاشتی کرا لەلایەن لایەنێکی دەرەوەی ئەم هاوپەیمانییە، هەمووان دەچنە نێو ئەو ئاشتەواییەوە.
- هەر کەسە و بەگوێرەی ئەرکەکانی مافیشی دەکەوێ.

## بەشی چوارەم

- هەرچی لەم سەحیفەیەدا هەیە، جوولەکەکانی ئەوس دەگرێتەوە و دەبێ هاوپەیمانانی ئەم سەحیفەیە، تەنیا چاکە لەگەڵ خۆیان و پشتیوانییاندا بکەن.

- چاکە تاوان نییە.
- هەر کەسێک هەڵە دەکات، تەنیا خۆی بەرپرسیارە.
- خوا لەگەڵ چاکترین و ڕاستترین شتی نێو ئەم سەحیفەیەیە.
- ئەم سەحیفەیە، ستەمکار و تاوانبار ناپارێزێ.
- هەر کەس ئازادە شارەکە بەجێ بێڵێ، یان تێیدا دەمێنێتەوە، ستەمکار و خەتابار نەبێ.
- خوا و محەمەد پێغەمبەری خوا، پشت و پەنای ئەو کەسەن کە لە خوا دەترسێ.

ابن خلكان
وفيات الأعيان، ج٥، تحقيق د.إحسان عباس، دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٨.

ابن عربي، محيي الدين
تفسير القرآن الكريم، دارالأندلس، ج٢.

ابن منظور
لسان العرب، دار إحياء التراث العربي، ج٦.

أبو زيد، نصر حامد
الفكر الإسلامي و حقوق الإنسان بين الواقع والمثال، الجملة العربية لحقوق الإنسان، العدد ٢، إصدار المعهد العربي لحقوق الإنسان، ١٩٩٥.

أرنولد، سير توماس (وجمهرة من المؤلفين)
تراث الإسلام، تعريب وتعليق جرجيس فتح اللهّ، جزءان، وزارة التربية، ط٥، أربيل، ٢٠٠٠.

أقندوز، أحمد
(مداخلة) رئيس الجامعة الإسلامية، روتردام، مؤتمر «الإسلام والتسامح» الذي أقامته مؤسسة المنتدى التونسي في هولندا بالتعاون مع الجامعة الإسلامية في روتردام ١٥-٢٠٠٢/١١/١٦.

الإمام علي
نهج البلاغة ٤٢٧ الكتاب رقم ٥٣ (رسالة الإمام علي إلى مالك الأشتر).

انطون، فرح
«إعلان حقوق الإنسان والمواطن»، مجلة الجامعة، السنة الثالثة، ج ٤، تشرين الثاني (نوفمبر) ١٩٠١.
(مقالة وترجمة). مجلة رواق عربي، إصدار مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، السنة الأولى، العدد ٤ .١٩٩٦.

ابن رشد و فلسفته، دار الطبعة، بيروت، طبعة جديدة، ١٩٨١.

أومليل، علي
في شرعية الإختلاف، منشورات المجلس القومي للثقافة العربية، الرباط، ط١، ١٩٩١.

الباقر، العفيف وآخرون
حقوق الإنسان في فكر الإسلاميين، مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، سلسلة مناظرات فكرية رقم ٧، القاهرة، ٢٠٠٠.

البخاري، ابو عبدالله محمد
الجامع الصحيح «كتاب المناقب»، الحديث رقم ٢٧، المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي، ج٧.

بدوي، عبدالرحمن
أفلاطون، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٤٤.
روح الحضارة العربية، بيروت، ١٩٤٩.

البكوش، ناجي، والطالبي، محمد، وعمر، عبد الفتاح
دراسات في التسامح، المعهد العربي لحقوق الإنسان، المجمع التونسي «بيت الحكمة» تونس، ١٩٩٥.

البهنساوي، سالم علي
الشريعة المفترى عليها، دار الوفاء، ط ا، القاهرة، ١٩٩٥.

التميمي، عزام
(إعداد وتحرير)، الشرعية السياسية في الإسلام، منظمة ليبرتي، مداخلة الشيخ راشد الغنوشي والدكتور عبدالوهاب المسيري، لندن، ١٩٩٧.

التويجري، عبدالعزيز بن عثمان
مفهوم التنوير في التصور الإسلامي، منشورات المنظمة الإسلامية للتربية والعلوم و الثقافة (إيسيسكو)، الرباط ٢٠٠٢.

جبور، د.جورج وآخرون
حلف الفضول، إصدار الجمعية العراقية لحقوق الإنسان، فرع سورية، دمشق ١٩٩٨.
رسالة إلى قداسة البابا بمناسبة الذكرى الـ٩٠٠ لحروب الفرنجة، بيروت، دار الكنوز الأدبية، ١٩٩٥.

جرداق، جورج
الامام علي صوت الإنسانية، ٤ أجزاء، دار الملايين، بيروت، ١٩٦٢.
جواد، غانم وآخرون
الحق قديم- التوثيق في مجال حقوق الإنسان، مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، القاهرة، ٢٠٠٠.

حرب، علي
رد على رسالة المثقفين الأمريكيين، بشأن أحداث ١١ أيلول (سبتمبر)، صحيفة الرأي الأردنية، ٩ نيسان (أبريل) ٢٠٠٢.
حسن، عصام محمد (تحرير) و محمد سيد سعيد «تقديم»
-خطاب الهوية، سيرة فكرية، دار الكنوز الاردنية، بيروت، ط، ١٩٩٦.
- تجديد الفكر السياسي في إطار الديمقراطية، وحقوق الإنسان (التيار الإسلامي والماركسي والقومي) كراسات إبن رشد ٢، مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، القاهرة ١٩٩٧.

الحفني، عبد المنعم
موسوعة الفلسفة والفلاسفة، مكتبة مدبولي، ج ١، القاهرة، ١٩٩٦.

حيدر، محمود
الدولة المستباحة، من نهاية التاريخ إلى بداية الجغرافيا، دار رياض نجيب الريس، بيروت ٢٠٠٤.

خضر، المطران جورج
- حوار مع الباحث في برمانا، بيروت في ٦ آب (أغسطس) ٢٠٠٢.
- رسالة خاصة إلى الدكتور عبد الحسين شعبان في ٢٠٠٤/٨/٣.

داغر، فيوليت
كتابات نقدية من الفكر التنويري، مجلة رواق عربي، العدد ٤، ١٩٩٦.

زقزوق، محمود حمدي
الدين و فلسفة التنوير، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٦.

سعيد، إدوارد

الاستشراق ترجمة كمال أبو ديب، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ط٢ ١٩٨٤.
تغطية الإسلام، ترجمة سميرة نعيم خوري، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٣.

سوار، مروان (اشراف)
القرآن الكريم، طبعة دمشق، مدقق المصاحف لدى وزارة الأوقاف السورية، مكتبة ومطبعة الشربجي ١٩٠٧هـ -١٩٨٧م.

سيد أحمد، رفعت
الدين والدولة والثورة، الدار الشرقية، القاهرة، ١٩٨٩.

السيد جاسم، عزيز
محمد: الحقيقة العظمى، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

شريعتي، علي
الامام علي، ترجمة علي الحسيني، دار الكتاب الإسلامي، ط، ايران، ٢٠٠٠.

شعبان، عبدالحسين
- «الإمام علي وفلسفة الحق والحرية»، محاضرة ألقيت في ديربورن (أمريكا) ١٩٩٢.
- السيادة ومبدأ التدخل الإنساني، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان العراق، ٢٠٠٠.
- بانوراما حرب الخليج، دار البراق، دمشق - لندن، ١٩٩٤.
- جامعة الدول العربية والمجتمع المدني العربي الإصلاح والنبرة الخافتة - مقاربات في السيادة والشراكة والبعد الإنساني، دار المحروسة، القاهرة، ٢٠٠٤.
- عاصفة على بلاد الشمس، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٩٤.
- التسامح في الفكر العربي - الإسلامي، مداخلة في ندوة منتدى الفكر العربي، عمان ١٧-١٩ كانون الأول (ديسمبر) ٢٠٠٢.
- العراق: الدستور والدولة، من الاحتلال إلى الاحتلال، بحث مقدم إلى الندوة الخاصة بالاحتلال الأمريكي للعراق وتداعياته، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١١-٨ اذار (مارس)، ٢٠٠٤.
- الملك حسين: الوجه الآخر: الحاكم والانسان وسؤال التسامح، جامعة الحسين بن طلال معان (الاردن)، مؤتمر دراسات فكر الحسين بن طلال، ٧- ١٠ نيسان (ابريل) ٢٠٠٢.
- مؤتمر ديربورن و سؤال العنصرية: نصف انتصار أم نصف هزيمة؟ بيروت، مجلة

المستقبل العربي.
- مداخل الانتقال إلى الديمقراطية في البلدان العربية (مجموعة مؤلفين)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٣.
- الإنسان هو الأصل، مدخل إلى القانون الدولي الإنساني وحقوق الإنسان مركز القاهرة لدراسات حقوق الإنسان، القاهرة، ٢٠٠٢.
- الإسلام وحقوق الإنسان، المشترك الإنساني للثقافات و الحضارات المختلفة، مؤسسة حقوق الإنسان والحق الإنساني، ط١، بيروت، ٢٠٠١. وط٢، كردستان، أربيل (العراق) مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ٢٠٠١.
- العراق: إشكاليات الدستور العراقي المؤقت، مركز الدراسات السياسية والستراتيجية بالأهرام، القاهرة، ٢٠٠٤.
- سؤال التسامح (كتاب مشترك) محاضرة للباحث وحوار معه بمشاركة نخبة من أساتذة الجامعة ومدراء مراكز الأبحاث في الأردن، إصدار مركز عمان لدراسات حقوق الإنسان، عمان، ٢٠٠٢.
- فقه التسامح في الفلسفة العربية- الإسلامية- مؤتمر «الإسلام والتسامح» مؤسسة المنتدى التونسي في هولندا بالتعاون مع الجامعة الإسلامية في روتردام ١٥- ١٦ تشرين الثاني (نوفمبر) ٢٠٠٢. (محاضرة للباحث).
- الإسلام والإرهاب الدولي، ثلاثية الثلاثاء الدامي، دار الحكمة، لندن، أيلول (سبتمبر) ٢٠٠٢.
- الغرب ووجهة الحوار، الإسلام أم التيارات الإسلامية؟ صحيفة الحياة اللندنية، العدد ١٤٣١٢، ٢٧ أيار (مايو) ٢٠٠٢.
- المدينة المفتوحة، مقاربات حقوقية حول القدس والعنصرية، دار الأهالي، ٢٠٠٠.

الشماري، خمّيس

التسامح غاية صعبة المنال، المجلة العربية لحقوق الإنسان، المعهد العربي لحقوق الإنسان، العدد٢، ١٩٩٥.

العاتي إبراهيم

الإنسان في فلسفة الفارابي، دار النبوغ، بيروت، ١٩٩٨.

عامل، مهدي

مجلة الطريق (اللبنانية)، بيروت، تشرين الثاني (نوفمبر)، ١٩٦٨.

عبدالرزاق، علي
الإسلام وأصول الحكم، ١٩٢٥، طبعة جديدة من تحقيق محمد عمارة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٢.

عبدالرزاق، مصطفى (الشيخ)
فيلسوف العرب، والمعلم الثاني، (طبع عيسى الحلبي)، القاهرة، ١٩٤٥.

عبداللطيف، كمال
سلامة موسى إشكالية النهضة، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٢.
التفكير في العلمانية، إعادة بناء المجال السياسي في الفكر العربي، إصدار أفريقيا الشرق، ط١، بيروت- الدار البيضاء.

العجلوني، إبراهيم
بيان المثقفين الأمريكيين، صحيفة الرأي الإردنية.

العروي، عبدالله
مفهوم الدولة، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، ١٩٨٢.

العريس، إبراهيم
ما هو التنوير؟، صحيفة الحياة، لندن، «أواخر» كانون الأول (ديسمبر) ٢٠٠٢.

عضيبات، عاطف
كلمته في افتتاح ندوة المركز الإقليمي للأمن الإنساني، عمان، ٢٠- ٢٢ تشرين الأول (أكتوبر) ٢٠٠٣، فندق رادسون ساس.

عطاالله، سيد مهاجراني
التسامح والعنف في الإسلام، دار رياض نجيب الريس، ترجمة سالم كريم، مقدمة محمد صادق الحسيني، بيروت، نيسان (ابريل) ٢٠٠١.

العقالي، الدمرداش زكي
السلطة الدينية وحرية الفكر، القاهرة، يوليو، ١٩٩٢.

العلوي، هادي
شخصيات غير قلقة في الإسلام، دار الكنوز الأدبية، ط١، ١٩٩٥.

من تاريخ التعذيب في الإسلام، الأعمال الكاملة (٣)، دار المدى، دمشق، ط٢، ١٩٩٩.

عواد، جرجيس
يعقوب بن إسحاق الكندي، حياته و أثره، بغداد، ١٩٦٢.

الغزالي، محمد
فقه السيرة النبوية، دار الدعوة للطبع والنشر و التوزيع، الإسكندرية، مصر، ط٢، ١٩٨٩.

فضل اللّه، مهدي
فلسفة ديكارت ومنهجه، دار الطليعة، بيروت، ط٢.

الفيروز ابادي
القاموس المحيط، دار إحياء التراث العربي، ج١.

القصيبي، غازي
لندن، جامعة وستمنستر، (محاضرة) صحيفة الحياة، ١٠ تموز (يوليو) ٢٠٠٢.

القفطي، أبو عبيداللّه الجوزجاني
إخبار العلماء بأخبار الحكماء.

كانتْ، إيمانوئيل
تأسيس ميتافيزيقا الأخلاق، ترجمة وتقديم الدكتور عبدالغفار مكاوي (مراجعة الدكتور عبدالرحمن بدوي)، منشورات الجمل، كولونيا، ٢٠٠٢.

كتن، هنري
القدس، ترجمة إبراهيم الراهب، دار كنعان للدراسات والنشر، ط١، دمشق، ١٩٩٧.

كرم، يوسف
تاريخ الفلسفة الحديثة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦.

الكفوي، أبو البقاء
كتاب الكليات، معجم المصطلحات والفروق اللغوية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٢.

الكواكبي، عبدالرحمن
طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، طبعة جديدة، دار القرآن الكريم، بيروت، ١٩٧٣.

مدني، أمين مكي

اللاتسامح والتمييز العنصري، ورقة مقدمة إلى المؤتمر الإقليمي حول «قيم التسامح– نحو تحقيق الأمن الإنساني»، المعهد الدبلوماسي الأردني – المركز الإقليمي للأمن الإنساني، عمان ٢٠– ٢٢ تشرين الأول (أكتوبر) ٢٠٠٣.

مروّة حسين

النزعات المادية في الفلسفة العربية– الإسلامية، ٤ مجلدات، طبعة جديدة (دار الفارابي)، بيروت، ٢٠٠٢.

مسرّة أنطوان

مفهوم التسامح – الأبعاد، الدلالات، الإشكاليات، ندوة المركز الإقليمي للأمن الإنساني، عمان، ٢٠–٢٢ تشرين الأول (أكتوبر) ٢٠٠٣.

معلوف، أمين

الحروب الصليبية كما رآها العرب، ترجمة عفيف دمشقية، دار الفارابي، ط١، بيروت، ١٩٨٩.

مناع، هيثم

الإمعان في حقوق الإنسان، جزءان، دار الأهالي، دمشق، ط١، ج١، ٢٠٠٠.

نظام الدين، عرفان

العرب والغرب بعد الزلزال، بيروت، ٢٠٠٢.

النعيم، عبدالله

«تحرير» وآخرون، الأبعاد الثقافية لحقوق الإنسان في الوطن العربي، مركز إبن خلدون للدراسات الإنمائية، دار سعاد الصباح، القاهرة، ١٩٩٣.

المجتمع و التاريخ، منظمة الإعلام الإسلامي، ١٩٩٩.

نيبور غوستاف

صحيفة New York Times بعنوان «العرب المسيحيون أيضا، يضايقون بإستمرار» في ٢٠٠١/١٠/١٥.

نيكولسون، بيتر، بوبر، كارل وآخرون

التسامح بين شرق و غرب، ترجمة إبراهيم العريس، دار الساقي، لندن، ط١، ١٩٩٢.

هاليداى، ألفريد
ساعتان هزتا العالم، ١١ أيلول (سبتمبر) ٢٠٠١، الأسباب والنتائج، ترجمة عبدالإله النعيمي، دار الساقي، بيروت– لندن، ٢٠٠٢.

اليزدي، مصباح محمد تقي
الأسئلة والأجوبة، الجزء الثالث، مؤسسة الإمام الخميني للأبحاث والتعليم، قم، ١٩٩٩.

## پێڕست


له وەرگێڕەوە ..... 5
پێشـەکیی چاپی دووەم ..... 8
پێشـەکی ..... 43
دەروازە ..... 49
پاژی یەکەم: ئێستـه و مێژوو له پرسی لێبووردەییدا ..... 61
١– ڕۆئاوا و بیرۆکەی لێبووردەیی ..... 61
٢– لێبووردەیی و فەلسـەفەی ڕۆشنگەری ..... 68
پاژی دووەم: لێبووردەیی و بناوانی نێودەوڵەتیی هاوسـەردەم ..... 79
١– نەتەوە یەکگرتووەکان و بیرۆکەی لێبووردەیی ..... 79
٢– یونسکۆ و لێبووردەیی ..... 84
٣– گێرمەی لێبووردەیی ..... 87
٤– لەبارەی مانای لێبووردەییەوە ..... 92
پاژی سێیەم: ئاین و لێبووردەیی: ڕابردوو و ئێستە ..... 104
١– ناتوندوتیژی و لێبووردەیی له مەسیحییەتدا ..... 104
٢– لێبووردەیی و ئیسلامی سیاسی ..... 113
٣– شەریعەتی ئیسـلامی و لێبووردەیی ..... 116
٤– ڕەگوڕیشەی لێبووردەیی و نووسراوگەلی عەرەبی – ئیسلامی ..... 118
پاژی چوارەم: لێبووردەیی و سیرەی محەمەد ..... 145
١– محەمەد و بناخەی لێبووردەیی کەلەپوور و هاوسەردەم ..... 145
٢– دوو هەڵوێستی هاوسـەردەم لەبارەی لێبووردەییەوە ..... 156
پاژی پێنجەم: لێبووردەیی و گوتاری ڕۆشنگەریی عەرەبی – ئیسلامی ..... 163
١– تێڕوانینێک لەبارەی هزری چاکسازیخوازانەی ئاینی و لیبرالی... ..... 163
٢– هەڵوەستەیەک بۆ پێداچوونەوە: نیشانەگەلێک و پرسیارگەلێکی ڕەخنەگرانە ... 175

دوا پاژ: گریمانەگەلی لێبووردەیی ........................................ 183
پاشکۆکان: پاشکۆی ژمارە ١
ڕاگەیاندنی ساڵی لێبووردەیی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاگەیاندنێک... ... 190
پاشکۆی ژمارە ٢
ڕاگەیاندنی بنەماگەلێک لەبارەی لێبووردەییەوە ........................................ 192
پاشکۆی ژمارە ٣
دەستووری مەدینە بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ........................................ 200
سەرچاوەکان ........................................ 206